

# ئاوێنەی مەرگ

نووسەر: ئامەد شاهۆ

# ئاوێنەی مەرگ

## شیکارییەک سەبارەت بە شەڕی تایبەت لەئێران

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | ئاوێنەی مەرگ |
| بابەت | شیکارییەک سەبارەت بە شەڕی تایبەت لەئێران |
| نووسەر | ئامەد شاهۆ |
| دیزاین و هەڵەچن | ناوەندی چاپەمەنی پژاک |
| چاپخانە | چاپخانەی شەهید جگەر خوێن |
| چاپی یەکەم | پاییزی ٢٠١٩ |
| تیراژ | ١٠٠٠ دانە |

## ناوەڕۆک


**بەشی یەکەم: شەڕی تایبەت لەپەڕاوێکدا ١١**

پێناسەی شەڕی تایبەت ١٣

بازنەی شەڕی تایبەت ١٤

ئامانجەکانی شەڕی تایبەت ١٥

١ ـ تەسلیمیەتی رەها ١٦

٢ ـ چۆکدانانی هەتاهەتایی ١٩

٣ ـ تیرۆریزە کردن ٢١

٤ ـ تەسفیە (داپاڵین) — پاکتاو کردن ٢٣

٥ ـ قڕکردن و تیابردن ٢٥

لۆژیکی شەڕ و چوارچێوەی شەڕ بە درێژایی مێژوو ٣٠

بنەمای تیۆری شەڕ و شەڕی تایبەت ٣٣

١ ـ بەرهەمی زێدە ـ بەها ٣٣

٢ ـ ئامووڕەکانی ئایدیۆلۆژی ٣٥

٣ ـ ئامووری توندوتیژی ٣٧

٤ ـ هۆنەری بەڕێوەبەری ٣٨

**بەشی دووهەم: شەڕی تایبەت لەپەراوێزی مێژوودا** ٤١
هەوێنی تەڤگەرەکانی شەڕی تایبەت لەپەراوێزی مێژوودا ٤٧
سوپای جاویدان — سوپای نەمران ٤٧
سوپای یەنی چری ٥٠
حەڵقەکانی بازنەی شەڕی تایبەت ٥٥
١ ـ رێکخراوی پەیمانی ئەتڵەسی (ئاتلانتیک) ی باکوور — NATO ٥٦
٢ ـ رێکخراوی سنوقی نێودەوڵەتی پارە — IMF ٥٨
٣ ـ هالیوود ٥٩
٤ ـ فیفا ٦٠
٥ ـ دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا ٦١

**بەشی سێهەم: سێ رەهەندی ئیستراتیژی شەڕی تایبەت** ٦٥
١ ـ شەڕ لەدەرەوەی سیستەم و رژێم ٦٥
٢ ـ تەڤگەری کودەتا یان ئیستقرار ٦٦
٣ ـ شەڕی دەروونی یان سایکۆلۆژی ٦٨
بازنەی شەڕی تایبەتی جیهانی بە رێگای سێ (س)S ەوە ٨١
١ ـ ئەندوستریالیزمی سپۆر (وەرزش) ٨٣
٢ ـ ئەندوستریالیزمی سەنعەت (هۆنەر) ٨٥
٣ ـ ئەندوستریالیزمی سێکس (زایەندی) ٩١

**بەشی چوارەم: خاڵە بنەڕەتییەکانی شەڕی دەروونی دەوڵەت** ٩٣
١ ـ فریو — خاپاندن ٩٣
٢ ـ بێهەست کردنی کۆمەڵگا ٩٤

٣ ـ ترس ـ تۆقاندن ٩٦
٤ ـ تەحریک — هەڵخڕان ٩٩
٥ ـ سانسۆر — راپشكین و چاودێری ١٠١
٦ ـ تەحریف ـ چەواشەكراو ١٠٣
٧ ـ تیرۆری كەسایەتی ١٠٤
٨ ـ بوختان بۆ هەڵبەستن — بەرچەسپ ١٠٥
٩ ـ شەیتان سازی — دێوسازی ١٠٧
١٠ ـ ناكۆكی و دووبەرەكی نانەوە ١٠٩
١١ ـ شایعە — قسەو قسەڵۆک ١١١
١٢ ـ مۆبالغە — هاشوهوش ١١٢

**بەشی پێنجەم: گۆڕەپانەكانی گەردەلوولاوی شەڕی تایبەت ١١٥**
١ ـ میدیا ١١٥
٢ ـ پەروەردە ١٢٧

**بەشی شەشەم:** پڕۆژەی **بازنەی دژە پژاک ١٣٧**
١ ـ سیاسەتی بیو دەسەڵات (زیست قدرتی) ١٣٧
٢ ـ سیاسەتی لاوازكردنی كۆمەڵگا ١٤٤
٣ ـ سیاسەتی قڕكردنی كولتووری ١٦٧
٤ ـ سیاسەتی ژن كوژی و گەنج كوژی ١٧٢

**بەشی حەوتەم: ناوەندەكانی شەڕی تایبەت لەئێران ١٧٧**
١ ـ سوپای پاسداران ١٧٧
٢ ـ بەسیج ١٧٩
٣ ـ بڕیارگای ئاوەدانكردنەوەی خاتم الانبیا ١٨٢

٤ ـ میتی تورک و ژیتەم ١٨٣
٥ ـ سوپای قودس ١٨٥
٦ ـ یەکینەی سابرین ١٨٦

**بەشی هەشتەم:** **١٩١**
ڕێکارەکانی بە تیرۆریست ناساندنی پژاک لە لایەن ڕژێمەوە ١٩٢
جۆرەکانی شەڕ ١٩٥
ئەو دەستەواژانەی کە پژاکی پێ تیرۆریزە دەکرێت ١٩٧
شەڕی تایبەتی لەدژ بنەماڵەی شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێزان ٢٠٢

**بەشی نۆهەم: ئامرازەکانی ناوەندی شەڕی تایبەت** **٢٠٥**
١ ـ ئەشکەنجە ٢٠٥
٢ ـ بەندیخانە ٢١٣
شەڕی تایبەتی تۆرەکانی دەسەڵات لەسەر ڕێبەر ئاپۆ ٢١٦

## پێشەکی:

کاتێ چاو لە رابردوو و ئێستای سیستەمی دەسەڵات و دەوڵەت دەکەین، یەک لەو خاڵەگرینگانەی کە سەرنجمان بۆ لای خۆی رادەکێشێت، شەڕێکی بەردەوامی دەوڵەت و دەسەڵاتە لەدژی گەل و کۆمەڵگا. بێگومان ئارمانج لەئەم شەڕەش، پتەوتر کردنی جومگە و کۆڵەکەکانی دەسەڵات و دەستەمۆکردنی کۆمەڵگا بووە و ئێستاشی لەگەڵ، هەر بەردەوام دەکات. هاوکات کۆمەڵگاش بەپێی سرووشت و گەوهەری خۆی، هیچ کات بەتەواوەتی سەری بۆ زهنییەتی دەسەڵات و دەوڵەت دانەنواندووە و بەشێوازی جیاواز بەرهەڵستی هێرشەکان بۆتەوە. یەک لەرەهەند و رێبازەکانی شەڕی نوێنەرانی زهنییەتی داگیرکاری لە دژی گەل و کۆمەڵگا، شەڕی تایبەتە. کەواتە پێویستە کۆمەڵگاو بەتایبەت کەسایەتی و هێزە شۆڕشگێڕەکان، بە شێوازی تایبەت وەڵامی ئەم شێوازە لەهێرش و داگیرکاری بدەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانیاری لەسەر توێ و رەهەندە جیاوازەکانی شەڕی تایبەت، هەنگاوی یەکەم و پێویستیەکە. رژێمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئێران، یەک لەو دەسەڵاتە دژە کۆمەڵگایانەیە کە بە درێژایی تەمەنی، لەدژی گەلی کورد و گەلانی ئازادیخوازی ئێران لەناو شەڕێکی هەمە لایەنەدا بووە و هەیە. ئەو رژێمە بە رێگای شەڕی تایبەتەوە دەیەوێت سەرجەم جۆمگەکانی کۆمەڵگا بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو دەسەڵاتداریەتی خۆی بە سەر گەل و کۆمەڵگا بسەپێنێت.

لەم کتێبەدا هەوڵم داوە لەسەر رێ و رێبازەکانی شەڕی تایبەتی رژێمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ سەر گەلی کورد و تەڤگەرە ئازادیخوازەکەی، شیکاری ورد و گرنگ بخەمەڕوو. هەروەها هەوڵمداوە پەردە لەسەر ئەو رێکارە چەپەڵانە لابدەم کە تۆڕەکانی دەسەڵات بۆ داڕووخانی کەسایەت و کۆمەڵگا بە قیزەونترین و ناسکترین شێوە گرتوویانەتە بەر. هاوکات سەرجەم ئەو ناوەندانەی کە بەرپرس، پێکهێنەر و

پێشەنگانی شەڕی تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانن لەرۆژهەلاتی کوردستان و ئێران، بۆ خوێنەران و بەتایبەت گەنجان و ژنان، روونبکەمەوە.
ئاوێنەی مەرگ، باس لە کردار و سیاسەتی چەپەڵ و کەڵەکەکراوی رژێمی داگیرکەری ئێران و سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەکات کە کۆمەڵگا لەناو گەردەلوولی مەرگ لەناو دەبەن. هیوادارم ئەم هەوڵەم وەک تیشکێکی خۆری رووناکی و حەقیقەت بێت لە شەوەزەنگی زوڵم و داگیرکاری رژێمی سەرەڕۆ و نەگریسی کۆماری ئیسلامی ئێران. بێگومان تێبینی و بیروبۆچوونی خوێنەرانی بەڕێز، دەبێتە پاڵپشت و یارمەتیدانێکی باش بۆ دەوڵەمەندتر کردنی ئەم کتێبە.

نووسەر — سەرماوەزی ٢٧١٩

کانونی یەکەم ٢٠١٩

## شەڕی تایبەت لەپەڕاوێکدا

دەرکەوتنی دەستەواژەی «شەڕ» دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەرکەوتنی زهنییەتی دەوڵەت. ئەو زهنییەتەش لەدرێژایی مێژوو تا بە ئەمڕۆ، بە زانابوون ئامووڕەکانی شەڕی وەک؛ چەقۆ، کەمان، مەنجەنیق، کلاش، تۆپ، تانک، هاوەن، تەیارە، چەکی کیمیایی و... هتد لەدژی مرۆڤایەتی بەکار هێناوەو دەرئەنجام بە میلیۆنان کەسی کردوەتە قوربانی و بەردەوام بوونی ئەو شەڕەش، ئەگەری لەناوچوونی مرۆڤایەتی بەدوای خۆیدا دێنێت. بۆ وێنە تەنیا لەشەڕی جیهانی یەکەم و دووەم کە ئاستی دڕندەیی شەڕی دەوڵەتخوازەکانە، بە میلیۆنان کەس بوونەتە قوربانی. پێش دەرکەوتنی دەوڵەت، لەکۆمەڵگای سرووشتی بەجێگای شەڕ، پێکدادان نێوان لایەنەکان لەئارادا بووە، ئەوەش لەپێناو پێشکەوتنی کۆمەڵگا روویداوە؛ واتا کۆمەڵگای سرووشتی یان دیمۆکراتیک، کۆمەڵگایەک بووە بە دوورە لەزهنییەتی توندوتیژی و چەوساندنەوە. بەڵام بەدرێژایی مێژووی دەوڵەت، جۆرەکانی شەڕ لەهەر کات و زەمەنێکدا، بە فۆرمێکی (بیچمێکی) جیاوازەوە پەیڕەو کراوە. شەڕی تایبەت دواین فۆرمی زهنییەتی شەڕانگێزی دەوڵەت پارێزەکانە. بۆیە پێویستە ئەم جۆرە شەڕە وەک تەڤگەرێکی تایبەت ناوزەد بکەین؛ چونکە بە ئەمڕۆ سنووردار نەکراوەو بە پێچەوانەوە خاوەن مێژوویەکی پێنج هەزار ساڵەیە. واتا زهنییەتی دەسەڵاتخوازی دەوڵەت، لەچوارچێوەی گشتی شەڕدا، جۆرە شەڕێکی تری داهێناوە کە نە تەنیا جەستەی مرۆڤ، بەڵکوو لەناوبردنی رۆح و هەستی مرۆڤایەتی کردوەتە ئامانج.

ئەو شەڕەی کە ئێستا لەناوچەکە لەژێر ناوی شەڕی جیهانی سێهەم، لەدژی گەلانی ئازادیخواز و بەتایبەت لەدژی گەلی کورد پەیڕەو دەکرێت، دەکەوێتە چوارچێوەی شەڕی تایبەتی هێزە هەژمونگەرا جیهانی و هەرێمییەکانەوە. پێویستە بۆ ئاگاداربوون لەناوەڕۆک و ئامانجەکانی ئەو شەڕە، خوێندنەوەیەکی رئالیستیانە (واقیع گەرایانە) بۆ شەڕی مۆدێڕنی سەردەم بە روانگە و پارادیگمایەکی دیمۆکراتیک و شۆڕشگێڕانە بکەین. تایبەت پێویستی بە قووڵبوونەوە لەرەهەندەکانی شەڕی تایبەت لەبوارەکانی مێژوویی، کولتووری، سیاسی، کۆمەلایەتی و جوگرافیایی و... هەیە.

هەوڵ بدەم بە شیکاری وردەوە، پەردە لەسەر رێ و رێبازەکانی شەڕی تایبەت لەلایەن زلهێزە جیهانی و داگیرکەرانی ناوچەکە هەڵبدەمەوە. گەلۆ ئەم شەڕە چۆن لەدژی تاک و کۆمەڵگا پەیڕەو دەکرێت و بەڕێوە دەچێت؟ لەچ سەردەمێکی مێژووییدا سەرهەڵدەدات و شێوەو نموونەکانی لەسەر رووباری مێژوو تا بە ئەمڕۆ بە چ رەنگێک خۆیان نواندووە؟ شەڕی تایبەت لەچ هەلومەرج و دۆخێکدا دەرکەوتووە؟ هەڵگرسێنەرانی سەرەکی ئەو شەڕە

کێن؟ جیاوازی ئەم شەڕە لەگەڵ سەرجەم شەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی تا بە ئەمڕۆ لەچیدایە؟ بە چ فۆرم و ڕێبازێک لەرەوڕەوەی ژیانی مرۆڤایەتی بەکار هێنراوە؟ بۆچی و چۆن شەڕی تایبەت بە سیستەماتیک کراوە؟ ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەئێران و ئامووڕەکانی کامانەن؟

شەڕی تایبەت بە دامەزراندنی چین ـ بازاڕ ـ شار و فۆرمی دەوڵەت، لەلایەن کەسانی خاوەن ئەزموون و ریش سپی کۆمەڵگا بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا پێ دەنێتە کایەی سیاسی و ژیانی مرۆڤەکانەوە. لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەو شەڕە بە شێواز و ڕێکاری نەرم، گەل فریو دەدرێت. بە پێ پێویستی قۆناخە مێژوویەکان، ئاڵوگۆڕ لەڕێباز و فۆڕمی شەڕی تایبەت ئەنجام دراوە. ئەوەی کە گرنگە، شەڕی تایبەت لەدوای شەڕی جیهانی دووهەمەوە لەلایەن زلهێزە جیهانیەکانی ئەو سەردەمە، بە سیستەماتیک دەکرێت و تا بە ئەمڕۆ گشتگیر و بەرین تر بووە.

ئاگاداری و هۆشیاربوون لەسەر هۆکار، ڕێ و ڕێباز و ئەنجامەکانی شەڕی تایبەت لەدژی تەڤگەری ئاپۆیی و گەلی کورد لەهەر چواربەشی کوردستان و بەتایبەت ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەی ورد و بەرفراوان گرنگە. چون قووڵبوونەوە و تێگەیشتن لەسەر ئەم بابەتە بۆ تاکێکی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ پێویستییەکی هەنووکەیی و ژیانییە. بە تایبەت پێویستی بە ناسین و تێگەیشتن لەسەر تاکتیک، پیلان و بەرنامەی هێزە داگیرکەرەکان سەر کوردستان هەیە. ئەگەر مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر، ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ لەسەر سیاسەت و پیلانەکانی پشت پەردەی داگیرکەرانی کوردستان زانا و ئاگا نەبێت، ناتوانێت پیلانەکان پووچەڵ و لەدژیان تێکۆشانێکی دیمۆکراتیک و سەربەرزانە ئەنجام بدات.

شەڕی تایبەت لەبنەمادا لەپێناو خۆبەدەستەوەدانی گەل و کۆمەڵگا بۆ دەوڵەمەندی و گشتگیربوونی تاکتیکی داگیرکەران پەیڕەو دەکرێت. کەس یان تەڤگەرێکی شۆڕشگێڕ، بە تاکتیک یان فۆرمێکی بەهێز و دەوڵەمەند دەتوانێت گوڕی داگیرکاری دابمرکێنێت. لەناوەڕۆکی ئەم پەڕاوەدا بۆ بەرچاو روونی خوێنەر، کۆمەڵێک خاڵ و نموونەی مێژوویی دەخەمەڕوو. هاوکات پەردە لەسەر ئەو خاڵانە هەڵدەدەم کە بۆچی لەرەوڕەوەی مێژوودا زۆربەی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییە جەماوەریەکان نەگەیشتنە ئەنجام و بە پێچەوانەوە لەپرۆسەیەکی کورت یان درێژخایەنی مێژوویدا، مارژیناڵ و لەناو سیستەمی داگیرکەریدا توانەوەو لەکۆتاییدا هەرەسیان هێناوە.

شەڕی تایبەت بۆ پێکهاتەی ژنان و گەنجان لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم قۆناخەدا تەوەرەیەکی زۆر گرنگە. چۆن ئەو پێکهاتانەی بە زۆری لەم شەڕەدا دەکرێنە ئامانجی داگیرکاری، ژنان و گەنجانن. چون هەر دوو پێکهاتە دژایەتییەکی ئایدیۆلۆژی،

فەلسەفی، مێژوویی و سیاسی قووڵیان بەرامبەر زهنییەتی داگیرکاری، زوڵم و زۆرداری تۆڕەکانی دەسەڵات نواندووە. دەمەوێت لەم پەڕاوەدا بە بەرفراوانی ئاماژە بەو دامودەزگایانەی کە مەکینەی هاڕینی ئیرادەی ژنان و گەنجانن و ئەو ڕێباز و فۆرمانەی کە ئەمڕۆ کۆماری داگیرکەری ئیسلامی ئێران بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی ئازادیخوازی گەل و کۆمەڵگا و بە تایبەت ژنان و گەنجان بەکاری دەبات، بکەم.

## پێناسەی شەڕی تایبەت

شەڕی تایبەت فرە ڕەهەند و بەرفراوانە. لەچ ڕوانگەیەکەوە پێناسەی لەسەر بکەین، پڕ بە پێست و لەجێدا دەبێت. بۆیە ناوەڕۆکی ئەو پێناسانە کۆی گشتی تەوەرەکەمان لەخۆ دەگرێت. لەسەر ئەو بنەمایە چەند پێناسەیەکی گرنگی شەڕی تایبەت بریتین لە؛

شەڕێکی هەمە لایەنەیە کە دەوڵەت و تۆڕەکانی دەسەڵات لەدژی گەل و کۆمەڵگا پەیڕەوی دەکەن. شەڕی شارستانی، کولتووری و ڕۆحییە. شەڕێکە لەپێناو خومارکردن و ڕازاندنی کۆمەڵگا ئەنجام دەدرێت. شەڕێکە بێڕۆح کردن و بێهەست کردنی کۆمەڵگا بە ئامانج دەگرێت. شەڕێکە بۆ نە هێشتنی دژکردەوە و بێ کاریگەرکردنی کۆمەڵگا ڕاگەیەندراوە. شەڕێکە وزەو توانای مرۆڤ لەبار دەبات و ماتەوزەی تاک و کۆمەڵگا کانالیزەی تۆڕەکانی دەسەڵات دەکات. شەڕێکە ڕاستی دەکاتە درۆ و درۆش دەکاتە ڕاستی. شەڕێکی بێقۆڕاڵ (پێوان)، بێپرەنسیب، بێیاسا و بێدیسپلینە. شەڕێکی سپییە. شەڕێکە کە ئیرادە، مۆڕاڵ، ڕۆح و هەستی کۆمەڵگا بە ئامانج دەگرێت. شەڕی هزر، مێشک و پارادیگمایە، نە شەڕی سنوور و بڕیارگاکانە.

بە پێ ئەو پێناسانە، ڕژێمی ئێران یەک لەو دەوڵەتانەیە کە چەپەڵترین شەڕی تایبەت لەدژی گەلان بەڕێوە دەبات. واتا دەوڵەتێکە کە بە پەمۆ مرۆڤ سەردەبڕێت. شەڕی تایبەتی ڕژێمی داگیرکاری ئێران سەرجەم ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا کە پەیوەندیداری ژیانی ئازادی مرۆڤە، کردوویەتە ئامانج. بۆیە کاریگەریەکانی ئەو شەڕە لەچەکەکانی دژە مرۆڤ؛ وەکوو چەکی کیمیایی، تۆپ و تەیارە، فەلاکەت بارتر و مەترسیدارترە. کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەبواری تاکتیک و ئیستراتژی شەڕ، ئەو شەڕە بە شەڕێکی بێقۆڕاڵ و بێ یاسا لەقەڵەم دەدەن. چون لەسەرەتای مێژووی شەڕ تا بە ئەمڕۆ شەڕەکان خاوەن یاسا و ڕێسای تایبەت بوون. دوو هێزی دژبەری یەک پابەندی یاسای شەڕ بوون. بە پێ ئەو یاسایە لایەنەکان لەبەرامبەر ژن، منداڵ، دیلەکان، بریندار و کوژراوەکانی یەک، خاوەن ڕێسا بوون کە دیلەکانیان نەکوژن و ڕادەستی یەکدی بکەنەوەو لە ئاست کوژراوەکانی یەکدی، مرۆییانە ڕەفتار بکەن.

لەشەڕی تایبەتی داگیرکەرانی سەر کوردستان بە پێی چاوخشاندنێک بە سەر مێژووی ئەم چەند دەیەی دوایی تا بە ئەمڕۆ، زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە هیچ جۆرە یاسایەک

لەبەرامبەر گەلی کورد و گەلانی ژێردەستی ناوچەکە بە بنەما ناگیردرێت. چون شەڕێکی بێ پرەنسیپ و بێیاسایە. رژێمی داگیرکەری ئێران وەک لویاتانی دڕندەی هاوچەرخ، کۆمەڵگا دادەقۆرتێنێت. بۆیە ئەو رژێمە بوونەوەرێکی دڕندەی سەردەمە کە بە رێگای شەڕی تایبەتەوە کۆمەڵگا وێران و خاپوور دەکات.

لەمیتۆلۆژیا و ئایینەکاندا باس لەدۆزەخ و قیامەت دەکرێت، لەم سەردەمەدا شەڕی تایبەت ئاوێنەی حەقیقەتی ئەو باس و خواسانەیە. بۆیە ئەم سەردەمە، سەردەمی شەڕی تایبەتە. واتا ئاوێنەی ئاخر زەمانە. شەڕی تایبەت دۆزەخ و قیامەت بەرپا دەکات. بەوەش هیچ شتێکی مرۆڤایەتی لەسەرزەویدا ناهێڵێت. شەڕی تایبەت ئۆختاپووسە کە بۆ چەوساندنەوەو باڵادەستی سەر کۆمەڵگا، دزە و پەلی هاوێشتوەتە ناو سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگا.

## بازنەی شەڕی تایبەت

شەڕی تایبەت دوای شەڕی جیهانی دووەم بە شێوازێکی سیستەماتیک لەلایەن سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بە پێشەنگایەتی ئەمریکاوە بەڕێوە براوە. تایبەت ئەمریکا بە رێگای زانست و تەکنۆلۆژیاوە دەیەوێت لەسەر سرووشت و کۆمەڵگا زاڵ بێت و بیخاتە ژێر رکێفی خۆی و هەر جۆرە شەڕی تایبەت لەبەرامبەریشیاندا پەیڕەو دەکات، تایبەت بۆ ئەوەی مرۆڤ بە بێکاردانەوە و بێهەڵوێست بهێڵێت، شەڕی تایبەت بە دژواری بەڕێوە دەبات. لەو چوارچێوەیەدا فرمولی سێ (S) واتا؛ سکس، سەنعەت (هونەر) و سپۆر (وەرزش) بۆ بێرفلێکس کردن (بێکاردانەوە)ی کۆمەڵگا پێش دەخات.

شەڕی تایبەت لەرۆژهەڵاتی ناوین لەچوارچێوەی دایەرەیەک (بازنە) بە ناوی بازنەی شەڕی تایبەت بەڕێوە دەچێت. ئەو بازنەیە بە بەردەوامی لەدژی کوردان پیلانگێڕی و سیاسەتی چەپەڵیان بەڕێوە بردووە. ئەو هێز و دەوڵەتانەی کە لەدژی بەرژەوەندی گەلی ئازادیخوازی کورد بەشداری ئەو بازنەیە بوون، بریتین لە؛ ئەمریکا، ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، ئیسرائیل، تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا، داعش، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق و زۆربەی ئەو هێزانەی کە لەژێر هزر و سیاسەتی ئەو پارتانەدان و چەند هێز و پارتێکی تری ناوچەکە. ئامانجی ئەوانەش ئەوەیە کە دەروەی بازنەی دەسەڵاتخوازییان دەرفەت بە ژیانی ئازاد بە گەلان نەدەن. تایبەت بازنەی تایبەت لەسەر گەلەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان بە گواستنەوەی ئەزموون و پشتگیری ماددی و مەعنەوەی هێزەکانی ئەو بازنەیە بەڕێوە دەچێت. لەناو ئەو بازنەیەدا ژیتەم کە بە رێکخراوێکی تیرۆریستی و مەترسیدار دەناسرێت بۆ گواستنەوەی کردەوە دڕندانەکانیان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، رادەستی ئیتلاعاتی ئێران و گرووپی دژە PJAK دەکەن. ئەو رێکخراوەیە چۆنیەتی شەهیدکردنی گەریلاکانی PJAK و YRK بەشێوەی پیلانگێڕی،

نیشانبڕی، بۆسەنانەوە، دەرمانخوارد کردن بە ژەهر، رفاندنی لایەنگر و ئەندامان و بێسەروشوێن کردنیان، شێوەکانی ئەشکەنجە بۆ تەسلیمیەت، رێکخستنی گرووپی مافیایی و کوشتنی کەسانی مەدەنی بۆ تۆقاندنی خەڵک، پۆشینی جل و بەرگی گەریلایی دەگوازێتەوە. یەکەمین ئەزموونی بەرچاوی ئەوەش دروست کردنی گرووپێکی مافیایی لەمەریوان کە (هیوا تاب) سەرپەرشتیاری دەکرد و دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە چەپەڵە زیاتر لە (٣٨٦) هاولاتی مەدەنی بە بێتاوان دەکوژرێن و تەرمەکانیان لەژێر ناوی ئەندامێتی PJAK بە رژێم دەفرۆشن.

هاوکات ئەزموونێکی تری بازنەی شەڕی تایبەتی داگیرکەران لەشاری ماکوو و دەوروبەریەتی. بە دروست کردنی هێزەکانی فیدایی خامنەیی لەو شارە و دەوروبەری، سیاسەتی بەکرێگیراوی پەرەی پێ دراوە. ئەو هێزە لەدژی PJAK لەساڵی ٢٠٠٦ی زاینی بەدواوە لەلایەن ژمارەیەک بەکرێگیراوی ناوچەکە دامەزراوە. ئەرکی ئەوەیان پێ دەسپێردرێت کە کولتووری ولاتپارێزی لەناوچەکە لەناوبەن. هەوڵدەدن سەرجەم ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان لەگەڵ گەریلا هەبووە، بە میکانیزمی جیاواز بەشداری دەزگاکانی دەوڵەت بکەن. ئەو هێزە لەناوچەکەدا چەتەگەرییان کردووە. رێگایان لەئەفغانی و کاسبکارە کوردەکان گرتووەو رووتیان کردوونەتەوە. لەژێرناوی ئەندامانی PJAK، کچی ولاتپارێزان و هاولاتیانی تریان رفاندووەو دەستدرێژی یان کردوەتە سەریان. بە دەرمانخواردکردن، گەریلایان شەهید کردووە. ئەم گرووپە مافیاییە کە راستەوخۆ لەژێر فەرمانی خامنەیی دایە سەرجەم ئەزموونەکانی شەڕی تایبەتی ژیتەم لەدژی گەریلا و گەلی کوردیان بەکارهێناوە.

## ئامانجەکانی شەڕی تایبەت

ئامانجەکانی شەڕی تایبەت لەدژی گەل و کۆمەڵگا بریتین لە؛

١ ـ تەسلیمیەتی رەها

٢ ـ بەچۆک دانی هەتاهەتایی

٣ ـ تیرۆریزە کردن

٤ ـ تەسفیەکاری (داپاڵین) و پاکتاوکاری

٥ ـ قڕکردن و تیابردن

## تەسلیمیەتی رەها

هەر دەوڵەت و دەسەلاتێک ئەگەر بیهەوێت کۆمەڵگا و تاک بخاتە ژێر رکێف و کۆنترۆڵی خۆی، لەیەکەم هەنگاودا پێویستە کۆمەڵگا لەکولتوور، ناسنامەو هەبوونی دابڕێنێت، تا کۆمەڵگا تەسلیم وەربگیردرێت. تۆڕەکانی دەسەلات بە گەلێک رێ و رێباز دەیانەوێت کۆمەڵگا تەسلیم وەربگرن. لەئەمڕۆدا خوێندنگا بۆ تاکێکی کورد مەکۆی تەسلیم

وەرگرتنە. چون ئەو خوێندنگایانەی لەکوردستان دامەزراون، دژایەتی کولتوور، مێژوو و ناسنامەی کوردانی بە بنەما گرتووە. خوێندنگا ناوەندی توانەوەو پشکنینی بیروبڕوا، نامۆکردنی مرۆڤ لەحەقیقەتی خۆیەتی. مرۆڤ لەڕەگ و ریشەی بنەڕەتی دەپچڕێنێت. کۆمەڵگای کوردی لەسەرجەم گۆڕەپانەکانی وەک؛ هونەر، زانست، مێژوو و کۆمەڵایەتیەوە تەسلیم وەرگیراوە. زمان و زانستێک کە دەرخواردی کۆمەڵگای کوردی دەدرێت، نە عایدی کۆمەڵگای کوردییە. گەلی کورد لەبواری زمانی زگماکییەوە تەسلیم گیراوە. گەلی کورد لەباکووری کوردستان، نموونەی زەقی ئەو بابەتەیە کە لەبواری زمانەوە تەسلیم گیراوە. زمانی کوردی لێ قەدەخە کراوە و لەیادگەی سڕاوەتەوەو بە جێگای زمانی تورکی لەمێشکی بارکراوە.

ماڵبات ناوەندێکی سەرەکی ناو کۆمەڵگایە کە تۆڕەکانی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگا تۆخمی تەسلیمیەتی لێ دەپاشێنن و تایبەت نەتەوەی ژنانی تێدا بێ ئیرادەو تێکدەشکێنن تا بە شێوەیەکی رەها تەسلیمی زهنییەتی پیاوسالاری و دەوڵەت بێت. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە رێگای پەرەپێدانی سیخوڕی، بە کرێگیراوی و بەسیج، کۆمەڵگای کوردی تەسلیم وەردەگرن.

تۆڕەکانی دەسەڵات بۆ تەسلیم وەرگرتن و فەتح کردنی تاک و کۆمەڵگا، سەرجەم گۆڕەپانەکانی ژیان بە کار دەبەن. بۆ تەسلیم وەرگرتنی تاک، ناوەندەکانی شەڕی تایبەت هەر لەمنداڵییەوە سیناریۆکانیان بۆ تاکی بە ئامانج کراو دادەڕێژن. کاتێک ئەو تاک و کۆمەڵگایەش کە تەسلیمی ئەو سیناریۆ داتاشراوانە نەبووە، بە بەرچەسپەکانی؛ تیرۆریست، کافر، لادەر و جیاخواز تۆمەتبار دەکرێت.

ئەم رەهەندە بە چ رێ و رێبازێک لەدژی رێبەر ئاپۆ، تەڤگەری ئاپۆیی و گەلی کورد پەیڕەو دەکرێت؟ کاتێک ئاوڕێک لەمێژووی تێکۆشانی ئازادیخوازی پەکەکە بدەین، لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی تورکیا لەژێر دەمامکی کودەتا؛ رووبەڕووی شەپۆلی گرتن، تیرۆر و ئەشکەنجە بوونەتەوە. بەو تاکتیکە دەوڵەتی تورکیا ویستوویەتی هزر و فەلسەفەی ئاپۆیی پاکتاو بکات. لەبەر ئەوەی توانای لەناوبردنی هێزی جەستەیی تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کوردیان نییە، دەیانەوێت بە داڕشتنی پیلان و بەرنامەی تایبەت لەناو سیستەمی داگیرکەری تورکیادا بیانتوێننەوە. کاتێک لاپەڕەکانی تێکۆشانی پەکەکە هەڵدەدەینەوە رووبەڕووی دەریایەک لەتاوانی دەوڵەتی تورکیا و هاوپەیمانانی دژی کورد دەبینەوەو دەبینین کە سوپایەک لەمرۆڤەکان لەلایەن ئەو هێزانەوە بەدیل گیراون و لەناو بەندیخانەکاندا دەرمانخواردی زۆحاکەکانی سەردەم کراون. سەرەڕای بوونی مەکینەی ئەشکەنجە و هاڕینی ئیرادەی ئەو مرۆڤانە، هیچ هێزێک نەیتوانیوە ئیرادەی ئازادیخوازی کادیری پێشەنگی ئاپۆیی تەسلیم وەربگرێت.

لەفیلمی (١٤ ی تەمووز) تاکتیک و ئاموورەکانی ئەشکەنجەو شەڕی تایبەتی دەوڵەتی فاشیستی تورک بە راشکاوی دەبینرێت. ئەو رێبازانەی کە دەیانەوێت کادیری ئاپۆیی تەسلیم وەربگرن چییە و ئەمڕۆ ئەو زهنییەت چۆن دژ بە گەلی کورد پەیڕەو دەکرێت؟ بۆ ئەوەی بگەنە مەرامیان و نەخشەی تەسلیم گرتنی کادیر و شۆڕشگێڕێک بە ئەنجام بگەیەنن، تەنیا دەیانهەوێت وشەیەک لەسەر زاریان دەربخەن. ئەو وشە چییە کە زیندانەوان ئەوەندە پێداگری لەسەر دەکات، تا دیل کراوێک لەسەر زاری بیدرکێنێت؟ ئەوەش رستەیەکە کە دەبێت بڵێت؛ (من تورکم). دەربڕینی ئەو وشەیە لەلایەن کوردێکی ئازادیخواز بۆ داگیرکەرێک بە واتای فەتح کردنی تاک و گەلێکی تێکۆشەر و ئازادیخوازە. ئەوەش بەواتای نکۆڵی کردن لەناسنامە و ئیرادەو بوونیەتی.

هەمان لۆژیکی داگیرکەران، ئێستاش بە سەردێڕێکی تر بە سەر کورداندا دەسەپێنرێت کە دەبێت بڵێت؛ (من موسلمانم). واتا داگیرکەران بە فۆڕمێکی ترەوە دەیانەوێت کۆمەڵگای کوردی بێشوناس و تەک تیپ بکەن. لەحاڵێکدا کوردان لەبنەچەدا زەردەشتین و خاوەن کولتووری زاگرۆسی و ئارییین. چۆن کوردانی ئازادیخواز ئەمڕۆ دەڵێن ئێمە ئاپۆیین و لەسیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و ئێرانی مەزهەبی، خۆ بەدوور دەگرن. دەبێت خوێندنەوەی وردمان لەسەر هۆکاری سەرجەم پیلانی داگیرکەران دژ بە کورد هەبێت، چون ئامانجی بنەڕەتیان تەسلیم وەرگرتنی تاک و کۆمەڵگایە. بەڵام سەرەڕای دونیایەک لەتاوان، سەرجەم ئەشکەنجە و زوڵم و زۆری و چەوساندنەوە، پیلانەکەیان سەری نەگرت. لە ١٥ی رەشەممەی ساڵی ١٩٩٩ی زاینی لەسەر رێبەر ئاپۆ ئەو سیاسەت پەیڕەو دەکرێت و رێبەر ئاپۆ دەڕفێنن و بە بارمتە دەگیردرێت. لەقۆناخی دوای دیلگرتن و دادگایی کردنی رێبەر ئاپۆ، ئەو سیاسەتانەی لەسەری پەیڕەو دەکرێت لەچ چوارچێوەیەکدایە؟ ویستیان لەیەکەم هەنگاودا رێبەر ئاپۆ تەسلیم وەربگرن، بەس بە خۆڕاگری رێبەر ئاپۆ ئەو پیلان پووچەڵ کرایەوە. لەبەر ئەوەی رێبەر ئاپۆ بە خۆڕاگری لەماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا لەچوارگۆشەی بەندیخانەدا دەڵێت: «من نوێنەری کوردی ئازادیخوازم و هیوا و ئاواتی کوردانم، لەبەر ئەوە ناچارم بەرخودان تۆکمەتر و بەهێزتر بکەم«.

کاتێک سەیری رێبازی تێکۆشانی رێبەر ئاپۆ بکەین دەبینین کە فەلسەفە و هزری تەسلیم کاری پووچەڵ کردووەو بە هەڵوێستی مێژوویی، پەیام دەدات کە ئیدی کوردی ئێستا نە ئەو کوردەیە کە وا بە ئاسانی خۆی رادەستی نەیاران بکات. لەبەر ئەوەیە نەیارانی ئازادی و دیمۆکراسی، وا هارو وەحشی بوون کە بە هەر جۆرە رێکارێکی چەپەڵ و درِندانە پەلاماری سەر کوردان دەدەن.

لەبەر ئەوەی رێبەر ئاپۆ لەماوەی ٢٠ ساڵ خۆڕاگری مێژووییدا، لەسیاچاڵێکی دوورگەی ئیمراڵی، تەسلیمی لویاتانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری نەبووە، تۆڕەکانی دەسەڵات بەهەموو

هێزیانەوە شەڕی تایبەت لەدژی پەیڕەو دەکەن. ئەوەش لەحەقیقەتدا ڕاگەیاندنی شەڕی سەرتاسەری لەدژی گەلی کورد و گەلانی ئازادیخوازە. هاوتەریبی ئەو سیاسەتە لەبەرامبەر تەڤگەری ئازادیخوازی کورد لەسەرجەم بەشەکانی کوردستان پێشکەوتووترین چەکی شەڕ بەکار دەهێنرێت. نموونەی بەرچاوی ئەوەیە کە لەساڵی ٢٠٠٧ی زایینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەچیا سەرکێشەکانی کوردستان بە بێڕەچاوگرتنی هیچ یاساو ڕێسایەک، دەسووڕێنەوەو فڕۆکە جەنگیەکانیش ناوچەکە بۆردومان دەکەن کە خەسارێکی گەورە بە هاوڵاتیانی مەدەنی ناوچەکە گەیاندووەو بە دەیان هاوڵاتی مەدەنی شەهید بوون. هاوکات هێرشی ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ی زاینی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا و بە کارهێنانی چەکی قەدەخەکراو دژ بە هاوڵاتیانی مەدەنی، نموونەیەکی ترە لە کردەوەی دڕندانەی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت دژ بە کوردانە.

ئەو تاکتیکانەی شەڕی تایبەتی هێزە هەژمۆنگەرا جیهانی و هەرێمییەکان لەم چەند ساڵەی دوایی لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری ئێرانەوە بە کار دەهێنرێت و لەناوچە شاخاویەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێناوبەر فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەسووڕنەوەو ناوچەکە تۆپ باران دەکرێت. ئەو دەوڵەتانە بە ڕێبازی شەڕی تایبەت دەیانەوێت دەرفەتی ژیانی گەریلا و مرۆڤە ئازادیخوازەکان سنووردار، بەرتەسک و دژوار بکەن. بەوەش دەیانەوێت مرۆڤە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکان تەسلیم وەربگرن و گەڕانەوەیان بۆ ئامێزی سیستەمی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی پێک بێنن. بەڵام لای هەر کەس ڕوونە کە مانەوەی گەریلا و شۆڕشگەڕێک لەسەر چیا سەرکێشەکانی کوردستان چ واتا و دەرئەنجامێکی هەیە. شاخ هەبوونی کوردانەو گەریلاش ناسنامەی نوێ کوردانە. بە درێژایی مێژوو نەیارانی کورد نەیتوانیوە شاخ فەتح بکەن و هاوکاتیش هیچ ڕژێمێک نەیتوانیوە ئیرادەی کوردان بە تەواوی فەتح بکات. لەبەر ئەوەی گەلی کورد خاوەن گەنجینەی تێکۆشەران، جۆگرافیای پڕ پیت و بەرەکەت و شاخە سەرکێشەکانە کە ئاوانتاژێکی گرنگن بۆ هەبوونی کوردان. بۆیە داگیرکەرانی کوردستان لەم قۆناخەدا هەموو هەوڵێکیان خستووەتە گەڕ تا چیا سەرکێشەکانی کوردستان فەتح بکەن و بە تاقی کردنەوەی هەر جۆرە تەکنۆلۆژیای دڕندانە بۆ سەر گەل و کۆمەڵگا پەیامی فەتح و پاکتاوکاری بە گەلی کورد دەدەن.

## چۆکدانانی هەتاهەتایی

بۆچی داگیرکەران لەو ئاستەدا پەلاماری سەر گەل و کۆمەڵگا دەدەن؟ ئەو جۆرە چەک و تەکنۆلۆژیای دڕندە بۆچی لەئاستێکی زەبەلاحدا دژ بە تێکۆشەرانی گەلی کورد تاقی دەکرێت؟ تەنیا خۆڕاگری گەریلا لەشاخە سەربەرزەکانی کوردستان و خرۆشانی شەقام، دەتوانێت فەلسەفە و ئامانجەکانی داگیرکەران پووچەڵ بکات. ئامانجی سەرەکی ئەو هێرشانە لەمەڕ تەسلیم وەرگرتنی تێکۆشەرانە. کاتێک گەریلایەک لەشاهۆ، دالاهۆ،

مۆکریان، مەریوان و کەلەڕەش و سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ئەرکی شۆڕشگێڕی رادەپەڕێنن، رۆچنی ئازادی لەکۆمەڵگای تاریک کراو هەڵدەکەن.

بوونی گەریلا لەئامێزی گەلدا بە واتای بەرخۆدان و رەد کردنی تەسلیمیەتە. کاتێک کوردان چۆک لەبەرامبەر رژێمی داگیرکاری ئێران دانانوێنن، دەمێک هێشتا ئاڵای خۆڕاگری و شۆڕش شەکاوەیە، ئەو رێچکەیەش ئامانجی داگیرکەری رژێمی ئێرانی سەراوژێر کردووە. سەرەڕای ئەوەش سەیر بکەین کاتێک گەریلا و گەل تەسلیمی ژیان و چەمکی داگیرکەری رژێم نابن، شەپۆلی دەستگیرکردنی کەسانی ئازادیخواز و پێشەنگی گەل بەرفراون دەبێت، رژێم ئەو سیاسەتە لەپێناو تەسلیم گرتنی گەل و گەریلا ئەنجام دەدات. ئەوەش لەکاتێکدایە گەل لەسەر بنەمای ئیرادەی ئازادی خۆی دام و دەزگای مەدەنی، کۆمەڵایەتی و دیمۆکراتیکی لەچوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندی گەل و کۆمەڵگا دامەزراندووە. بەڵام زهنییەتی داگیرکەری رژێمی ئێران خۆبەڕێوەبەری دیمۆکراتیکی گەلانی پێ هەزم نابێت و بۆ لەباربردنی رێکخستنی دیمۆکراتیکی گەل رۆژانە ئەندامانی پێشەنگی ئەو دامەزراوەو رێکخراوە مەدەنیانە لەسەر تاوانی بێبنەما دەستگیر و زیندانی دەکات. رژێم بەو سیاسەتەی دەیەوێت گەل و کۆمەڵگا تەسلیم وەربگرێت و بۆ ئەوەش گەلێک رێ و رێبازی چەپەڵیان بەکار هێناوە. بەڵام کاتێک رژێم بەرەوڕووی خۆڕاگری دیمۆکراتیکی گەل دەبێتەوەو سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و پەلامارەی بۆ سەر گەل و کۆمەڵگا دەکرێت، پەنا بۆ چ سیاسەت و تاکتیکی نامرۆڤانە دەبات، ناگاتە ئەنجام، بۆیە پیلان و سیاسەتێکی نوێ لەسەر بنەمای سەردانەواندن و چۆک دان بە ئیرادەی ئازادی خوازی گەل لەئاشی هاڕینی رژێم شۆڕ دەبێتەوە.

ئەگەر سەرنجی قوژبنێک لەسیاسەتی پاکتاوکاری هێزە هەژمۆنگەرا جیهانی و هەرێمیەکان بدەین، لەبەر چی ئەوەندە لەدژی گەلی کورد لەناو بازنە و سارسارۆکی داگیرکەریدا هاوئاهەنگ و یەکگرتوون. لۆژیکی ئەو یەکگرتنەیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەوەی بەرچاوە بازنەی داگیرکاری بەو کۆنسێپتەیان دەیانەوێت گەلی کورد چاوترسێن بکەن و راڕایی لەلا دروست بکەن و ئەو فەلسەفەیەی لەلا ئاوا بکەن کە هیچ هێز و لایەنێک پشتیوانی نییەو چۆن دەتوانێت لەبەرامبەر بازنەی داگیرکاری شەڕ و تێکۆشان بکات؟ بەو چەمکە هیواو باوەڕی لەکەسایەتی کورددا تێکدەشکێنن کە توانای بەرەنگاربوونەوەی بازنەی داگیرکاری نییە.

کاتێک ئاوڕێک لەهەرێمەکانی پاراستنی مەدیا بدەینەوە، رۆژانە لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی تورکیا و ئێران و هاوپەیمانەکانیانەوە بۆردۆمان و تۆپباران دەکرێت و پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیای سەدە لەسەر گەلی کورد و تێکۆشەرانی تاقی دەکرێتەوە. تاکە ئامانجی ئەو شەڕە دەروونییە چۆک دانان و سەردانەواندنی گەلی کورد لەبەرامبەر

لویاتانی قەڕنە. چەمک و زهنییەتی ئەوە ئاوا دەکەن کە مرۆڤ ناتوانێت لەبەرامبەر تەکنۆلۆژیای بازنەی داگیرکەری خۆڕاگری و تێکۆشان بکات و تەنیا رۆچنی تەسلیمیەت و چۆک دانانیان بەرەو ئاوەلا کردووە. بە پێچەوانەی ئەو فەلسەفە هەڵەیە رێبەر ئاپۆ دەڵێت: «مرۆڤ بۆ خۆی گەورەترین تەکنۆلۆژیایە، چون ئافرێنەری ئەو کەرەستە و تەکنیکانە خودی مرۆڤە». لێرەدا رێبەر ئاپۆ راشکاوانە رایگەیاندووە کە لەدەستی دەوڵەتدا تەکنۆلۆژیای دڕندە هەیە، بەڵام لەلای من و گەلی ئازادیخوازی کورد، تاکی خاوەن ئێرادەو باوەڕ هەیە. چون مرۆڤە تەکنۆلۆژیا دەخوڵقێنێت، بۆیە مرۆڤی خاوەن ئێرادە و باوەڕمەند لەچەکی ناوەکی بە کاریگەرترە. بۆیە ئامورر و کەرەستەکانی شەڕی تایبەت لەدژی گەلی کورد و تەڤگەرەکەی ئەوەندە بەرفراوان و گشتگیرە. هێرش و پەلاماری لەرادەبەدەر دەیانەوێت چەکەرەی هیواکان لەناو کۆمەڵگا بێخ بڕ بکەن.

بۆ تێگەهێشتنی بابەتەکە ئاماژە بە دیمەنێکی کورتی فیلمی ١٤ی تەمووز دەکەم. دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بە ئامووره چەپەڵەکانی شەڕی تایبەت، بڕیاری تەسفیەکردنی گەلی کوردی داوە. بەو رێبازانە، کاریگەری لەسەر بەشێکی زۆر لەگیراوانی کورد دادەنێن و لەبەرامبەر سیاسەتی ئەشکەنجەو مەنگەنەی مەرگی بازنەی داگیرکەری چۆک دادەنێن و لەناو ئاشی هاڕیندا، توانای خۆڕاگری یان لێ دەبڕێت. بەو شەڕە تایبەتەی ئەسەد کۆرتای، مەکینەی ئەشکەنجەی زیندانی ئامەد، رۆژ لەدوای رۆژ لەژمارەی گیراوانی ناو بەرەی خۆڕاگرەکان، هەڵدەوەرنە بەرەی تەسلیم کارەکانەوە. بەڵام لەزیندانی ئامەد لە ١٤ی تەمووزی ١٩٨٢ی زاینی بە پێشەنگایەتی کەمال پیر، محەمەد خەیری دۆرموش، عاکیف یەڵماز و عەلی چیچەک هاوارێک لەبەرامبەر بازنەی شەڕی تایبەت بەرز دەبێتەوە کە تەلیسمی وەحشەت و دڕندەیی دەپچڕێنێت و بە راگەیاندنی چالاکی مانگرتن تا مردن، کۆتایی بە سیاسەتی چۆک دانانی دەوڵەتی فاشیستی تورک دەهێنن. ئەو هاوارەش دەبێتە هۆکار کە گیراوێکی زۆر بگەڕێنەوە ناو بازنەی بەرخۆدان و تێکۆشانی نەبەزانەی گەل.

لەهەر قۆناخێکی مێژوویی تێکۆشانی رەوای گەلی کورد، چالاکی فیدایی و قارەمانانە سەریان هەڵداوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە گەلی کورد لەبەرامبەر بازنەی داگیرکەریدا سەریان دانەنواندووە. بازنەی داگیرکەری چەندێک خۆی بەرامبەر گەل و کۆمەڵگا گەورە لەقەڵەم بدات، تەنیا باڵۆنێکی پیڤیاگە. سەیر بکەین ئەو سیاسەتە لەدوورگەی ئیمراڵی بە سەپاندنی گۆشەگیری تۆند لەسەر رێبەر ئاپۆ پەیڕەو کراوە، تا رێبەر ئاپۆ تەسلیمی ویست و داخوازیەکانیان ببێت. بەڵام بە پێچەوانەوە رێبەر ئاپۆ بژاردەی بەرخودانی هەڵبژاردووە و تەسلیمی بازنەی داگیرکاری نابێت. بۆیە ئەو بازنەیە بە رێگای دەوڵەتی فاشیستی تورکیاوە راشکاوانە بە گەلی کورد رادەگەیەنن، ئەگەر رێبەر ئاپۆ ملشۆڕی سیاسەتەکانیان نەبێت، ئەوا گۆشەگیری لەسەر هەڵناگرن. بۆیە گەلی کورد و دۆستانی کورد کاردانەوەی

تۆندیان لەبەرامبەر ئەو سیاسەتە دەربڕیوە و تەنانەت مانگرتنی سەرتاسەرییان بۆ پووچەڵ کردنەوەی بازنەی شەڕی تایبەت لەدژ ڕێبەر ئاپۆ و گەلی کورد لەکوردستان و هاندەران ڕاگەیەندووە. گەلی کورد ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە لەبەرامبەر سیاسەتی نکۆڵی و پاکتاوکاری چۆک دانانێت و چ بە دیلێکی هەبێت، کورد پەرە بە خۆڕاگری دیمۆکراتیکی دەدات. بازنەی داگیرکەری لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی هەر جۆرە ڕێبازێکی چەپەڵی لەدژی کوردان تاقی کردووەتەوە تا لەزاری تاکێکی کورد دانپیانانی (من نە کورد و ئازادیخوازم) دەربکەوێت.

## تیرۆریزە کردنی کوردان

گەلی کورد بۆ ئەوەی خاوەن کولتوورێکی لەمێژینەی دەوڵەمەندە، هەرگیز دەستی لەخۆڕاگری و تێکۆشان بەرنەداوە و بە تەواوی نەکەوتووەتە ناو سەبەتەی داگیرکەران. بازنەی داگیرکەری دوابەدوای کۆنسێپتی تەسلیم گرتن و چۆک دانان، پیلانی تیرۆریزە کردنی کوردانیان داڕشتووە. نموونەیەکی بەرچاو سەیری چالاکی کوردان لەئەورووپا بکەین کە لەلایەن دەوڵەتانی ئەورووپاوە لەژێر پاساوی بەرزکردنەوەی وێنەی سەرۆک ئاپۆ و سیمبۆلی قارەمانی و نەتەوەیی کوردان، چالاکی دیمۆکراتیکی گەل تیرۆریزە دەکرێت. ئەو سیاسەتە پیلانێکی نێودەوڵەتییە لەدژی کوردان و مرۆڤایەتی.

ئامانجی شەڕی تایبەتی بازنەی جیهانی دژ بە کوردان، لەباربردنی دەرفەتی ژیانی ئازاد و دیمۆکراتیکە. هێزە هەژمۆنگەرا جیهانیەکان لەسەر ئەو لۆژیکەن کە ئەگەر بوونی کوردێک لەئارادا بێت، پێویستە بە پێ بەرژەوەندی ئەوان بێت، واتا نابێ لەسەر شوناس و ئیرادەی گەوهەری خۆی درێژە بە بوونی بدات. تۆڕەکانی دەسەڵات هاوڕان کە کوردان خۆپیشاندان و چالاکی مەدەنیانە ئەنجام بدەن، بەڵام لەو چالاکیانەدا نابێت وێنەی سەرۆک ئاپۆ و ڕەمزی ئازادی و دیمۆکراسی بەرز و بڵاو بکرێت. گەواهی ئەوەین لەباکووری سووریا ڕەقا پایتەختەتی داعش لەلایەن یەپەگە، یەپەژە و قەسەدەوە ڕزگار کرا و وێنەی ڕێبەر ئاپۆ و سیمبۆلی کوردان لەناوەندی شارەکە بەرز کرایەوە، ئەو کردەوە کاردانەوەیەکی توندی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە کە بەزمانی داگیرکەران گوایا وێنەی تیرۆریستێک لەو شارە بەرز کراوەتەوە! ئەوە سیاسەتی هێزە نێوەدەوڵەتی و هەرێمیەکانە لەبەرامبەر کوردان. لەکاتێکدا ئەو شەڕڤانانەی کە شەنگاڵ، کۆبانێ و ڕەقایان ڕزگار کرد، شەڕڤانی ڕێبەر ئاپۆن. بە پێچەوانەوە سیاسەتی بانێک و دوو هەوای ئەو هێزانە چ پەیامێک بۆ گەلی کورد دەگەیەنێت؟ ئازاد کردنی ڕەقا لەسەر بنەمای هزر و ڕامانی ڕێبەر ئاپۆ پێکهاتووەو گورزی جەرگبڕ لەچەتەکانی داعش وەشێندراوە. بڵاوکردنەوەی ئەو هزر و فەلسەفەیە نە لەقازانج و بەرژەوەندی یاریزانەکانی شەڕی جیهانی سێهەمە. بۆیە هەموو هەوڵێکیان خستووەتەگەڕ تا دەرفەتی ژیانی ئازاد لەتاکی کورد زەوت بکەن و کوردی ئازاد کە ناسنامەی نوێ

ڕۆژهەڵاتی ناوینە، لەناو مەنگەنەی تیرۆردا بهاڕن. لەژێر پەردەی ئەوەی کە کورد وێنەی ئاپۆی بەرزکردووەتەوە، هەڕشەی زەوت کردنی ژیانی ئازادی لێدەکرێت. بە پێچەوانەوە ئامانجی ئەو پیلانە ئەوەیە کە دەیانەوێت کوردان لەپێگەی سیاسی و شووناس و کولتوورەکەیان پەراوێزیان بخەن. بەڵگەیەکی تری سەبارەت بەو تەوەرە، سەرجەم دیدار و خەباتی دیپلۆماتیکی کە لەسەر دۆخی باکووری سوریا بۆ چارەسەری دیمۆکراتیک و ئاشتیانە پێکدێت، لەکاتێکدا کە کورد بۆ خۆی کلیلی چارەسەری کێشەو گرفتەکانی باکووری سوریایە، هێزە قازانج ویستەکان نایانەوێت کورد بەشداری پرۆسەی چارەسەری ببن و بەوەش نکۆڵی لەهەبوون و ناسنامەی کورد لەجیهان دەکەن.

لەچوارچێوەی کۆنسێپتی سەرتاسەری دژی کورد، ڕژێمی داگیرکەری ئێرانیش لەناو هەمان بازنەی دژە کورد جێدەگرێت. ئەگەر لەکۆمەڵگای ئێران کەسێک، کتێبێکی ڕێبەر ئاپۆی پێوە بگێردرێت، بە تیرۆریست لەقەڵەم دەدرێت و بە درووست کردنی کەشێکی نائارام دەیانەوێت تەڤگەری ئاپۆیی لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆشەگیر بکەن. بەو پێیە دەیانەوێت لەئەگەری گۆشەگیرکردنی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد، تەڤگەر بڵاو و پەرتەوازە بکەن. ڕژێمە داگیرکەرە یەک لەدوا یەکەکان، ئەو ڕێبازە چەپەڵەیان لەسەر زۆربەی پارت و هێزە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنیەکان تاقی کردووەتەوە، تا ئاستێکیش ئەو سیاسەتە شەڕانگێزییە سەرکەوتوو بووە، بۆیە لەسەر هەمان لۆژیک لەسەر تەڤگەری ئاپۆیی ئەو سیاسەتە نۆژەن و نوێ دەکەنەوە. ئێستا ڕژێمی داگیرکەری ئێران لەبەرامبەر کوردان و سەرجەم گەلانی ئازادیخواز، پیلانگێڕی و ڕێبازە داگیرکاریەکانی نۆژەن و دەوڵەمەند دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی تەڤگەری ئاپۆیی کۆد و کلیلی پووچەڵ کردنەوەی لەدەستدایە، سیاسەتەکانی ڕژێمی سەراوژێر و پووچەڵ کردوەتەوە.

## تەسفیە (داپاڵین) — پاکتاو کردن

پاکتاوکاری؛ ڕێبازێکی تری مەترسیدارە کە ئێستا لەدژی کوردان لەبواری جێبەجێ کردندایە. تەسفیەکردن پیلانێکی سەرتاسەری دەوڵەتەکانە کە لەدژی کوردان پەیڕەوی دەکەن. دەوڵەتە هەژمۆنگەرا هەرێمی و جیهانیەکان بە داڕشتنی سیاسەتی بە ناو مۆدێڕن، دەیانەوێت شیرازە و پێکهاتەی کۆمەڵگای ئازاد و دیموکراتیک بێخ بڕ بکەن. واتا مرۆڤەکان بەرەو جیهانی حەیوانی و مەیموون بوون پەلکێش دەکەن. ئەوەش لەسەر چ بنەمایەک پەرە دەسێنێت، ئێستا گەلێک نەخۆشی لەکۆمەڵگا وەک؛ لیبراڵیزم، تاکپەرەستی، بێ هیوایی، بێ باوەڕی، لەخۆڕازی بوون و ماددیەت پەرەستی باون کە کۆمەڵگا بەرەو داڕمان دەبات.

کۆمەڵگا بۆ مرۆڤ چ واتاو پێگەیەکی هەیە؟ مرۆڤ بوونەوەرێکە کە بە بێ کۆمەڵگا ناتوانێت بژێت. مرۆڤ هێزی خۆی لەکۆمەڵگابوونەوە وەردەگرێت. واتا هەوێنی هێزی مرۆڤ، کۆمەڵگابوونە کە یەکێتی و یەکگرتن لەنێو مرۆڤدا دروست دەکات. تەنانەت کۆمەڵگا چەکی پاراستنی مرۆڤە کە بەرگری خۆی پێ دەکات و خۆی پێ دەپارێزێت. کۆمەڵگا؛ چەشمەی خۆڵقاندنی بەرهەمی مرۆڤە کە لەناو کۆمەڵگادا دەیخۆڵقێنێت و خورۆشانی دەکات. داگیرکەرانی کوردستان دەیانەوێت کۆمەڵگای سرووشتی کوردان زەوت و فەتح بکەن. ئەوەی کە ئێستا لەکوردستان، دەبینرێت شتێک بە ناوی کۆمەڵگای کوردی بە کولتوور و مێژووی رەسەنی خۆیەوە لەئارادا نییە.

لەکارنامەی دەسەڵاتدارانی رژێمە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراندا بۆچی هێنانە زمانی دەستەواژەی نەتەوەی کورد قەدەخەیە؟ چون نەتەوە بوون و کۆمەڵگابوونی کورد لەلایەن زهنییەتی رژێمەوە مایەی قەبووڵ کردن نییە. کاتێک کۆمەڵگایەک بەدەستی گەل بونیاد دەنرێت، هاوکات خۆشی دەپارێزێت و خۆیشی بەرێوە دەبات. بەس لەئەمرۆدا کۆمەڵگا لەتاکی کورد زەوت کراوە، کە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری تورکیا و ئێرانەوە ناوەرۆکەکەی بەلارێدا بردراوە. سیستەمی پەروەردەیی نە لەدەستی کورددایە. ئەو سیستەمەی چەسپێندراوە نەتەوە سەردەستەکانی تورک و فارس دایان تاشیوە و بۆ پاراستنیشی سەربازانی تورک و فارس لەشکەرکێشی کوردستانیان پێ کراوە کە ئەوەش بۆ تەسفیە کردنی کوردان داتاشراوە. بۆ تەسفیە کردنی هەر کۆمەڵگایەک سەرەتا دەبێت دەزگای دیمۆکراتیک و مەدەنی ئەو کۆمەڵگا تێکبشکێنی. کاتێک رێکخراو و دەزگا مەدەنیەکانی کۆمەڵگا تێکشکێندران، ئیدی ئەو کۆمەڵگا چ بکات، لەجامی خاوەنی خۆی کۆنابێتەوەو قازانجەکەی دەرواتە ناو جامێکی تر کە بۆی دانراوە.

رژێمی داگیرکەری ئێران زیاتر لە ٤٠ ساڵە گەلێک دامەزراوەو رێکخراوی مەدەنی کوردانی لەناو بردووەو بە جێگای ئەوانەش دەزگای داگیرکاری خۆی تێدا چەقاندووە. ئەو دامودەزگایانەی کە خۆی لەکوردستان دایمەزراندوون، سەرجەم بەرهەم و رەنجی گەل و کۆمەڵگای پەلکێشی ئەو ناوەندە سەرکوت کاریانە کردووە. ئەگەر ئاورێک لەکوردستان بدەین بە فەرمی شتێکی دالەقاوی کورد لەجۆگرافیای باب و باپیرانیان لەئارادا نییە. هاوکات زمانی کوردی گرێدراوی تاک و کۆمەڵگا نییە. لەبەر ئەوەی کوردستان بە مۆرە و سەربازی داگیرکەری تەنێندراوە، هاوڵاتیەکی کورد ناتوانیت زمانی زگماکی بە فەرمی بنووسێت و قسە بکات. وێنای بەرچاوی ئەوە، رێبەر ئاپۆ باس لەچوونی خۆی بۆ خوێندنگا دەکات کە تەسفیە کردنی تاک و کۆمەڵگا لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەری تورکیاوە چۆن لەمنداڵییەوە دەبینێ و پێناسەی دەکات. رێبەر ئاپۆ لەشیکاریەکانیدا دەڵێت: «کاتێک لەگوندی خۆمەوە (ئەمارگی) بۆ خوێندن دەچوومە گوندی دراوسێمان جبین، بۆم

ئاشکرابوو، دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا، منداڵانی کورد لەکورد بوون بە لاڕێدا دەبات و زمانێکی نەتەوەیەکی سەردەست، واتا تورک بوون بەسەریان دەسەپێنن. ئەو کاتە هەستم کرد کە خوێندنگاکانی کوردستان منداڵانی کورد بۆ ئەوە ئامادە ناکەن کە ببنە عایدی خۆ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە تاکێک بۆنیاد دەنێن کە ببێتە عایدی کۆمەڵگایەکی تر کە کۆمەڵگای دەوڵەتی یە». واتا ئەم سیاسەتە سەلمێنەری ئەوەیە کە هێزە داگیرکەرەکان هەر لەمنداڵیەوە کورد بوون لەناخی هاوڵاتیان دەکوژن و لەدەستپێکی شکڵ گرتنی تاک و کۆمەڵگا، شیرازەی کۆمەڵگا تێکدەدەن و کۆمەڵگا بەرەو لادان و چەواشەکاری پەلکێش دەکەن. ئەوەش لەچوارچێوەی سیاسەتی تەسفیەکردنی کۆمەڵگای کوردە کە لەلایەن نەیارانەوە تا بە ئەمڕۆ بەردەوامە.

ڕەهەندەکانی تەسفیەکردنی کۆمەڵگای کوردی بە دەست داگیرکەرانی کوردستانەوە زۆر زەق و بەرچاون. لەرابردوودا کوردستان لێوانلێو بووە لەنرخ و پیرۆزیەکانی کۆمەڵگا کە لەئەمڕۆدا سەرجەم ئەو پیرۆزیانە کرچ و کاڵ و یان خۆد نەماون. ئەوەندە نرخ و بەهای دیمۆکراتیکی کۆمەڵگای کوردی لەئارادابووە کە ئێستا سەر ڕشتەیان نەماوەو بێخ بڕ کراون. لەسەر لانکەی شارستانی، دیمەنێکی بەو شێوەیە نەخشێندراوە. ئاستی داگیرکەریەکە نیشان دەدات کە پیلانی تەسفیە کردنی کوردان لەئارادایەو دەیانەوێت گەلی کورد پەلکێشی سیستەمی دەوڵەتی خۆیان بکەن.

لەمێژووی تەڤگەری ئاپۆیی و سەرجەم قۆناخە چارەنووس سازەکان و بە تایبەت دوای رفاندن و دیلگرتنی ڕێبەر ئاپۆ، سیاسەتی تەسفیەکردن بە چڕی لەکەسایەتی تەڤگەری ئاپۆیی دژ بە کوردان و مرۆڤایەتی بەرجەستە کراوە. هێزە داگیرکەرەکان بە پیلانێکی سیستەماتیک دەیانەوێت شانەی نوستووی سیخوڕی یان لەناو تەڤگەر درووست بکەن، کاتێک شانە نووستووەکانیان لەناوەندەکانی تێکۆشان بەجێ کرد و بۆ گورز وەشاندن لەتەڤگەر، مۆرەکانیان کارا و چالاک دەکەن.

بازنەی داگیرکاری دوای رفاندن و بە دیلگرتنی ڕێبەر ئاپۆ سەرەڕای سەرجەم پیلانە نەگریسانەکانیان، نەیانتوانی ڕێبەر ئاپۆ تەسلیم وەربگرن و بە چۆکیدا بدەن، بۆیە هەوڵی تەسفیە کردنی تەڤگەر و گەلی کوردیان خستە بواری جێ بە جێ کردنەوە. بە مۆرکی تیرۆر بازنەی داگیرکەری رەوایەت بە کردەوە سەرکوت و تیرۆریستیانەکەیان دەدەن. بەڵام گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز چەسپاندنی ئەو مۆرک و پێناسانەیان پەسەند نەکردووە و گەل بەرپەرچی توندیان بە درووشمی مادام ڕێبەر ئاپۆ تیرۆریستە، ئێمە هەموو تیرۆریستین، داوەتەوە.

کاتێک گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی دژ بە ڕێبەر ئاپۆ و گەلی کورد پووچەڵ کرایەوە، بژاردەی تەسفیە کردنی ناوخۆیی ناو تەڤگەر یان خستەبواری جێبەجێ کردنەوە. لەساڵی

٢٠٠٤ی زایینی دا بە ڕێگای (فەرهاد و بۆتان) ویستیان تەڤگەر تەسفیە بکەن. ئامانجی سەرەکی ئەو پیلانەش ئەوە بوو کە بە ڕێگای نزیک ترین کەس، گورز لەڕێبەر ئاپۆ، تەڤگەر و گەلی کورد بوەشێنن. بەو تاکتیکەش کوردان پەلکێشی ناو پیلانەکانیان بکەن، تەڤگەر و کوردستان لەناو شەپۆلی داگیرکاریدا نۆقم بکەن.

لەباکووری کوردستان لەساڵی ٢٠٠٩ی زایینی کاتێک کەیسی گیراوانی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) کرایە ڕۆژەڤەوەو لەسەر تاوانی ئەندامێتی کەجەکە شەپۆلی گرتن دەستپێکرد، هاوڵاتیان لەتورکیا و باکووری کوردستان دەچوونە بەردەم دادگاکان و داد و هاواریان دەکرد کە ئێمەش کەجەکەیین و دەبێ ئێمەش قۆڵبەست بکەن. ئامانج لەدەستپێکردنی ئەو هەڵمەتە جەماوەرییە، پووچەڵ کردنەوەی هێرشی سەرتاسەری بازنەی داگیرکەری و ئاستی بەرزی بەهێزی کولتووری بەرخۆدان و زیندووبوونی کۆمەڵگای کوردی دەخاتەڕوو.

## قڕکردن و تیابردن

ئامانجێکی تری داگیرکەران لەسەر گەلی کورد، قڕکردن و تیابردنە. لەهەنگاوی یەکەمدا بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کە وشەیەک بە ناوی کورد و کوردستان لەزاری دەسەڵاتداران دەرنەپەڕێت. لەژێر تۆمەتی ئەوەی کە کوردان لەدژی دەوڵەت، یاسا، قورئان و خودا ڕاپەڕیون، نکۆڵی لەناسنامە و بوونیان دەکرێت و دەیانەوێت چەکەرەی بەرخودان لەکوردستان بن بڕ بکەن. دوا بەدوای بە چۆک دانی بەشیکی کۆمەڵگا لەناو تۆرەکانی دەسەڵات وەک خزمەتکار بە کاریان بەرن. کوردان لەقۆناخێکدا کەلەبچە کراون کە گوزارە لەقۆناخی مان و نەمانیان دەکات. چون لەئەمڕۆدا دەوڵەتانی داگیرکەر دڕندانەترین و چەپەڵترین ڕێباز و ئامووری شەڕ لەدژیان تاقی دەکەنەوە. هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان بۆ قڕکردن و تیابردنی کوردان هەموو جۆرە سەفەربەریان ڕاگەیاندووە. بێگۆمان ئەو بابەتانە وەک کوارک هەڵنەتۆقاون، بەڵکوو لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیانەوە داڕێژراون. لەرابردوودا هێزە هەژمۆنگەراکان بەڕێگای هێزی سێبەرەوە لەدژی کورد شەڕیان دەکرد و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) سەرجەمیانی پووچەڵ کردەوە. بۆیە لەئەمڕۆدا ئەمریکا ڕاستەوخۆ، خۆی کەوتە ناو شەڕ دژی کوردی ئازاد و پەکەکەو هەڵمەتێکیشیان لەو پێناوەدا دەست پێکرد. بڕە پارەیەکیان بۆ ڕفاندن و تیرۆرکردنی ژمارەیەک لەسەرکردەکانی پەکەکە تەرخان کرد. لەبنەمادا ئەو بڕیارە بە واتای بڕیاری پاکتاو کردنی کوردانە. چۆن لەئەمڕۆدا ڕێبەر ئاپۆ، تەڤگەری ئاپۆیی و پێشەنگەکانی هیوای ئازادی کوردانن. ئەوەی کە لەتەڤگەری ئاپۆیی خاوەن ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەگێڕێت و زۆر بە کاریگەرن هەمیشە لەئامانجی سیاسەتی پاکتاوکاری نەیارانی کوردن. نموونەی بەرچاوی ئەوە تیرۆرکردنی سەکینە جانسز یەک لەدامەزرێنەرانی پەکەکە، لەساڵی ٢٠١٣ی زایینی

لەلایەن میتی تورک لەفەڕانسا و زەکی شەنگالی لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی تۆرکیا و سیخوڕ و بەکرێگیراوە کوردەکان لەرێکەوتی ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٨ی زاینی لەقەزای شەنگاڵ کە لەرزگارکردن، رێکخستن و پاراستنی ئێزیدیەکان خاوەن رۆڵ بووە و هەروها شەهید دیار غەریب کە لەدەستەبەرکردنی یەکێتی نەتەوەیی خاوەن رۆڵ بووە، لەرێکەوتی ٥ی تەمووزی ٢٠١٩ی زاینی لەقەندیل دەکرێتە ئامانجی فڕۆکە شەڕکەرەکانی دەوڵەتی فاشیستی تۆرکیا و سیخوڕ و بە کرێگیراوەکان.

تەڤگەری ئاپۆیی لەپێناو ئەو گەلەکۆمەیەدا لەهەستیاری قۆناخەکەدایە. بۆیە هەر جۆرە تەدبیری پێویست وەردەگرن و بەوەش دەیانەوێت شەپۆلی داگیرکاری پووچەڵ بکەن. هێزە هەژمۆنگەرا جیهانی و هەرێمیەکان لەشەڕی جیهانی سێهەمدا دەیانەوێت بەرژەوەندیەکانیان بپارێزن و ناوچەکە سەر لەنوێ دابڕێژن و گەلانی ئازادیخواز لەناو بەن. نەیارانی کورد بۆچی دەڵێن ئەگەر کورد لەو قۆناخە مێژووییەدا لەبواری سیاسی و دیپلۆماتیک خاوەن رۆڵ و رێکخستن نەبێت، ئەوا گەلی کورد بە سەد ساڵی تر ناتوانێت هەستێتەوە سەر پێ. لەبەر ئەوەی ئەو هێزانە رێگا نادەن کە لەم قۆناخەدا کۆتایی بە شەڕ و ئاڵۆزی لەناوچەکە بێت و رۆژهەڵاتی ناوینیش سەر لەنوێ دابڕێژرێتەوە. سەرجەم هەوڵەکانیان لەو پێناوەدایە کە کوردان پەراوێز بخەن و ئەو ستاتۆی کە لەباشوور و رۆژهەڵات دەستەبەری کردووە لێ زەوت بکەن. بۆیە رۆڵی کوردان لەم قۆناخەدا لەپووچەڵ کردنەوەی سیاسەتی پاکتاوکاری و نکۆڵی کاری گرنگە. بە تایبەت وەک گەریلا و شۆڕشگێڕێک رۆڵ و بەرپرسیاری زیاتر لەئەستۆیانە.

لەئەنجامی پڕۆسەیەکی درێژخایەنی شەڕی تایبەت کە لەلایەن داگیرکەرانەوە پەیڕەو دەکرێت کۆمەڵگاکان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هەوڵی تەسلیم کردنیان دراوەو لەژێر شەپۆلی داگیرکاریدا لەناو براون و پاکتاو کراون. کۆمەڵگایەک چۆن لەبەرامبەر دەوڵەت– دەسەڵات چۆکی پێ دانراوەو تەسلیم بووە؟ بۆچی تاقەتی بەرخۆدانی لەدەست داوە و بێکاردانەوەیە؟ باشووری کوردستان نموونەی بەرچاوی ئەو کۆمەڵگایە. لەلایەن دەسەڵاتەوە چۆن چۆکی پێ دانراوەو کۆمەڵگایەکی راوێستاو و بێ داهێنانە، زمانی دیمۆکراسی تێدا سڕ کراوە.

چالاکی کە زمانی دیمۆکراسییە لەلایەن گەلی کوردەوە بە باشترین شێوە بە کار هێنراوە. چون دیمۆکراسی رژێمی حەقیقەتە کە ئەوەش پەیوەندیداری چالاکی گەلە. لەجۆگرافیا و نیشتمانێک چالاکی گەل تێدا کارا نەبێت، لەو جۆگرافیادا دیمۆکراسی سەوز نابێت. لەو شوێنەش کە دیمۆکراسی سەوز نەبێ، دەوڵەت و دەسەڵات سەر کۆمەڵگا سەروەر دەبن. بە سەروەری دەسەڵات و دەوڵەت سەر نیشتمان، ئازادی و دیمۆکراسی ون دەبێت.

رێکخستن و تۆڕەکانی دەسەڵات و دەوڵەت ـ نەتەوەی رژێمی داگیرکاری ئیسلامی ئێران لەلاوازترین قۆناخی دەسەڵاتداریدا، لەپێناو قازانج ـ سەرمایە لەرۆژهەڵاتی کوردستان

مەکینەی رەشبگیری، پاکتاوکاری کولتووری، ژینگەیی و سیاسی لەمەڕ قڕکردن و فەتح کردنی هزر و ویژدانی تاکەکانی کۆمەڵگا وەگەڕ خستووە. ئەوەش جیا لەسەپاندنی دەسەڵاتی سەربازی و میلتیاریزە کردنی رۆژهەڵاتی کوردستان لەپێناو مەرامە چەپەڵەکانیان هیچ مانایەکی تری تێدا بەدی ناکرێت. لێکەوتەی ئەو داگیرکاری و دەستدرێژیانە بۆ سەر نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگا، گوڕ کردنی فاشیزمی مەزهەبی و راگەیاندنی شەڕی سەرتاسەری دژ بە کۆمەڵگایە، کە مەرگەساتێکی مەزنی بەدواوە دەبێت و باجەکەشی دەبێ کاربەدەستانی رژێم بیدەن. چۆن زهنییەتی داگیرکاری تۆڕەکانی دەسەڵات و دەوڵەت لەکوردستان نە هێزی پاراستن و بەرقەراری ئاسایش و ئارامین، بەڵکوو هێزی داگیرکەر و چەوساندنەوەن کە تالآن و کاولکاری ئامانجیانە و هەموو جۆرە چەوسانەوە، زۆرداری و داگیرکارییەک لەسەر تاک و دەستکەوتەکانی کۆمەڵگا بەڕەوا لەقەڵەم دەدەن.

رفاندن و گرتنی هەڕەمەکی و ئەشکەنجەی مامۆستایان، کرێکاران، چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی و سەپاندنی سزای قورس بە سەریان و تیرۆرکردنی رۆژانەی کاسبکاران، کۆمەڵە دەستەواژەیەکن لەلایەن تۆڕە شەڕانگێزەکانی رژێمەوە لەرۆژهەڵاتی کوردستان کراونەتە دیاردە. بەردەوامی و بەرفراوانی هێرش و پەلامار لەلایەن ناوەندەکانی داگیرکاری رژێمەوە بۆ سەر دەستکەوت و نرخەکانی کۆمەڵگا و بە قووڵکردنەوەی جیاوازی رەگەزی، تێکدانی کۆمەڵگای ژینگەیی و دیمۆکراتیک و بە ئامانج گرتنی رۆڵەکانی کورد لەناو دام و دەزگا مەدەنیەکانیان، سەرەڕای کارکردنیان لەچوارچێوەی یاساکانی رژێم، بە واتای رەشەکوژی و گەورەترین تاوانی دژە مرۆیی و کۆمەڵگاکوژییە کە لەجینۆسایدکردنی کوردان مەترسیدارترە. ئەو میتۆدەش درێژەپێدەری فیتوای خۆمەینیە کە لەژێر ناوی کۆفر کوردستانیان لەئازادیخواز و نیشتمانپەروەران پاکسازی کرد و ئێستاش لەسەر هەمان رەوتی داگیرکاری جیهادێکی سپی لەدژی کورد ناو تاقیکردنەوەدایە.

جەلادانی رژێم بە هەڵمەتی داگیرکاری کوێرکوێرانە لەژێر زیهنییەتی (شەلم، کوێرم و ناپارێزم)، کۆمەڵگای کوردی خستووەتە ناو لەپەکانی هەشت پێ (ئۆختاپووت)ی دەسەڵاتی سەربازی سوپای پاسدارانەوە کە لەپێناو قڕکردنی کۆمەڵگای کورد پەرە بە کارگەی سیخوڕی و بەسیج گەرایی لەسەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگای دیمۆکراتیکی گەل داوە کە رەوایەتی بە کۆمەڵایەتی کردنی کولتووری خیانەت و فاحشەگەرایی ئایدیۆلۆژی دەدات. لەبەردەوامی ئەو دژە کولتوور و دژە بەرخۆدانەی تۆڕەکانی دەسەڵات لەکوردستان لەمەڕ دابڕانی گەل و کۆمەڵگا لەسرووشت، هەڵمەتی ئاگربەردان لەدارستانەکانی زاگرۆس و گواستنەوەی سەرچاوە ئاویەکانی کوردستان و بەنداوسازی یان، هاوتەریبی ئەو سیاسەتە سەرکوت کاریانە پەیڕەو کردووە کە کاولکاریەکانیشی تا بە ئەمڕۆ بەردەوامە. بەڵام لەبەر دەوڵەمەندی کولتووری کورد و گرێدانی گەلی کورد بە کولتووری زەردەشتی و ئاریانیەوە

تۆڕەکانی دەسەڵاتی ولایەتی مۆتلەقەی فەقیە نەگەیەشتنە مەرامی خۆ و بە زنجیرە گرتن و رفاندنانەکان، تۆڵەی مێژوویی لەگەڵی کورد دەستێنن.

هەڵمەتی گرتنی ژینگەپارێزان، چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەرۆژهەڵات و ئێران لەژێر چ دەمامک، پەردەو بەرچەسپێک بەڕێوە دەچێت، ناڕەوا و هێرشێکی نوێ داگیرکارییە، چون بەواتای کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی دیمۆکراسی و ئازادییە. ئەو سەرکوت کاریانە زنجیرە کردەوەیەکن کە ئامانجی بنەڕەتیان سنوور دارکردنی ئازادییەکان، دابڕانی کۆمەڵگا لەسرووشت، تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا، لەباربردنی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و ئافراندنی کۆمەڵگایەکی بێئەخلاق و بێسیاسەتە. کۆمەڵگایەکی بێسیاسەت، یەکسانە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی بێئیرادە و بێناسنامە. کۆمەڵگایەکی بێئیرادەش، تەسلیم کراوە کە لەبەرامبەر دەسەڵات بە چۆکدا دێت. ئەگەر رژێم بەو زنجیرە گرتنانە بیهەوێت دەرفەت و دەرەتانی خەباتی مەدەنی لەبار ببات و بە زۆرەملێ کۆمەڵگای دیمۆکراتی گەل بە بەرگی کۆمەڵگای دەوڵەتی دابپۆشێت، ئەوا تاکە بژاردەی گەل بەرخۆدانی سەرتاسەری دژ بە فاشیزمی مەزهەبی و دەسەڵاتی سەربازی رژێمی داگیرکاری ئیسلامی ئێران دەبێت.

تۆڕەکانی دەسەڵاتی رژێم بە زەوت کردنی دوو گۆڕەپانی ئەخلاق و سیاسەت، دەیانەوێت توانای هۆنەری درێژەدان بە هەبوون و بەردەوامی فەلسەفەی خۆڕاگری و تێکۆشانی دیمۆکراتیک لەکۆمەڵگای کوردی لەبار ببەن. بە سیاسەتی زۆرەملێ و بە باڵۆنی کردنی کۆمەڵگای دەوڵەتی و دەسەڵات، بە خەیاڵ و پلاوی شاهانەیان دەیانەوێت کۆمەڵگای سرووشتی ـ گەل نۆقمی ناو دەسەڵات و دەوڵەت بکەن و کۆمەڵگای کوردی بە بەرگی کولتووری خیانەت و تەسلیمیەت داپۆشن. بە دەستدرێژی، سووکایەتی و تیرۆریزە کردنی گۆڕەپانەکانی تێکۆشانی دیمۆکراتیکی گەل وەک؛ پەروەردە، ئەخلاق، سیاسەت، ژینگە، هۆنەر و ئابووری دەیانەوێت کۆمەڵگای کوردی بە قەفەسی ئاسنینی دەسەڵاتی سەربازی کۆنترۆڵ و پلۆم بکەن. لەکاتێکدا کلیلی ئازادی گەل هەر جۆرە قەفەسێک کە بە بۆیاخی کۆنەپارێزی و فاشیزم خەملێندرابێت، بە باهۆزی تۆڵە تێکیدەشکێنێت. دەبێت کاربەدەستانی رژێم ئەو حسابەیان لەدەست دەرنەچێت کە خرۆشانی شەپۆلی ناڕەزایەتی کۆمەڵگای کوردی دژ بە سیاسەتی هاڕین و پاکتاوکاری لەم دۆخەدا چ لێکەوتەی بەدواوە دەبێت؟

دام و دەزگاو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ژینگەیی، کولتووری و ئەدەبی بۆ هاوڵاتیانی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای کەموکورتی و رەخنەی زۆر، بە واتای سەکۆی گەیشتن بە ناسنامەی ئازادییە. مەڵبەندی ئەو گەل و کۆمەڵگایە کە لەناو تۆڕ و دەزگاکانی دەسەڵاتی رژێم جێگیر نەبوون و دەرەوەی تۆڕەکانی دەسەڵات خۆیان رێکدەخەن. ناوەندێکن کە لەسەر هەبوون و ناسنامەی گەلێکی ئازادیخواز و چەوساوە پێداگری دەکەن و رۆڵی

پاراستنی شووناس، هەوێنی یەکگرتن، هۆشیارکردنەوەو ئیرادەی تاک و کۆمەڵگایان بە ئەستۆیە. بۆیە تۆڕەکانی دەسەڵات لەپێناو بەرژەوەندیەکانیان بە گرتن و وەلانانی هاوڵاتیانی نیشتمان پەروەر و ئازادیخواز، دەزگا دیمۆکراتیەکانی کۆمەڵگا بە مۆرەو تاکی گەمژە، پووچ گەرا، بێباوەڕ و سڕکراو دەخەملێنن تا پارێزوانی لەدەسەڵات و دەوڵەت بکەن.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ژینگەپارێزێک، هونەرمەندێک، کاسبکارێک و چاڵاکوانێک لەکوردستان ڕەنج و تێکۆشانیان کە نەمام چاندنە، ئافراندنی بەرهەمە، پەیداکردنی نانی سەر سفرەیەو پەرەپێدانی زمانی دیمۆکراسی یە، تیرۆریزە دەکرێت و لەقەسابخانەی مێژووی رژێم و مەیدانی ئارێنای هاوچەرخی ئیتلاعات، لەلایەن بکوژانی ئازادی و مرۆڤایەتی رووبەڕووی یاسای دارستان دەکرێنەوە. بە پێچەوانەوە مۆرەو تۆڕەکانی دەسەڵاتی سەربازی رژێم لەکوردستان کە رۆڵیان تۆقاندن، کاولکاری و کوشتنە، بە بۆیاخی یاسای داگیرکاری بە پارێزەرانی نیشتمان، دابینکردنی ئارامی و سەقامگیری ئاشتی دەخەملێندرێن. بەو شێوەیە دەیانەوێت ماڵ لەخاوەن ماڵ حەرام بکرێت و سفرەی زێڕینی نیشتمان بۆ گەندەڵکار، جەردەو دزەکانی رژێم بەتاڵ بکەن.

بەس ئایا کوردستان ئەو پاروە بچکۆلە دەبێت کە تۆڕەکانی دەسەڵات و دەوڵەت بتوانن وا بە ئاسانی قووتی بدەن؟ کاربەدەستانی رژێم دەبێت لەناو خەیاڵ و ژیانی وەهمی بێنە دەرەوە، چون کۆمەڵگای کورد قەت مافی هەبوون و بەردەوامی ژیانی ئازادیان بە تۆڕە دەسەڵاتدارەکانی رژێم ناسپێرن. ئاستی هۆشیاری گەلی کورد بە پێچەوانەی خەونەکانی رژێم ئەوەندە زیادی کردووە کە بەڕەنگاری ئامووڕەکانی داگیرکاری ببنەوەو بە زنجیرە پەلامارێک لەتێکۆشان و خۆڕاگری پاشگەز ببنەوە. بە پێچەوانەوە گەلی کورد و رۆڵە نیشتمان پەروەر و ئازادیخوازەکانی لەژێر درووشم و فەلسەفەی ئێمەش؛ (ژینگەپارێزین، پارێزەرین، هۆنەرمەندین، چالاکوانین، مامۆستاین، کرێکارین و ... هتد) سەنگەرەکانی خۆڕاگری گەلەکەمان چۆڵ ناکەن و بە بەرفراوانی و پتەوکردنی تێکۆشان و بەهێزکردنی خۆڕاگری خاوەنداریێتی لە نرخ ـ بەها، ڕێکخستن و دەزگاکانی کۆمەڵگای دیمۆکراتیکی خۆیان دەکەن. لەهەمان کاتدا لەپێناو ئازاد کردنی پێشەنگەکانی کۆمەڵگا و پاراستنی نرخ و دەستکەوتەکانیان، بەهێز کردنی ئاستی تێکۆشانی دیمۆکراتیک بە پێویستیەکی سەردەمیانە لەقەڵەم دەدەن.

## لۆژیکی شەڕ و چوارچێوەی شەڕ بە درێژایی مێژوو

١- شەڕ و مێژووی شەڕ
٢- شەڕی تایبەت و مێژووی شەڕی تایبەت
٣- شەڕی تایبەت وەک دیاردە لەمێژوودا

ڕێبەر ئاپۆ لەبەرگرینامەکانیدا دەڵێت: «لەکۆمەڵگای سرووشتیدا دەستەواژە و چەمکێک لەژێر ناوی شەڕ بوونی نەبووە، بەڵکوو لەکۆمەڵگای سرووشتیدا پێکدادان ڕوویداوە». ئەو پێکدادانەی کە لەئارادا بووە، نە بە واتای شەڕە، بەڵکوو پێکدادان وەک پێویستی بەردەوامی کۆمەڵگا بووە. چۆن شەڕ و مێژووی شەڕ بناخە و سەرچاوەی تایبەتی هەیە کە لەسەر قازانجی زیاتر و دەسەڵات گەشە دەکات. واتا بناخەی سەرهەڵدانی شەڕ مەنگەنەی دەسەڵات ـ قازانجە. ئەو کات لەکۆمەڵگای سرووشتیدا پێکدادان نە لەسەر بنەمای قازانج- دەسەڵات بووە. کاتێک قەبیلەیەک، کۆمۆنێک و خێڵێک دەسەڵاتی خۆی بە سەر کۆمۆن و قەبیلەیەکی تر بسەپێنێت، نە لەسەر داگیرکردنی جۆگرافیا و ناسنامەی یەکدی بووە. بەڵکوو پێکدادان لەسەر بنەمای پێویستی ژیانی کۆمەڵگاکان ڕوویداوە. ئەو پێکدادانە ترووسکەی بەردەوامی ژیانی مرۆڤایەتی بوون. دوای ئەوەی کۆمەڵگای سرووشتی لەرەوتی دیمۆکراتیکیدا بەلاڕێدا دەبرێت و لەقاڵبی کۆمەڵگای هیرارشیک گەشەی پێدەدرێت، سەرجەم نرخ و بەها و پیرۆزیەکانی گەل و کۆمەڵگا لەبار دەبردرێن.

لەقۆناخێکدا شوێنپەنجە و رەنگی ژن بە هەموو شتێکەوە دیارە، ژن خودای سەردەمی نیۆلۆتیک لەقەڵەم دراوە. چون هەر شتێک لەلایەن ژنەوە داهێنراوەو لەدەوروبەری ژن کۆمەڵگابوون ئاوا بووەو شۆڕشی زمان و شۆڕشی کشت و کاڵ و پیشەسازی پێشکەوتووە. لەکۆمەڵگای سرووشتیدا ژن فریشتە و ئیلاهەی سەر زەوی بووە. چون ئەمڕۆ ئەمریکا لەجیهانی سەرمایەداریدا خۆی کردوەتە خودای سەر زەوی، لەقۆناخی کۆن و نیۆلۆتیکیشدا ژن و پرۆتۆتیپی کورد خاوەن هەمان رۆڵ بوون. لەسەرجەم شۆڕشەکان و داهێنانەکاندا بەرهەمی نوێ لەلایەن کوردەوە ئافرێنراوەو لەنێو کوردیشدا ژن خودای سەرجەم ئەو شتانە بووە.

بۆ ئەوەی تیشک دەخەمە سەر ئەو تەوەرانە، تا ئەو زهنییەتەی کە لەکۆمەڵگای پیاوسالاری و پیرسالاری ئەمڕۆدا چەکەرەی کێشاوە، تێکبشکێنرێن. تێگەیشتن لەو بابەتە گرنگە کە پیشەسازی و تەکنیک و سەرجەم داهێنانەکانی مرۆڤایەتی نە سامانی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستە، بەڵکوو سامانی ئەو کۆمەڵگایە کە خوداوەندەکانی تێدا شاردراوەو چەوسێنراونەتەوە.

کاتێک ژن سەرجەم ئەو بەرهەمانەی بە هۆنەری بەڕێوەبەری و رەنج خۆڵقاندووە، پیاویش بەدوای کولتووری نێچیرڤانیەوە سەرگەردان بووە. پیشەی نێچیرڤانی لەپیاودا

کاراکتەری پیلان باز، دەغەڵباز، فێڵبازی و تەڵەکەی رواندووە. پیاوێک تا نێچیری خۆی بکات، پێویستە رێبازەکانی فرت و فێڵ بە کار ببات، واتا کاری داولێدەری بکات و بۆسە بنێتەوە. بۆ گەیشتن بە ئامانجی نێچیرکردنەکەی هەر رێ و رێبازێکی تاقی کردوەتەوە. ئەوە بە درێژایی مێژوو کاراکتەری پیلانگێڕی، کەتن گێڕی، خافڵاندن، سەختەچێتی و فێڵبازی لەپیاودا ساز کردووە. کاتێک نێچیرڤان گەڕانەوەی بۆ کۆمەڵگا درووست دەبێت و شاهیدی ئەوە دەبێت کە ژن کۆمەڵگا و گوندی بۆنیاد ناوەو پێشکەوتنی مەزنی لەدەورووبەری خۆ درووست کردووە. لەپیاودا تەماحی ئەوە درووست دەکات، تا بەرهەمی دەورووبەری ژن بدزێ و بەزەوت کردنی بیکاتە مۆڵکی خۆی. پیاو لەژێر چەمکی هێز و دەسەڵات دەرفەت بۆ لەباربردن و زەوت کردنی داهێنانەکانی ژن خۆش دەکات. بە بەکارهێنانی دەستەواژەی ئەوەی کە ژن هێز و توانای نییە، خاوەنداریێتی لەسەرجەم دەستکەوت، داهێنان و بەرهەمەکانی بکات. پیاو لەژێر دەمامکی دەسەڵات، سەرجەم دەستکەوتەکانی ژن کۆنترۆڵ و زەوت دەکات.

هەمان رەوتی مێژوو ئەمرۆ جارێکی تر لەسەر گەلی کورد دووپات دەکرێتەوە. لەکاتێکدا کورد لەپێشکەوتنی رەوڕەوی مرۆڤایەتی خاوەن رۆڵی بەرچاو بووە و لەگەشەدانی کۆمەڵگا خوڵقکار و بەکاریگەر بووە. دەوڵەتە هەژمۆن گەراکان گەلی کورد بە گەلێکی نەزان، پێخاوس و تیرۆریست لەقەڵەم دەدەن و خاک و نیشتمانیان داگیر دەکەن. هەر بستێکی خاکی کوردستان سەیر بکەین، لێوانلێوە لەئاسەواری کۆن و مێژوویی کە فەلسەفەی ژیانی ئازادی تێدا شاردراوەتەوە. بازنەی شەڕی تایبەت لەژێر پەردەی ئەوەی کە تەکنۆلۆژیا هی سیستەمی کاپیتالیزمە، دەستکەوت و داهێنانەکانیان لێ زەوت دەکەن. لەسەر ناوی زانست و پارە هێزی مرۆیی لەکوردستان خاڵی دەکەن و هەناردەی سیستەمی هێزە دەرەکیەکانیان دەکەن، تا بە ئەوینەوە خزمەتی بکوژانی خۆیان بکەن. لۆژیکی وا لەناو تاک و کۆمەڵگا بڵاو دەکەن کە زانست و تەکنۆلۆژی عایدی ئەم خاک و نیشتمانە نییە و گەلانی دانیشتووی سەر ئەم جۆگرافیاش پێشکەوتوو نیین. لەکاتێکدا هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد وەکوو؛ هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و یەکینەکانی پاراستنی ژن (یەپەژە) لە ئاستێکی بەرزدا کار لەسەر درووست کردنی تەکنۆلۆژی نوێ شەڕ دەکەن و لەسەر رێباز و تاکتیکی شەڕی ئاوی و ئاسمانی لەهەوڵدانێکی بێ وچان دان و بەو دەرفەت و ئیمکاناتەی خوڵقاندوویانە لەشەڕی جیهانی سێهەمدا مێژووی نوێ یان تۆمار کردووە. شۆڕشی رۆژئاوا سەلماندی کە نە تەنیا گەلی کورد خاوەن هێزو توانای بێ کۆتایە، بەڵکوو پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیاش لەجیهاندا سەرچاوەی خۆی لەمێژووی پڕشنگداری کوردستان گرتووە.

سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەسەر ناوی دەسەڵات — زانست ڕەوایەت بە داگیرکەری خۆی دەدات. هاوشێوەی ئەوەش لەسەردەمی کۆمەڵگای پلەداریدا پیاو لەژێر ناوی دەسەڵات — ئەزموون ڕەوایەت بە سەرکۆت و داگیرکاری داوە. لێرەدا دەسەڵات بریتیە لەسێیانەی؛ پیاوی بەهێز، پیاوی بە توانا و پیاوی فێڵباز. یان بەشێوەیەکی دیکە بریتیە لە؛ پیاوی فێڵباز و بەهێز+ پیاوی بە تەمەن و خاوەن ئەزموون، کە دەیانەوێت دەسەڵاتیان بە سەر هەر قۆژبنێکی کۆمەڵگا بسەپێنن. پیاوی بە تەمەن یان خاوەن ئەزموون+ شامان یان کاهین.

ئەو سێ خاڵە بنچینەی ئاوابوونی دەسەڵاتیان لەناو کۆمەڵگادا داڕشتووە. چون لەسەرەتای لادانی مێژووی سرووشتی کۆمەڵگا پیاو نەهاتووە بە جەستە ژن بکوژێت و دەستکەوتەکانی زەوت بکات. بەڵکوو بەو تاکتیک و ڕێبازانەی کە پیاو بە کاری دەبات و ئەو تیۆری و زهنییەتەی ئاوا دەکات، قەناعەتێک لەلای ژن دروست دەکا تا دەستکەوت و بەرهەمەکانی بە ئەوینەوە رادەستی پیاوی بەهێز بکات. پیاو بە داڕشتنی ئەو نەخشەو و پیلانەوە دەستکەوتی زێڕینی دەستی ژن بەرەو لادان و چەپاو دەکات. ئەو سەردێرە نیشانی دەدات کە بنەمای دەرکەوتنی شەڕی تایبەت بۆ قۆناخی سەرهەڵدانی زهنییەتی دەسەڵاتداری لەپیاودا دەگەڕێتەوە. گەشەدانی زهنییەتی دەسەڵاتداری لەکاراکتەری پیاودا لەکاتێک پێشدەکەوێت کە تۆخمی شەڕی تایبەت دەنێژرێت، ئەوش نە بەو شێوەی ئەمڕۆ بەرفراوان بووە. لەرەوڕەوی مێژوودا دەسەڵات چەندێک مەزن دەبێت، ئەوەندە ئامووری شەڕ پێشدەکەون. دەسەڵات چەندێک گەشە بکات، ئەوەندە بەرهەمی زێدە (مازاد بر مصرف) قۆرخ دەکات. لە بەرهەمی زێدە بە پێ پێویستی دەسەڵات، لەبەرهەمی زەوت کراو مەسرەف دەبێت و ئەوەی کە زێدە دەمێنێ لەئەمبار کۆگا دەکرێت کە ئەوەش قۆرخکاری لەکۆمەڵگا دروست دەکات. دواتر وشکە ساڵیی و برسێتی لەنێو کۆمەڵگا پەرەی پێدەدرێت و کاتێک کارەساتی سرووشتیش وەک لافاو و بوومەلەرزە ڕوودەدات، دەرفەت بۆ جێبەجێ کردنی پیلانی خاوەن کۆگاکان خۆش دەبێت. لەو کاتەدا کۆمەڵگا چاولەدەستی چ دەبەن؟ موحتاجی ئەو ئەمبارەی دەبن کە بەرهەمەکانی تێدا کۆکراوەتەوە.

ئەو ئەمبار لەدەستی کێدایە؟ دیارە لەدەستی دەسەڵاتە. لێرە دەسەڵات کێیە؟ دەسەڵات پیاوە- کاهینە. پیاوی بەهێز و فێڵباز بۆ پاراستنی ئەمبارەکەی بە ڕێگای هێزی سەربازییەوە ڕەنجی ژن و زەحمەتکێشان هەڵدەلوشێت. پیاو لەژێر ناوی پاراستنی ئەمبار، پشتوانە و هێزی بەردەستی ژن دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو سۆپای پاراستن بۆ قۆرخ کردنی بەرهەمی دەستی ژن و قۆرخکردنی دادەمەزرێنێت. واتا بنگەهی شەڕی تایبەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناخەی کە دەسەڵات ڕەنجی دەستی ژن و هەژارانی کۆمەڵگا بە یاسایی زەوت دەکات.

## بنەمای تیۆری شەڕ و شەڕی تایبەت کە لەلایەن دەوڵەتەوە پەیڕەو کراوە

١ ـ بەرهەمی زێدە ـ بەها
٢ ـ ئاموورەکانی ئایدیۆلۆژی
٣ ـ ئاموورى توندوتیژی
٤ ـ هۆنەری بەڕێوەبەری

## بەرهەمی زێدە – بەها

دەوڵەت لەنێو کۆمەڵگادا لەسەر ئەو خاڵانە بناخە و بنگەی شەڕ دادەڕێژێت و بە ئاوابوونی دەوڵەت شەڕی جەستەیی و تەن بە تەن پێشدەکەوێت. مرۆڤ بۆ دابینکردنی پێداویستی ژیانی و بەردەوام بوونی هەبوونی، سێیانەی؛ بەخێوکردن، زێدەبوون و پاراستن بە بنەما دەگرێت. ئەو مرۆڤەی کە رەنجی دەستی بە سەردا گیرابێت، بۆ پاراستنی رەنج و پیرۆزیەکانی خۆڕاگری کردووە و لەگەڵ لایەنی هێرشکار شەڕ هاتووەتە ئاراوە. ئاوڕێک بە مێژووی تێکوشانی کورد بدەین کە هەمیشە لەناو رەنج و تەقالادایە، بەڵام دەبینرێت بە پێ هەوڵ و خزمەتەکەی مافی پێ رەوا نابینرێت. سەیری پێکهاتەی کرێکار و مامۆستاش بکەین، سەرەڕای ئەوەندە خزمەتی دەسەڵات و دەوڵەت دەکات، بەخشینی حەقدەستیان پێ رەوا نابینرێت. سەرچاوەی ئەو نادادپەروەی و زاڵمایەتییە، دەسەڵاتە. دەسەڵات لەسەر ناوی ئەو خاڵانە دەیهەوێت کۆمەڵگا چاولەدەستی خۆی بکات تا لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت دەرنەچێت. بە رێگای تۆڕەکانی دەسەڵاتەوە ئەو چەمک و زانستە لەناو کۆمەڵگا دەپاشێنێت کە بە بێ دەوڵەت ژیان نابێت و ناتوانن بژین. ئەو درووشمە زهنییەتێکی چەقبەستوو و سەرگەردان لەکەسایەتی مرۆڤدا درووست دەکات.

لەزوورەوە ئامارەمان بەوە دا کە لەکۆمەڵگای سرووشتیدا، ژیان لە دەوروبەری ژن چڕۆ دەکات و درووشمی ژیان بە بێژن نابێ، هەڵدێت. بۆیە ئەمڕۆ دروشمی ژن ژیان ئازادی لەشەقامەکان دەشەکێنرێتەوە. بناخەی ئەو درووشمانە بۆ ئەو سەردەمە مێژووییە دەگەڕێتەوە. لەشوێنێکدا ژیان بەو ئاڵایەوە رازاوە و شەکاوە بێت، لەوێ ئازادی گەشاوە دەبێ. لەکۆمەڵگای سرووشتیدا، مرۆڤەکان بە بێ چەمکی دەسەڵات ژیاون و کۆمەڵگایەکی بە بێدەسەڵات یان بووە. لەو کۆمەڵگایەی کە دەسەڵات چەکەرەی دەرنەکردبێت، ئازادی لەوێ چڕۆی کردووەو ژیانێکی ئازاد بەرقەرار بووە. بەڵام دەسەڵاتدار و شامانەکان ئاراستەی ئەو کۆمەڵگایەیان گۆڕی و بە جێگەی لەسەر رەنج و پیرۆزیەکانی گەل و کۆمەڵگا دەوڵەتیان ئاوا کرد. ئەوەیان لەزهنی مرۆڤدا چەسپاند کە دەوڵەت هەر شتێک بە تاک دەبەخشێت. دەوڵەت بە چ ئامانجێک پەرستگا و زیگۆرات دادەمەزرێنێت؟ ئەو دەزگا و ناوەندانەی درێژەپێدەریانن کامانەن؟ رۆڵ و پێگەی خۆێندنگا، مزگەوت و کڵێساکانی ئەمڕۆ چییە؟ ئەو ناوەندانە زهن و ویژدانی مرۆڤەکان فەتح دەکەن. کاهین و شامانەکان بە فێڵ و تەڵەکە

مرۆڤیان دڵ تێر کرد. بەڵام ئەو سیستەم لەبەر پێشکەوتنی کۆمەڵگا وەڵامی ئەمڕۆ ناداتەوە. چۆن لەکۆمەڵگای گەلدا زانست، تەکنۆلۆژیا، ئەخلاق و ویژدان گەشەی کردووە. قەناعەتێک لەناخی کۆمەڵگادا دروست بووە، ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو سیاسەت قەبووڵ ناکات و بەرەنگاری ئەو زهنییەت دەبێتەوە، لەلایەن مۆرە و تۆڕەکانی دەسەڵات رووبەڕووی توندوتیژی، قەڵاچۆکردن و کۆمەڵکۆژی دەبێتەوە. بۆیە ئەو زهنییەت لەنێو کۆمەڵگادا چەقێنراو و باوە کە دەوڵەت خودایە و بە بێ دەوڵەت ژیان نابێت. کاتێک ئەمڕۆ ئاوڕێک لەکۆمەڵگاکان بدەین مرۆڤ چی لێ هاتووە کە ناتوانێت بە بێدەوڵەت ژیان بکات و دەڵێت بە بێدەوڵەت هەرگیز ژیان نابێت. لەکاتێکدا ئەوە بە پێچەوانەوەی گەوهەر و کاراکتەری کوردی ئازادە کە تا بە ئەمڕۆ بوون بە دەوڵەت بوونی بۆ خۆی قەبووڵ نەکردووە. سەرجەم بەرخۆدانە مێژووییەکان سەلمێنەری ئەوەن کە گەلی کورد لەبەر رئاڵیتەی کۆمەڵایەتی و جۆگرافیایی نەیویستووە لەناو قەفەسی دەوڵەتدا ئیرادەی ئازادی قەتیس بکات. کاراکتەری رەسەنی کورد، دەوڵەت بوونی قەبووڵ نەکردووە و ناکات، چۆن کوردان خاوەن ناسنامەی ئازاد و دیمۆکراتیکن. دەوڵەت لەبنەڕەتدا بە واتای فێڵ، تەڵەکە، درۆ، زاڵمایەتی، کاوڵکاری، کۆشتن و بڕینە. بەگشتی دەوڵەت بە واتای شەڕ و ئاژاوەگێڕی و قەیرانە. ئەوانەش دوور لەکاراکتەر و شیرازەی دیمۆکراتیکی کوردانە. بە ئاوابوونی دەوڵەت لەبنەڕەتدا سیستەمی شەڕ لەبەرامبەر کۆمەڵگا دادەمەزرێت و کۆمەڵگا رووبەڕووی کوشتن، تیرۆر و تۆقاندن دەبێت و کۆمەڵگایەکی کۆیلە دادەتاشن.

بە دروست بوونی دەوڵەت سەرجەم دەرفەتی ژیانی ئازاد و دیمۆکراتیک لەبار دەبرێت و کۆمەڵگا لەناو دوورگەی کۆیلەتی حەپس دەکرێت. دەوڵەت لەسەر دووانەی زێدە بەرهەم و قازانج، داگیرکاری خۆی لەسەر کۆمەڵگا رەوا کردووە. ئەو بەرهەمانەی کە لەپێویستی کۆمەڵگا زیاترن، دەبێت رادەستی پیاوی خاوەن ئەزموون و شامانەکان بکرێت. کەڵەکە کردنی رەنجی کۆمەڵگا لەناوەندێکدا، چەمکی پلەداری و چینی لێ سەوز دەبێت. کەڵەکە کردنی بەرهەمی زێدە لەژێر کۆنترۆڵی هێز و ناوەندێک هەوێنی مانەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئەمڕۆن. لەمێژوودا کەڵەکەی بەرهەمی زێدە بازاڕی دروست کردووە، بازاریش پێویستی بە پاراستن هەیە. هێزێک دادەمەزرێت بۆ پاراستنی بازار کە سەرمایەی دەوڵەت، بە ئەستۆ دەگرێت. بازاریش پێویستی بە ئاواکردنی شار هەیە. واتا بازاڕ، شار و چین کۆڵەکەی راگرتنی دەوڵەتن. دەوڵەت لەسەرجەم قۆناخە مێژووییەکاندا بە رێگای ئامووری ئایدیۆلۆژی و مانێلای سەرکوت قەناعەتی بە کۆمەڵگا هێناوە.

سەیری بازاڕە کۆنەکانی ناو شارەکان بکەین، سەرجەم بازاڕەکان لەناوەڕاستی شاردا دروست کراون و شاریش لەدەوروبەری بازاڕ گەشە دەکات. واتا لەدەستپێک بازاڕ دەسکەوتی دەسەڵاتە، نە هی کۆمەڵگا. دەوڵەت بۆ پاراستنی بازاڕ- سەرمایە شار ئاوا

دەکات. نموونەی ئەمڕۆ دەوڵەتەکان بۆ قازانجی زیاتر، شاری زەبەلاح ئاوا دەکەن. لەمێژووی کۆندا سەرجەم ئەو قەڵایانەی کە درووست کراون و هەر شارێک بە قەڵایەک داپۆشراوە، ئەو قەڵایانە وەک قەڵغانی پاراستنی بازاڕ لەبەرامبەر هێرشی دەرەکی ئاوا کراون. قەڵاکان لەژێر کۆنترۆڵی تۆڕەکانی دەسەڵاتدا بوون تا بەرهەمی زێدەی دەوڵەت پارێزراو بێت.

## ئاموری ئایدیۆلۆژی

ئامانجی سەرەکی دەوڵەت ئەوەیە کە ڕەنجی دزراوی گەل و کۆمەڵگا لەژێر چەپۆکی خۆیدا بپارێزێت. چون دەوڵەت ئەو بەرهەم و نرخانە نە بە ڕەنج و زەحمەتی خۆی دەستەبەری کردووە، بەڵکوو بەڕێگای فریودان، دزی و سەرکوتکاری قۆرخی کردووە. ئەوەی کە ئەمڕۆ زۆرترین ڕەنج و تەقالا دەدات؛ جووتیار، کرێکار و ژنە، بەڵام ئەو چینەی کە زیاترین سوود لەڕەنجی جووتیار، کرێکار و ژن وەردەگرێت، پیاو- دەڵاڵە. دەڵاڵ ڕەنج و عارەقەی فەلا و جووتیار دەکڕێت و دەیفرۆشێت، لەکاتێکدا هیچ زەحمەتییەک ناکێشێت. واتا پیاوی بەهێز و فێڵباز لەسەرەتای مێژووی داگیرکاری بە هەمان شێوە کۆمەڵگایان چەوساندووە. پیاوی بەهێز و فێڵباز بەو ڕەنگە ڕەنجی دەستی ژن زەوت دەکات و لەبازاڕدا وەک سەرمایەی خۆی بە نمایشی دەداو سەرنجی کۆمەڵگا بۆ خۆی ڕادەکێشێت و قەناعەتێک لەکۆمەڵگا درووست دەکات کە کۆمەڵگا ناتوانێت بەرهەم و ڕەنجی خۆی بپارێزێت. دەوڵەت ڕەوایەتی داگیرکاری خۆی بە ڕێگای ئاموری ئایدیۆلۆژی دەستەبەر دەکات. بە ڕێگای ئاموری ئایدئۆلۆژییەوە قەناعەتێک لەکۆمەڵگا درووست دەکات کە بەرهەم و رنجی کۆمەڵگا عایدی دەسەڵات و دەوڵەتە.

خودایەک کە لەمێژووی کۆندا لەسەر زەوی بوو بە درێژایی مێژوو دەچێتە ئاسمان و ئیدی کەس خودا نابینێت. لەزۆربەی کۆمەڵگا دێرینەکاندا ئەو کەس و شتانەی خاوەن بەرهەم و داهێنان بوون لەناو کۆمەڵگا پیرۆز دەبینرێن. بەڵام دەسەڵات — دەوڵەت پیرۆزیەکانی کۆمەڵگا بە ئاموری ئایدیۆلۆژی دەبەنە ئاسمان. لەبنەڕەتدا دەوڵەت بە پیرۆز کردنی پێگەی خۆی لەکۆمەڵگادا دەچێتە ئاسمان. ئەو کات دەبێت هەر کەس خزمەتی دەوڵەت بکات. واتا بەندەو خودا دێنە گۆڕێ و بەندەش دەبێت خزمەتی خودا بکات. دەوڵەتە داگیرکارەکان دەیانەوێت بە ڕێگای ئاموری ئیسلامی سیاسییەوە، کوردستان فەتح بکەن. لەژێر پەردەی ئاییندا گەلی کورد ڕووبەڕووی گەلێک قەراچۆ و کۆمەڵکوژی بوونەو بە پێچەوانەوە بکوژان و بکەرانی ئەو کردەوە چەپەڵانە لەلایەن بەشێکی زۆر لەکۆمەڵگاوە پەرستش دەکرێت.

سەیری زۆربەی شاخەکانی کوردستان بکەین، گەلێک زیارەتگای تێدایە کە لەکۆمەڵگادا پیرۆز کراون. لەکاتێکدا بەشێکی زۆری ئەو مەزارگایانە بکوژان و خوێنمژانی کوردی تێدا نێژراوە کە یان سەرباز و فەرماندەی عەرەب، عوسمانی و سەفەوی و پاشماوەی ئەو

زیهنیەتەن. لەبەر ئەوەی داگیرکەران مێژووی وڵاتیان بە دەستی خۆیان نووسیوە، داگیرکەرانیان کردوەتە رزگارکەری کورد و شۆڕشگێڕانیشیان کردوەتە تیرۆریست کە تەنانەت مەزارگاییشیان ون کراوە. ئەمڕۆ تاکی کورد لەبەر شارەزانەبوونی مێژوو و ناسنامەی گەلەکەی، رۆژانە لەبەردەم بکوژان و داگیرکەرانی کوردستان کڕنۆش دەبات و لەکۆمەڵگادا پیرۆزیان دەکەن. سەرەڕای ئەوە کوردان لەلایەن داگیرکەرانەوە تیرۆریزە دەکرێت و پێشەنگی کوردان لەکوردستان تیرۆریزە و دەکرێنە ئامانج و رێ نادەن کە پیرۆزیەکانی کۆمەڵگاکەیان بپارێزرێن.

لەئەمڕۆدا لەنێو کۆمەڵگای دەوڵەتیدا شتێک بە ناوی سامان و سەرمایەی ژن رەنگی نەماوە کە پیرۆزی بکات و گەل سۆژدەی بۆ ببات. دەوڵەت بە ئامووری ئایدیۆلۆژی ئەوەندە پڕۆپاگاندەی رەشی دژ بە ژنان کردووە کە لەناو کۆمەڵگادا سووک و بچووک کراوە. ئێستا مرۆڤ بیهەوێت رەنج و بەرهەمی ژن پیرۆز بکات، لەناو کۆمەڵگا روبەڕووی ناڕەزایەتی دەبێت و بە دەستەواژەی (شێت بووە) رووبەڕوو دەبێت و بۆ مەحکوم کردنی بەرچەسپی زۆری لەسەر دەدەن.

## ئامووری توند و تیژی

دەوڵەت و تۆڕەکانی دەسەڵات دوابەدوای ئەوەی بە رێگای ئامووری ئایدیۆلۆژی هێزی قانع کردنی کۆمەڵگای نەبێت، ئامووری تری وەک توندوتیژی کارا دەکات. لەهەر کۆمەڵگایەکدا پێکهاتەیەک دژ بە سیاسەتەکانی رژێم ناڕازین و لەبەرامبەر زوڵم و زۆرداری وەستاونەتەوە. یەکەمین ئیمپراتۆری مێژوو سارگۆن دەرکەوتووە. دواتر گەلێک ئیمپراتۆری تری وەک؛ سۆمەر، بابیل، رۆم، عۆسمانی، سەفەوی و ... هتد سەریان هەڵداوە. سپارتاکۆس یەکەمین کەسە کە لەبەرامبەر سیستەمی کۆیلەداری رۆم رادەپەڕێت. دەسەڵاتداران لەمێژوو تا بە ئەمڕۆ ویستوویانە لەکۆمەڵگادا کۆیلەداری بە سیستەم بکەن. بۆ بەسیستەم کردنی ئەوەش بە رێگای ئامووری ئایدیۆلۆژی، قەناعەتیان بە بەشێک لەکۆمەڵگا هێناوەو بەشی زۆری کۆمەڵگا ملکەچی ئەو سیاسەت نەبووەو بەرگەی ئەو سیستەمەی نەگرتووە، بۆیە سەرهەڵدان و راپەڕین درووست دەبێت و بۆ سەرکوت و چەوساندنەوەی ئەو گەلەش ئامووری توندوتیژی بەکار براون. ئەو کەسانەی کە هاوکار و پشتیوانی ئەو گرووپ و کەسە یاخی و ناڕازیانە بدەن، دەستگیر یان دەکوژرێن و لەناو دەبرێن و ماڵ و مۆڵکیان وەک غەنیمەتی شەڕ دەستی بەسەردا دەگیردرێت و منداڵیان دەکوژن. بەکارهێنانی ئامووری توندوتیژی دژ بە کۆمەڵگا بۆ ئەوەیە کە کەس جسارەت نەکات لەبەرامبەر ئیمپراتۆری و دەسەڵات بەرخودان و راپەڕێت.

لەفیلمی ١٤ی تەمووز راشکاوانە نیشان دەدرێت کە دەوڵەت هێزە. کێ دەتوانێت لەبەرامبەر دەوڵەت رابوەستێت؟ ئەو لۆژیکە دەسەپێنرێت کە خودا هێزە، چۆن لەبەرامبەر

خودا رادەوەستێ؟ خودا ئەمڕۆش دەوڵەتە، ئەو کات بەرەنگاربوون لەگەڵ دەوڵەت مەحاڵە. دەمامکی دەوڵەت لەلایەن رێبەر ئاپۆ داماڵرا و ئیدی هەر کەس دەزانێت دەوڵەت چییە. واتا دەوڵەت رووت و قووت کرا و سەرجەم ئامووری شەڕ و یان شەڕی تایبەتی داگیرکەر پوچەڵ کرا و پەردەی لەسەر لادرا. بۆ ئەوەیە دەسەڵاتداران بە هەموو هێزیانەوە تۆڵەی خۆیان لەرێبەر ئاپۆ و گەلی کورد دەستێنن و رێبەر ئاپۆ لەدوورگەی ئیمراڵی لەخاچ دەدەن و گەلی کوردیش لەرۆژئاوا لەئاگری فاشیزمدا دەسووتێنن.

## هۆنەری بەڕێوەبەری

دەوڵەت — نەتەوە قەسابخانەی مێژووە. ئەوەندە لەمێژوو خوێن چۆڕاوە کە زهن و ویژدانی مرۆڤ توانای هەزم کردنی نییە. دەوڵەت – نەتەوە لۆیاتان و ئۆختاپووسی هاوچەرخە کە رۆژانە کۆمەڵگا لەناو زەلکاوی دەسەڵاتدا دەخنکێنێت. دەوڵەت بە رێبازەکانی خۆیەوە توانیویەتی بە مەکینەی درۆ، راستی لەناو کۆمەڵگادا زەمینکێش بکات. گرێدان بوونی کۆمەڵگا، متمانەو باوەڕی بەهێز بەرامبەر دەوڵەت درووست بێت.

زۆر کەس لافی ئەوە لێدەدات کە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) دەوڵەتی ناوێت، واتا تەڤگەرێکی شێتەو دیار نییە لەپێناو چ تێدەکۆشێت؟ ئەگەر سەردەمی دادگایی کردنی رێبەر ئاپۆ لەساڵی ١٩٩٩ی زایینی بە بیر بێنین، رێبەر ئاپۆ دەڵێت: «ئێمە واز لەپاردایمی کۆنی خۆمان دێنین و کار لەسەر پارادایمی نوێ (کۆمەڵگای دیمۆکراتیک، ژینگەپارێز و ئازادی ژن) دەکەین و دەوڵەتمان ناوێت». دوابەداوی ئەو وتانە هێرشێکی بەرین کرایە سەر رێبەر ئاپۆ و وتەوت بڵاو کرایەوە کە رێبەر ئاپۆ ملشۆڕی داگیرکەران بووەو دەستی لەکوردایەتی و دەوڵەت بوون بەرداوە. بەشێکی زۆر لەکۆمەڵگا کە کەوتوونەتە نا داوی بازنەی شەڕی تایبەت هەمان شت ئەمڕۆ بۆ تەڤگەری ئاپۆیی دووپات دەکەنەوە. چۆن دەوڵەت بوون لەلای ئەو کەسایەتە لاواز و تێکشکاوانە، بە واتای پێشکەوتن و گەورە بوونە. کێ حاشا لەدەوڵەت بوون بکات، سووکایەتی پێدەکرێت. سایکۆلۆژی و کەسایەتی کوردیان بەپێ ئەو چەمکە تاشیوە. بۆیە تێکۆشانی تەڤگەری ئاپۆیی گۆڕینی ئەو زهنییەت و سایکۆلۆژیە. دەوڵەت بە پەنگ و فریو بووەتە جێگری هەوا، هەناسە و ئیرادەی مرۆڤ لەکۆمەڵگادا و زهنییەت و ویژدانی تاکی داگیرکردووە. بەڵام لەراستیدا سەیر بکەین شتێکی وا بنجوبناوانی نییە. دەوڵەت بە ئامووری سەرکوت کاری و شەڕی تایبەتی بووەتە دەوڵەت. دەوڵەت لەسەر مێژووی بێگەردی مرۆڤایەتی، مێژوویەکی خوێناوی راخستووە. کاولکاری، کۆمەڵکوژی و قڕکردنی ئەنجام داوەو تا ئەمڕۆش بەردەوامە. دەوڵەت سەرجەم ئەو کردەوە

قیزەونانەی بە ڕێگای هۆنەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا گەیاندووەتە ئەنجام. دەوڵەت لەکۆمەڵگا هێزە. هێزیش پارەیە. ئەمڕۆ پارە لەدەست کێ دابێت، ئەو هێزە. کۆمەڵگایان بە پێ ئەوە داتاشیوە. درووشمێک کە ناپلێئۆن بەرزی کردبووە؛ پارە، پارەو پارە لەسەر هەمان زهنییەتە. هەر شتێک بە پارەوە دەبەستنەوە. ئیمپریالیزمیش ئەمڕۆ هەموو شتێکی بە پارەوە گرێداوە. واتا لەکۆمەڵگای ئەمڕۆدا خودا، پارەیە. ئەوەش گرێدراوی هێزە. ئەوە هەوێنێکە کە فرمۆڵی شەڕی تایبەتی گرساندووە و ئەمڕۆش بە پشت بەستن بە تەمەن و ئەزموون بەردەوامە. زانست ئامووڕێکی تری هێزە کە دەوڵەت قۆرخی کردووە. زانست بووەتە ئەزموون کە سەرجەم ئەزموونی مێژووی تێدا کەڵەکە کراوە. بە پارچە کردنی زانست و گەشەدانی زانستی پۆزتیڤیستی، دەسەڵاتی خۆی لەسەر جیهان دروست کردووە. دەوڵەت، پارە و زانستی لەکۆنترۆڵ دایە. بۆ حاکمییەتی سەر کۆمەڵگا، زانکۆ، کارگەو بە هەزاران ناوەند و دەزگای تری درووست کردووە. ئەوەش بە هونەری بەڕێوەبەری کە لەسەر کۆمەڵگا بەڕێوەی دەبات، قەناعەتێک لەنێو کۆمەڵگا درووست دەکات کە بە لەناوچوونی دەوڵەت ژیان و بوونی کۆمەڵگاش لەناو دەچێت کە ئەوەش درۆیەکی شاخدارە.

## شەڕی تایبەت لەپەراوێزی مێژوودا

بە پێ پێناسە، ئامانج و مێژووی دەرکەوتنی فرموڵی شەڕ و شەڕی تایبەت کە تیشکم خستەسەر، دیو و ڕەهەندەکانی درێژەپێدانی هەمان سیاسەت تا بە ئەمڕۆ دادەڕێژم. لەم بەشە بە دواوە بەرفراوانی و سێیانەی پتەوکردنی بازنەی شەڕی تایبەت کە چۆن بووەتە دەزگا و لەتاکتیکەوە بووەتە سیستەمی شەڕی تایبەت ڕاڤە دەکەم. شەڕی تایبەت هەوەڵ لەزهنییەتی تاکدا سەرهەڵدەدات و دواتر لەچوارچێوەی بازاڕ، شار و دەوڵەت خۆی بە سیستەم دەکات.

## شەڕی تایبەت وەکوو دیاردە لەمێژوودا لەسێ بەش پێکدێت

١ ـ تەڤگەری شەڕی تایبەت لەمێژوودا
٢ ـ ئیستراتیژی شەڕی تایبەت
٣ ـ سەر لەنوێ ئاوابوونی سیستەم لەسەر بنەمای شەڕی تایبەت

تێگەیشتن لەناوەڕۆکی ئەم سێ بەشە گرنگە. وەک ئەو فرموڵەی کە باسمان کرد دەسەلات ـ دەوڵەت، فەتح کردنی کۆمەڵگای کردوەتە ئامانج. بۆ سەرکەوتن و هەتاهەتایی پیلانەکەیان پێویستی یان بە ئاواکردنی تەڤگەری شەڕی تایبەت هەبووە. لەپێناو ئەو تیۆری و ئایدیۆلۆژیای کە پێشیان خستووە، تەڤگەری شەڕی تایبەتی بۆ دادەمەزرێنن.

## تەڤگەری شەڕی تایبەت لەسەر پێنج ڕەهەند خۆی بە ڕێکخستن کردووە

١ ـ میتۆلۆژی
٢ ـ فەلسەفە
٣ ـ ئایین
٤ ـ زانست و تەکنۆلۆژیا
٥ ـ یاسا

تەڤگەری شەڕی تایبەت و تەنانەت دەوڵەتانێک کە لەسەر دەسەلاتن، فەتح کردنی تاک و کۆمەڵگایان کردوەتە ئامانج. بۆ فەتح کردنی ئەو کۆمەڵگایانە تەڤگەر و تۆڕەکانی لەژێر ناوی میتۆلۆژی، ئایین، فەلسەفە، زانست و یاسا دادەمەزرێنن. لەکۆمەڵگادا یاساش پیرۆز دەکەن و هەر وتار و کردارێک کە لەدەرەوەی یاسای سەپێنراو بێت بە تۆندترین سزا دایدەپڵۆسێنن.

تەڤگەری شەڕی تایبەت، میتۆدی میتۆلۆژی بە شێوازێکی زۆر هەستیار خستوەتە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی خۆی. پێگەی ژن لەناو مەکینەی میتۆلۆژیدا دەهاڕێت. فۆرمی

ساختە و نارەسەنی بەرهەمی مێژووی ڕەسەنی مرۆڤایەتی بۆ حاکمییەت و پەردەپۆش کردنی حەقیقەتی خۆی درووست کردووە. بۆ بێ نرخ کردنی کووتاڵ و مەتایەکی ئەسڵ، مۆدێرنیتەی کاپیتالیست لەپێناو قازانج — سەرمایە، بە چۆنیەتی کەمەوە بەدەلەکەی دەخاتە بازاڕ.

هەر کۆمەڵگایەک خاوەن میتۆلۆژی راستەقینەی خۆیەتی. دەوڵەت بە خەملاندنی میتۆلۆژی دەوڵەتی، میتۆلۆژی گەل و کۆمەڵگای بەلاڕێدا بردووە. لەمیتۆلۆژی دەوڵەت و بازنەی شەڕی تایبەتدا، ژن لەپەراسووی پیاو خوڵقاوە. بەو میتۆلۆژی دەستکردەو چەواشەکاری مێژوویی لەچوارچێوەی تەڤگەر و میتۆدی شەڕی تایبەت، قەناعەتێک لەناو گەل و کۆمەڵگا درووست دەکات.

تۆڕەکانی دەسەلات ئایین وەک تەڤگەری شەڕی تایبەت بە کار دەبەن کە لەبنەڕەتدا چەند ئایینی تاک خودایی پێش دەخەن کە سەرجەم ئایینەکانی تر دادەقورتێنێت. لەناوبردنی ئەو ئایینانە، بە واتای لەناوبردنی نرخی کۆمەڵگا و باوەڕیەکانە. ئەگەر نرخ و باوەڕی کۆمەڵگایەک بەرەو لەناوچوون ببرێت، دەرفەتی فەتح کردنی کۆمەڵگا دابین و ئاوا دەبێت. هاوتەریبی داڕمانی کۆمەڵگا، زهنییەتی پیاوسالاری ژن دادەڕمێنێت و پیاو چۆنی دەوێت، دەیکێڵێت و چەمکی داگیرکاری تێدا دەچێنێت و بە پێ بەرژەوەندی دروێنەشی دەکات. بە ڕێگای میتۆدی ئایینەوە چییان دەوێت تێدا دەچێنن. ئەمڕۆ زۆربەی دەوڵەتەکان لەسەر ناوی ئایین کردەوەی چەپەڵ و دڕندانەیان لەسەر کۆمەڵگا ڕەوا دەکەن. گوایا تاکێک شەو و ڕۆژ بە کردەوەکانی خزمەتی خودا بکات، واتا نوێژ بکا، ڕۆژوو بگرێ و کاری چاکە بکا، دەبێتە موسلمان. لەکاتێکدا هەمان تاک هیچ خزمەتی نیشتمان، دیمۆکراسی و ئازادی گەل و کۆمەڵگا نەکا، زۆر گرنگ نییە. لەو پێناوەدا لەکۆمەڵگای دەسەلات لەکوردستان بەرچاوە کە تاکێک بە رواڵەت نوێژ دەکات و نوێژکردنەکەشی بە قەلافەتی درۆ خەملاندووە.

هۆکاری ئەو دووڕوویی و پارادۆکسە؛ چەواشەکاری، درۆ و میتۆدی ژیانی تەڤگەری شەڕی تایبەتە. کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆکە بەو میتۆدە خەملێندراوە. بە پێچەوانەی کۆمەڵگای دەوڵەتی، گەریلاکان، درۆ و سەختەکارییان لێ ناوەشێتەوە، بۆیە هیوای گەلی کورد و مرۆڤایەتین. بازنەی شەڕی تایبەت دەیەوێت بەدەلی گەریلا لەناو کۆمەڵگا دروست بکات، تا پیسایی و چەپەڵیەکانی پێ پەردەپۆش بکات. لەلایەکەوە دەوڵەت — دەسەلات بە درێژایی مێژوو نکۆڵی لەشووناسی کورد دەکەن و دان بە بوونی کورددا نانێن، دان بەو کوردەشدا بنێن، پێویستە خیانەتکار، ملشۆڕ و گوێڕایەڵیان بێت. خوداوەندەکانی سەر زەوی لەسەر ناوی میتۆدی ئایین، کوردقڕان و ژنکوژی یان حەلال کردووە. پیاوێک مافیەتی خاوەن چوار ژن بێت و تازە بە تازە تۆڕەکانی دەسەلات لەئێران بانگەشەی فرەژنی لەنێو کۆمەڵگا دەکەن. ئەو داگیرکاری و دەستدرێژییە لەژێر فەرموودەکانی ئایین ڕەوایەت پێ

دەدەن. ئەو کردەوە جیا لەمیتۆدی فەتح کردنی زهن و ویژدان واتایەکی تری نییە. ژن لەئاستی خوداوەندبوونەوە چۆن گەیشتوەتە شاژنی کاڵاکان، سەرجەم ئەوانە کێشەن کە لەچەرخی مێژوودا بە ڕێگای ئاموری ئایدیۆلۆژییەوە پەرەیان پێ دراوە.

میتۆدی فەلسەفەش کوتومت هاوشێوەی میتۆدی میتۆلۆژی بەکار دەبرێت. لەشەمەندەفەری مێژوو ئەوەندە فەیلەسووف دەرکەوتوون کە لەلایەن دەسەڵاتە یەک لەدوا یەکەکان لەئاشی دەوڵەت هاڕدراون. سۆقرات گەورە فەیلەسووفی مێژوو یەک لەو کەسانەیە کە بە هەڵکردنی گڵۆپی هۆشیاری، ڕۆچنی ژیانەوە لەناو کۆمەڵگا دەگەشێنێتەوە و ماتەوزەی سووڕانەوەی کۆمەڵگا، کە گەنجانە هۆشیار دەکات. بەڵام لەکۆمەڵگای دەوڵەتیدا چاندنی تۆڤی هۆشیاری لەخانەی تاوانەکانی بازنەی شەڕی تایبەت لەقەڵەم دراوە. بۆیە بە تاوانی ئەوەی کە مێشکی گەنجانی شۆردوەتەوە، لەناو زەلکاوی دادپەروەری تۆڕەکانی دەسەڵات دەرمانخوارد دەکرێت. سۆقرات بە وتەی مادام هۆشیاری و پەروەردە کردنی گەنجان تاوانە، ئەوا بە ئەوینەوە پێشوازی لەسزای سەپێنراو لەپێناو تاوانەکەی دەکات و چ سزایەکی بۆ ببڕدرێتەوە بە ئەوینەوە لەئامێزی دەگرێت. بۆیە بە عەشقەوە جامی ژەهر دەخواتەوەو لەپێناو پووچەڵ کردنی سیاسەتەکانی بازنەی شەڕی تایبەت و خاوەنداریێتی لەهزر و ڕامانی ئازادی گیانی دەکاتە قوربانی و ناوی لەمەڵبەندی ناودارانی جیهان شەکاوە دەمێنێت.

ئەگەر بە وردی ئاوڕێک لەسووڕانەوەی حەڵقە یەک لەدوایەکەکانی مێژوو بدەین کە سەردەمێک بە میتۆدی فەلسەفە دەچەرخێت، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ئەو حەڵقە لەئاراستەی خۆی دەردەخەن. نموونەی بەرچاو کاتێ هەندێک لە فەیلەسۆفەکان دەڵێن ژیان لەگەل ژن حەرامە، ڕەوایەت بەخشین بە کۆمەڵگای پیاوسالارییە. هەمان لۆژیک بە فۆڕمێکی تر لەپێناو پارچەکردنی کۆمەڵگا پەیڕەو دەکرێت. بڵاوکردنەوەی بانگەشەی ئەوەی کە کورد لەکۆمەڵگای دیمۆکراتیکدا ناتوانێت لەگەڵ گەلانی عەرەب، فارس، بەلووچ، ئازەری و ... هتد بژی، بە ڕێگای میتۆدی ئایین و فەلسەفەوە، ڕەوایەت بە سیاسەتی پارچەکردنی گەلان دەدەن.

هاوتەریبی ئەو داگیرکارییە، ڕژێمی ئێران بەو دەمامکانەوە کۆمەڵگای کوردی و سەرجەم کۆمەڵگاکانی تری فەتح کردووە. فەتح کردنی مرۆڤ کارێکی زۆر ئاسان نییە، چون گۆڕینی مرۆڤ لەشکاندنی ئەتۆم دژوارترە. سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتە یەک لەدوا یەکەکان، بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا لەپێناو بەرژەوەندیەکانیان لەهیچ کردارێکی قیزەون خۆیان نە پاراستووە. زیاتر لەپێنج هەزار ساڵە دەسەڵات و دەوڵەت بۆردومانی فیکری کۆمەڵگا دەکەن و بە بەرگی دەسەڵات، کۆمەڵگایان لەناو قاڵبی کۆیلەتیدا گرساندووە.

زانستی کۆمەڵایەتی لەبەر ئەوەی دایکی سەرجەم زانستەکانە، لەگەشەدان و خەملاندنی پێشکەوتنی تاک و کۆمەڵگا خاوەن رۆڵە. بەڵام لەجیهانی سەرمایەداری و بازنەی شەڕی تایبەتدا، زانست پارچەپارچە کراوە و دەوڵەت بە پێی بەرژەوەندی خۆی پسپۆڕ بوون لەپارچەیەکی زانست پێشدەخات، تا مرۆڤەکان لەژێر دەمامکی شارەزایی، خزمەتی دەوڵەت و عەقڵییەتەکەی بکەن. دەوڵەت — دەسەڵات لەئەمڕۆدا سەرجەم ناوەندەکانی زانستیان کردوەتە هێلانەی شەڕی تایبەت. مزگەوت، کلێسا، خوێندنگا و دەزگا حکومیەکان کراونەتە ناوەندی شەڕی تایبەت کە زهنییەت و پیلانی داگیرکاری تێدا شەن دەکەن. تەڤگەری شەڕی تایبەت بە میتۆدی میتۆلۆژی گەلێک دەستەواژە و فەلسەفەی ژیانی کۆمەڵگا، بە پێ بەرژەوەندی خۆیان دادەتاشن.

هەر دەوڵەت و زنجیرە قۆناخەکانی داگیرکاری کاتێک ویستبێتیان مەراقی گەل و کۆمەڵگا لەبەرامبەر شتێک دروست بکەن، لەژێر پەردەی تاریکیدا حەشاریان داوە و بە وەحشەت و تۆقاندن پیرۆزیان کردووە. دەوڵەت بۆ خۆی دەستەواژەیەکە لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا شاراوەیە، ناوێکە کە هەرە زێدە لەسەر زاری مرۆڤەکانە. بەڵام بە گشتی واتای دەوڵەت و ناوەڕۆکەکەی لەلایەن گەل و کۆمەڵگاوە نازانرێت، بۆیە گەل و کۆمەڵگا لەبەرامبەر دەوڵەت ترسیان لێنیشتووەو ناتوانن راشکاوانە ئاڵای بەرخۆدان لەدژی بشەکێننەوە.

زۆر کەس باس دەکات کە پەکەکە لەبەرامبەر چەک و تەکنۆلۆژیای ناتۆ و هاوپەیمانانی بەرخۆدان و شەڕ دەکات. سەرچاوەی ئەو بەرخۆدان و تێکۆشانە نەبەزە، بۆ زهنییەتی دیمۆکراتیکی گەریلا و شەڕڤانانی ئاپۆیی دەگەڕێتەوە. دەوڵەت بە درووست کردنی سام و وەحشەت هەژمۆنی خۆی بە سەر گەل و کۆمەڵگا درووست کردووە. بەڵام رێبەر ئاپۆ و تەڤگەری ئاپۆیی دەمامکی دەوڵەتی داماڵی و بە شیکردنەوەی دەوڵەت، قافی سام و ترسیان لەناخی مرۆڤەکان دادڕماند. ئیدی وەک سەردەمانی رابردوو قافی ترس و لەرز لەتاکی کورددا لەبەرامبەر دەوڵەت نەماوە. دەوڵەت لەلای تاکێکی ئازادیخوازی کورد وەک باڵۆنێکی لێهاتووە کە تەنیا خۆی لەسەر رەنجی کۆمەڵگا بە دزی، فرت و فێڵ خەملاندووە. بە دامەزراندنی سیستەمی داگیرکاری لەسەر رەنج و دەستکەوتەکانی کۆمەڵگا، خۆی گەورە کردووە. هاوکات هەندێک تەڤگەری شەڕی تایبەت لەشەمەندەفەڕی مێژوودا دروست بوون کە بۆ پاراستن و مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەڵات، سەرەڕای بە کارهێنانی ئامووری ئایدئۆلۆژی، ئامووری توندوتیژییان بە تۆندترین شێواز لەدژی سەرجەم جۆمگەکانی کۆمەڵگا بە کارهێناوە.

## سەر لەنوێ دامەزراندنی سیستەم لەسەر بنەمای شەڕی تایبەت

لەئەمڕۆدا دەوڵەتی تورکیا و ئێران سیستەمی شەڕی تایبەتن. دەوڵەتی تورکیا لەسەر بنەمای شەڕی تایبەت دامەزراوە. حکومەتی ئاکەپە و مەهەپە کۆمەڵگا قوورت و لەناو

دەبەن. دەوڵەت لەدژی سەرجەم گۆڕەپانەکان، شەڕی تایبەت بە کار دەبات. سەرەڕای ئەوە دەوڵەت تا دەڕوات لاواز دەبێت و کۆمەڵگاش بەهێز دەبێت. دەوڵەت دەیەوێت پێش لەهێزی کۆمەڵگا بگرێت. بۆیە ناوەندەکانی فریودان و تواندنەوەیان دامەزراندووە. لەسەر ئەو ناوانە رەوایەتی بە داگیرکەری خۆی دەدات.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەرابردوودا (پەکەکە) یان تۆمەتبار دەکرد کە میترێک خاکی لەدەستدا نییە. چۆن دەتوانێت کوردستان ئازاد بکات، یان بەدوای کڵاوی بابردووە کەوتووە. دەوڵەت شەڕی تایبەت لەبەرامبەر گەل و کۆمەڵگا پەیڕەو دەکات. لەکوردستان ٢٩ سەرهەڵدان، سەریانهەڵداوە. بەس سەرهەڵدانەکان لەبەر ئەوەی رووبەڕووی شەپۆلی پاکتاوکاری بوون، سەرجەمیان شکستیان خواردووە. هەر شکەستێک کۆمەڵکوژیەکی بەدوای خۆی هێناوە. شکست بووەتە چارەنووسی کوردان، کە ئەوە کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژی کۆمەڵگای کورد درووست کردووە کە (پەکەکە) ش دەرئەنجام گیرۆدەی ئاشبەتاڵ و شکست دەبێت. بۆ وێنە ناو بە ناو ئەمریکا دەنگۆی کشانەوەی لەرۆژئاوای کوردستان بڵاو دەکاتەوە کە لەنێو کۆمەڵگای کوردی نیگەرانی درووست دەکات، کە رۆژئاوا گیرۆدەی چارەنووسی کۆماری کوردستان لەمهاباد دەبێت. ئەو نیگەرانیانە لەکاتێکدایە کە خوێندنەوەیەکی راستەقینە لەسەر میتۆدی تێکۆشانی تەڤگەری ئاپۆیی ناکەن کە لەسەر چ بنجێک چەکەرەی دەرهێناوە و فەلسەفەی تێکۆشانی لەسەر چ بنەمایەکە.

رژێمە داگیرکەرەکان لەچوارچێوەی سیستەمی شەڕی تایبەت، بۆ پاراستنی سیستەم و کۆمەڵگای دەسەڵات شەڕ دەکەن. تەڤگەری ئاپۆیی بە تێکۆشانی نەبەزانەی دەیەوێت سیستەمێکی دیمۆکراتیک بۆ گەلی کورد و گەلانی ناوچەکە درووست بکات و پاراستنی کۆمەڵگای دیمۆکراتیکی کوردستان بکا. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، لەهەنگاوی یەکەمدا کۆمەڵگایان لەچنگی کورد دەرهێناوەو دواتر سیستەمی کۆمەڵگای کوردیان تێکداوە. لەقۆناخی سێهەمدا، پێشەنگ و پێشەوایان لەنێو کۆمەڵگای کوردی لەناو بردووە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە میتۆدی دڕندانەی گرتن، کوشتن و لەسێدارەدان سەرهەڵدان و ناڕەزایەتیەکانیان دامرکاندووە و هەڵوەشاندوەتەوە. لەکۆمەڵگا زهنییەتێکیان گەشە پێداوە، کە ئەوینداری بکوژی خۆ بن. خۆبەدەستەوەدان و چۆک دانان لەبەرامبەر دەسەڵات بە کولتوور کراوە.

گەلی کورد لەدژی زهنییەتی داگیرکاری، زهنییەتی دیمۆکراتیک لەزهنییەتی تاکەکان دەچەسپێنێت، کە ئیرادە و باوەڕی لەتاکەکان بەرجەستە دەکات. رێبەر ئاپۆ، رێبەری سیستەمی نەتەوەی دیمۆکراتیکە کە بۆ پووچەڵ کردنەوەو داڕمانی سیستەمی شەڕی تایبەتی دەوڵەت — نەتەوە دامەزراوە. رێبەر ئاپۆ بۆ پاراستنی گەلی کورد و گەلانی ناوچەکە لەبەرامبەر ئایدئۆلۆژی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری؛ پارادیگمای کۆمەڵگای

دیمۆکراتیک، ئێکۆلۆژیک و ئازادی ژنی دامەزراندووە. بە پێ ئەوە هەیکەلی ڕێکخستنیشی بۆ داناوە. بۆیە گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز بە هەموو هێزیانەوە، خاوەنداریێتی لەرێبەر ئاپۆ و بزاڤی ئازادیخوازی کورد دەکەن. چون کۆمەڵگا، ڕێکخستن، زانست، ئایدیۆلۆژیا، دیمۆکراسی و ئازادی لەکەسایەتی ڕێبەر ئاپۆ دەدرەوشێتەوە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەکۆمەڵگای کوردەواریدا مرۆڤەکان بە ڕێبازی مردنی بێ ئێش و ئازار، پاکتاو و کۆمەڵکوژ دەکەن. لەئەدەبیاتی یۆنانیەکاندا بە مردنی ئارام و بێ ئێش، ئۆتانازی دەگوترێت. واتا ڕێگایەکی چارەسەری، مردنی مرۆڤ بە بێ ئێش و ئازارە. لەکۆمەڵگادا مرۆڤەکان بە بێئێش و ئازار دەمرن. سەرجەم ئەو ناوەندە زانستیانەی کە لەژێر دەمامکی زانست دامەزراون، لەژێر پەردەی زانستیدا مرۆڤەکان بێ هەست دەکوژن. لێهاتوویی و ماتەوزەی مرۆڤەکان خاڵی دەکەن و ئاراستەی کولتوورێکی تری دەکەن. لەو ناوەندانەدا رۆح لەجەستەی مرۆڤەکان دادەماڵن، مردنێکی بێ ئێش و ئازارە کە هەستی پێ ناکرێت. مرۆڤ لەنێو جیهانی ماددیاتدا نۆقم دەکەن. کەسایەتییەک دەخۆڵقێنن کە بە ئەوینەوە بە پیری مردنی رۆحی و ویژدانی بڕوات. ڕێبەر ئاپۆ ئاماژە بەوە دەدات کە لەئەمڕۆدا تاکی کورد وای لێهاتووە ئەویندار بکوژی خۆیەتی.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەئێران وایان کردووە کە هاوڵاتیان ئەویندار دەسەڵات و دەوڵەت بن. سوێند بە سەر رژێم بخۆن. ئەویندار جەللادەکانی تری وەک؛ ئەمریکا، تورکیا و ئیسرائیل و ئینگلتەرا بن. فۆرمێکی ژیانی کە ئێستا لەباشووردا لەلایەن ناوەندەکانی پەروەردەی شەڕی تایبەتی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستەوە پێش دەخرێت، ئەو حەقیقەتە تاڵە پشتڕاست دەکاتەوە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی هێزە هژمۆنگەرا جیهانیەکان بە دامەزراندنی ئەو ڕێژە زۆرەی زانستگەو پەیمانگا، پێش لەپێشڕەویەکانی ئیسلامی دەسەڵات لەناوچەکە دەگرن و ئیسلامی دەسەڵاتیش بۆ ئەوەی پێش لەپێشڕەویەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بگرێت لەناو هەوڵێکی بێ وچاندایە. دوو شەڕ لەسەر کۆمەڵگا پەیڕەو دەکرێت، یەکەم؛ شەڕێک کە ئەو هێزە داگیرکەرانە لەسەر زەمینی کۆمەڵگا لەگەڵ یەک دەیکەن. دووەم؛ شەڕێکیش کە ئەو دەوڵەتانە لەدژی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ ئەنجامی دەدەن. واتا زهنییەتی دەسەڵات و قازانج باری دوو شەڕی خستووەتە سەر کۆمەڵگا.

## هەوێنی تەڤگەرەکانی شەڕی تایبەت لەپەراوێزی مێژوودا

لەمێژوودا ناو سوپای پارسەکان (سوپای نەمرەکان) هەبووە کە تایبەت ڕێکخستن کراون و بۆ سەرکەوتنی شەڕ لەناو شەڕدا جێگایان تایبەت بووە. لەناو ئیمپراتۆری عوسمانیەکانیشدا (تەشکیلاتی مەخسووسە) و (یەنی چەرییەکان) هەبوون کە تایبەت پەروەردە کراوبوون و لەناوشەڕیشدا جێگایان تایبەت بووە. هەروەها لەسەردەمی (نزام ئەلمۆلک) لەبەرامبەر (حەسەن سەباح) بە ئامانجی لەناوبردن یان بە ناوی خەشخاشی

یەکان لەدژیان دەردەکەون. هاوکات لەئیتالیا گلادیۆ و لەفەڕانساش ستێرکاسوو تەڤگەری تایبەتن. لەئەمڕۆشدا ئەرگەنەکۆن و سوپای قودس تەڤگەری تایبەتن کە لەتورکیاو ئێران و باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان مرۆڤ دەکوژن و بکەرەکەی نادیارە. هەروەها بە ئامانجی شکاندنی ئیرادەی ئازادیخوازی گەل کردەوەکانی تیرۆر، رفاندن، کوشتن ئەنجام دەدەن.

## سوپای جاویدان – سوپای نەمران

سەردەمی ئیمپراتۆری هەخامەنشی کە بە یەکەمین ئیمپراتۆری پارس لەقەڵەم دەدرێت و دوای کۆنفیدراسیۆنی ماددەکان دێنە سەر دەسەڵات، هاوکاتە لەگەڵ شەڕی یۆنانیەکان. هەر دەوڵەتێک دەیەوێت لەناو سوپای خۆیدا بۆ داپڵۆسانی کۆمەڵگا و شاردنەوەی دەمامکی دەوڵەت هێزێکی تایبەتتر درووست بکات. ئێستا لەناو تەڤگەری ئاپۆییدا تابووری نەمران هەیە، بەڵام زۆر جار فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) رایانگەیاندووە کە هێشتا بە شێوەیەکی گشتگیر ئەو هێزە بە تەواوی لەناو شەڕەکاندا بە کار نەهێنراون. چۆن بۆ قۆناخێکی هەستیار و چارەنووس ساز بە کار دەبرێت. زهنییەتی بە کار هێنانی ئەو هێزەش نە بە پێ پێناسەی هێزەکانی دەرەوەیە، چۆن ئەو هێزە تایبەتە سەر بە کۆمەڵگای سرووشتی و دیمۆکراتیکی گەلە. تابووری نەمران، پاراستنی دەستکەوتەکانی کۆمەڵگای ئازاد و دیمۆکراتیک دەکات. بەڵام ئەو هێزانەی کە سەر بە دەوڵەتن، دەوڵەت پارێزن و بەرهەمی زێدە، پەرستگا و تۆڕەکانی دەسەڵات و ناوەندەکانی ئایین، فەلسەفە و زانستی دەوڵەتی دەپارێزن.

لەناو سوپای هەخامنشیەکاندا سوپای نەمران یان سوپای جاویدان دامەزراوە. واتا تەڤگەرێکی تایبەتە کە لەمێژوودا درووست بووە. داریۆشی مەزن لەساڵی ٤٦٥ی پێش زایین ئەو تەڤگەرەی دامەزراندووە. بنەچەی سوپای پاسدارانی رژێمی داگیراکاری ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سوپایە. چۆن زۆربەی ئەو تاکتیکانەی کە سوپای نەمران پێشیان خستووە، ئەمڕۆ لەلایەن سوپای پاسدارانەوە بە کار دەبرێت.

## سوپای جاویدان دوو ئەرکی تایبەتی بە ئەستۆ بووە؛

١ ـ پاراستنی تەختی پاشای ئیمپراتۆری هەخامەنشیەکانی بەئەستۆ بووە. سەردەمی ئەمڕۆش عەلی خامنەیی خاوەن کورسی و تەختە و بە ناو پارێزەرانی شۆڕش، پاراستنی تەختی خامنەیی دەکەن. سوپای جاویدان ئەرکی پاراستنی شاه و دەوروبەریان پێ سپێردراوە. هەر هێز ناتوانێت ئەو ئەرکە بە ئەستۆ بگرێت، پێویستە هێزێک جێگای متمانە و باوەڕی بێت و پاشا بڕوای تەواوی بەو هێزە هەبێت تا بیکاتە بەرگریکاری خۆی. لەئەمڕۆشدا خامنەیی متمانەی بە سوپای پاسداران هەیە، لەبەر ئەوەی سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگایان زەوت و قۆرخ کردووە.

٢ ـ سوپای جاویدان لەزۆربەی شەڕە تایبەت و چارەنووس سازەکان بەکار هێندراون. بە تایبەت لەزۆربەی شەڕەکانی بەرامبەر یۆنانیەکان بەشدار بوون. سوپای جاویدان کاتێک پەلاماری شار و ناوچەیەک دەدەن، سەرەتا سایکۆلۆژیەکی وا لەنێو کۆمەڵگا و لایەنی دژبەر دروست دەکەن کە ئەو سوپایە هێزێکی نەمر و پۆڵایینە کە بەشداری چ شەڕێک بکەن، بە کردەوەی هۆڤ و دڕندانەیان ورەو مۆڕاڵی دژبەریان دەشکێنن و سەرکەوتن گەرەنتی دەکەن. کاتێک بڵاو دەبێتەوە کە سوپای جاویدان لەفڵان شەڕدا بەشداری دەکا، لایەنی بەرامبەر چۆکیان دەشکێ و رۆحیە، ورەو باوەڕی یان دەڕووخێت.

ئەندامانی سوپای جاویدان پێکهاتوون لەپێکهاتەی عەشیرەکانی ماد، پارس و بابلیەکان. کوردان لەمێژوودا بە بەردەوامی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، لەبواری سەربازییەوە بەکار هێنراون. لەبەر ئەوەی تەڤگەری شەڕی تایبەت ئامانج و پیلانی دەسەڵاتدارەکان جێ بەجێ بکات، بە هێزێکی خوێنمژ، تاڵانکەر و وەحشی رایان دێنن کە هەمیشە لەناو شەڕ و ئاژاوەگێڕیدا بن. تایبەتمەندی ئەندامانی سوپای جاویدان دەبێت بە هەیکەل، بەهێز، باڵابەرز و قەنج و قۆز بن.

سوپای نەمران، ژمارەیان لەدە هەزار کەس دانەبەزیوەو هەمیشە ژمارەیان پاوەجێ و راوێستاو بووە. واتا هێزێکی گیان فیدان کە لەئەگەری مردن و لەناوچوونی ئەندامێکی ئەو سوپایە، بە کەسێکی تر شوێنیان پڕ کردوەتەوە. ئەندامێکی ئەو هێزە ماوەی شەش ساڵ بە چڕوپڕی پەروەردە کراوەو بەپێی تەڤگەری شەڕی تایبەت کەسایەت و تیپی دڵخوازیان ئاوا کردووە. ئەندامێکی ئەو سوپایە رەحمی لەدڵدا دەردەهێنرێت و مرۆڤکوژ و هێرشکار بەبار دێت. دەبێت هەمیشە کوشتن، تاڵان و کاولکاری بکات و تەنانەت مرۆڤەکان بە زیندوویی بسووتێنن و نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگا وەک غەنیمەتی شەڕ بە تاڵان ببەن.

لەسەردەمی هەخامەنشیەکان سەربازێک تەنیا خاوەن شمشێر یان نەیزەیەک بووە. بەڵام ئەندامانی سوپای جاویدان خاوەن نەیزە، تیروکەمان، شمشێر و سەرجەم کەرەستەکانی شەڕ بوون. ئەندامێکی سوپای جاویدان دەستەی نەیزەکەیان بە نیشانەی سەری هەنار رازاندووە. هاوشێوەی پاشاکان کە تاجی پاشایەتی دەخەنە سەریان، لەسەر هەر نەیزەیەک نیشانەی تاج دانراوە و تایبەت بوونی ئەو هێزانە وا جیا دەکەنەوە و بەو نیشانانە یەکدی دەناسن و دەدۆزنەوە. سوپای جاویدان لەبنەڕەتدا تەڤگەرێکە کە بۆ سەرکوت کردن و داپڵۆساندنی هێزە سەرهەڵدێر و ناڕازیەکانی نێو ماددەکان، پارس و بابلیەکان بەکار براوە.

لەرۆژئاوا، باشوور، باکوور و رۆژهەڵات و تەنانەت ناو فیلمەکان دەبینین کە چۆن منداڵ و ژن بە زیندوویی لەلایەن تەڤگەرەکانی شەڕی تایبەت دەسووتێنرێن. تەڤگەری

شەڕی تایبەت لەپڕۆسەیەکی درێژخایەنی مێژوو، هێواش هێواش قوڕاڵ و پرەنسیبی شەڕ لەناو دەبەن و هەست و عەتف لەناخیاندا هەڵدەکێشن.

سەرنج بدەین ئەمریکا هێزی تایبەتی دژە تیرۆری ناسراو بە دلتا؛ ڕەوانەی عێراق، سووریا و ئەفغانستان کردووە، سەرجەمیان بە هێز و باڵابەرزن. واتا ئەوانە هێزی تایبەتن. ئەو هێزە سایکۆلۆژی و زهنییەتێکی وای لەنێو کۆمەڵگا ساز کردووە کە قارەمان و پاڵەوانی باڵۆنین. کۆمەڵگای کوردی کاتێک ئاموور و کەرەستەکانی شەڕ لەدەستی خۆی، لەگەل ئەو هێزە تایبەتانە بەراورد دەکا، هەست بە بچووکی و لاوازی لەبەرامبەر نەتەوە و نیشتمانی خۆی بکات. واتا سایکۆلۆژی بچووکی و بێ ڕێزی لەنێو کوردان تەشەنە پێ دەدەن کە خۆی و کۆمەڵگاکەی بچووک ببینێ و تەڤگەرە تایبەتەکانی بازنەی شەڕی تایبەت، گەورەو پێشکەوتووخواز لەقەڵەم بدات.

ئەندامانی ئیتلاعاتی ئێران و هێزە تایبەتەکانی ناو سوپای پاسداران بە پێ هەمان تایبەتمەندی ئەندامانی سوپای جاویدان گۆڵبژێر دەکرێن. زۆربەی ئەشکەنجەگەرانی ناو بەندیخانەکان کەسانی بە جەستە بە هێز و گەورەن. ئەندامانی سوپای پاسداران بۆ ئەوەی کۆمەڵگا و هێزە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکان چاوترسێن و بتۆقێنن، کەسایەتی خۆیان بە گەوشین، تایبەتمەندی و ڕێچکەی ئەندامانی سوپای جاویدان دەخەملێنن.

ئەندامانی ئیتلاعات و سوپای پاسداران تاکتیک و ڕێبازەکانی سوپای جاویدان بەکار دەبەن. دەرفەت بۆ تۆڕە سیخوڕەکانیان خۆش دەکەن، هاوشێوەی سەردەمی هەخامەنشیەکان لەنێو سیخوڕەکاندا ڕەمز و نیشان دادەنێن و بۆ جێ بەجێ کردنی پیلانەکانیان لەشوێنە دیارکراوەکاندا بەربڵاویان دەکەن. ئەو تۆڕە لەبنەڕەتدا تەڤگەرێکی شەڕی تایبەتە. لەناو هەر تەڤگەرێک نیشانەو خاڵێک بە ڕمز و نیشان دادەنرێت. تا ئەندامە تایبەتەکان یەکدی پەیدا بکەن و بە هاوکاری و هاوئاهەنگی پیلانە تیرۆریستیەکەیان ئەنجام بدەن. ئەم تاکتیکە تایبەت لەبەرامبەر تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکان بەکار دەهێنرێت.

لەکوردستاندا ئەمڕۆ لەلایەن تەڤگەرە تایبەتەکانی داگیرکەران هەمان تاکتیک و ڕێباز پەیڕەو دەکرێت. تەڤگەری شەڕی تایبەت لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا بە ئەمڕۆ ڕانەوەستاوەو بەردەوامە. دوا بە دوای هەخامەنشیەکان هەمان تەڤگەر لەسەردەمی ساسانیەکان سەرهەڵدەدات و هەرە دوایی لەسەردەمی پاشایەتی حەمە ڕەزا شای پەهلەوی سوپای نەمران دادەمەزرێتەوە. لەسەردەمی ڕژێمی داگیرکەری ئێران سوپای پاسداران، سوپای قۆدس، یەگان سابرین، یەکەی زۆلفەقار، ئیتلاعاتی ئێران و ... هتد درێژەپێدەری ئەو کولتوورەن.

## سوپای یەنگی چری

لەتورکیاش سەرچاوەی تەڤگەری شەڕی تایبەت چۆنە و ئاڵاهەڵگری ئەو تەڤگەرە لەرۆژی ئەمڕۆ کامانەن؟ لەسەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانیدا سوپایەک بە ناوی یەنی چری دامەرزاوە. یەنگی چری یان چریکی ناڕێک و پێک (نامنظم). ئەمڕۆ تەڤگەری ئاپۆیی نە سوپایەکی فەرمییە، بەڵکوو هێزێکی نامۆنەزم، واتا چریکی و گەریلاییە. یەنی چریش لەناو سوپای عوسمانیدا هێزێکی تایبەت، لێزان و ئەزموون دیدە بوون. لەسەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانیدا شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ یۆنان و گۆرجیەکان روویداوە. ئەو تەڤگەر پەرە بە شەڕی ئایینی ئیسلامی دەسەڵات داوەو لەژێر پەردەی ئاییندا، سنووری دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی پێشخستووە. ئەو منداڵانەی کە لەشەڕی یۆنانی و گۆرجیەکان لەلایەن یەنگی چریەکانەوە گیراون، وەک غەنیمەتی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. منداڵە دەستبەسەر کراوەکان کە لەبنەماڵەی فەڵە (کرستیانی)، یۆنان و گۆرجیەکانن، رادەستی بنەماڵە ئیسلامیە تورکەکان دەکەن. ئەرکی یەکەمی ئەو بنەماڵانە ئەوە بووە کە مێشک و دڵی ئەو منداڵە دەستبەسەر کراوانە لەئایینی مەسیحیەت دامالن و ئاینیان بگۆڕن. یەکەمین کارێک کە دەبێ بیکەن ئەو منداڵانە لەناو ئایینی ئیسلامی دەسەڵات داشۆرن. هەنگاوی دووەم: دەبێ چاند و کولتووری ئەو منداڵانە بگۆڕن. سێهەم: دەبێت ئەو منداڵە دیلکراوانە؛ شەڕخواز، توندوتیژ، خوێنمژ، خەشن و هۆڤ بار بێنن.

ئەو دیلە گۆرجی و یۆنانیانەی کە لەشەڕدا گیراون، لەناو تۆڕ و ماڵباتی تورکە ئیسلامیەکان لەچوارچێوەی پیلانی تەڤگەری شەڕی تایبەت پەروەردە دەکرێن. دوای ئەوەی ئەو منداڵ لەناو زهنییەت و رژێمی شەڕی تایبەت گەورە دەبن، بە پێ یاساو رێسایەک کە دانراوە لەتەمەنی سی ساڵیدا کە شوناسیان گۆڕدراوە، بەشداری تۆڕ و ناوەندەکانی یەنی چری یان دەکەن. ئەندامێکی یەنی چری لەتەمەنی سی ساڵەییەوە دەکەوێتە ناو ئەو سوپایەوە. دوای تەمەنی ٤٥ ساڵ، خانەنشین دەبێت و لەئەرک دووردەخرێت و ناتوانێت ببێتە ئەندامی یەنی چری، چون هێزی شەڕی نەماوە.

ئەندامانی ئەم سوپایە خاوەن هەیکەلی درشت، بەژن درێژ، بە هێز، رۆخساری زۆق و زیقن. سوپای مەغۆڵ و ئویغوور، تەشکیلاتی مەخسووسە، میت، ژیتەم، چەتەکانی داعش، سوپای داگیرکاری تورکیا، بەرمایەی ئەو زهنییەتەن. زهنییەتێکی وایان لەناو کۆمەڵگادا چەقاندووە کە کێ رۆخساریان ببینێت لێیان بتۆقن. لەبنەڕەتدا لەزهنی مرۆڤ، سیمایەکی وا درووست کراوە کە مرۆڤ لەجنۆکە دەترسێت. هێلانەی ئەساسی جنۆکەش تاریکییە. واتا تاریکی گەردەلوولی ترسە. جنۆکە لەتاریکیدا چالاکە. بۆیە مرۆڤ ترسی لەتاریکییە. جنۆکە و تاریکی دوو ئامووری تۆقاندن و تەسلیم گرتنی مرۆڤن. جنۆکە تێهەڵکێشی تاریکی کراوە و دەستەواژەیەکی ناڕوون و تەماوییە. واتا تاریکی دەمامکی جنۆکەیە. تاریکی خودی

جنۆکەیە. تەنانەت دەمامکی دەوڵەت و دەسەڵاتە. چەندێک کۆمەڵگا خەڵتانی تاریکی و نەزانی بێت، ئاموور و تۆڕەکانی دەسەڵات لەزهنی مرۆڤەکان لەنگەر دادەکۆتن. بە چەقاندنی ئەو زهنییەتە هەوایەکی وا لەکۆمەڵگا دروست دەکەن کە مرۆڤ نەتوانێت لەبەرامبەر تەڤگەری شەڕی تایبەت کە هەمان جنۆکە و ئەشباحی زهنەکانن، شەڕ بکات.

## لەسەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانیەکاندا سێ‌شت بێ دەرمان بووە

١ ـ سێڵاو

٢ ـ بوومەلەرزە

٣ ـ سوپای یەنی چری

مێژوو دەیگێڕێتەوە کە سوپای یەنی چری هێرشیان بۆ کوێ بردبێت، لەکارەساتی دڵتەزێنی وەک بوومەلەرزە و لافاو مەترسیداتر بوون کە کۆمەڵگا هێزی دەرمانی لەبەرامبەر نەبووە. واتا بەرخۆدان و شەڕ لەبەرامبەر یەنی چری مۆمکین نەبووە. بۆیە هەڵهاتن و دابڕان لەزێدی باب و باپیران بۆ گەلی بە ئامانج کراو بووەتە تاکە بژاردە لەپێناو بەردەوامی ژیانێکی بێ ناسنامەو داڕماو. سوپای یەنی چری و بەرمایەی هەمان زهنییەت، تاک لەجۆگرافیا و نیشتمان دادەبڕێت و وەک حەیوان مامەڵە لەگەڵ خاوەندارانی خاک و نیشتمانی داگیرکراو کردووە. بە زەبری شمشێر هیوای ئازادی مرۆڤیان، لەسەر خاکی نیشتمان پچڕاندووە.

داعش بەرمایەی هەمان زهنییەتە کە لە ساڵی ٢٠١٤ی زایینی لەعێراق و سووریا سەریهەڵدا. کولتووری سوپای یەنی چری زیندوو کردەوە. دەبینین داعش لەسەرەتاوە لەزۆربەی ناوچە داگیرکراوەکان شەڕی نەکرد، بەڵکوو بە ڕێبازی شەڕی تایبەت زۆربەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی فەتح کرد. بە شەڕی سایکۆلۆژی و ڕۆحی قەڵەمڕەوی بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شامی بەرفراوان کرد. سەرەڕای ئەوەی کە هێزێکی مەزنی سەر بە سوپای عێراق لەموسل جێگر کرابوون، لەشەوێکدا موسل لەلایەن داعشەوە بە بێ تەقە فەتح دەکرێت. داعش ئەو سەرکەوتنەی بە چ ڕێبازێک دەستەبەر کرد؟ سایکۆلۆژییەکی وایان خوڵقاند کە کەس ناتوانێت بەڕنگاری داعش ببێتەوە. داعش وەک بوومەلەرزەیەکە و بێ دەرمانە. تاکە بژاردە بۆ ڕزگاربوون لەداعش تەسلیم بوونە. یان دەبێ ببیتە ئەندامی داعش، یان زێدی باب و باپیران بۆ ئەو قەلەڕەشانەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بە جێ بهێڵیت. بۆچی کۆمەڵگا ڕێگای پێ نەدرا بەڕەنگاری داعش ببێتەوە؟ چون بە بڵاو کردنەوەی کولتووری سەربڕین و هۆڤانە کۆمەڵگایان تۆقاند. بە گۆگاپێ کردن (تۆپی پێ) بە سەر جەنازەی مرۆڤەکان هزری وەحشەت و تۆقاندیان بڵاو کردەوە. بەئاگربەردان، کۆمەڵکوژی و دیلگرتنی مرۆڤەکان چۆکی کۆمەڵگایان شکاند. داعش و سوپای تورکیا بەرمایەی سوپای یەنی چریین کە لەسەر خاکی کوردستان، بە پشتگیری حکومەتی ئاکەپەو مەهەپە لەنگەری

داگیرکاری دادەکوتن. سوپای یەنی چری، سوپایەکی شەڕانگێز و ئاژاوەگێڕ بووە. لەسەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانیدا ئەگەر پاشایەک ئاشتیخواز بووبێت و سەربازانی سوپاکە ناو شەڕدا نەبووبن و لەناو بێکاریدا گەوزابن، ئەوا لەناو سوپاکەدا کودەتا بەرپا بووە. تەنانەت پاشا لەلایەن سوپاوە لەئەرک گیراوەو پشێوی و تێکەڵی یان لەنێو سیستەم درووست کردووە. ئەندامانی ئەو سوپایە وا راهێنراون کە هەمیشە لەناو شەڕ و پشێوی نانەوەدا بن.

دەوڵەتی فاشیستی تورک بۆچی ئێستا ناتوانێت ئاشتی و دیمۆکراسی لەئامێز بگرێت؟ چۆن کۆمەڵگای تورکیا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئاکەپە و مەهەپەوە لەسەر بنەمای شەڕ و توندوتیژی ئاوا کراوە. ئەو زهنییەت لەدژی کوردان لەناو شەڕێکی چەپەڵدایەو بە کوردان شەڕ دەفرۆشن. تەڤگەری شەڕی تایبەتی تورک، لەدژی کوردان تیرۆر و کۆمەڵکۆژی پێشدەخەن.

ئەرگەنەکۆن، میتی تورک و ژیتەم بە شێک لەتەڤگەری شەڕی تایبەتی دەوڵەتی فاشیستی تورکیان کە لەکوردستان بەرامبەر کوردان ناو شەڕدان. ئەو تەڤگەرانە لەساڵی ١٩٩١ی زایینی بەدواوە، بە کردەوەی بکەری نادیار، زیاتر لە ١٧ هەزار هاوڵاتییان بێ سەروشوێن کردووە، بەڵام بکوژەکان نادیارن. ئەو تەڤگەرانە نوێنەرانی گەل و ئازادیخوازەکان دەکوژن. لەباکووری کوردستان ئەوەندە کوشتنی فاعیلی مەجهوول لەئارادایە کە لەلایەن ئەو تەڤگەرە تایبەتانەی دەوڵەتی فاشیستی تورکیاوە ئەنجام دراوە. بە کردەوەی تیرۆر و کوشت و بڕ، لەنێو کۆمەڵگا ترس و وەحشەتیان بەرپا کردووە، تا لەئازادی سڵ بکەن. سەرەڕای ئەو کردەوە هۆڤانەش زیاتر لە ٤ هەزار گوند لەناو ئاگری فاشیزمدا دەسووتێنن و رووباری کۆچبەری لەکوردستان ئاوا دەکەن. سەیری ئەو رێژە زۆرەی کورد بکەین کە لەناو باهۆزی ئاوارەییدا وەیلانن و گوند و کانگەی ژیانی کوردان چۆڵ و وێران دەکەن. تەڤگەری شەڕی تایبەت بەو کردەوانەش سنووردار نامێنێت و بۆ داپڵۆساندنی کۆمەڵگا بەندیخانەیان دامەزراندووە. لەکۆمەڵگا کێ ناڕازی و لێگەڕوانی حەقیقەت و ئازادی بێت، قۆڵبەستی دەکەن و لەچواردیواری زینداندا بزمارکوتی دەکەن.

سوپای داگیرکەری تورک ئەمڕۆ لەرۆژئاوا هەمان مێژوو دووپات دەکەن. بە هێرشەکانیان بۆ سەر رۆژئاوا کورد ژینوساید و کۆمەڵکوژ، ئاوارەو سەرگەردان دەکەن و کۆمەڵگا دەتۆقێنن، لەزێدی باب و باپیرانیان وەدەریان دەنێن. گوندو شار چۆڵ و وێران دەکەن.

رۆژئاوا لەئەدەبیاتی هاوچەرخی گەلی کورد و رای گشتی جیهاندا رەمزی بەرخۆدان، پێکەوە ژیانی گەلان، یەکێتی و یەکڕیزییە. هەوێنی گرساندنی رۆحی نەتەوەیی و یەکگرتنی سەرجەم گەلانی ئازادیخواز لەسەرتاسەری جیهانە. ژوانگەی ئەویندارانی ئازادی و

دیمۆکراسییە. مەڵبەندی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕانی سەدەیە. جێگەی دادپرسین لەزاڵمان و زۆردارانی مێژووە. مەیدانی کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆریەت و فاشیزمە. نیشتمانی نەوەکانی زەردەشت، ئینانا، ئەشتار و کاوەی هەسنکارە. کانی ئاشتی و دوورگەی ئارامی، دادپەروەری و هێمنایەتییە. فێرگەی هونەر، ئەدەب، سیاسەت و ژیانی کۆمینالیتەیە. خوێندنگای شۆڕشگێڕان و پەیدۆزگەرانی حەقیقەتە. دەرگووشی ژیار، دیمۆکراسی و هەڵۆبەرزەفڕەکانە. مەیدانی قارەمانی، ئازایەتی و فیداکارییە.

ڕۆژئاوا جیهانێکی نوێیە، جیهانێک کە سەرجەم دەستەواژەکانی بە دەریای ڕەنج و خوێن، سەر لەنوێ واتادار کراون. بە پارادایمی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک، کۆمەڵگای ئێکۆلۆژیک و ئازادی ژن، ڕۆچنی هیوا و ئازادی بە بەر کۆمەڵگای تاریک کراودا کراوە. ئاڵای کۆمەڵگایەک شەکاوەیە کە سەرجەم نەتەوەکانی لەئامێز گرتووە. سەرجەم پێکهاتەو تاکەکان بە شێوەیەکی یەکسان لەبەڕێوەبەری گەوهەری وڵاتدا، بە بێ ئەوەی مافی کەس و پێکهاتەیەک پێشێل بکرێت، تێدا بەشدارن. لەخۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا نکۆڵی لەجیاوازیە ئەتنیکیەکان نەکراوە. هەر کەس بە دڵ و بە قەناعەتەوە لەپاراستن و بەڕێوەبەری وڵات بەشدارە. ڕۆژئاوا کۆکراوەی زمان، دین، کولتوور و ئەتنیکە جیاجیاکانە کە بەرژەوەندی هەر لایەک، لەپەیمانی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگادا گەرەنتی کراوە.

لەبەر ئەوەی لەجۆگرافیای باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا دەوڵەمەندی ناسنامە سەروەرە، ڕۆژئاوا بووەتە نیشتمانی هاوبەشی گەلان. لەهەمان جۆگرافیادا چەند نەتەوە و ناسنامەی جیاواز پێکەوە دەژین. نەتەوەی دیمۆکراتیک لەباکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا چەسپێندراوە. هەر کۆمەڵگا و ناسنامەیەک تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی لەبواری ڕەگەز، زمان، دین و کولتوورەوە پەرە پێ دەدات. هەر کۆمەڵگایەک ئەمڕۆ خاوەن چەند ناسنامەن کە کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیک فۆڕمی سیاسی بەڕێوەبەریەکەیەتی. سەرجەم ناسنامەکان لەبەرامبەر هەر جۆرە هێرشێکی پاکتاوکارانە، بۆ گەرەنتی و مانەوەی هەبوونیان، بەرگری گەوهەری لەخۆیان دەکەن کە سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵگای ئەخلاقی بە بنەما گرتووە. کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی لەرەوتی تێکۆشانیدا، رەهەندی سیاسی و ئەخلاقی بە بنەما گرتووە، کۆمەڵگایەکە کە هەبوون و ناسنامەی لەگەرەنتی و پەرەسەندندایە. ڕۆژئاوا ئەو کۆمەڵگایە کە گۆڕەپانی پەروەردەی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی، لەژێر چنگی قڕکردنی کولتووری مۆدێڕنیتەی سەرمایەداری و دەوڵەت — نەتەوە هەرێمیەکان دەرهێناوەو ئەرکی پەروەردەکردنی بە ئەستۆی خودی کۆمەڵگا سپاردووە. چون ڕۆژئاوا مافی هەبوون و پاراستنی خۆی بە هیچ کەس و لایەنێک ناسپێرێت.

گەلانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لەسەدەی بیست و یەکەمدا، داهێنەرانی ڕاسەقینەی شۆڕشی دیمۆکراتیکی گەلانن. چون گەلان شۆڕشیان وەک فۆرم و شێوەی چالاکی

کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بە بنەما گرتووە. چالاکی کە زمانی دیمۆکراسییە بە باشترین شێوە بە کاریان هێناوە. دیمۆکراسی رژێمی حەقیقەتە کە ئەوەش پەیوەندیداری چالاکی گەلە. لەجۆگرافیا و نیشتمانێک چالاکی گەل تێدا کارا نەبێت، لەو جۆگرافیادا دیمۆکراسی سەوز نابێت. لەو شوێنەش کە دیمۆکراسی سەوز نەبێ، دەوڵەت و دەسەڵات سەر کۆمەڵگا سەروەر دەبن. بە سەروەری دەسەڵات و دەوڵەت سەر نیشتمان، ئازادی و دیمۆکراسی ون دەبێت. ئەگەر گەلانی رۆژئاوا نەتوانن لەبەرامبەر شەپۆلی داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا و هاوپەیمانەکانی خۆیان بپارێزن، خەسڵەتی ئەخلاقی و سیاسیان لەدەست دەدەن. بە لەدەستدانی زمانی دیمۆکراسی و تایبەتمەندی خۆپاراستنەوە، لەلایەن پاوانەکانی سەرمایەو دەسەڵاتەوە دەستەمۆ و دەچەوسێنرێنەوە.

باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا لەناو گێژاوی شەڕی هێزە هەژمۆنگەرا جیهانی و هەرێمیەکان لەسوریا و ناوچەکە، بووەتە دوورگەی سەقامگیری ئاشتی و ئارامی بۆ گەلان. رۆژئاوا بووەتە گۆڕستان بۆ چەتەکانی داعش و بەرەی نوسرا و دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا. سەرەڕای ئەو هەموو خەسڵەتە جوان و بێ هاوتای گەلانی باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا، ئامانج لەتێکدانی دوورگەی ئاسایش و ئارامی رۆژئاوا لەگەرماوگەرمی شەڕی جیهانی سێهەم چییە؟ گەلێک کە بۆ تێکشکاندنی داعش و بەرگری لەنیشتمانی نەتەوەکان، زیاتر لە ١١ هەزار رۆڵەی قارەمانی دیاری نیشتمان کردووەو تاقە هێزێک بووە کە لەئەرزی واقیعدا لەدژی تیرۆر، شەڕ و بەرخۆدانی شکۆمەندانەی کردووە، بەس بۆچی ئەمڕۆ کراوەتە ئامانجی شەڕی دەسەڵات و بەرژەوەندی هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان؟ گەلێک کە بۆ خۆی قوربانی تیرۆر و شەڕی دەسەڵات بووە، چۆن لەژێر ناوی پەردەی تیرۆر کۆمەڵکوژ و پاکتاو دەکرێت؟ تورکیا لەرۆژئاوا بە دوای چ دەگەڕێ؟ بۆچی لەچارەسەری ئاشتیانەی کێشەکانی سوریا لەلایەن هێزە هەژمۆنگەرا جیهانی و هەرێمیەکان، کوردان کە خاوەن پرۆژەی چارەسەرین، پەراوێز دەخرێن؟

گەلی کورد لەشەڕی جیهانی سێهەمدا، خاوەن خەرمانێک لەخەسڵەتی سیاسی و ئەخلاقییە، کە بە هێرشی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا بۆ سەر رۆژئاوا لە ٩ی ئۆکتۆبەر بۆ لەبار بردنی ئەو خەسڵەت و پێگەیە قۆناخێکی نوێ قڕکردن لەدژی کوردان دەستی پێکرد. واتا هاوشێوەی قڕکردنی ئەرمەنیەکان لەساڵی ١٩١٥ی زاینی، لەلایەن عوسمانیەکانەوە، دەیانەوێت لەشەڕی جیهانی سێهەمدا کوردان لەناو ئاشی قڕکردندا بهاڕن.

دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا لەچەند قۆناخدا ویستوویە بگاتە ئامانجە چەپەڵەکانی. لەقۆناخی یەکەمدا؛ پشتگیری تەواوی هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان بۆ داگیرکەریەکەی بە دەست بێنێت. لەهەنگاوی دووهەمدا؛ گەلی کورد لەسەر زێدی باب و باپیر و ماڵ و مۆڵکیان وەدەریان بنێت و ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵیان بکات. لەهەنگاوی سێهەمدا؛ ئەو هاوڵاتیانەی لەدژی سیاسەتی قڕکردن دەوەستنەوە، دەکرێنە ئامانجی هێرشە دڕندانەکانی

تورکیا و چەتەکانی. لەهەنگاوی چوارەمی پیلانەکەی ئەردۆغاندا، بە نیشتەجێ کردنی بنەماڵە و کەسوکاری چەتەکانی، دیمۆگرافیای ناوچەکە دەگۆڕێت و لەدوا قۆناخدا لەرۆژئاوای کوردستان و ناوچەکە هاوشێوەی عەفرین، شتێکی بە ناوی کوردبوونەوە ناهێڵێت. بەس لافاوی تووڕەیی شەقام و بەرخۆدانی زنجیرەیی گەل و شەڕڤانان پیلانەکەی ئەردۆغان و چەتەکانیانی سەراوژێر کرد.

سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگانەی کە ئاشکراو بەرچاون، ئەردۆغان پاڵپشتی و پشتگیریی راستەوخۆی داعشی کردووە و کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی داعش لە ٥کم سنوورەکانی تورکیا و لەهەرێمی ئیدلیبی ژێر کۆنترۆڵی تورکیا، دوا بەڵگەی ئەو راستییەیە. بەس بۆچی هێزە نێودەوڵەتیەکان چاویان لەو راستییە دەگرن و بێ دەنگن؟ تورکیا حەشارگەی راستەقینەی چەتەکانی داعشەو ئەو هەموو جەنایاتە جەنگییەیان ئەنجام داوە، بۆچی لەتاوانەکانی ئەردۆغان چاوپۆشی دەکرێت؟ دەبێ ئەردۆغان چ کارتێکی لەبەرامبەر هێزە هەژمۆنگەرا جیهانی و هەرێمیەکان بە کار هێنا بێت کە تا لەبەرامبەر تەڤگەری شەڕی تایبەتی دەوڵەتی تورکیا و چەتەکانی کەڕ، لاڵ و ماتن؟

## حەڵقەکانی بازنەی شەڕی تایبەت

١- رێکخراوی پەیمانی ئەتڵەسی (ئاتلانتیک)ی باکوور- NATO
٢- رێکخراوی سنوقی نێودەوڵەتی پارە – IMF
٣- هالیوود
٤- فیفا
٥- دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا

لەئەمرۆدا پانتایی شەڕ و هەڵا زۆر بەرین و بەرفراوانە. واتا شەڕی تایبەت وەک ئیستراتیژی لەلایەن داهێنەرانی شەڕەوە بە بنەما گیراوە. پێش سەرهەڵدانی ئەم قۆناخە تەنیا تەڤگەرێک لەناو شەڕدا بووە، واتا شەڕ بە گۆڕەپانێک سنووردار بووە. بەڵام دوای شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم، ئیستراتیژی شەڕی تایبەت بەرفراوان و بەرینتر دەبێت. شەڕ لەچوارچێوەی رەهەندی زەوینی، ئاسمانی و ئاوی پێشدەخرێت. شەڕی تایبەت ئیدی لەسەر ئەو سێ گۆڕەپانە ئەنجام دەدرێت.

ئەمرۆ لەدژی تەڤگەری ئاپۆیی بە رێگای گۆڕەپانی ئاسمانەوە شەڕی سایکۆلۆژی و تەکنۆلۆژیا پەیڕەو دەکرێت. بە شەڕی هەواییش و بەکارهێنانی پێشکەوتوترین تەکنۆلۆژی ناتوانن بە تەواوی کۆمەڵگا پاکتاو و بن بڕ بکەن. بەڵکوو بە داگیرکردن، فەتح و تێکشکاندنی ئیرادەی مرۆڤەکان دەیانەوێت کلیلی خۆڕاگری گەل و کۆمەڵگا لەبەرامبەر تەکنۆلۆژی بشکێنن. تەڤگەری ئاپۆیی لەشەڕی جیهانی سێهەم دەیهەوێت لەبواری شەڕەوە هەنگاوێکی مۆدێرن و نوێ هەڵبگرێت. واتا لەبەرامبەر ئەو شەپۆلە داگیرکارییە، روانگەی شەڕ و میتۆدی بەرخۆدان بەرفراوانتر دەکات. بۆیە گەریلایەک لەم سەردەمەدا بە پێی

پێویستی گەل و کۆمەڵگا بەشداری لەشەڕ و تێکۆشان دەکات و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگاش هاوشانی گەریلا و شەڕڤانان لەناو چەپەرەکانی بەرخۆدان دان.

دوای شەڕی جیهانی دووەم، قۆناخێک لەسەر ناوی شەڕی سارد نێوان ئیمپریالیزم و رئال سۆسیالیزم دەستپێکرد. شەڕی نێوان ئەو دوو سیستەمە، لەبنەڕەتدا شەڕی دەروونی و تەکنۆلۆژی بووە. ئەو دوو سیستەمە لەبەرامبەر یەکدی شەڕی تایبەتیان کرد و لەو شەڕەشدا ئەمریکا سەردەکەوێت. رئال سۆسیالیزم لەساڵی ١٩٨٩ی زاینی هەڵدەوەشێت و لەساڵی ١٩٩١ی زاینیشدا لەناو دەچێت. چون ئەمریکا لەبواری شەڕی دەروونی و سایکۆلۆژی یەوە گەلێک وەستا و شارەزایە. ئیستراتیژی شەڕی تایبەت بۆ ئەوەی لەزهنی کۆمەڵگا بە رێک و پێکی شێوە بگرێت، گەلێک ناوەندیان دامەزراندووە، کە ژمارەیەک لەو ناوەندانە لەخوارەوە ریز دەکەم.

## ناتۆ و وەرشۆ

لەگەرماوگەرمی داڕشتنی ئیستراتیژی شەڕی تایبەت، بازنەیەکی جیهانی شەڕی تایبەت دادەمەزرێت. لەنێو ئەو بازنەدا گەلێک هێزی هاوپەیمان کۆبوونەتەوە کە گەلێک بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری، ئەمنی، تەکنۆلۆژی و سیاسییان پێکەوە هەیە. ئەو هێزانە بۆ پاراستنی بازنەی شەڕی تایبەت رێکخراوی پەیمانی ئەتڵەسی باکوور (NATO) یان دامەزراندووە. ناتۆ لە ٤ی نیسانی ١٩٤٩ی زاینی لەدوای شەڕی جیهانی دووهەم لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانیەوە بە ئامانجی بەرگری هەرێمی و بەرِنگاربوونەوە لەگەڵ دەستڕۆییەکانی یەکێتی سۆڤییە ت دادەمەزرێت. ناوەندی سەرەکی لەبرۆکسێل پایتەختی بەلجیکایە و ئینگلیزی و فەرەنسی زمانی فەرمی ئەو ناوەندەیە. ناتۆ لەکاتی دامەزراندنیدا ١٢ ئەندامی فەرمی هەبووە و ئێستاکە ٢٩ دەوڵەت ئەندامیەتی. ناتۆ لەدژی بلۆکی رۆژهەلات، واتا رئال سۆسیالیزم، یا سۆڤییەتی کۆن لەناو شەڕ و ململانێدا بووە. ناتۆ ویستوویەتی دەستڕۆییەکانی شۆرەوی کۆن سنووردار بکات و هەژمۆنی لەناوچەکەدا لاواز بکات. بەڵام دژ کردەوەی ئەوەش شۆرەوی لەبەرامبەر ناتۆ رێکخراوی وەرشۆ دادەمەزرێنێت. رێکخراوی هاوکاری وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەلات لەلایەن وڵاتانی وەک؛ بۆلغارستان، چکسلواکی، رومانی، لهستان، مەجارستان و ئالبانی و چەند وڵاتی تر دامەزراوە. وەرشۆ لەدژی ناتۆ بە رێکخستن کراوە. هەر دوو هێز لەبەرامبەر یەکدی شەڕێکی ساردیان پەیڕەو کردووە کە لەئەنجامدا بلۆکی رۆژئاوا و ئیمپریالیزم سەردەکەوێت.

لەساڵی ١٩٨٩ی زاییني دیواری برلین هەڵدەوەشێت و لەساڵی ١٩٩١ی زاینی دوای پارچە بوون و هەڵوەشانەوەی پەیمانی وەرشۆ، ناتۆ کۆتایی بە رۆڵ و پێگەی دێت. لەدوای ساڵی ١٩٩١ی زاینی ئەرکی ناتۆ دەگۆڕدرێت و بە پێ ئەرکی نوێ لەبازنەی شەڕی تایبەتدا، بڕیار دەدرێت کە دەبێت لەدژی تیرۆر شەڕ بکات. دەوڵەتی تورک ئەندامێکی ناتۆ و بازنەی

شەڕی تایبەتە. بە پێ یاسا و سیاسەتی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا، پەکەکە گوایا تیرۆریستە. بە پێ مادەی ٥ی پەیماننامەی ناتو ئەگەر هێرشی سەربازی بکرێتە سەر ئەندامێکی ناتو، دەبێت وەک هێرش بۆ سەر سەرجەم ئەندامانی ناتۆ لەقەڵەم بدرێت و ئەندامانی ئەو ناوەندە، بە پێ پێویستی هاوکاری ئەو ئەندامەی ناتۆ بکەن. واتا ئەگەر هێزێک لەدژی تورکیا بکەوێتە ناو شەڕەوە، سەرجەم وڵاتانی ئەندامی ناتۆ ناچارن لەبواری دیپلۆماسی، سیاسی، سەربازی و ئابووری لەدژی پەکەکە و کورد چ هاوکاری و پشتگیریەک بۆ دەوڵەتی فاشیستی تورکیا پێویست بێت، بیکەن. زۆر جار باس دەکرێت کە بۆچی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا هاوکاری تورکیا دەکەن، سەرچاوەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوپەیمانیە کە گوایا لەدژی تیرۆریزم پێکهاتووە. بەس ئەگەر مرۆڤ بە دوای راستیدا بگەڕێت ئەو هێزانە لەکرداردا لەدژی تیرۆر شەڕ ناکەن، بەڵکوو بە پشتگیری تورکیا، هێزێکی وەک پەکەکە و قەسەدە کە لەئەرزی واقیعدا لەدژی تیرۆر شەڕ دەکات لاواز دەکەن.

لەو ناوەندەدا بڕیار لەدژی پەکەکە دەرکراوە کە گوایا تیرۆریستە، لەبەر ئەو بڕیار و رێکەوتنە دەبێت ناتۆ لەدژی پەکەکە شەڕ بکات و هەر جۆرە چەکی قەدەغەکراو و دژە مرۆیی پێشکەشی تورکیا بکات. هاوکاریەکانی ناتۆ بۆ تورکیا لەهێرشی پاکتاوکاری بۆ سەر رۆژئاوا ئاشکرا بوو کە تورکیا بە چەکی ناتۆ، ئەمریکا و ئەورووپا کوردان کۆمەڵکوژ دەکات. ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەسەرەتای قۆناخی کۆنسێپتی پاکتاوکاری گەلی کورد لەپێدانی زانیاری هەواڵگرییەوە، گەهێشتە ئاستێک کە راستەوخۆ چەکی هەرە پێشکەوتوو دەداتە تورکیاو هاوشانی تورکیا لەئۆپەراسیۆنی دژی پەکەکەو کوردان بەشداری دەکات. بیانووی ئەو هاوکاریەش ئەوەیە کە چۆن تورکیا لەدژی پەکەکە شەڕ دەکات و لەناوەندی بازنەی شەڕی تایبەت بڕیار گیراوە کە گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی لەدژی رێبەر ئاپۆ، پەکەکە و گەلی کورد پێک بێت.

## رێکخراوەی سنوقی نێودەوڵەتی پارە- IMF

دەزگایەکی تری شەڕی تایبەتی جیهانی، سندووقی نێودەوڵەتی دراو (IMF)ە. IMF لەساڵی ١٩٤٥ی زایینی دوای شەڕی جیهانی دووەم لەلایەن 29 دەوڵەتەوە دامەزراوە، ئێستاکەش ١٨٩ دەوڵەت لەو رێکخراوەدا ئەندامن. ناتۆ بە رێگای IMF بۆ رفاندن و دیلگرتنی رێبەر ئاپۆ گۆشاریان خستە سەر رووسیا و داوای گەڕانەوەی قەرزی خێرایان لەروسیا کرد. هەر چەند رووسیا بە تەواوی لەناو بلۆکی رۆژئاوادا جێ ناگرێت و لەبلۆکێکی دژبەردایە. بەڵام بە رێگای سەرمایەوە دەست و لنگی گرێ دەدرێت کە نابێت پشتگیری لەرێبەر ئاپۆ و گەلی کورد بکات. ئیمپریالیزم بەرێگای ئابوورییەوە سەرجەم دەوڵەت و کۆمەڵگایان خستووەتە ژێر رکێفی خۆیان. بەو لۆژیکەوە دەیانەوێت کاپیتالیست سەردەستی

دونیا بێ و سەرجەم گەل ژێردەست و کۆلۆنی خۆی بکات. لەپێناو بەرژەوەندی خۆی بیکێڵێ و تۆخمی کۆیلەتی تێدا بچێنێت و دروێنەشی بکات.

رێبەر ئاپۆ لەپارێزنامەکانیدا لەسەر ئەم بابەتە وەها دەڵێت: «کاتێک لەسووریا دەردەکەوێت و دەچێتە رووسیا، لەرێگای (IMF) و ناتۆ گۆشار دەخەنە سەر رووسیا کە نابێت مافی پەنابەری سیاسی پێ بدەن و دەبێ دەستبەجێ لەروسیا دەربکەوێت». ئەو ناوەندانە لەرێگای بابەتی گەڕانەوەی دە میلیار دۆلار قەرزی رووسیا بە سنووقی نێودەوڵەتی پارە، رووسیا پەلکێشی پیلانی دژە کورد دەکەن. ئەگەر دەرفەتی مانەوەی رێبەر ئاپۆ لەرووسیا بدرێت، پێویستە رووسیا لەهەمان کاتدا قەرزی خۆی بۆ IMF بگەڕێنێتەوە. لەلایەکی تریشەوە رووسیا ئەو هەلە بە قازانجی خۆی دەقۆزێتەوەو لەبەرامبەر رێبەر ئاپۆ و کوردان گرێبەستی کڕین و فرۆشتنی گازی سرووشتی لەگەڵ تورکیا دەبەستێت. ئەو پیلانە سەلمێنەری ئەوەیە کە روسیا لەبەرامبەر قازانج – سەرمایە گەلی کورد و دەستکەوتەکانی ئازادی و دیمۆکراسی دەکاتە قوربانی بەرژەوەندیە ئابووریەکانی.

ئەو یارییەش کە لەجەنگی رۆژئاوا لەسەر گەلی کورد دەکرێت، بەشێکی سەرەکی گرێدراوی ئەم ناوەندەیە کە بەو قەرز و یارمەتیانەی کە بە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا دەدرێت، گەلی کوردی پێ کۆمەڵکوژ دەکەن و بە هەمان پارە پێگەی داعش و نوسرای پێ بە هێز دەکرێت.

## هالیوود

هالیوود ناوەندی سینەمای ئەمریکا و گرنگترین ناوەندی پیشەسازی فیلمی جیهانە. وڵاتێک کە ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای زەبەلاحی فیلم سازی وەک؛ کۆمپانیای فاکس، برایانی وارنر، کۆلەمبیا پیکچرز، پارامونت، مترۆ گولدین مایر و یونیورساڵ کە هەر یەک لەو ناوانە بەشێک لەگەورەترین ئیمپراتۆری سینەمای جیهان پێکدێنن. کورتە مێژووی شوێنی هالیوود وەک ناوچەیەکی ئاوەدانی و ناسراو، دەگەڕێتەوە بۆ ١٢٠ ساڵ پێش ئێستا. هالیوود لەرابردوودا ناوچەیەکی گەشەنەکراو و وەرزێری و لەوەڕگای مەڕوماڵات بووە کە ئەمڕۆ ناوەندی سینەمای جیهان و رەمزی سینەمای رۆژئاوایە. دۆزەرەوەی ئەو ناوچەش ئیسپانیاییەکان بوون کە بۆ یەکەمین جار دەڕۆنە ئەو شوێنە کە ئەمڕۆ بە هالیوود ناووبانگی جیهانی دەرکردووە.

ئەو ناوچەیە لەلایەن دەوڵەتی ئیسپانیاوە دەکرێتە دوو بەش کە بەشی رۆژئاوای (رانچولابری) و بەشی رۆژهەڵاتیشی بە (رانچولوس فیلز) ناو دەنرێت. لەساڵی ١٨٨٦ی زایینی ئەو ناوچە لەرانچولابریە بۆ هالیوود دەگۆڕدرێت و تا بە ئەمڕۆ هالیوود بووەتە دەوڵەمەندترین ناوچەیەکی جیهانی. کۆمەڵگای هالیوود لەساڵی ١٩٠٣ی زایینی تۆمار دەکرێت و لەبەر کێشەی کەم ئاوی سەربەخۆیی بەردەوام نابێت و لەساڵی ١٩١٠ی زایینی

به زۆرەملێ گرێدراوی لۆس ئانجلێس دەکرێت. لەساڵی ١٩١١ی زاینی کۆمپانیای نەستوور یەکەمین ستۆدیۆی فیلمی هالیوود لەقوژبنێکی ئەو ناوچەیە دادەمەزرێنێت و دواتر دەرهێنەرانی وەک؛ «سیسیل. ب. دومیل و دی. دەبلیو. گریفت» بۆ یەکەمین جار کارە هونەرییەکانیان لەهالیوود دەستپێدەکەن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، هالیوود دەکەنە ئاسمانی ئەستێرە هونەرییەکان و لوس ئانجلس شاری فریشتەکان بۆ شاری ئەستێرەکان دەگۆڕن. لەبەر ئەوەی دەرهێنەرانی ئەستێرەی سینەما لەهالیوود خاوەن بەرهەمی هونەری بەهیزبوون و کەسانی وەک؛ چاڕلی چاپلێن، گرتا گاربوو، والنتینیوی ئیتالیایی و مارلین دیتریشی ئاڵمانی لەو سەردەمەدا بۆ تاقی کردنەوەی شانسی ئەکتەربوونیان روو لەهالیوودی سێحراوی دەکەن و ناووبانگی جیهانی دەردەکەن. شێوەی پۆشینی جل و بەرگ و قسەو کرداری ئەو ئارتیستە ناودارانە، لەسەرتاسەری ئەمریکا دەبێتە مۆد و دواتر لەسەرتاسەری جیهان لاساییان دەکەنەوە. بۆ وێنە جۆری رازانەوەی سمێلی کلارک گیبل، ئەستێرەی فیلمی (بە بادا چوو) بۆ ماوەیەکی درێژ لەلایەن لایەنگرانیەوە لاسایی دەکرێت. جگەرەکێشان و فۆڕمی قژی کرنلی همفری بوگارت، یەخە هەڵدانەوەی جیمز دین و تەنانەت پۆشینی جل و بەرگ و پێڵاوی کلینت ئیستوود و شێوەی شقارتە هەڵکردنەکەی و کڵاو لەسەرکردن و کۆڵت بە دەست گرتنی کابۆیەکانی ئەمریکی، بە ساڵان لەلایەن گەنجانی لایەنگری سینەماوە لاسایی مۆدەکان کراوەتەوە.

دوای ناوبانگی هالیوود لەنەتەوە یەکگرتوەکان، ژمارەیەک لەدەوڵەتانی جیهانی هاوشێوەی هالیوود ناوەندێکیان بۆ سینەما و ئارتیستی دامەزراند. وێنەی بەرچاوی ئەوە «چینەچیتا» لەئیتالیا و «بالیوود» لەهیندستان دادەمەزرێت کە هاوشێوەی هالیوود بە کاریگەر نەبوون. لەئێران ناوەندی شەڕی تایبەتی هونەری هاوشێوەی هالیوود، «لالەزار»ی ناوە. لالەزار هاوشێوەی هالیوود ناوی خۆی لەو لالانە گرتبوو کە لەناویدا سەوز دەبوون. لە دەیەی ٥٠ی هەتاوی زۆربەی ئیستۆدیۆی فیلمسازی ئێران لەشەقامی لالەزار دامەزراون. میترا فیلم (پارس فیلمی دواتر)، برایانی کوشان یەکەمین ئیستۆدیۆیەک بوون کە لەسەر سینەمای مترۆپول لەنهۆمی دووەمی ئەو شوێنە دامەزراوە. ئەو گەنجانەی کە لەشەقامی لالەزار لەدەیەی ٥٠ی هەتاوی پیادەڕەوی یان کردووە، لاسایی پۆشینی جل و بەرگ، پێڵاو و قسە و کرداری ئاکتەرە بەناو بانگەکانیان کردووەو وەک ناوەندێکی شەڕی تایبەت لەدژی گەنجان و کۆمەڵگا خاوەن رۆڵ بووە.

بە پێ ئەوەش هالیوود هاوکات بووەتە ناوەندێکی مەترسیداری شەڕی تایبەتی سیستەمی کاپیتالیست. ئەو ناوەندە لەبنەڕەتدا کۆمەڵگایەکی وەهمی و خەیاڵی دروست دەکات، تا کۆمەڵگا لەرئاڵیتە و حەقیقەتی خۆی بەدوور و نامۆ بێت. تاکێک هەر چەند

لەحەقیقەتی خۆی نامۆ بێت، ئەوەندە لاواز و گرێدراوی ناسنامەی خۆی نابێت. ئەو مرۆڤە لەبەر ئەوەی دەرفەتی بەردەوامی ژیانی پێ ببەخشرێت، ناچاری هەر جۆرە تەسلیمیەتێک دەبێت.

## فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی تۆپی پێ- فیفا

فیفا (فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی تۆپی پێ) یە. لە٢١ی مەی ١٩٠٤ی زایینی لەپاریس دادەمەزرێت و ناوەندەکەی لە زۆریخی سویسرایەو ٢٠٩ دەوڵەت ئەندامیەتی. لەبەر بەرزبوونەوەی لایەنگران و خۆشەویستبوونی کێبڕکێ نێودەوڵەتی لەسەرەتاکانی قەرنی بیستدا، پێویستی بە دامەزراندنی رێکخراوەیەکی یەکگرتوو، بۆ سەرپەرشتی و چاودێری سەر یاریەکانی جیهان بینرا، کە لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەیی تۆپی پێ دەوڵەتانی؛ بەلجیکا، دانمارک، فەڕانسا، هولەند، ئیسپانیا، سوید و سویس لەپاریس دادەمەزرێت. فیفا سەرپەرشتی یەکەمین کێبڕکێ نێودەوڵەتی تۆپی پێ لە ساڵی ١٩٠٦ی زاینی بە ئەستۆ دەگرێت، کە زۆر سەرکەوتووانە نابێت.

فیفا رێکخراوەیەکە لەژێر یاسا و رێسای دەوڵەتی سویس دامەزراوە. کۆنگرەی فیفا باڵاترین ئۆرگانی فیفایەو پێکهاتەیەکە لەنوێنەرانی فیدراسیۆنی دەوڵەتانی ئەندام لەفیفا. کۆنگرە لەرەوشی ئاساییدا دانیشتنی ساڵانەی هەیە. تەنیا کۆنگرە دەتوانێت بە پەژراندنی یاساکان، گۆڕانکاری لەفیفا ئەنجام بدات. جیا لەرێکخراوی جیهانی فیفا، فیفا کۆنفیدراسیۆنی لەقاڕەکان و ناوچە جیاجیاکان بۆ سەرپەرشتی یارییەکان درووست کردووە. بە گشتی فیفا ٢٠٩ فیدراسیۆنی نەتەوەیی لەگەڵ تیپەکانی نەتەوەیی پیاوانی ئەو دەوڵەتانە و هاوکات ١٢٩ تیپی نەتەوەیی ژنان بە فەرمی دەناسێت. سەرنج راکێشە کە ژمارەی ئەندامانی فیفا لەرێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاترە، چونکە فیفا چەند دەوڵەتی تری سەربەخۆ وەک وڵاتی سەربەخۆ بە فەرمی ناسیوە.

لەمانگی مەی ٢٠١٥ی زاینی، ١٤ کەس لەبەرپرسانی باڵای فیفا بە تۆمەتی گەندەڵی ماڵی لەزۆریخی سویسرا دەستبەسەر کران. تۆمەتی سەپێنراو بەسەریان بەرتیل وەرگرتن، فێڵبازی و دەستبڕی و پارەشۆری بووە. بەرپرسانی باڵای فیفا زۆر جار بە تۆمەتی وەرگرتنی بەرتیل لەلایەن دەوڵەتەکانەوە لەبەرامبەر بەخشینی میوانداری کێبڕکێ مەزن، بە تایبەت جامی جیهانی، دەستبەسەر کراون.

فیفا دەزگایەکی تری شەڕی تایبەتە کە بە رێگای تۆپی پێوە گەنجان بەرەو ناوەندەکانی شەڕی تایبەت پەلکێش دەکەن و هزر و هۆشی گەنجانی تێدا دادەشۆرن. فیفا لەئەمڕۆدا بۆ گەنجان بووەتە مەیدانی کڕین و فرۆشتنی مرۆڤە نایابەکان و بە پێ بەرژەوەندیەکانی خۆیان وەرزشوانەکان بە کار دەبەن. فیفا لەئاستی جیهان کراوەتە ئارێنای

هاوچەرخ کە لەیاریگایەکدا وەرزشوانەکان بە گژیەکدا دەدەن و کاربەردەستەکان لەشەڕ و ململانێ سیاسی لایەنەکان بە سەیرکردن تام و چێژ وەردەگرن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەرێگای ئەم رێکخراوانەوە؛ شەڕی هونەری و کۆمەڵایەتی بە رێگای (هالیوود)، وەرزشی (FIFA)، ئابووری (IMF) ، سەربازی (NATO)، دژ بە گەل و کۆمەڵگا بەڕێوە دەبەن.

## دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا

دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا لەساڵی ١٩٥٩ی زایینی و بە دەستپێشخەری کۆنسەی ئەورووپا دامەزاوەوە. لە ٤ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٥٠ی زایینی پەیمانی پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادیە سەرەتاییەکان لەشاری رۆم لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپایی واژۆ کراوە. بە پێ ئەو پەیماننامەیە دەوڵەتانی ئەندام بۆ پاراستنی مافی سرووشتی گەلانیان پێویستە تێبکۆشن و هەڵگرتنی سیستەمی ئەشکەنجە، کاری زۆرە ملێ و کۆیلەتی لەناو وڵاتدا گەرەنتی بکەن. هاوکات ئازادی بیروڕا، مەزهەب، کۆبوونەوەی ئاشتیانە، دامەزراندنی سەندیکای کرێکاری، مافی زەواج، هەبوون، پەروەردە، هەڵبژاردنی ئازاد و هاوکات نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردن لەبنەما سەرەکیەکانی ئەو پەیماننامەیە. بەڵام بوونی دەزگایەک بەو ناوە بۆ گەل و کۆمەڵگا شتێکی بێ واتا و بێ ناوەڕۆکە. چۆن دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا، دادگای دەوڵەتەکانە. لەو دادگایەدا گەلان دادگایی دەکرێن. لەبنەڕەتدا ئیرادە و بوونی مرۆڤ لەکوردستان لەناو دەبەن. ئەو دەزگایانە سەرجەمیان رێکخراوی رەوایەت پێدانی هزری داگیرکاری ناو کۆمەڵگان. رۆڵی سەرەکی ئەو رێکخراوانە خزمەت کردن دەسەڵات – سەرمایەیە.

ئەگەر دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا سەربەخۆیی خۆی بپاراستایە، لەگەرماوگەرمی شەڕی جیهانی سێهەم پێویست بوو کە ئەردۆغانیان لەدادگایەکی نێودەوڵەتی دادگایی بکردایەو چاوپۆشییان لەسەرجەم تاوانە جەنگیەکانی ئەردۆغان لەدژی کورد نەکردایە. هەروەها سەرجەم ئەو کۆمەڵکوژیانەی لەمێژوو تا بە ئەمڕۆ لەسەر گەلی کورد ئەنجام دراوە، بکەرانی ئەو کۆمەڵکوژیانەیان دادگایی دەکرد. تێکۆشانی حەقیقی گەلی کورد دەمامکی سەرجەم ئەو ناوەندانەی داماڵی کە سەرجەمیان تاوانی دژە مرۆیی زلهێزە جیهانی و هەرێمیەکان پەردەپۆش دەکەن و لەئاست ئەو تاوانە مەزنانەدا بێ دەنگن.

سەرەڕای ئەوەش زۆر جار گەل دەپاڕێتەوە کە دەوڵەت بە هانایەنەوە بچێت و لەبەش مەینەتیەکانی رۆژگار رزگاریان بکات. هاوکات داوا دەکرێت کە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و بە تایبەت رێکخراوی بەرگری لەدژە ئەشکەنجە (سی پی تی) بۆ ئازاد کردنی رێبەر ئاپۆ هەنگاو هەڵبگرێت. بەڵام رێبەر ئاپۆ لەبەرگرینامەکانی دەڵێت: «ئەو کەسەی لەسەرەتای رفاندنی بۆ ئیمراڵی چووەتە لای، پیرە ژنێکی هەفتا ساڵەی سی پی تی بووە، کە وتوویە

ئێمە ئاگاداری ڕەوشی ئێوەین و لەنزیکەوە ڕەوشتان چاودێری دەکەین». ئەو ڕێکخراوە بە پێ بەرژەوەندی ناوەندی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری چاودێری ڕەوشی ڕێبەر ئاپۆ دەکات و بۆ خۆیان شەریک و پارچەیەک لەپیلانەکانن.

هەر تاکێکی ئازادیخواز لەئەمڕۆدا پێویستە مەبەست و پیلانەکانی بازنەی شەڕی تایبەت ئاگادار بێت و دەبێ بزانن کە لەبەرامبەر چ جانەوەرێکی دڕندە شەڕ دەکەن. داخۆ شەڕی گەلی کورد و تەڤگەری ئازایخوازی کورد لەسەردەمی شەڕی جیهانی سێهەم تەنیا لەگەڵ ئێران و تورکیایە؟ یان بە پێچەوانەوە شەڕ و بەرخۆدانی گەلی کورد لەبەرامبەر سیستەمی داگیراکەری جیهانییە؟ شەڕی جیهانی سێهەم لەناوەندی کوردستان بەڕێوە دەچێت، ئەو کات پێویستی بە بۆنیادنانی بازنەی دیمۆکراتیکی کۆمەڵگا هەیە. بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بۆ پاراستن لەنرخ و کەرامەتی گەل و کۆمەڵگا هاوپەیمانی لەگەل سەرجەم ڕێکخراوە مەدەنیەکان و تەڤگەری ژن، گەنجانی ئازادیخواز و دیمۆکراسیخوازەکان لەئاستی جیهاندا بەستووە، ئەوەش لەپێناو دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو و دیمۆکراتیکە، تا ماف و دەستکەوتی گەلانی ئازارچێشتوو بپارێزن. خاوەندارێتی لەرۆژئاوا لەکاتی هێرشی قڕکردنی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بۆ سەر کوردان بەرچاوترین نموونەی ئەو بازنەیە.

تۆڕەکانی دەسەڵات لەبەر هونەری فریودان و چەواشەکاری گەل و کۆمەڵگا لەناو دوورگەی فێڵ و درۆ کۆمەڵگایان بەرەو خۆیان ڕاکێشاوە. بۆ دیلگرتنی گەل ژمارەیەک دەزگا و تۆڕی تایبەتیان ئاوا کردووەو دژ بە گەل تاکتیکی ڕێز و وردیان پەیڕەو کردووە. لەئاستی جیهاندا، دەزگای زەبەلاحی وەک ناتۆیان دامەزراندووەوە. پێشکەوتووترین چەک و تەکنۆلۆژی شەڕ لەدەستی ناتۆدایە. بە میتۆدەکانی شەڕی تایبەت یاری بە سایکۆلۆژی کۆمەڵگا دەکەن کە توانای بەرەنگاری و بەرخۆدانی لەگەڵ هێزی ناتۆ نییە، تەنانەت تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکان ناتوانن لەبەرامبەر ناتۆ شەڕ و خۆڕاگری بکەن.

ئەو ناوەندە تایبەتانە، بە پێی ویست و بەرژەوەندیەکانیان گەل ڕێکدەخەن. بە پێچەوانەکەی کوردی ئازاد کە ناسنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی نوێیە، ئەو زهنییەتەی هەڵوەشاند و بە پێداگری و ئیرادەی پۆلایینەوە لەبەرامبەر جانەوەری دڕندەی ناتۆ، تێکۆشان دەکات. لەهەنگاوی یەکەمدا بۆ پووچەڵ کردنەوە و بێ کاریگەری تەکنۆلۆژی دەوڵەتی لەناو هەوڵێکی بێ وچان دایە. زیاتر لەدوو سەدەیە گەلی کورد لەناو سارساڕۆکی کۆمەڵکوژی لەلایەن هێزە هەژمۆنگەراکانەوە دەسووڕێنرێتەوە، بەڵام هێشتا نەتەوەیەک لەسەر ناوی کورد بوونی هەیەو پاکتاو نەکراوە. بۆیە لەم نیو سەدەدا گەلی کورد لەبەرامبەر بازنەی داگیرکاری، خۆی بەڕێکخستن و سەرجەم دەرفەتەکانی ژیانی نووژەن کردووە.

لەسەدەی ٢١دا گەلی کورد خاوەن هێزێکی گەورەو ڕێکخستن کراوە. لەرابردوو تا بە ئەمڕۆ هیچ داگیرکەرێک نەیتوانیوە کوردان بێخ بڕ بکات. بۆیە ئەو هێزە دیمۆکراتیکەی کورد دەوڵەتانی جیهانی تووشی حەپەسان و سەرسووڕمان کردووە کە هاوپەیمانی و بازنەی جیهانی داگیرکارییان درووست کردووە. گەلی کورد لەهەر قوژبنێکی جیهان بڵاوەی کردووە. ئیمپریالیزم چۆن خۆی لەئاستی جیهان بە ڕێگای ئامووڕەکانیەوە پەلی هاوێشتووە، گەلی ئازادیخوازی کوردیش بە ڕێگای تێکۆشانی دیمۆکراتیکی لەئاستی جیهان ڕێکخستن بوونی خۆی بڵاوە پێکردوە. پەکەکە ئەمڕۆ لەپانتایی جیهاندا خەباتێکی پان و بەرینی هەیە، بۆیە هەرگیز گەلی کورد و پەکەکە پاکتاو ناکرێن. هێزە داگیرکەرەکان دەیانەوێت بە داگیرکاری جیهان فەتح و سوپای کۆیلەتی ساز بکەن. بە پێچەوانەوە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد دەیهەوێت جیهان ڕزگار بکات و مرۆڤی ئازاد و خاوەن ئیرادە بخۆڵقێنێت.

## سێ ڕەهەندی ئیستراتیژی شەڕی تایبەت

١ ـ شەڕ لەدەرەوەی سیستەم و ڕژێم
٢ ـ تەڤگەری کودەتا یان ئیستقرار
٣ ـ شەڕی دەروونی یان سایکۆلۆژی

## شەڕ لەدەرەوەی سیستەم و ڕژێم

بۆ یەکەمین جار دەستەواژەی شەڕی دەروونی یان سایکۆلۆژی لەساڵی ١٩٢٠ی زایینی لەلایەن کەسێکی ئیتالییەوە بە ناوی فۆلێری ئینگلیزی کە کارناسی شەڕە بەکار دەبرێت. بەڵام لەساڵی ١٩٤٠ی زایینی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە بناخەی ئیستراتیژی شەڕی تایبەت و ژمارەیەک لەدەزگای شەڕی تایبەت لەدرێژایی شەڕی جیهانی دووهەم بۆ ئەنجام وەرگرتن لەهێرشی دەروونی و پڕۆپاگاندە، دوو ڕێکخراو بە ناوەکانی بیرۆی زانیاریەکانی شەڕ و دەفتەری ئیستراتیژی خزمەتگوزاریەکان دادەمەزرێنێت. دەوڵەتی ئەمریکا دەیەوێت بە شەڕی تایبەتی سەر کۆمەڵگاکەی، کۆمەڵگای ئەمریکا وەک مۆدێلێک بە سەر جیهاندا بسەپێنێت. ئەمریکییەکان سەرتاسەری جیهان بە سێ ڕەنگ وەک؛ سپی (ئەمریکییەکان)، زەرد (نە لەگەڵ ئەمریکا و نە لەگەڵ بەرەی سۆسیالیزمدا)، سوور (سۆسیالیستەکانی نەیاری ئەمریکا) پێناسە دەکەن. لەدەیەی ٦٠ی زاینی قەڕنی بیستەمدا، یەکەمین ناوەندی شەڕی تایبەت لەئەمریکا دامەزراون کە ناوەندە سەرەتاکەیان فلوریدا بووە. دوابەدوای ئەوە لەلایەن ئەمریکاوە ژمارەیەک لەدامودەزگای پسپۆر ئاوا دەکرێن کە تایبەت لەسەر نەتەوە، وڵات و کوردستان لێکۆڵێنەوە بکەن و بە پێ لێکۆڵینەوەکانیان میتۆدی شەڕ لەناوچەکە و کوردستان پێشدەخەن.

دوای شەڕی دووەمی جیهانی، شەڕی دەرەوەی سیستەم، کە ئیفادەی کۆنترا گەریلا دەکات بە شێوەی ئاشکراو و نهێنی سەرهەڵدەدات. ئەم شەڕە زۆربەی لەدژ گەریلا بە کار دەبرێت. بەپشتگیری ئەمریکا لەئیتالیا گلادیۆ، لەفەڕانسا گوڵلاسوور، لەتورکیا سەرەتا (سەفەربەری دامەزراندنی تاکتیک، بازنەی شەڕی تایبەت و دواتریش ئەرگەنەکۆن) دامەزرراوە. بە تایبەت لەبەرامبەر تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکان کۆنترا گەریلا کە بەدەل و مارکی ساختەیە دروست دەبێت. ڕۆڵی ئەو تەڤگەرە ساختانە ئەوەیە کە دەبێت بە بەرگی تاریکی، حەقیقەتی گەریلا داپۆشن. واتا دەبێت ڕاستی بکەنە غەڵەتی و غەڵەتیش بکەنە ڕاستی. کۆنترا گەریلا لەتۆرکیا و باکووری کوردستان بە تایبەت لەدژی تەڤگەری ئاپۆیی بە ڕێکخستن دەکرێت تا حەقیقەتی تەڤگەری ئاپۆیی لەکۆمەڵگا پەردەپۆش و لەبار بەرێت.

کۆنترا گەریلا لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە چەپەڵەکانی بە میتۆدی مەشق، راهێنان و پەروەردە لەسەر ژیان و رێبازی گەریلا قووڵ دەبێت و لەخولی پەروەردەی فکری و لەشکەری دا تێپەڕ دەبێت. لەسەر ژیان و رامانی تەڤگەر خۆیان پسپۆر و شارەزا دەکەن. تا لە کاتی چوونیان بۆ ناوچەیەک بە کردەوە ناشایستەکانیان، دابڕان و مەودا لەنێوان گەریلا و گەل دروست بکەن و گەریلا لەبەرچاوی گەل رەش و سەرکۆنە بکەن، تا نێوان گەل و گەریلا پەیوەندی تۆند و تۆڵ دروست نەبێت. کۆنترا گەریلا لەپێناو مەرامە چەپەڵەکانی سەردانی زۆر شوێنیان کردووەو مرۆڤیان قۆڵبەست و ئەشکەنجە کردووە و باجیان لەخەڵک سەندووە و دەستدرێژی یان کردووەتە سەر ژن و کچی کوردان.

ئەو گرووپە چەتانە بە جل و بەرگی گەریلا حەقیقەتی خۆیان دادەپۆشن و لەسەر ناوی گەریلا دەگەڕێن و قسە دەکەن و بانگەشەی گەریلابوون دەکەن تا بۆغز و نەحلەت لەبەرامبەر گەریلا دروست بکەن. بۆ ئەوەی تەڤگەری کۆنترا گەریلا پووچەڵ بکرێت، پێویستی بە تەشەدانی قوراڵ، دیسپلین و کولتووری رێکخستنی و شۆڕشگێڕی هەیە. چون تەنیا کولتووری شۆڕشگێڕییە دەتوانێت تەڤگەری کۆنترا گەریلا پووچەڵ بکات. ئۆسلووب، هەیەجان و باوەڕی شۆڕشگێڕییە دەتوانێت کۆنترا گەریلا لەکوردستان بێ کاریگەر بکات. ئەگەر وا نەبێت مرۆڤ ناتوانێ راستی و ناڕاستی لەیەک جیا بکاتەوەو تەڕ و وشک لەناو یەکدا دەسووتێن.

کۆنترا گەریلا لەتورکیا و لەکوردستان لەسەر ناوی گەریلا ئەوەندە مرۆڤیان تیرۆر کردووە. تەنانەت لەئاستی وەزیری نێوان دەوڵەتەکان لەلایەن ئەو هێزانە تیرۆر دەکرێت و دواتر دەیخەنە سەر پەکەکە. ئۆلف پالمە یەک لەو تیرۆرانەیە کە ویستیان لەسەر پەکەکە ساقی بکەنەوە. گۆشارێکی زۆریان خستە سەر پەکەکە و پەکەکەی پێ تۆمەتبارا کرا تا گۆشاری نێودەوڵەتی لەسەر پەکەکە دروست بێت و لەژێر مۆرکی تیرۆر هاوپەیمانی لەدژی پەکەکە پێک بێنن.

## تەڤگەری ئیستقرار یا کوودەتا

تەڤگەری ئیستقرار یا کوودەتا وەک خاڵێکی تری ئیستراتیژی شەڕی تایبەتە. لەمێژووی دەسەڵاتداریدا گەلێک کودەتا روویانداوە. هەر سیستەم دەسەڵاتێکی دامەزراندووەو کۆمەڵگا لەسەر بنەمای داگیرکار و داگیرکراو پۆلێن بەندی کراوە. لەتورکیا و ئێران کۆمەڵگا لەسەر بنەمای سەردەستی و ژێردەستی دامەزراوە. هێزی سەردەست هەمیشە ویستوویەتی سیستەم یان دەسەڵات بە پێ بەرژەوەندی خۆی دارێژێت. دەوڵەتی

فاشیستی تورکیا نەیتوانیوە بگاتە ئامانجەکانی، بۆیە هێزی دەرەوە دەکاتە پشتوانەی خۆی و لەرێگای ئەمریکا و رووسیا، یان بلووکی دەرەوە دەسەڵاتی خۆی بە سەر گەلاندا دەسەپێنێت. دەسەڵاتی تورکیا ئەگەر ماوەیەک لەژێر کۆنترۆڵی هێزە هەژمۆنگەراکان دەربکەویێت، پشتگیری خۆیان بۆ ئەو دەسەڵاتە کێشاوەتەوەو پاڵپشتی هێزی دژبەریان کردووە.

لەمێژوو شاهیدی گەلێک کودەتا لەنێو دەوڵەتەکانین. ئەمریکا لەرێگای هێنانەبەرباسی کۆمەڵگای کراوەوە ویستویەتی داخوازی و سیاسەتەکانی بە سەر دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی تردا بسەپێنێت. هەڵبەت تیۆری کۆمەڵگای کراوە پێشتر کارل پووپەر دایڕشتووە، بەڵام لەچوارچێوەی بە کارهێنانی شەڕی تایبەت لەلایەن جورج سورسەوە تئوریزە کراوە. ئەمریکا بۆ یەکەمین جار ئەو پڕۆژەیە لەوڵاتی ئۆکراین بۆ درووست کردنی ژیانێکی لیبراڵی سەر بە بەرەی کاپیتالیست تاقی کردوەتەوە. بە هەڵڕشتنی پارە، هاوڵاتیانی ناڕازی ناچار کردووە کە برژنە سەر شەقام، دواتر نارەزایەتیەکانی خەڵکیان کاناڵیزەی پیلانەکانی خۆیان کردووە تا شۆڕشی گوڵ پێکدێت. نموونەی بەرچاوی تری ئەو پرۆژە لەدژی موسەدیق پێکهاتووە کە نزیکەی ١٠ میلیۆن دۆلار بۆ ئەمریکا خەرجی بووە. ئەمریکییەکان کەسانی ناڕازی یان بە کرێگیراویان دەستبەسەر کردووەو لەناوەندەکانی شەڕی تایبەتی فلوریدا لەسەر رەوشەکانی شەڕی تایبەت پەروەردەیان کردوون. هەمان کەسی پەروەردە کراو لەدەیەی ٦٠ – ٨٠ی قەرنی بیستدا رۆڵی بەرچاویان لەکوودەتاکاندا هەبووە. بە تایبەت ئەمریکا بە رێگەی دەستێوەردانی مۆرەکانیەوە کودەتای لەوڵاتانی (برازیل، ئارژانتین، شیلی، پاکستان، تورکیا، ئورۆگۆئە، یۆنان و ئێران) ئەنجام داوە. ئەمریکا بە سیاسەتی پەرتگە و زاڵ بە، مامەڵەی لەگەل گەلانی رۆژهەڵاتی ناویندا کردووە. وتەی ناوداری ئینگلیزەکان؛ (ئەگەر سەگت لەوڵاتێکدا هەبێ، پێویست ناکات بۆ خۆت لەوێ پاس بکەی)، واتا مۆرە و بە کرێگیراوت لەوڵاتێکدا هەبێ، پێویستی نییە کە خۆت بکەویتە دەورەوە، لەسەر گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین ئەو چەمک و رێبازە تاقی دەکەنەوە.

لەئێران لەقۆناخی جیاجیادا کودەتا پێکهاتووە. لەساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لەبەرامبەر دکتۆر مۆسەدیق کودەتا پێکدێت. لەو سەردەمەدا مۆسەدیق نەوت بە میللی دەکات و دەیەوێت کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە لەنێو کۆمەڵگا ئەنجام بدات، بەڵام لەلایەن هێزە دەرەکیەکانەوە یارمەتی نادرێت و بە پێچەوانەوە سەرجەم پاڵپشتی یەکانیان رادەگرن و هاوکاری رژێمی دیکتاتۆری رەزا شاە دەکەن تا مۆسەدیق لەئەرک دوور بخەن. دواتر رژێمێک دەخەنە سەر دەسەڵات کە خزمەتی رووس یان ئەمریکایەکان بکات. لەسەردەمی مەشرووتەدا بە هەمان شێوە رەزاشا دەخەنە سەر دەسەڵات کە بەرژەوەندی ئیمپریالیزم دەپارێزێت.

ئامانج لەسەرهەڵدانی کودەتا چییە؟ هێزێک دێتە سەر دەسەڵات زهنییەتی فاشیستییەو لەیەکەمین هەنگاودا هێزی شۆڕشگێڕ لەریشە دەردێنێت. لەتورکیا دەبینین کە دەنیز گەزمیش و ماهیر چایان و هەڤاڵانی لەساڵی ١٩٧٢ی زایینی دەرئەنجامی کودەتایەک دەستگیر دەکرێن. هەڵبەت ئەو کودەتا بە پشتگیری هێزی دەرەوە ئەنجام دەدرێت، چۆن دەیانەوێت لەرۆژهەڵاتی ناوین بنچینەی سۆسیالیزم ریشە کێش بکەن. هەمان زهنییەت لە دوای ساڵی ١٩٨٠ی زایینی لەبەرامبەر تەڤگەری ئاپۆیی روودەدات. لەدوای هەر کودەتایەک سیستەمێکی نوێ دێتە سەر دەسەڵات کە دیسان دژی کورد و تەڤگەری ئازادیخوازییە. کودەتا دەرفەتی ئازادی و دیمۆکراسی لەناو کۆمەڵگا لەبار دەبات.

لە ٢٠١٤ی زایینی بە دواوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ماتەوزەی بەهاری گەلان زنجیرە دەسەڵاتە یەک لەدوا یەکەکانیان رووخاند، بەڵام دواتر لەهەر یەک لەو وڵاتانەدا هیچ چارەسەرییەکی دیمۆکراتیک دەستەبەر نەبوو، لەحاڵێکدا دەسەڵاتێکی تریان هێنایە سەر حۆکم کە لەدەسەڵاتی رابردوو مەترسیدارتر و دڕندەترە. سەدام نموونەیەکی بەرچاوە کە وەک پڕۆژەی هێزە هەژمۆنگەرا جیهانیەکان درووست کرا و تا سەردەمێک پاراستنی بەرژەوەندی ئەو هێزانەی دەکرد و لەلای ئەو هێزانەوە بە چەکی قەدەغەکراو پڕچەک دەکرا. بەڵام کاتێک لەکۆنترۆڵی ئەو هێزانە لایدا، لەژێر مۆرکی کردەوەی دژە مرۆیی دەستگیر و لەسێدارە درا. دوای رووخانی رژێمی بەعس هێزێکی تر دێتە سەر دەسەڵات کە لەبواری زهنییەوە هیچ جیاوازی لەگەڵ سەدام نییە.

بەردەوامی هەمان سیاسەت لە ساڵی ٢٠١٦ی زایینی لەلایەن ئاکەپەو مەهەپە لەتورکیا کودەتایەک پێکهات. ئەو کودەتا بۆچی پێکهات؟ ئەردۆغان بۆ خۆی کودەتای لەناو وڵات ئەنجام دا. لەژێر ناوی لەناوبردنی هێزی چەپ و ئازادیخواز و تەڤگەری ئاپۆیی و جەماعەتی گۆلەنیەکان، فاشیزم لەتورکیا چەکەرەی دەرکرد. لەسەرەتا کۆمەڵگای ئاراستەکراو وا تێدەگات کە کودەتا ئازادی و دیمۆکراسی لەکۆمەڵگا دەستەبەر دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە وەکوو چەکێکی شەڕی تایبەت لەدژی کۆمەڵگا بەکار دێت.

## شەڕی دەروونی و سایکۆلۆژی

شەڕی دەروونی پشتی شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەم وەک ئیستراتیژی شەڕی تایبەت گرنگی زۆری پێدراوە. لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی ئەمریکا ژمارەیەکی زۆر تەلەڤیزیۆن، رادیۆ، رۆژنامە، گۆڤار و کتێب بە زمانی عەرەبی، فارسی، تورکی و ئینگیلیزی لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین دادەمەزرێنێت. ئەو هەنگاوەش نە بەئامانجی خزمەت بە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین دامەزرێندراون. بەڵکوو دەیەوێت بە رێگای ئامووری میدیایی رۆژهەڵاتی ناوین فەتح بکات و کولتووری داگیرکاری لەنێو کۆمەڵگاکاندا داچەقێنێت.

ئەمریکا و ئەورووپا بەو ڕێگایەوە دەیانەوێت مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕوو لەکولتووری سەرمایەداری بکەن و ئەویندای ئەو سیستەم بن. ئەو لۆژیک وای کردووە کە بەشێک لەپێکهاتەکانی کۆمەڵگا لەسەر ناوی ترامپ، بۆش و ئۆباما سوێند بخۆن. ئەوەش دەرئەنجامی ئەو لۆژیکەیە کە ئەمریکا لەزهنی مرۆڤەکان خۆی زەبەلاح و گەورە وێنا کردووە. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دوای شەڕی جیهانی دووهەم دژ بە کۆمەڵگا شەڕی سایکۆلۆژی و دەروونییان بە خەستی پەیڕەو کردووە.

کاتێک باس لەشەڕی ڕەوانی دەکەین مەبەست هەمان شەڕی سپی، میدیایی و تایبەتە. زۆر کەس و لایەن شەڕی ڕەوانی بە جێگای شەڕی تایبەت بە کار دەبەن. بەڵام تەڤگەری ئاپۆیی وەک شەڕی تایبەت بە ناوی دەکات.

شەڕی دەروونی، بەشێکی سەرەکی ئیستراتیژی شەڕی تایبەتە کە لەلایەن ناوەندەکانی شەڕی تایبەت برەوپێدەدرێت. لەشەڕەکاندا بۆ ئەوەی هێزێک، کاریگەری لەسەر تین و تاوی دڵ و دەروونی لایەنی بەرامبەر دابنێت لەهونەری شەڕ کەڵک وەردەگرێت. لەسەردەمانی کۆندا هێزێک نەیتوانیوە قەڵایەکی دژبەری خۆی فەتح بکات، بۆ درزخستنە ناو بەرخۆدانی قەڵا، بە پیلانی شەڕ، هەوڵی داوە کە ورە و باوەڕی لایەنی بەرامبەر تێکبشکێنێت. بۆ نموونە لەفەنی شەڕدا لەبەرامبەر هێزی دژبەریان، کەڵکیان لەحەیوان وەرگرتووە. واتا بۆ تێکدان و شێواندنی ورەی دەروونی سەربازانی بەرامبەر خۆ، سەر شاخی بە سەدان مانگا ئاگر، هەڵدەکەن و بەرەو روویان خلۆر و بەرەڵایان دەکەن. تا ترس و دڵەڕاوکێ لەناو سەربازان بنێنەوە و توانای شەڕکردن و پاراستن لەدەست بدەن. دەوڵەمەندی تاکتیکی شەڕ بۆ ئەوەیە تا ورەو باوەڕی لایەنی بەرامبەر تێکبشکێت، دوای تێکشکاندنی ورە و باوەڕی، درگا بۆ تاکتیکەکانی تر ئاوەڵا دەبێت. لێزانترین فەرماندەی شەڕ ئەو فەرماندەیە کە بە تاکتیکی بەهێزی شەڕ، گەورەترین گورز لەبەرامبەری خۆی بوەشێنت.

بۆ بەرچاو ڕوونی بابەتەکە لەپەڕاوی مێژوودا، ئاوڕێک لەچەند وێنەی شەڕ دەدەم. بۆ وێنە لەشەڕی (سەفەین) دا کار دەگاتە ئەو شوێنەی کە مەرگ لەیەک قەدەمی مەعاویە نزیک ببێتەوە. عەمروعاس تاکتیکێکی فریودەرانە بە مەعاویە پێشنیاز دەکات، تا سەرجەم سوپاکەی قورئان بخەنە سەر نێزەکانیان و بە تەکبیر گوتن داوای بەرقەراری ئاشتی و ڕاگرتنی شەڕ بکەن. سوپای موسلمانان لەمەڕ بەرزکردنەوەی قورئان لەلایەن دوژمنەکەیانەوە بە ڕێزداری نزیک دەبن و بەو تاکتیکەی مەعاویە هەڵدەخڵەتن و داوەکە قەبووڵ دەکەن و مەعاویە لەکوشتن قوتاری دەبێت.

لەفەتحی ئەندەلۆسدا، تارق بن زیاد یەکێک لەفەرماندە بەهێزەکانی سوپای ئیسلام بووە، بە هێزی مەعنەوی سوپای موسلمانان لەبەرامبەر سوپایەکی چەند بەرامبەر سوپاکەی سەربخات. کاتێک لەپێدەشتەکانی دەورەبەری ئەندەلۆس موسلمانان خێمەیان هەڵداوە،

ئاگادار دەبن کە ژمارەی سوپاکەی لەژمارەی سوپای ئیسپانیەکان زۆر کەمترە. بەڵام بە دەستپێشخەری و ئافرێنەری بێ وێنەی، فەرمان دەردەکات تا سەرجەم ئەو گەمیانەی کە موسلمانانی هێناوەتە ئیسپانیا، غەرقی ناو دەریای بکەن. دواتر بەرەو رووی سوپاکەی قسە دەکات و دەڵێت: «ئەی سەربازە موسلمانەکان دوژمن لەبەرامبەرتانە و دەریاش لەپشت سەرتانەوەیە. بە خوا قەسەم کە هیچ چارەیەکتان نییە، جیا لەوەی کە یان بمرن یان سەرکەون». بەو خیتاب و بانگەشەیە رۆح بە بەر سەربازانی سوپاکەی دەکات و سوپای موسلمانان هان دەددات تا سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن.

لەشەڕی مەدەیەن لەساڵی ١٢٤٥ی پێش زایین شێوەیەکی تر لەشەڕی تایبەت بەرچاو بووە. جەدعوونی ئیسرائیلی بە سازوتەیارکردنی سوپاکەی بە مەشخەڵێک و شەیپوورێک، دۆخێک بەرپا دەکەن کە لایەنی بەرامبەریان وا هەست دەکەن زیاتر لە٣٠ی هەزار کەس هوژووم دەکەنە سەریان. بەو تاکتیکە دەوروبەری ئوردوگای بەرامبەریان رۆشن دەکەن و سەربازەکانی جەدعوون بە تەواوی هێزیانەوە شەیپووریان لێداوە، تا حەشیمەتی مەدەیەن لەخەو رادەچڵەکن و لەبەر سام و ترس و ون کردنی دەست و پێیان دەکەونە گیانی یەکترەوە.

لەشەڕی ئەحۆد حەزرەتی محەمەد لەگەڵ سوپاکەی لەشاخی ئەحۆد چەپەر دەگرن. ئەو تیرهاوێژانەی کە بەرپرسیاری پاراستنی تەپەی سەر مەیدانی شەڕەکە بوون، چەپەرەکانیان چۆڵ دەکەن و بۆ کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی شەڕ بەشداری هێزە شەڕکەرەکە دەبن. سوپای مەکە لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرن و موسلمانان دەورپێچ دەکەن و دواتر دەنگۆی کوشتنی پێغەمبەر ناو سوپای موسلمانان بڵاو دەکەنەوە. بەو دەنگۆیە سوپای موسلمانان دەشڵەژن و چۆکیان دەشکێت و ئەوە دەبێتە هۆکاری تێکشکانی سوپای موسلمانان. تایبەت لەو شەڕەدا هند هاوژینی ئەبوسوفیان تەرمی هەمزە مامی پێغەمبەر پارچەپارچە دەکات.

چەنگیزخانی مەغول لەچەند خاڵی بنەڕەتی تاکتیکەکانی شەڕی روانی بە کار هێناوە؛

١ — لەرادەبەدەر کەڵکی لەهێزە توندئاژۆکان وەرگرتووە.

٢ — بە باشی کەڵکی لەسیخوڕەکان و کۆکردنەوەی زانیاری وەرگرتووە.

٣ — تاکتیکی شەڕ دادەڕێژێت کە نیوەی جیهان سەرقاڵی شەڕ دەکات.

٤ — رێبازەکانی پڕۆپاگاندەی لەسەرجەم بوار و شیوەکاندا بە کار بردووە.

شەڕی دەروونی، شەڕێکە لەسەر هەست، ورە، رۆح و رەوانی مرۆڤ پەیڕەو دەکرێت. لەرابردوو شەڕێک لەئارادا بووە، کە داگیرکردنی خاک و ئیرادەی مرۆڤی بە ئامانج گرتووە. جەستەی تاکی کۆیلە بە پاشا و میرەوە دالەقاوە، بەڵام رۆح و رەوانی بە تەواوی داگیرنەکراوە، بەڵکوو لەقازانجی دەسەڵات بڵاو کراوە، تا خزمەتی زیاتری پاشاکەی بکات.

لەسەردەمی کۆیلەدارییدا، سپارتاکۆس نموونەیەک لەو کەسانەیە کە بە هەموو هێز و توانایەوە لەدژی زۆڵم و زۆرداری ئیمپراتوری رۆم رادەپەڕێت و پێشەوای راپەڕینی کۆیلەکان لەبەرامبەر ئیمپراتۆری رۆمەکان لەئەستۆ دەگرێت.

کاریگەری شەڕی دەروونی لەسەر تاک و کۆمەڵگا لەئەمڕۆدا، گەهێشتووەتە ئەو ئاستەی کە رۆح و رەوانی مرۆڤ تێکدەدات. هاوشێوەی کۆمپیوتەرێک هاردەکەی دەردەخەن و هاردی تر بەجێگای دادەنێن. مێشکی مرۆڤ دەردەخەن و مێشکێکیتری لەسەر بار دەکەن. تاکێک لەئاییینی خۆی بە لاڕێدا دەبەن و هانی ئاینێکی تری دەدەن. زمانی زگماکی لەهۆشی مرۆڤ دەبەن و زمانی تر لەسەر دادەنێن.

شەڕێک کە ئێستا لەئارادایە، مرۆڤ دەکاتە ربۆت و مرۆڤ لەمرۆڤ بوون و گەوهەری خۆی بە لاڕێدا دەبات. واتا شەڕێکە کە مرۆڤ دەکاتە گورکی مرۆڤ. لەکاتێکدا جەختمان لەسەر ئەوە کرد کە مرۆڤ بە هێزی کۆمەڵگابوون مرۆڤە. ئەگەر تاکێک لەکۆمەڵگا داببڕدرێت، لەمرۆڤ بوونی خۆی دەردەچێت. بۆیە شەڕی تایبەت ئەو شەڕەیە کە شیرازەی کۆمەڵگا تێکدەدا و مرۆڤ لەحەقیقەتی خۆی نامۆ و بێگانە دەکات.

مرۆڤ خاوەن ئەقڵی شیکاری و سۆزدارییە. بەڵام شەڕی تایبەت لەئەمڕۆدا هەست و سۆزی مرۆڤەکان سڕ و لەناو دەبات. ئەو هەموو کردەوە قەباحەت و ناشیاوەی لەبەرامبەر کۆمەڵگا پەیڕەو دەکرێت، کاردانەوەی کۆمەڵگا لەبەرامبەریان دەرناکەوێت، چۆن مرۆڤ بە ربۆت و زهن و ویژدانی فەتح کراوە. لەسەردەمی ئیسلامدا خاک فەتح دەکرا و قەڵەمڕەو دەسەڵاتیان پان و بەرین دەبوو. بەڵام لەسەردەمی سەرمایەدارییدا، زهن و ویژدان بە تەواوی فەتح کراوە کە چیت دەوێ، تێدا بچێنە. واتا ئەو مرۆڤ گرێدراوی تۆیەو چیت دەوێت بەسەری بێنە.

**ئەو فاکتەرانەی کە لەسەرکەوتنی جەنگی رەوانی کاریگەری بەهێزیان هەیە بریتین لە؛**

١– فاکتەری زهنی کە پاڵنەری تاک و لە سەرمەیلی دەروونی تاک بە کاریگەرە.٢ – فاکتەری دەوروبەر – سرووشت کە لەسەر جیاوازی روانگەو بڕوا، ئایین، قەوم، نەژاد و چینایەتی بەکاریگەرە.

## ئامانجەکانی شەڕی دەروونی

شەڕی دەرونی لەسەر زهن، رۆح و هزری مرۆڤ کار دەکات، بۆیە سێ ئامانجی سەرەکی شەڕی دەروونی بریتییە لە؛

١ ـ دروست کردنی شک و گۆمان و دوودڵی لەمێشکی مرۆڤدا و تێکشکاندنی ورەو باوەڕییە.

٢ – راکێشانی کەسانی بێلایەن بۆ ناو تەڤگەری شەڕی تایبەت. واتا بە شەڕی دەروونی کەشێکی وا دروست دەبێت کە کەسانی بێلایەنی ناو کۆمەڵگا، پەلکێشی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بکەن.

٣ ـ خراو کردنی موراڵی بەرامبەری خۆ و موراڵیزەکردنی لایەنگرانی خۆ، لەسەر بنەمای پووچ.

بە پێ ئامانجەکانی شەڕی دەروونی، ئایا هەر قسەو قسەلۆکێک دەتوانێت لەمێشکی تاکدا شک و گومان و دوودڵی دروست بکات یان نا؟ زۆر جار گۆتەگۆتی ئەوە بڵاو دەکرێتەوە کە فلان هەڤاڵ شەهید بووە، یان بریندار و گیراوە. ئەگەر خوێندەوەیەکی زانستیانەمان لەسەر شەڕی تایبەت نەبێت، راستەوخۆ کاریگەری لەسەر رۆح و هزرمان دەبێت. ئەو جۆرە دەنگۆیانە دوودڵی لەناو زهندا درووست دەکات و بە سەرقاڵکردن، تاک لەرۆژەڤی شۆڕش و رێکخستن کردنی کۆمەڵگا بە لاڕێدا دەبات. بۆیە دەبێت راستەوخۆ متمانە بە هەر قسەو قسەلۆکێک نەکرێت و بە لێکۆڵینەوە و شیکاری قەناعەت لەتاکدا پێکبێت.

تۆڕەکانی دەسەڵات بە چ رێکارگەلێک، شک و گومان لەناو بنەماڵەی شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێزان درووست دەکەن؟ مۆرەکانی دەسەڵات لەهەنگاوی یەکەمدا سەردانی ماڵبات دەکەن و دەنگۆی گرتن، برینداربوون و شەهید بوونی رۆڵەکەیان پێ رادەگەیەنن. بەو هەواڵە ناڕاستە، شک و گۆمان و دڵەڕاوکێ لەلای ماڵبات درووست دەکەن. لەکاتێکدا کەسی بە ئامانج کراو، لەتیڤییەوە دەرکەوتبێت و بنەماڵەش ئاگاداری دۆخی رۆڵەکەشیان بن، دەیانخەنە ناو شک و گۆمانەوە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە بڵاو کردنەوەی گوتە گوتێک لەکۆمەڵگا، ئاژاوە و دووبەرەکی دەنێنەوە. لەسەر ماڵباتەکان شەڕێکی دەروونی بەڕێوە دەبەن کە ئەو هەموو گەریلا شەهید بوون و رۆژانەش شەهید دەدرێت، بۆیە ئیدی شۆڕش و تێکۆشان سەرناکەوێت. بەو دەنگۆیانە باوەڕی و ئیرادەی تاک و کۆمەڵگا دەشکێنن. واتا درگا بۆ خۆبەدەستەوەدانی کۆمەڵگا و تێکشکاندنی بەرخۆدان خۆش دەکەن. تا هێڵی نەتەوەی دیمۆکراتیک لەبەرامبەر دەوڵەت ـ نەتەوە، دەست لەخۆڕاگری بەربدات و بە ئەوینەوە بگەڕێتەوە ئامێزی دەوڵەت.

میدیا بە بڵاو کردنەوەی شانۆنامەکان، شک و گۆمان و دوودڵی لەزهنی مرۆڤ درووست دەکەن. لەدەریای حەقیقەتدا، مرۆڤ تووشی دوودڵی و بێ باوەڕی دەکەن. مرۆڤی متافیزیکی لەدەرەوەی ژینگەی سرووشتی خۆی رادەهێنن. کە بە شێوەیەکی رەها باوەڕی بە ئایینی تاک خودایی هەیە، کە هەمیشە مەلائیکە و شەیتان لەسەر شانی مرۆڤ لەنگەری داکوتاوە. واتا دوانەپەرەستی حەقیقەت و درۆ لەزهن دەگرسێنن. بەشیکی مێشکی مرۆڤ هان دەدەن کە کارێک ئەنجام بدات و بەشێکی تریش هانی نەکردن دەدەن. لایەکی زهن دەڵێ برۆ، لای تریش دەڵێ نەڕۆ. لایەک دەڵێ راستە، لای تریش دەڵی چەوتە.

زهنی مرۆڤ پێگەی تەڤگەری دیمۆکراسییە. بەس ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، چەپەرێکیتری لەناودا هەڵدەکۆڵن. بەرەی سەرنەوی کردن و تێکشکاندنی ئیرادەی تێدا

دەگرسێنن. کەسایەتییەک دەئافرێنن کە با لەکوێیەوە بێت، شەن دەکات. هێز لەکوێ بێ، پەنای بۆ دەبات. لەبەر ئەوەی تاکەکان لەبواری کەسایەتییەوە بە ئەزموون و پێنەگەیشتوون و لەبواری مێژوو، فەلسەفە و زانستی کۆمەڵایەتییەوە قووڵ نەبوون و لەکۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیکدا ژیانیان بە سەر نەبردووە، درگای زهنیان بۆ ئەو هێرش و پەلامارانە کراوەیە و زۆر بە خێرایی دەکەونە ژێر کاریگەری پرۆپاگاندەی مەدیاکانی شەڕی تایبەت.

## راکێشان و قازانج کردنی کەسانی بێلایەن بۆ ناو سیستەم یا تەڤگەری شەڕی تایبەت

شەڕی دەروونی بە ئامانجی ئەوەی کە کەسانی بێلایەن لەناو کۆمەڵگا رابکێشنە ناو سیستەمی شەڕی تایبەت بێ وچان کار دەکات. کۆمەڵگا لەبنەڕەتدا رەوتێکی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام سیستەمی شەڕی تایبەت بە بونیادنانی دەزگا سەرکوت و داپڵۆسێنەرەکان، رەوتی سرووشتی کۆمەڵگا دەگۆڕن. لەئێران لەساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، شۆڕشی گەلان بەرپا کرا. لەو شۆڕشەدا سەرجەم گەلانی ناوخۆی ئێران، لایەنگری ئازادی و دیمۆکراسی بوون. شۆڕشەکە بە دەستپێشخەری گەلان پێکهات. بەڵام دواتر لەلایەن مۆرە و تۆڕەکانی دەسەڵات بە دەستپێشخەری مەلاکان، شۆڕشی گەلان لەژێر پەردەی ئیسلام قۆرخ دەکرێت. دواتر بە خوڕی، شەپۆلی گرتن، کوشتن، ئەشکەنجە و لەسێدارەدان، رەنج و میراتی تێکۆشانی گەلانی ئازادیخواز زەوت و بە لاڕێدا برا. هاوکات هێرشی پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژی هێز و لایەنە دژبەرەکانی رژێم دەستی پێکرا.

لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران، سەرجەم پێکهاتەکان لەناو کێبڕکێدابوون، تا لەناو سیستەمی داهاتووی ئێران جێ بگرن و خاوەن رۆڵ بن. پێکهاتەیەک داوای کۆماری دیمۆکراتیک و پێکهاتەیەکیش داوای خودموختاری لەکوردستان، ئازەربایجان، سیستان و بەلووچستان و ئەحواز دەکەن کە ئیرادەی گەوهەری گەلانی تێدا مسۆگەر بکرێت. سەرجەم پێکهاتەکانی گەلان لەئێران لەسەردەمی شۆڕشدا، لەگەڵ خومەینی ناو پەیوەندی و دانوستاندا بوون، تا پشکیان لەبەرێوەبردنی سیستەمی نوێ کۆمەڵگا هەبێت. بەڵام رژێمی نوێ مەلاکان، پیلانی شەڕی تایبەت، دژ بە گەلان بەکار دەبەن. بە پێشەنگایەتی مەلاکان، هاوپەیمانییەک لەهێزە چەپگەرا، میانەڕەو ئیسلامیەکان لەدژی شا پێکدێنن. بەس دوای سەرکەوتنی شۆڕش، رژێمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، ئەو هێز و کۆمەڵگایانەی تەسلیم و ناکەونە ناو بازنەی کۆماری داگیرکاری ئیسلامی ئێران، لەژێر ناوی خوانەناسین، بڕوامەند بە فرەخودایی، هەڵگەڕاوە و لادەر و کۆمەڵێک تۆمەتیتر، هەوڵی سەرکوت و چەوسانەوەی داون.

داخوازی گەلانی ئێران لەو سەردەمەدا لەناو یاسای بنەڕەتی رژێم جێگای پێ نادرێت. بۆیە پێکهاتەی زۆری گەلان لەناو سیستەمی نادێمۆکراتیکدا دەبنە بێلایەن و تەنانەت دژبەری رژێم. ناوەندی شەڕی تایبەتی ئێران لەلایەن خومەینییەوە ژمارەیەکی زۆر تەڤگەر

وەک بزاڤی دەسکورتەکان، خەباتی ئاوەدانکردنەوە، کشتوکاڵ، بەسیج و بە سەدان ناوەند دادەمەزرێنێت. بەو ناوەندانە رژێم دەیهەوێت کۆمەڵگا لەژێر کۆنترۆڵ خۆیدا رابگرێت. بەس بە پێی گشتپرسی دوای شۆڕشی گەلانی ئیران کە گوایا ۹۸ لە سەدی، بەڵێ بۆ کۆماری ئیسلامی دراوە، ئەو کات رژێم چ پێویستی بە دامەزراندنی ئەو هەموو دام و دەزگایە هەبووە؟!

بۆ ئەوەی رژێم وزەی گەلانی راپەڕیو دابمرکێنێت، پێویستی بە دزەکردنی ناو سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگا هەیە. رژێم لەکوردستان لەژێر تۆمەتی؛ ئامرازی بێگانە، لادەر و هەڵگەڕاوە، گۆمی خوێن بەرپا دەکات. لەلایەن خومەینییەوە، بڕیاری فیتوای جیهاد دژ بە کوردان رادەگەیەنرێت. بە لەشکەرکێشی سوپا و هاتنی خەڵخاڵی، جەللادی کوردان بۆ شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، سەدان رۆڵەی بێ تاوانی کورد لەسێدارە دران.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت خومەینی وەک ژێدەری رژێم نیشان دەدەن کە هەمیشە قسەی کۆتایی دەکات. خومەینی وتوویە لەجۆگرافیای ئێران، تەنیا کۆماری ئیسلامی دەخوات و هەر کەس ناچارە پەیوەستی ئەو رژێم بێت. هەروەها ئاماژە بە سەردەمی دانوستان لەگەڵ هێزە کوردیەکان دەکات کە ماوەی سێ مانگ ئامۆژگاری کردوون تا گوێڕایەڵیان بن. واتا رێبازی یەکەمی دەوڵەت بۆ خۆبەدەستەوەدان و پەلکێشی کۆمەڵگا بۆ ناو سیستەم، رازی کردنە. ئەگەر گەل و کۆمەڵگا قەناعەتی بە رژێم نەهێنا و خۆی بە دەستەوە نەدا، رێکارەکانی توندوتیژی، داپڵۆساندن و کۆمەڵکوژی کارا دەکرێن.

رژێم نەیتوانیوە سەرەڕای ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی سەپینراوی سەر کۆمەڵگا، گەلان بخاتە ناو مەنگەنەی سەرکوت و داگیرکاری. بە پێ ئامارە فەرمیەکانی رژێم، لەسەدا ٦٠ بۆ ٧٠ی گەل، بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن. ئەوەش سەرەڕای فێڵ و تەڵەکەکان رێژەیەکی زۆر کەمە. چون رێژەیەکی لەسەدا ٣٠ تا ٤٠ی کۆمەڵگا، لەناو قەفەسی داگیرکاریدا بێلایەنن. کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی رەها گرێدراوی رژێم نیین و تا ئێستا لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵات خۆیان بە رێکخستن کردووە. بە پێی کاراکتەری جۆگرافیایی و کولتووری کۆمەڵگای کورد، رادەستی سیستەمی داگیرکەری نەبووە. هاوکات رژێمیش مافی سرووشتی گەلی زەوت کردووە، بۆیە گەلی کورد شایانی ئەوە نییە کە لەناو سیستەمێکی داگیرکەری بەناو کۆماری ئیسلامی ژیان بە سەر ببات. چون گەلی کورد، گەلێکی زەردەشتی، ئیزیدی، کرمانجکی، هەورامی، لۆڕی و کەلهۆرییە.

گەلی کورد سەپاندنی فاشیزمی مەزهەبی و کۆمەڵکوژی لەژێر پەردەی ئایین و مەزهەبێک پەسەند ناکات. لەزۆر جێگا و سەردەمی مێژوو‌ییدا لێکچواندن و تواندنەوەی کولتووری کوردی ئەنجامی گرتووە. دوای ٤٠ ساڵ چەرخانی سارساڕۆکی سەرکوت و داپڵۆساندنی رژێم و دامەزراندنی ئەو هەموو دام و دەزگا چەوسێنەرە، کۆمەڵگا هێشتا

لەناو بەرخودانێکی بێ هاوتا دایە. تۆڕەکانی دەسەڵات دەیانەوێت بە ڕێگای شەڕی دەروونی، گەلی بێلایەن و لاتەریک پەلکێشی ناو قەفەسی ئاسنینی خۆ بکەن. بەڵام لەبەرامبەر دامو دەزگاکانی دەوڵەت بەربەرەکانێ و تێکۆشانی دیمۆکراتیک لەئارادایە. تەڤگەری ئاپۆیی ئاڵاهەڵگری ئەو بەرخۆدانەیە. سەرەرای ئەوەی کۆمەڵگا مین ڕێژ و تەلبەن کراوە، گەلان ناو سەرهەڵداندان. تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکان هەمیشە پایەدار و لەخرۆشدان.

گەلان لەهەر قۆناخێکدا ڕووبەرووی گرتن و ماڵوێرانی بوونەتەوە، بەڵام چەکەرەی تێکۆشان وشک نەکراوەو هەمیشە شین و زیندووە. بۆیە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت چەندێک هەوڵ و تەقالا دەدەن، گەلی داڕووخاو و بێ ئیرادە، پەلکێشی ناو دەزگاکانی سیستەمی دەسەڵات بکەن، دامەزراوەکانی کۆمەڵگای دیمۆکراتیکیش ئەوەندە هەوڵ و کۆشش دەدەن تا گەلی خۆڕاگر و ماندوونەناس لەبازنەی دیمۆکراتیکی گەل بە ڕێکخستن بکەن. ئیدی ئەمڕۆ ڕژێم ناتوانێت لەژێر ناوی کۆفر، گەلان و بە تایبەت گەلی کورد کۆمەڵکوژ بکات، چون کۆمەڵێک یاسا و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی بەربەستن و ترسی ڕژێم لەراپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە حکومەتی ناوەند لەلووتکەدایە. ڕژێم بە جێگای ئەوەی پەنا بۆ ڕێبازی کۆمەڵکوژکردنی جەستەیی گەل بدات، دەیەوێت گەلی کورد بکاتە خزمەتکاری ڕژێم و هێمنایەتی ناوچەکەو ئاسایشی یەکپارچەیی خاکی ئێرانی پێ بپارێزێت و کوردان دەکاتە چەکدارێکی چاکی دەوڵەت تا ملکەچ و بەرفەرمانی ڕژێم بن.

لەکۆی ٣١ پارێزگای ئێران کە ١٦یان ناوچەی سنوورین، گەلانی ئەو ناوچانە هێمنایەتی و ئارامی ناوەند دابین دەکەن. لەکاتێکدا ئەو ١٦ پارێزگایە، بە ناوچەی ماف خوراو پێناسە دەکرێن. چون بچووک ترین دەرفەتی خۆش بژێوی، ئابووری، کولتووری و سیاسییان لێ زەوت کراوە. بەڵام ڕژێم بە چ ڕێکارێکەوە گەلی وا لێکردووە کە بە ئەوینەوە پارێزەری لەبەرژەوەندیەکانی ڕژێم بکەن. لەسەر ناوی یەکپارچەیی خاکی ئێران، مەزهەب و باوەڕی زهن فەتح کراوە. تۆڕەکانی دەسەڵات لەسەر ناوی دزەکردن و دەستێوەردانی دەرەکی بەرژەوەندی ناوەند، بەپێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەپارێزن. ئەگەر هاوسەنگی نێوان کۆمەڵگایەک کە لەئارادایە، تێکبدرێت، ئەوا لەناو کۆمەڵگا شۆڕش بەرپا دەبێت. بۆیە سەرجەم هەوڵ و کۆششی گەلی کورد ئەوەیە کە ئەو هاوسەنگی ناو کۆمەڵگا تێکبدەن.

تێکدانی هاوسەنگی هێز لەناو کۆمەڵگا، بە لاواز کردنی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت و پووچەڵ کردنەوەی پیلان و بەرنامەکان مسۆگەر دەبێت. بۆ کارتێکەری سەر گەلی بێلایەن و دەرهێنانیان لەناوەندەکانی شەڕی تایبەت، دەتوانین گۆڕانکاری لەرەورەوەی مێژووی داگیرکاری ئێراندا بکەین. چون گەلانی ئێران پێشتر هەمان پیلانی شەڕی لەبەرامبەر شاە بە کارهێناوە. ئەمڕۆش گەل هەمان پیلانی شەڕ، لەدژی ڕژێمی داگیرکەری ئێران دووپات دەکاتەوە. لەسەردەمی کودەتاکانی ناو مێژووی ئێران و یا تەنانەت سەرەتای شۆڕشی

گەلانی ئێران، مانگرتنی کرێکار و مامۆستایان و پێشەنگایەتی گەنجان و ژنان لەپێش بووە. ئەمڕۆ جارێکی تر گەلانی بێلایەن بەو تاکتیکەی کە رژێمی پاشایەتی رووخاند، لەدژی رژێمی داگیرکەری ئێران هەمان هونەری شەڕ دووپات دەکەنەوە.

ئەو پیلانەی کە لەناو کۆمەڵگادا سەری نەگرتووە، بە سیستماتیزەکردنی خۆپیشاندانەکانە، کە ئەوەش بە بن بڕکردنی زهنییەتی شەڕی تایبەت و هۆشیار کردنەوەی گەل و رازی کردنیان دەستەبەر دەبێت. پژاک لەتەمەنی دامەزراندنی (٢٠٠٤ی زاینی) تا بە ئەمڕۆ، شەپۆلی خرۆشاوی گەل رووی تێدەکات. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە داخواز و ویستی گەل لەناو بەرنامە و ئامانجی تەڤگەری ئاپۆیی رۆژهەڵاتدا گۆنجێندراوە. گەل ناسنامەی ئازادی خۆی لەناو تەڤگەردا دەبینێ. چون رژێم چ بکات گەل دالەقاوی خۆی نابینێت. هاوکات یاسای بنەڕەتی رژێم، رێز لەویست و داخوازی دیمۆکراتیکی گەلان ناگرێ و داخوازیەکانیان تێدا بەجێ نەکراوە. میتۆدی چارەسەری ئاشتیانەی رژێمیش بڕی تا پارێزگا کەنارەنشین و ناوچە سنووریەکان ناکات. بۆیە گەلان لێگەڕینیان بەدوای فۆڕم و سیستەمی نوێی ژیانەوە هەیە.

بە تایبەت تەڤگەرێکی شۆڕشگێڕی وەک پژاک لەئەمڕۆدا کە لایەنگری قایمی لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران هەیە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شیکردنەوەیەکی راستەقینە و زانستیانەی سیاسەتی شەڕی تایبەتی رژێم کە سەر کۆمەڵگا پەیڕەوی دەکات. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتانە هەندێک رێبازی دەوڵەمەند پێش کەوتوون، ئەوەش بووەتە هۆکار کە سەرمایەگوزاری رژێم لەسەر گەلانی بێلایەن بە فێڕۆ بچێت، چون گەلی بێ لایەن راکێشراونەتەوە ناو پڕۆسەی شۆڕشی ئازادیخوازییەوە.

رژێمی داگیرکەری ئێران بە رێگای ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بووەتە ئۆختاپووس کە دزەی کردووەتە ناو سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگا. بۆیە لەئەمڕۆدا پێویستە، دەست و پێ ئەو ئۆختاپووسە لەسەرجەم حۆجرەکانی کۆمەڵگادا ببڕدرێت. پێویستە ئەو شەڕە دەروونیەی لەدژی گەلی کورد پەیڕەو دەکرێت پووچەڵ بکرێتەوە. ناوەندە تایبەتەکانی رژێم، کوردان بە کافر، سەربڕ، فارس کوژ لەقەڵەم دەدەن. بۆ ئەوەی گەلانی ئێران لەگەلی کورد بتۆقێنن و تووشی ترس و سامی زۆریان بکەن، رەشیان دەکەن و بۆختانیان بۆ هەڵدەبەستن، تا گەلی کورد گۆشەگیر ببێت و نەتوانێت پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ گەلانی تر دابنێت.

کاتێک لەلایەن رژێمەوە بۆختانی مرۆڤ کوژ و فارس کوژ لەسەر گەلی کورد دەدرێت. بە رێبازی هەڵچوون، رقی گەلانی تر لەسەر گەلی کورد دەوروژێنن. کاتێک ژمارەیەک مرۆڤی شۆڤێن و دڵڕەق دەڕۆنە ناو پەڕلەمان، قەت لەسەر بەرژەوەندی کورد نافکرن. هەمیشە وەکوو گەلێکی نەحلەت لێکراو چاویان لێدەکەن کە دەبێت ئەدەب بکرێن. خومەینی

راشکاوانە وتوویە کە دەبێ کورد تا ڕۆژی مەحشەر دەبێ تەنبێ و ئەدەب بکرێن. ئەوە دەستەواژەیەکە کە پڕ بە پێستی کوردان داتاشراوە و لەسەر ئەو ناوە دەیتوێننەوە.

هەڵبژاردن ڕێکارێکی ڕاکێشاندنی گەل بۆ ناو تۆڕەکانی دەسەڵاتە. لەهەر وڵاتێکدا هەڵبژاردن دەکرێت، هەر هێز و لایەنێک دەزانێت کە ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی چەند کەسن. بەس بە پڕۆپاگاندەی هەڵبژادن و بە کارهێنانی دەرفەتی زۆری ماددی و هەر جۆرە ڕێ و ڕێبازێکی ناشیاو، دەیانەوێت دەنگی جیاواز، بێلایەن و ناڕازی کۆمەڵگا بەرەو لای خۆیان رابکێشن. ئەو رکابەرییە ناتەندروستە لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵات- قازانجە. چون دوا بە دوای هەڵبژاردن ئەو لایەنە کە بەدەنگی ئەو گەلە هاتووەتە سەر دەسەڵات، ڕەنج و زەحمەتییەکانی گەلی لەیاد نامێنێت. گەل پەراوێز دەخرێت و تەنیا بۆ مەرامی سیاسی دەسەڵات کەڵکی لێ وەردەگیردرێت. ئەوەش لەکاتی هەڵبژاردن و یا لەکاتی هێرش کردنە سەر وڵات، گەلان دەکەونە بیری حکومەتی ناوەند. ئەگەرنا لەکاتی دابەش کردنی مافدا، خەتی سووریان بەسەردا کێشراوە.

تەڤگەری ئاپۆیی هەوڵ دەدات ئەو کۆمەڵگایەی کە داگیرکراوە لەچنگی داگیرکەر دەربێنێت. ئەمڕۆ لەئێراندا، زۆربەی گەلان دەیانەوێت بە بێدەوڵەت بژیین. بۆیە پێویستە ئەو کۆمەڵگایانە لەدژی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەژێر چەتری دیمۆکراسی کۆبکرێنەوە. تا شەڕی دەروونی لەدژیان پووچەڵ بکرێ و پارێزەری لەکۆمەڵگا بکەن. زۆربەری پێکهاتەکانی کۆمەڵگا هەمیشە تاوانبار و حوکم دراون و بە کەمینە دەبینرێن. کاتێک کۆمەڵگایەک وەک کەمینە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، شانسی پاراستنی بوون و سەرکەوتنی نامێنێ.

لەباشووری کوردستان تەڤگەری ئاپۆیی خاوەن جەماوەر و لایەنگری زۆرە و پابەندییان بە ڕێکخستن بەدڵ و گیانە. بەڵام لەبابەتی هەڵبژاردندا دەنگی خۆیان بە دەسەڵات و سێبەرەکانی دەدەن. چون بە ڕوانگەی کەمینەوە، نزیک دەبنەوە. واتا تەڤگەری ئاپۆیی کەمینەیە و برۆنە پەرلەمانیش ناتوانن هیچ گۆڕانکارییەک لەناو سیستەمەدا پێکبێنن. گەل لەژێر ئەو ناوە، دیسان چاولەدەستی دەسەڵاتن و سەرەڕای ناڕەزایەتیەکان دەنگی خۆیان دەدەنە دەسەڵات. بەس دوای هەڵبژاردن دیسان تەبکی و ناڕەزایەتیەکانیان لەبەرامبەر دەسەڵات سەرهەڵدەداتەوە. ئەوە دەیسەلمێنێت دەسەڵات لەکۆمەڵگای باشوور کاراکتەری وای بونیادناوە کە سەقامگیر و سەربەخۆ نەبێت، هەمیشە کاراکتەرێکی گرێدراو بە دەسەڵات بێت. بە پێ ئەو زهنییەت و سایکۆلۆژیەی کە تۆڕ و ناوەندەکانی شەڕی تایبەت درووست و بڵاویان کردووە، کەمینە هەرگیز ناتوانێت، گۆڕانکاری لەنێو دەوڵەت و دەسەڵاتدا درووست بکات و شۆڕشگێڕ هەرگیز ناتوانێت، لەنێو کۆمەڵگادا شۆڕش بەرپا بکات و گۆڕانکاری پێک بێنێت. بەس ئەوە تەنیا خەیاڵێکە کە لەخەونی دەسەڵاتداراندا دەخولێتەوە.

**خراو کردنی مۆڕاڵی لایەنی بەرامبەر و مۆڕاڵیزە کردنی لایەنگرانی خۆ لەسەر بنەمای پووچ**

ڕژێمی داگیرکەری ئێران دەیەوێت بە ڕێگای شەڕی دەروونییەوە، ورەو مۆڕاڵی لایەنگرانی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد و بازنەی دیمۆکراسی تێکبدات. هەمیشە دەیەوێت لایەنگرانی خۆی لەسەر بنەمای پووچ و بێ بناخە مۆڕاڵیزە بکات. دەوڵەت خۆی بە هێز و توانا وەسف دەکات. بەڵام هێزێکی وەک پژاک بە تاقم و گرووپ ناوزەد دەکات. مادام پژاک تاقمێکن، ئەو شەڕە تایبەتە زەبەلاحە چییە لەکوردستان بۆ لاوازکردنی تێکۆشانی پژاک بەرپا کراوە؟! مادام پژاک هیچ نییە، بۆچی دەوڵەتێکی زەبەلاحی گەندەڵ، لەدژی پژاک ئەو هەموو ئامووری شەڕی تایبەت بە کار دەبات؟!

پژاک نوێنەری کۆمەڵگا و ئاڵاهەڵگری هێڵێکە کە ئەمڕۆ بە هێڵی سێهەم یان نەتەوەی دیمۆکراتیک پێناسە دەکرێت، بۆیە ڕژێم ئێرانی سەرسام و تۆقاندووە. ڕژێم بە قسەو قسەلۆک و درۆی شاخدارە دەیهەوێت لایەنگرانی پژاک و تەڤگەری ئازادی بێمۆڕاڵ و بێ باوەڕ بکات. هەواڵی درۆ بڵاو دەکاتەوە کە لەفلان ئۆپەراسیۆن و تۆپ باراندا سەرجەم ئەندام و بەرپرسە باڵاکانی پژاکیان لەناو بردووە. لەشەڕی قەندیل لەساڵی ٢٠١١ی زایینی بڵاویان کردەوە کە قەندیل یان لەگەریلاکانی پژاک پاکسازی کردووە. بە تۆپ بارانێک هەواڵی شەهیدبوونی زیاتر لە ١٠٠ گەریلا بڵاو دەکەنەوە. بەس بەو وتە وتانە پژاک کۆتایی پێ نەهاتووەو بە پێچەوانەوە تێکۆشانی پژاک بەهێزتر و بەرینتر بووەو سەرجەم هەواڵەکانی میدیای شەڕی تایبەتی ڕژێم و قسەو قسەلۆکەکانیان بە درۆ خراوەتەوە.

میدیا تایبەتەکانی ڕژێم بە هەر هەواڵێک، بێمۆڕاڵییەک لەناو گەل و گەریلا درووست دەکەن. ڕژێم زۆر جار هەواڵی درۆ بڵاو دەکاتەوە کە فڵان سەرکردەی مەزنی پەکەکە یان پژاک یان دەستگیر کردووە. لەکاتێکدا شتی وا بێ بناخەیە. بە بڵاو کردنەوەی ئەو هەواڵە درۆیە ڕژێم سەرەتا شک و گۆمان لەناو گەل و گەریلادا درووست دەکات. دواتر بە شانۆنامەکانی کەشێکی وا درووست دەکەن کە ئیدی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد لەلێواری لەناو چووندایە، بەو شێوەیە دەیانهەوێت بەشێک لەکۆمەڵگا پەلکێشی ناو تۆڕەکانی شەڕی تایبەت بکەن.

تۆڕەکانی شەڕی تایبەت لەقۆناخی سێهەمدا، کۆمەڵگا بێ هیوا و بێ مۆڕاڵ دەکەن. گەل ڕۆژانە بە شەهید بوونی گەریلا خەمبار و خەفەتبار دەبن. کاتێک فەرماندەیەکی باڵای تەڤگەری ئاپۆیی لەلایەن نەیارانەوە شتێکی لێ بە سەر بێت، لەلایەن لایەنگرانی ڕژێمی شەڕی تایبەتەوە شایی و مۆڕاڵ دەگێڕن و کاریگەری لەسەر لایەنگرانی تەڤگەری ئازادیخوازی درووست دەکەن. گەنجانی تامەزرۆی ئازادی لەکاتی ئەنجامدانی چالاکی پژاک و پەکەکە، ورەو و مۆراڵ وەردەگرن و لەکۆڕەکاندا، دەستی پرۆپاگاندەیان بەهێز دەبێ. بەڵام لایەنێک هیچ کار و چالاکی نەکردووە، لەسەر چالاکی وەهمی، لایەنی بەرامبەر بێمۆڕاڵ

دەکات و ورەو مۆراڵ بە لایەنگری خۆ دەبەخشێ. لەکاتێکدا بانگەشەو ورەو مۆراڵی تەڤگەری ئازادیخوازی لەسەر بنەمای پووچ و بێ ناوەڕۆک نییە، بەڵکوو لەسەر حەقیقەتێکە کە ژیانی پێدەکرێت. بەڵام ڕێکاری دەوڵەت لەسەر بنەمای پووچ و چەواشەکاری لەحەقیقەتدایە. چون دەوڵەت لەسەر فێڵ و تەڵەکە بۆنیاد نراوە. فێڵ و تەڵەکەکانیش هەمیشە لەناوەندەکانی شەڕی تایبەت فۆڕم دەگرن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت زۆرجار لەسەر ڕێبەر ئاپۆ هەواڵی ناڕاست و ناشیاویان بڵاو کردووە کە لەزینداندا، جەڵتە لێیداوەو یان کۆتایی بە ژیانی هاتووە. بڵاو کردنەوەی ئەو هەواڵە درۆیانە بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵگا تێکبدەن و مۆراڵی گەل دابڕووخێنن. چون گەلی کورد هەبوونی خۆیان بە ڕێبەر ئاپۆ دەبەستنەوە. ڕژێم بەو چەواشەکاریانە، شک و گۆمان لەناو کۆمەڵگا درووست دەکەن، تا ڕێکخستن ناچار بێت ڕوونکردنەوە بدات و تا ڕوونکردنەوە بڵاو دەکرێتەوە، تۆڕەکانی دەسەڵات دەیانەوێت لەئاوی لێڵ ماسی بگرن. بە هەر هەواڵێکی درۆ، ژمارەیەک کەس رابکێشێنە ناو تۆڕەکانی شەڕی تایبەت.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەسەر هەموو نرخێکی کۆمەڵگا شک و گومان دروست دەکەن. لەسەر مێژووی ڕاستەقینەی کورد دوودڵی و گومان درووست دەکەن، کە ئەوە مێژووی ڕاستەقینەیە یان خۆد نا؟ لەبەرامبەر تەڤگەری ئاپۆیی شک و گومان پێشدەخەن کە ئایا تەڤگەری ئاپۆیی هێز و توانای بەرخۆدانی لەبەرامبەر بازنەی جیهانی شەڕی تایبەت دەبێت یان نا؟ لەڕۆژئاوای کوردستان دەرحەقی تێکۆشانی کوردان نادادپەروەرییەکی مەزن لەئارادایە. بە دەستپێشخەری کوردان، داعش تێکشکێنراوەو شۆڕشێکی مەزنی ئازادی و دیمۆکراسی بەرپا کرا. بەڵام میدیای شەڕی تایبەت و دەزگاکانی، شک و گومان لەسەر تەڤگەری ئاپۆیی و دەستکەوتەکانی شۆڕش درووست دەکەن. بڵاوی دەکەنەوە کە قەسەدە، یەپەگە و هەپەژە، ئەوەندە هێزیان نییە کە لەگەڵ داعش شەڕ بکەن. بەڵکوو هێزی هاوپەیمانی دژی داعش، ئەمریکا و ئەورووپا لەدژی داعش شەڕی کردووە. بەو دەنگۆیانە ڕۆڵی کوردان لەشەڕی دژ بە داعش کرچ و کاڵ دەکەن. بە پێ بانگەشەکانیان کورد بە تەنیا خۆی هێز و توانای شەڕی دژ بە داعشی نییە.

بەو قسەو قسەڵۆکانە دەیانەوێت سایکۆلۆژیەکی وا درووست بکەن کە کوردان گرێدرای هێزە نێودەوڵەتیەکانن و بەو شێوە شک و گومان لەسەر تێکۆشانی ڕاستەقینەی گەلی کورد دروست بکەن کە گەلی کورد ناتوانێت لەگەرماوگەرمی شەڕی جیهانی سێهەمدا، دەستپێشخەری سیستەمێکی دیمۆکراتیک بکات. لەکاتی دادگایی کردنی ڕێبەر ئاپۆ لەساڵی ١٩٩٩ی زایینی، میداکانی شەڕی تایبەتی تورک و تەنانەت بەشێک لەکوردییەکانیش، بڵاویان کردەوە کە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت تورکم. لەکاتێکدا ڕێبەر ئاپۆ نکوڵی لەڕاستی خۆی نەکردووە و دەڵێت: «نەنکم تورکە». لەسەر ئەو پەیامەی ڕێبەر ئاپۆ، کۆمەڵگای کوردی

بۆردۆمانی فکری دەکەن. واتا رێبەر ئاپۆ نە کوردە، بەڵکوو تورکە و بانگەشەی کوردایەتی دەکات، بەو ئەقڵییەتە چەپەڵە شک و گومان لەنێوان کوردان و گەلانی تر درووست دەکەن. یا کاتێک رێبەر ئاپۆ پارادایگمای خۆی گۆڕی و بانگەشەی کرد کە کورد دەوڵەتی ناوێت، بەڵکوو دیمۆکراسی دەوێت، شک و گومانیان لەسەر رێبەر ئاپۆ درووست دەکرد کە گوایە تەسلیمی تورکیا بووە.

لەفیلمی ١٤ی تەمووزدا، پیشان دەدرێت کە کاتێک هەڤاڵان، مان لەخواردن دەگرن، پاسەوانەکان، ژووری هەڤاڵان پشکنێن دەکەن، لەژووری هەڤاڵێکدا نان دادەنێن و دواتر هەڵیدەگرنەوە و هاوار دەکەن کە ئەمانە راست ناکەن مانیان لەخواردن گرتبێت، چون نان دەخۆن. بەو پڕۆپاگاندە قێزەونانە، دەیانەوێت ئەو هەڤاڵ، لەناو هەڤاڵانی تری بشکێنن. دواتر شک و گومان لەیەکدی بکەن و باوەڕیان بە یەکدی نەمێنێ کە گوایا ئەو هەڤاڵ مانی لەخواردن گرتووە یان نا؟! میتۆدی شەڕی تایبەتی دەوڵەتانی داگیرکەر ئەوەندە چەپەڵە، کە زهنی مرۆڤ هەزمی ناکات. شۆڕشێک چەندێک راستیش بێت، ناڕوونی و شک و گومانی لەسەر درووست دەکەن.

هەر تاکێکی کورد پێویستە کاتێک هەر فیلمێک، میوزیک، گۆتەگۆت، هەواڵ و زانیارییەک دەبیستێت و دەبینێت دەبێ بە شک و گومان و دوودڵییەوە سەیریان بکات کە ئەوانە تا چ ئاستێک خزمەتی بازنەی داگیرکاری یا ئازادی دەکەن. کاتێک گەریلا لەئالانێکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا لەناو تێکۆشاندان و لەناو گەلیش بڵاو کرابێتەوە کە هەڤاڵ لەفلان ناوچەن، تۆڕەکانی دەسەڵاتیش هێرش ناکاتە سەریان، بەڵکوو بۆ ماوەیەک بە حاڵی خۆیان دەهێڵن. تا رژێم بە پێ پێویست شانۆنامەکانی ئامادە بکات. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بڵاو دەکەنەوە کە پژاک ئیتلاعات درووستی کردووەو گرێدراوی دەوڵەت و ئیتلاعاتە. لەو دۆخەدا لەمێشکی گەل جێگای پرسیارە، گوایا ئەو بانگەشەی ئیتلاعات راستە. چۆن ئەگەر گرێدراوی دەوڵەت نەبوایەن، ئەو کاتە سوپای داگیرکەر هێرشی دەکردە سەریان. بەس سەرجەم ئەو پێکدادان و شەڕانەی کە لەنێوان گەریلا و سوپای داگیرکەر روویداواەو ئەو گەریلایانەی کە شەهیدبوون، چۆن نابینن؟ رژێم بەو دەنگۆیانە شک و گومانی گەل لەسەر گەریلا پێشدەخەن تا گەل لەگەریلا نزیک نەبنەوە. دەوڵەت هەمیشە بۆ سەرکەوتنەکانی گەریلا، شک و گومان ساز دەکات، تا ورەو مۆڕاڵی گەل بشکێنێت. دەوڵەت چ هێرش و پەلامارێکی سەر گەریلای دابێت، هێزی خۆی گەورە پیشان داوە. هەمیشە هەواڵی کوژراوەکانی خۆی کەم دەدات و هەژماری شەهادەتی گەریلاکانیش فرە پیشان دەدات.

رژێمی داگیرکەری ئێران رەهەندەکانی شەڕی دەروونی دژ بە پژاک لەچوارچێوەی ئەو چەند خاڵەدا پێناسە دەکات؛

١ — شاردنەوەی راستییەکان و بچووک نیشاندانی ئەو زیانانەی کە لەشەڕ پێیان دەگات.

٢ – زیانەکانی پژاک لەناو شەڕەکاندا گەورە نیشان دەدات.
٣ – خۆدزینەوە لەتاوانەکان و پەلکێشی حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و ژمارەیەک لەهێز و لایەنە کوردیەکان بۆ شەڕ لەدژی پژاک
٤ – پیشاندانی وێنەی کوشتنی ژن و منداڵان و تاوانبار کردنی پژاک بە کوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی.
٥ – وێنا کردنی پژاک وەک تەڤگەرێکی تیرۆریستی و تۆمەتبارکردنی بە کۆمەڵێک بەرچەسپی ناڕەوا.

دەوڵەت لەزهنی تاکی ئازادیخوازی کورد، باڵۆنە. دەسەڵات وەک گلۆلەی بەفر و تۆپی بەفر لەسەر شاخەوە خلۆر دەبێ و تا دێت گەورە دەبێت. دەسەڵات وا گەورە و زەبەلاحە، لەبەردەمیدا چ هەبێت ورد و خاڵی دەکات. بەڵام ئەگەر هێزێکی خۆڕاگر لەبەرامبەر ئەو گلۆلە بەفرە رابوەستێت، پارچەی دەکا. دەوڵەت بۆ ئەوەی بووەتە باڵۆن، هێزێکی بەرخۆدان لەبەرامبەریدا دەرنەکەوتووە، تا باڵۆن بتەقێنێ.

رژێم بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ دەیەوێت کاریگەری نەرێنی لەسەر دۆست و لایەنگرانی شۆڕش درووست بکات. کۆمەڵگا بێمۆڕاڵ و بێ ورە دەکات. کاتێک مرۆڤێک بێمۆڕاڵ خرا، هێزی چارەسەری لەناخیدا لەناو دەبرێت. تۆڕەکانی دەسەڵات بە رێگای میدیاوە درۆ دەکەنە راستی و بە دووپات کردنەوەی، مێشکی مرۆڤ تێکەڵ دەکەن. لەناو تەڤگەردا ئەگەر هەڤاڵێکی بەڕێوەبەری ماوەیەک ون بێت، ناوەندەکانی شەڕی تایبەت گۆتەگۆت بڵاو دەکەنەوە کە ئەو هەڤاڵ لەرێکخستن دابڕاوە. بە بڵاو کردنەوەی ئەو بانگەشانە شک و گومان و بێباوەڕی لەناو لایەنگرانی تەڤگەر درووست دەکەن. زۆر جار گەلی کورد بە رێبازی خۆی وڵامی میدیای شەڕی تایبەتی دەوڵەت دەداتەوە. کاتێک گرووپێکی پێنج کەسی بۆ راپەڕاندنی ئەرکی رێکخستنی بڕۆنە گوندێک، دوابەدوای ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە ٥٠ گەریلا رژاونەتە ناو گوند. ئەوەش نیشان دەدا کە گوندنشینان گەریلا وەک هێزی پاراستنی خۆیان لەقەڵەم دەدەن. دەیانەوێت هێزی خۆ لەبەرامبەر دەوڵەت گەورە پیشان بدەن تا تۆڕەکانی دەسەڵات بتۆقێنن. کۆمەڵگا بەو شێوەیە شک و گۆمان لەهزری دەوڵەت و مۆرەکانی شەڕی تایبەت بەجێ دەکات.

## بازنەی شەڕی تایبەتی جیهانی بە رێگای سێ (س)S ەوە کۆمەڵگا فەتح دەکەن

مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بە رێگای سێ (S)ەوە کۆمەڵگا بۆمباران و فەتح دەکەن کە رێبەر ئاپۆ بە پیشەسازی و ئەندۆستریالیزم بە ناویان دەکات کە بریتین لە؛
١ ـ ئەندوستریالیزمی سپۆر (وەرزش)
٢ ـ ئەندوستریالیزمی سەنعەت (هۆنەر)

٣ ـ ئەندوستریالیزمی سێکس (زایەندی)
ڕێبەر ئاپۆ گرنگییەکی زۆر بەو خاڵانە دەدات، چون مۆدێرنیتەی سەرمایەداری وەک گۆڕەپانێکی پاکتاوکردنی مرۆڤ بەکاری دێنێت. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەر بە لێواری لەناوچوون دەکێشێت و ئەخلاقی نێو کۆمەڵگا لەبار دەبات.

## سپۆر (وەرزش)

وەرزش ئاڵانێکی تەندروست و شیاوی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگا لەنەخۆشی دەپارێزێت و تەندروست رایدەگرێت و دەیپارێزێت. لەمێژوودا پاڵەوانان، شۆڕشگێڕانی ڕۆژی ئەمڕۆی ناو کۆمەڵگا بوون. چون وەرزشوان، پاراستن لەنرخ و دەستکەوتەکانی کۆمەڵگای کردووە. هەمیشە دژی زۆڵم و زۆرداری راوەستاون.

بەڵام لەرۆژی ئەمڕۆدا مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ئەو گۆڕەپانەی گۆڕیوە بۆ گۆڕەپانی پیشەسازی. گۆڕەپانێک کە بازرگانی تێدا تەشەنە بکات، دەبێتە گۆڕەپانی شەڕ. وەرزش کراوەتە گۆڕەپانێکی شەڕی دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکدی و دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگا. چون لەلۆژیکی وەرزشدا دۆڕاندن و سەرکەوتن بە جێ کراوە. هەر وەرزشێک فەلسەفەی قازانج — دەسەڵاتی تێدا حەشار دراوە. تاقمێک کە سەردەکەوێت، سەرمایەیەک لەڕێگای فیفاوە بەو تاقمە خەڵات دەکرێت. لۆژیکێکی تر کە لەناو وەرزشدا پەرەی پێدراوە، وەرزش گۆڕەپانی شەرەف و ناوبانگییە. واتا وەرزش ناوەندێکە کە کەرامەت و ناوبانگی بۆ مرۆڤ و دەوڵەت دەستەبەر دەکات.

لەگۆڕەپانی تۆپی پێ گەلێک مۆرەی درەخشان و زێڕینی سپۆر لەئاستی نێودەوڵەتی دەرکەوتوون، کە گەنجان زۆرینەیان دەناسن. لەئەمڕۆدا کاردانەوەی گەل بۆ یارییە وەرزشیەکان ئەوەندە زۆرە، کە بایەخ بە چارەنووسی دیاریکراوی خۆی نادات. بۆ نموونە منداڵێکی کورد ئەوەندەی وەرزشکارە جیهانیەکان دەناسێت، ئەوەندە مێژوونووس، شۆڕشگێڕ و پێشەنگەکانی کۆمەڵگای خۆی ناناسێت. پرسیار لێرەدایە، بۆچی تاکی کورد شتێکی لەو پەڕی دۆنیاوە لێ ئاگادار دەبێت، بەڵام شتی بەردەرگای ماڵی خۆی بێ ئاگایە؟ ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کەش و هەوایەکی وا دروست دەکەن کە هەر کەس ببێتە جەکی جانێک، مارادۆنایەک، ڕۆناڵدۆیەک و ... هتد.

یارییەکی وەک تۆپی پێ بە میلیۆنان مرۆڤ بەدوای دەسووڕنەوە. بەڵام چاودێری و مەراقی مرۆڤەکان بۆ بەرنامەیەکی سیاسی و کولتووری کە هۆنەری بەڕێوەبردنی ژیان فێری مرۆڤ دەکات، ژمارەکەیان بە ئەندازەی پەنجەکانی مرۆڤن. چون دەوڵەت سیاسەتی لەجەستەی وەرزش دەرهێناوە. بە پێ پێناسەی تۆڕەکانی دەسەڵات وەرزشوانێک ناتوانێت ببێتە سیاسەتمەدار. لەرۆژهەڵاتی کوردستان سەیری وریا غەفووری بکەین کە خەڵکی نگلی

سەر بە شاری مەریوانە. وەرزشوانێکە کە لەتاقمی ئیستقلالی تاراندا یاری دەکات. لەزستانی ١٣٩٧ی هەتاوی هەندێک ئاخاوتنی سیاسی کرد و لەلایەن بەرپرسانی رژێم گۆشاری خرایە سەر و پێیان وت کە تۆ وەرزشوانی چ کارت بە سیاسەتی وڵاتەوە هەیە؟! بەس وریا غەفووری لەوڵامدا وتی: «ئێمە وەرزشکارین و دەتوانین دەستێوەردانی سیاسەتی وڵات بکەین». کاری بنەڕەتی وەرزشوانیش ئەوەیە کە دەستێوەردان لەسیاسەتی وڵاتدا بکات.

گۆڕەپانی وەرزش لەئەمڕۆدا کراوەتە مەیدانی کڕین و فرۆشتنی وەرزشوانەکان. لەسەر وەرزشوانەکان گرێبەستی چەند ساڵە دەبەسترێت. دەوڵەتە هەژمۆنگەراکان لەرێگای گۆڕەپانی وەرزش و ناوەندی فیفاوە ناو شەڕ و رکابەرایەتیدان. پیشەسازی وەرزش ئامووڕێکی رکابەری نێو دەوڵەتەکانە. رێکخراوی فیفا ناوەندی شەڕی تایبەتە. ئەو ناوەندە بازرگانی بە ئەستێرەکانی وەرزش دەکات. مامەڵەیەکی حەیوانی لەگەڵ یاریزانەکان دەکرێت. لەسەر یاریزانەکان گرێبەست دەبەسترێت. بە رێگای سەمبۆلیزە کردنی ژمارەیەک لەئەستێرەی وەرزشی، کۆمەڵگا بەرەو لای خۆیان رادەکێشن. وەرزشکارە ناودارەکان بە مەبەستی رێکلام بە کار دەبەن. پیشەسازی وەرزش لەلایەن مودێرنیتەی کاپیتالیستیەوە کراوەتە گۆڕەپانی شەڕ. گۆڕەپانی وەرزش کراوەتە گۆڕەپانی ئارێنای سەردەمی رۆمای باستان کە مرۆڤەکان دەخرانە بەردەم شێرەکان و دەبوو بە شمشێرێک شەڕ لەگەڵ شێرە درندەکان بکات. لەڕۆژی ئەمڕۆدا سەیری کۆبوونەوەی ئەو هەموو مرۆڤانە بکەین لەیانە وەرزشیەکان کە هەموو چاویان لەتۆپێکە.

لەبنەڕەتدا وەرزش کارێکی تەندرۆستیانە و کۆمەڵایەتییە. بە تایبەت لەسەردەمانی کۆن و لەنێو ئەو گەلانەی کە دەوڵەت دزەی نەکردبووە ناویان پێناسە، پێگە و واتای جیاوازی هەبوو. وەرزش لەژێر ناوی هاوکاری، دۆستایەتی و خزمەت کردنی کۆمەڵگا گەشەی دەکرد. بەڵام لەئەمڕۆدا بە پێچەوانەکەی تیک تانک و کۆمپانیا بازرگانیەکان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانیان کەڵک لەوەرزشکارەکان وەردەگرن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە رێگای وەرزشەوە سەرگەرمی هزری بۆ گەل و کۆمەڵگا دروست دەکەن.

سەرجەم کاپە جیهانی و ئاسیاییەکان کە بەڕێوە دەچن، گرێدراوی ناوەندەکان شەڕی تایبەتی وەک؛ دەزگای هەواڵگری ناوەندیی ئەمریکا یان سی ئای ئەی (سیا) ناوەندی ئیستخباراتی ئنینگلتەرا (MI6) و رێکخراوی ئیستخباراتی ئیسرائیل (مووساد) ن. تەنانەت لەئێران پیرووزی و ئیستقلال گرێدراوی سوپای پاسدارانە. هەمیشە لەسەر یاری دوو تیمی ئیستقلال و پیرۆزی شەڕ و پشێوی درووست دەبێت. ئەو ناوەندانە لەلایەن ئیتلاعات و سوپای پاسدارانەوە فینانسە دەکرێن و بەڕێوە دەبرێن. وەک ناوەندێک بۆ خستنە تۆڕی گەنجان بە کار دەبرێت.

لەئێراندا ناوەندەکانی شەڕی تایبەت گۆڕەپانی وەرزشیان کردوەتە ناوەندی بە سیخوڕکردنی مرۆڤەکان و بڵاو کردنەوەی مادده هۆشبەرەکان. گۆڕەپانی وەرزش ناوەندێکە کە بە پێشخستنی هونەری رەزمی، دەوڵەت ئەندام و یەکە تایبەتەکانی لەو ناوەندانەدا گۆڵبژێر دەکات. لەو ناوەندانەدا راهێنەری کاراتە و کۆنگفۆ کە ئەندامی سوپای پاسدارانن، ئەرکدار دەکات تا خزمەتی سوپای پاسداران و ناوەندەکانی ئیتلاعات بکەن. دەوڵەت لەسەرەتادا لەژێر ناوەندە وەرزشیەکان سەرنجی گەنجان بۆ خۆی رادەکێشێت و دواتر دەیانخەنە تۆڕەوە، دوای خستنیان لەچوارچێوەی پیلانی رژێم ئەرکداریان دەکەن.

لەکرماشان پێشتر وەرزشکارەکان بە پاڵەوان دەناسران، بەڵام ئەمڕۆ قارەمانی دەوڵەتی، جێگای پاڵەوانی گرتوەتەوە. پاڵەوان شتێکەو قارەمان شتێکی ترە. پاڵەوان کولتوورێکی گەلەرییەو قارەمان کولتوورێکی دەوڵەتییە. پاڵەوان خزمەتکاری گەل و کۆمەڵگا بووە، بە هێز و توانای خۆی خزمەتی گەلی کردووە. لەجێگایەکدا زۆڵم و ناحەقی و سەردەستی بوونی هەبووبێت، لەبەرامبەری وەستاوەتەوە. لەکاتێکدا قارەمانەکان مۆرەی شەترەنجی دەست دەوڵەتن. قارەمانەکانی ناو دەوڵەت هەمیشە بەدوای نێوبانگ، پلە و پارەوەن. بۆیە ئیدی ئەو بابەتە هیچ پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە نییە کە فلان کەس لەبەشێکی وەرزشیدا نەفەری یەکەمی جیهانە. لەبەر ئەوەی ئەو یاریزان نە سەر بە گەل و کۆمەڵگایە، بەڵکوو وەرزشکاری تۆڕەکانی دەسەڵات و دەوڵەتە.

وەرزشی حەقیقی، لەناو کۆمەڵگا ئەو وەرزشەیە کە گرێدراوی کۆمەڵگایە. لەباکووری کوردستاندا تاقمی تۆپی پێ ئامەد سپۆر هەیە. تاقمێک بە تەواوی سیاسی و ئەخلاقییە. لەزۆر قۆناخدا هەڵوێستی سیاسییان دەربڕیوە. بەڵام هەمیشە لەلایەن تورکە فاشیستەکانەوە رووبەڕووی هێرش و پەلامار بوونەتەوە. ئامەد سپۆر لەگۆڕەپانی وەرزشدا خاوەنداریێتی لەناسنامەی کوردبوون دەکات کە بە فەلسەفەی سەرکەوتن دەیەوێت سیاسەتی نکۆڵی کارانەی دەوڵەتی فاشیستی تورک هەڵبوەشێنێت. سەرکەوتنی تاقمی ئامەد سپۆر، لەیاری بەرامبەر تاقمێکی سەر بە دەسەڵات بەو واتایە کە من لەوەرزشدا سەرکەوتووم و بە هەمان شێوە لەشەڕیشدا سەرکەوتووم. گەریلا لەشەڕی دژ بە دەوڵەتی داگیرکەری تورک هەمیشە سەرکەوتووە، بۆیە لەگۆڕەپانی هونەر و وەرزشیشدا دژ بە دەسەڵات و دەوڵەت شەڕ دەکات و سەرکەوتن مسۆگەر دەکات.

## سەنعەت یان هونەر

هونەر گۆڕەپانێکی ترە کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەپێناو بەرژەوەندیەکانی کەڵکی لێ وەردەگرێت. هونەر ناوەندێکە کە لەناویدا زهن شکل دەگرێت، کەسایەتی سەرهەڵدەدات و ئەخلاق تێدا گەشە دەکات. هەر مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ لەبنەڕەتدا گەورەترین هونەرمەندە. هەر مرۆڤێک کە لەکۆمەڵگای سرووشتی و بە دوور لەمۆدێرنیتەی سەرمایەداری

ژیان بە سەر دەبات هونەرمەندە. مرۆڤ لەگەوهەری خۆیدا هونەرمەندە. هونەرمەند ئەو کەسەیە کە لەسرووشت و کۆمەڵگایەک ژیان بە سەر دەبات، زۆر بە جوانی بیرازێنێتەوە.

بەڵام سیستەم و مرۆڤە دەسەڵاتخوازەکان لەئەمڕۆدا، شیرازەی کۆمەڵگا و سرووشت تێک دەدەن. ئەوەش نیشانی دەدات کە ئەو مرۆڤانە، بێهونەرن. چون هونەرمەند هیچ شتێک خراو ناکات، بەڵکوو خولقکار و ئافرێنەرە. لەجیهانی سەرمایەداریدا لەژێرناوی هونەر گەندەڵکاری و کاولکاری پێکدێت. لەژێرناوی هونەر، مەرگەسات دەئافرێنن. ئەوەش بە پێچەوانەی گەوهەری هونەرە، چون هونەر مەکینەی خولقاندن و بونیادنانە. مرۆڤەکان لەژێر دەمامکی هونەرمەندی کۆمەڵگا هەڵدەتەکێنن.

بۆ نموونە لەتورکیا ئیبراهیم تاتلیس بە ناو هونەرمەندێکی کوردە. لەسەردەمانێک وەک مۆرەیەکی شەڕی تایبەت لەدژی پەکەکە بە کار هێنراوە. بە دەیان جار لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆن نکۆڵی لەناسنامە و کوردبوونی خۆی کردووە. ئەسما ئەمرە هونەرمەندێکی ترە کە لەقۆناخێکدا گەنجانی ئەویندداری خۆ کردبوو. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت دەرگا بۆ ئەو کەسانە ئاوەڵا دەکەن و دەرفەت و ئیمکانیان پێ دەدەن تا خزمەتی دەسەڵات و دەوڵەت بکەن. بە پشتگیری ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، کۆمەڵگا ئەویندداری تاتلیس و ئەمرە دەکەن، لەلایەکیشەوە نکۆڵی لەکورد بوون و ناسنامەی خۆیانیان پێ دەکەن. لەم ڕەوشەدا ئەو جۆرە کەسایەتیانە نە هونەرمەندن، بەڵکوو بە جل و بەرگی هونەرمەندی کۆمەڵگا پەلکێشی تۆڕەکانی دەسەڵات دەکەن. چون هونەرمەند کەسێکە لەسەر بنجی خۆی سەوز دەبێت و حەقیقەت پشتگوێ ناخات و دایناپۆشێت. بەڵکوو پەردە لەسەر ڕاستیەکان هەڵدەدات.

زۆربەی هونەرمەندانی ناو سیستەمی دەسەڵات مۆرەی شەڕی تایبەتن. بۆ نموونە بە ڕێگای تاتلیسەوە ناوەندەکانی دەسەڵات، گەنجانی کورد لەناسنامەیان بەدوور دەخەن و پەلکێشی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتیان دەکەن. لەڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هونەرمەندی لەو جۆرە کەسایەتیانە زۆرن و لەژێر پەردەی هونەر، تۆخمی بێ ئەخلاقی لەناو کۆمەڵگا دەپاشن و نکۆڵی لەناسنامەی خۆ و گەلەکەیان دەکەن. لەدژی تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکان دەریاندەخەن. بۆیە ئەو جۆرە کەسایەتییانە نە هونەرمەندن، بەڵکوو مرۆڤی بێهونەر و مۆرەی شەڕی تایبەتن کە لەسەر هونەر ڕانت و خۆ بە ژیان کردن دەدەن.

هونەرمەند ئەو کەسەیە کە بە هونەرەکەی ئێش و ئازاری گەلێک سارێژ بکات و خۆرەتاوی هیوا لەکۆمەڵگا بدرەوشێنێتەوە. هەر بەرهەمێکی هونەری ئێش و ئازار و هیوایەکی تێدا شاراوەیە، یان مەرگەسات و سەرکەوتنێک تێدا بە نمایش دەدەرێت. بەڵام ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە مۆرەکانی خۆیان وایان کردووە کە بەرهەمە هونەریەکان بە زۆری بێناوەڕۆک و ڕووخێنەر بن. بۆ نموونە دەنگبێژی، هۆرە و مقامەکان بێناوەڕۆک

دەکەن. هونەرمەند ئەو کەسەیە کە لەگەڵ خەمی گەل و نیشتمانەکەی بێت و بە بەرهەمە هونەریەکانی خاوەندارێتی لەنرخ و کەرامەتی نیشتمانەکەی بکات.

لەکوردستان هەر رۆژ مەرگەسات روودەدەن، رۆژانە کۆلبەر و کاسبکار دەکوژرێن و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لەسێدارە دەدرێن و گوند و شارەکانی کوردستان وێران و خاپوور دەکرێن و هاوڵاتیانی کورد ئاوارە و سەرگەردان دەبن. رۆژانە بە دەیان چیرۆکی ناخ هەژێن روودەدەن. بۆ نموونە چیرۆکی تیرۆری شەهید ئیقبال مۆرادی کە بەر لەسێدارەدانی کوڕەکەی تیرۆر دەکرێت و ٤٠ رۆژ دوای ئەوەش کوڕەکەی (زانیار مۆرادی) لەگەڵ لوقمان مورادی و رامین حسێن پەناهی، لەلایەن جەللادانی رژێمەوە لەسێدارە دەدرێت. بەڵام لەکاتی ئەو مەرگەسات و چیرۆکە ناخ هەژێنانەدا هونەرمەندان لەکوێی ئەم وڵاتەدان؟ چون ئەو گەنجانە نرخ و گەنجینەی سرووشتی کۆمەڵگان. هەر گەنجێک گەلایەک لەداری ئازادییە، بە هەڵوەرینی هەر گەڵایەک پێویستە ئاواز، پەخشان، شیعر، شانۆ، فیلم، رەسم و رۆمانی لێ بەرهەم بهێنرێ. ئەوەش ئەرکی هونەرمەندانە، چون ئەو بەرهەمە هونەرییە، رۆحیە و ورەیەکی نوێ بە کۆمەڵگا دەبەخشێت.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە رێبازە سەرکوت کاریەکانیان بێمۆڕاڵی و بێورەیی لەناو کۆمەڵگا دروست دەکەن. بەڵام هونەرمەند ئەرکی ئەوەیە کە بە بەرهەمە هونەریەکانی هەمیشە هیوا و ئاواتەکانی گەل و کۆمەڵگا بە زیندوویی رابگرێت. بەڵام هونەرمەندان لەژێر چ پاساوێک بێت ئەرکەکانیان بە جێ ناهێنن. مرۆڤ پێویستی سەرەکی بە کۆمەڵایەتی بوون هەیە تا مرۆڤ بوونی خۆی بپارێزێت. واتا هەر تاکێک پێویستی بە کۆمەڵگابوون هەیە، کۆمەڵگا نەبێت بوونی تاکیش واتای نییە. مرۆڤ خاوەن رێکخستن نەبێت، ناتوانێت خۆی بپاریزێت و پێداویستیەکانی ژیانی دابین بکات. ئەو چەند خاڵە پێویستی سەرەکی مرۆڤن، بەڵام لەکۆمەڵگای دەوڵەتیدا پێویستیە سەرەکیەکان خراونەتە پاشەوەو ئەوانەش کە لەریزبەندییە کۆتاییەکاندایە، خراوەتە ریزبەندی پێشەوە. سەرمایەداری مرۆڤی کردوەتە جانەوەرێکی دڕندە. مرۆڤ بووەتە گورگی مرۆڤ کە هەمیشە لەپۆزسیۆنی پەلامارداندایە. ئەگەر پیاوێک کچ و ژنێک لەجێگایەکدا بە تەنیا ببینێت وەک گورگ پەلاماری دەدات. زهنییەتی دەسەڵاتداری پیاو هەمیشە وەک ئۆبژەیەکی زایەندی سەیری ژن دەکات. ئەوەش بە پێچەوانەی گەوهەری مرۆڤە کە لەزهنیدا شکلی گرتووە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت هەر کاڵایەک بە وێنەی ژن دادەپۆشن. سەرجەم رێ و رێکارە هونەریەکانیان بە رەمەکی زایەندی تەنێندراوە. واتا مرۆڤ برسی رەمەکی زایەندی کراوە. بەڕێگای هونەرەوە زهنی مرۆڤ داگیر دەکەن. لەناوەندی هالیوود و شاخەکانی فیلم دروست دەکرێت. مرۆڤ ناخوازێت سەیری زۆربەی ئەو فیلم و درامایانە بکات. چۆن بە زۆری بابەتی خۆشەویستی و زایەندی دەورۆژێنن. لەکاتێکدا سەرتاپای ژیانی مرۆڤ نە ئەو بابەتانەیە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە ڕێگای هونەر و هونەرمەندەوە زهنی مرۆڤ بە پێی سیناریۆکانیان دادەتاشن و ڕەوایەتی بە بانگەشەکانیان دەدەن. ئەوەی کە لەئێران بەردەوام دیاردەی لۆمپەنیزم پەرە پێ دەدات، هونەرمەندە بێ هونەرەکانن. بەشێک لەهونەرمەندەکان وەک مهران مۆدیری بە گەپ و تەشقەڵە کۆمەڵگا سەرقاڵ دەکەن. ئەو تیپە هەمیشە مرۆڤەکان سەرخۆش دەکەن و بە مەتەڵەک و پێکەنین کۆمەڵگا پەلکێشی تۆڕەکانی دەسەڵات دەکەن. فیلمی ئێخراجیها نموونەیەکی بەرچاوی بەرهەمی ئەو ناوەندەیە کە کولتووری لۆمپەنیزم ڕەوا و بڵاو دەکاتەوە. ئەو فیلم لەلایەن سوپای پاسدارانەوە بە ئامانجی پەرەپێدانی لۆمپەنیزم لەنێو کۆمەڵگا دروست کراوە. واتا مرۆڤی خوێڕی و لۆمپەن لەبەرەی شەڕ دەبنە قارەمان. هەروەها کەسایەتیە لۆمپەنەکان قارەمانی سەر سەحنەکانن.

لەئەمڕۆدا هونەرمەندە ڕەسەن و حەقیقیەکان لەناو کۆمەڵگا پاشەکشێیان پێ کراوە، بێدەنگی و خامۆشییان هەڵبژاردووە و بەو هەڵوێستە درگا بۆ لاشخۆر و کەمتیارەکان، خوێڕی، لۆمپەن و چەقۆکێشەکان ئاوەڵا بووە. هونەرمەندانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کۆمەڵگایان بە بەرهەمی لۆمپەنیزم تەناندووە. ئاوڕێک لەمێژووی بەرخۆدانی کۆبانێ، شەنگاڵ، عەفرین و گرێ سپی و سەرێکانی بدەین کە چۆن قەلەڕەشەکانی داعش و چەتەکانی سەر بە تورکیا و سوپاکەی ویستیان ژیانی مرۆڤی تێدا بن بڕ بکەن، لەو ناوچانەدا مرۆڤ ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی، کاولکاری، وێرانی، دەربەدەری و قڕکردن بوویەوە. لەو سەردەمەدا هونەرمەند بەرهەمی هونەری بڵاو دەکات کە ناوەڕۆکی لەسەر ئەویندارییە. کچ و کوڕێک باوش بە یەک دەکەن، بەڵام لەسەر ئەم خاکەدا هێشتا خوێن دەچۆڕێت و میلیۆنها مرۆڤ ئاوارەو سەرلێشێواون. مادەم هونەرمەندێک بەرگی هونەرمەندی پۆشیوە، بەرپرسیاری مێژوویی لەسەرە کە بەرهەمی هونەری بخوڵقێنێ.

کاتێک لەئامێزی نیشتماندا مرۆڤێک بە بێ تاوان دەکوژرێت، دەبێ نەمامی ئازادی بە جێگەی بچێنرێت. ئەرکی هونەرمەندیش ئەوەیە کە بە بەرهەمە هونەریەکانی زهنی ئازادی و تۆڵەسەندنەوە شکڵ پێبدات. بەڵام گۆڕەپانی هونەر وەک ناوەندێکی شەڕی تایبەت کۆمەڵگای پێ بۆردومان دەکرێت. دەسەڵات و دەوڵەت لەئەمڕۆدا دەستیان بەسەر هونەردا گرتووە و خستوویانەتە ژێر کۆنترۆڵەوە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە کولتووری پۆپ میۆزیک یا ئەرەبەسک، کولتووری ڕەسەنی گەل و کۆمەڵگا ڕووت و نەدار دەکەن. واتا کولتووری ڕەسەنی کۆمەڵگا لەدەمار دەردێنن. داب و نەریت و کەلەپووری کوردەواری بەرەو لەناوچوون هاندەدەن. میوزیکی کۆنی وەک دەنگبێژی، حەیران و هۆرە تەفروتوونا دەکەن. هونەر لەبنەڕەتدا ژیان دەڕازێنێتەوە و ئافرێنەری و خەملاندن لەژیانی تاک و کۆمەڵگا پێکدێنێت. بەڵام ئەمڕۆ کاپیتالیزم لەهونەردا بێهیوایی و بێ باوەڕی گەشە پێ دەدات. هزر و ڕوانگەی مرۆڤ

پچووک و ژیانێکی وەهمی و خەیاڵی لەزەیندا وێنا دەکات. واتا هونەر ئەو گۆڕەپانەیە کە مرۆڤی خەیاڵی و جیهانی وەهمی بۆنیاد دەنێت.

لەئەمڕۆدا شەڕی کاپیتالیست بەرێگای تەکنۆلۆژیایە. هەر کەس لەماڵی خۆی دانیشتووە و بە رێگای ئامرازەکانی شەڕی تایبەت لەناو شەڕدایە. منداڵی کورد لەماڵەوە بیست و چوار کاتژمێر سەرقاڵی یاری کۆمپیوتەرین. ئەو یاریانە مرۆڤی خەیاڵی وەدی دێنن کە نەتوانێت لەجیهانی راستیدا شەڕ بکات. واتا تاک و کۆمەڵگایەکی لاواز و بێهێز دەئافرێنن. لەبوارێکی تریشەوە بە رێگای پیشەسازی هونەر لەکۆمەڵگا مۆد پێشدەخەن. لەهونەری رەزمیدا جەکی جان و رامبۆ پێشخراون، بۆیە تاکە لاوازەکان دەیانەوێت بە بێ رەنج و ماندووبوون ببنە رامبۆ و جەکی جان.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە رێگای هونەرەوە مێشک، دڵ و نرخ و بەهای کۆمەڵگا فەتح دەکەن و کۆمەڵگا نوقمی کولتوورێکی تر دەکەن. تۆڕەکانی دەسەڵات هەمیشە بەرهەمی زێدە و بێکەڵک کە هیچ خێرو بەرەکەتی نییە، دەخەنە بازاڕەوە. لەجیهانی سەرمایەداریدا ئەوەندە میوزیک، فیلم و کەرەستەی هونەری زۆربوون، کە مرۆڤ نازانێت کامەیان سەیر و گوێدار بکات. زۆربەی ئەو بەرهەمە هونەریانەش، بە داخەوە رەمەکی زایەندی لەمرۆڤدا دەوروژێنن. هونەر گۆڕەپانێکی ژیانی مرۆڤە کە لەناو شەڕدا گەشە دەکا. لەوڵاتێکدا ژێردەستی و زوڵم و زۆری سالار بێت، لەو وڵاتەدا دەبی هونەر هەمیشە زیندوو و درەوشاوە بێت.

گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بە رێگای هونەرەوە، ناسنامەیان ئیفادە دەکەن. سەرجەم ناوەندە هونەرییەکانی گەل، لەپارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ سەکۆی پاراستنی ناسنەمەو بوونی کوردانە. واتا کولتوور هەبوون دەپارێزێت و بەردەوام بوونی مسۆگەر دەکات. تۆڕەکانی دەسەڵات ناتوانن مرۆڤ لەو گۆڕەپانە بپچڕێنن، بۆیە هەوڵ دەدات بە شێوەی زهنییەت و بەرژەوەندی خۆی گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدات. بە رێگای وەرزشوانێکەوە کاڵایەکی خۆی دەخاتە ناو بازاڕ و وەک مۆد بڵاو دەبێتەوە. بڵاو کردنەوەی هەر مۆدێلێک فەلسەفە و لۆژیکێکی داگیرکەری لەپشتەوەیە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە رێگای هونەر و وەرزشەوە، گەنجان و ژنان دەخەنە ناو داوەوە. ئەوە دۆخێکی مەرگەسات بارە. لەکوردستاندا شەوانە سەردانی کام ماڵی کورد بکەی، کەس لەگەڵ کەس قسە ناکات، چۆن هەر کەس لاکی ناو هاندی تەلەفۆن، تۆڕەکانی فەیسبووک، تەلەگرام، ئینیستگرام، فیلم و دراما تورکی، ئێرانی، کۆرەیی و هندییە. لەکاتێکدا ئەو فیلم و درامایە پەیوەندی بە کولتوور و کۆمەڵگای کوردییەوە نییە. بەس ئەو فیلم و درامایانە کەسایەت دەکوژێت و سووکایەتی پێ دەکات، بەس ترووسکەی

کاردانەوەیەک لەدژیان سەرهەڵنادات. چون لەبنەڕەتدا ئەو بەرهەمە ناهونەریانە، رفلێکسی بەرخۆدان و تێکۆشان لەنێو کۆمەڵگا لەبار دەبەن.

ناوەندی هالیوود نموونەی بەرچاوە کە ناوەندی شەڕی تایبەتی دەسەڵاتدارانە. بە رێگای هونەرەوە دەستێوەردانی رۆژهەڵاتی ناوین دەکەن. فیلمی وەهمی کە نە بە پێ حەقیقەتی کۆمەڵگایە بەرهەم دێنن. جارێکی تر بە رێگای فیلم، ئەدەبیات، چیرۆک، شیعر، هەڵبەست و موزیک کۆمەڵگا دەچەوسێننەوە. بە رێگای سینماکاران و گۆرانیبێژانەوە مۆد بڵاو دەکەنەوە. سەیری مایکل جاکسۆن بکەین بە ساڵان لەرۆژەڤی کۆمەڵگادا بوو، کچ و کوڕ ئەویندراری بووبوون. زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای دەسەڵات بە خەیاڵی گەیشتن بە کەسایەتی مایکل جاکسۆنێک ژیاون.

هەر هونەرمەندێک فۆرمێکی کاری و مۆدێکی ژیانی پەرە پێدەدات. بۆیە هونەرمەند و وەرزشکارە بەناوبانگەکان قژیان چۆن بێ، چ جل و بەرگێک بپۆشن، چ بخۆن، لەلایەن گەنجانەوە لاساییان دەکرێتەوە. تۆڕەکانی دەسەڵات بە رێگای هێمای شەڕی تایبەت سەرمایە کەڵەکە دەکەن. جهیانێکی مەرگەساتیان درووست کردووە کە لەپێناو قازانج — دەسەڵات، هونەری حەقیقی کۆمەڵگایان شێواندووە.

گەلی کورد لەبەرامبەر فاشیزم و داگیرکاری لەهەموو گۆڕەپانەکانی ژیان تێکۆشان دەکات. بۆ نموونە کۆچەر بیرکار کە خەڵکی شاری مەریوانە بە دەستهێنانی خەڵاتی جیهانی لەگۆڕەپانی مەتەماتیکدا و رۆنیا حسێن زادە کە خوێندکاری پۆلی چواری سەرەتایی و دانیشتووی شاری بانەیە، پلەی یەکەمی جیهانی لە١٨هەمین کێبڕکێ زانستی (ژمێریاری زهنی) لەمالزیدا بەدەستهێنا. بە دەستهێنانی ئەو پلەو خەڵاتانە لەگۆڕەپانی مەتەماتیکدا، بوونی ناسنامەی کورد لەگۆڕەپانی زانستیدا زیندوو دەکاتەوە. هاوکات رێبەر ئاپۆ لەسەد کەسایەتی بەناوبانگی جیهاندا ناوی تۆمار دەکرێت. ئیدی کورد درگای سەرجەم ئەو گۆڕەپانانەی کە لێ قەدەخە کرابوو، دەشکێنێت و لەئاستی ناودارە جیهانیەکان سەرکەوتن بۆ گەلەکەیان تۆمار دەکەن. لەئەمڕۆشدا ژمارەیەکی زۆر هونەرمەند هەن کە بە بچووکترین دەرفەت، گەورەترین جوانی و بەرهەمی شۆڕشگێڕی کە گرێدراوی نرخی مرۆڤایەتییە، دەخوڵقێنن. هەروەها هێڵی بەرخۆدان لەبەرامبەر هێڵی تەسلیم کاری بە هێز دەکەن.

لەبەر ئەوەی ئیمکانی ماددی و مەعنەوی و هێزی مرۆیی لەناوەندەکانی شەڕی تایبەتدا قۆرخ کراوە، سەرجەم ئەو ناوەندانە لەدژی کۆمەڵگا سەفەربەرییان راگەیاندووە. بەشێکی لەپێناو گەشەدانی ئیمپریالیزم و بەشێکی تریش لەپێناو ئیسلامی دەسەڵاتدا لەنێو ئامادە باشیدان. هەر کەس بە بەرهەمەکانی پەسنی خودایانی خۆی دەدات و حەقیقەتی مێژوو چەواشە دەکا. تەڤگەری ئاپۆیی بە هەموو هێزیەوە لەبەرامبەر مەکینەی هاڕینی ئیرادەی مرۆڤەکان وەستاوە و هەر جارێک بە بەرخۆدان و تێکۆشان چەرخەی مەکینەی

داگیرکاری دەهەژێنێت و خێرایی داگیرکاری دادەخات و پەردە لەسەر حەقیقەت هەڵدەماڵێت.

## پیشەسازی زایەندی

پیشەسازی زایەندی، گۆڕەپانێکە کە لەسەردەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا کاریگەری نەرێنی لەسەر گۆڕەپانەکانی ژیانی مرۆڤ دانەوە. گۆڕەپانێکە کە کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون هاندەدات. یاسایەکی سرووشت لەئارادایە کە هەر هەبوونێک پێویستی بە زێدەبوون هەیە. بەس ئەوە لەجیهانی حەیوانات زۆر بە رێکوپێکی بەڕێوە دەچێت کە جووت بوونی حەیوانەکان، وەرز و کاتێکی دیارکەری خۆی هەیە. بەڵام لەمرۆڤدا گەیشتووەتە ئاستی رۆژانەیی. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەبواری سایکۆلۆژییەوە مرۆڤ برسی دەهێڵن، تا دەگاتە ئاستێک کە کتێبخانە بە کەبابخانە بخوێنێت.

تاکە گۆڕەپانێک کە تۆڕەکانی دەسەڵات بە سەربەستی بەرەو رووی کوردان ئاوەڵایان هێشتووە، گۆڕەپانی زایەندییە، کە بە رێگای مەدیا و هونەر زیاتر دەورووژێنرێت. لەم گۆڕەپانەدا، ژن بووەتە کاڵایەکی زایەندی. لەکاتێکدا ژن لەسەردەمانی کۆندا، خاوەن چ پێگەو دەسکەوتێک بووە، ئەمڕۆ لەچ دۆخێکی مەرگەساتباردا دەژی. ئەوەش کارەساتێکی کۆمەڵایەتییە کە لەلایەن مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەدژی کۆمەڵگا پەیڕەو کراوە. بۆیە ژن چەندێک ئامووری زایەندی بێت، پیاویش ئەوەندە ئامووری دەسەڵاتی زایەندیین. واتا پیاو دەستدرێژی سەر ژن وەک چالاکییەکی دەسەڵات بۆ خۆی دەبینێت.

لەرابردوودا منداڵێک تا مەزن نەبوایە، رووی لەکردەوەی ناشیاو نەدەکرد. بەڵام ئەمڕۆ سەرمایەداری وای کردووە کە ئیدی منداڵێکی حەوت بۆ هەشت ساڵان کێشراونەتە ناو گۆڕەپانی زایەندی. ئەوەش دەرئەنجامی پەروەردەی ناتەندرۆستی رژێم سەرچاوە دەگرێت. رێبەر ئاپۆ ئاماژە بەوە دەدات کە پەروەردە کردنی منداڵ نە گرێدراوی دەوڵەتە. بەڵکوو منداڵ و گەنج گرێدراوی کۆمەڵگان. بۆیە کۆمەڵگا دەتوانێت منداڵ پەروەردە بکات. دەوڵەت هەرگیز ناتوانێت خاوەندارێتی لەژن و منداڵ بکات. چۆن زهنییەتی دەوڵەت لەسەر بنەمای قازانج و دەسەڵاتە. بەڵام کۆمەڵگا، ماڵبات، باوک و دایک بەدوور لەو زهنییەتەن. چۆن دەیانەوێت منداڵێکی تەندرۆست و ئافرێنەر پێشکەشی کۆمەڵگا بکەن.

فیلمی مردنی مەلەکەکان دڵۆپێک لەکردەوەکانی تەڤگەری شەڕی تایبەت پیشان دەدات. گرووپێکی مافیایی کە سەرۆکەکەیان ژنە. لەناو کۆمەڵگادا منداڵی هەر زیرەکی کۆمەڵگا نیشان دەکەن و دواتر لەپیلانێکدا دەیانرفێنن و دەیانبەنە دوورگەیەکی دوور. ئەو منداڵانە بە ساڵان لەو دوورگەدا پەروەردە دەکرێن. لەسەد کچدا، یەک بۆ سێ کەس گوڵبژێر دەکەن. لەبەرامبەر ئەو کچە رفێندراوانە هەر جۆرە دەستدرێژییەک ئەنجام دەدەن، تا دەیانکەنە فاحشەیەک. چۆن ئەو گرووپە مافیاییە ئامانجێکیان هەیە کە کاروباری

گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان، تیرۆری وەزیر و بەرپرسە باڵاکانی ناو دەوڵەتیان پێ ئەنجام دەدەن. واتا پەروەردەی دەوڵەتیش بە هەمان شێوەیە. چۆن دەوڵەت گەورەترین مافیای سەر زەوییە. دەوڵەت لەکوردستان بە پێ ئامانج و بەرژەوەندیەکانی منداڵ و گەنجان پەروەدە دەکەن، تا ئەو تاک لەناو تۆڕەکانی دەسەڵات نۆکەری دەوڵەت و کردەوەی تیرۆریستی بۆ تۆڕەکانی دەسەڵات بکات. لەتۆڕە مافیاییەکانی دەسەڵات، بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە دەستدرێژی دەکەنە سەر کوڕ و کچانی کورد. بەو شێوە پەروەردەیە بێئیرادەیان دەکەن و کەسایەتیان دەڕووخێنن، تا گوێڕایەڵی دەوڵەت بن. چۆن دەوڵەت لەکوردستان تاکی بەهێزی ناوێت، بەڵکوو مرۆڤی بێ ئیرادەو بێهێزی دەوێت.

## خاڵە بنەڕەتییەکانی شەڕی دەروونی دەوڵەت لەدژی گەل و کۆمەڵگای ئێران و کوردستان

### ١ ـ فریو- خاپاندن

فریودان تاکتیکێکی شەڕی دەروونییە کە لەدژی گەل و کۆمەڵگا پێشخراوە. بە ڕێگای سەبەتەی فریوە، دەوڵەت دەیەوێت حەقیقەتی خۆی پەردەپۆش بکات و لەکۆمەڵگادا ڕاستی بکاتە درۆ و درۆش بکاتە ڕاستی. بە فریو و هەڵخڵەتاندن دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگا دەسەپێنێت و لەژێر گیوتین و چەوسانەوەدا ملوانکەی ئازادی، دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ خەڵاتی گەل دەکات. خەڵاتێک لەگەردەنی کۆمەڵگا ئاوێزان دەکات کە ڕەمزی داگیرکاری و هێمای کۆیلەتییە. بەڵەنگۆی دەسەڵات لەکاتێکدا هاواری دیمۆکراسی لێ دەردەکەوێت کە فڕێکی بە دیمۆکراسییەوە نییە. بەڵکوو تەنیا ئامانجی فریودانی کۆمەڵگایە کە ڕێگا بە دەرفەتی ژیان و ڕامانی ئازاد نادات.

دەوڵەت دەزگای فریودانە. هەوێنی سەرجەم ناوەندەکانی شەڕی تایبەتە. بناخەی هەڵگرساندنی شەڕ پێکدێنێت. لەڕەوتی مێژوودا بە ڕێگای فریودانەوە بەرهەمی دەستی ژن و گەنج زەوت کراوە. تۆڕەکانی دەسەڵات بە ڕێگای فریودانەوە کە ئەگەر نەخوێنن پێشەرۆژێکیان نابێت، منداڵانی کورد پەلکێشی ناو سیستەمی خوێندنی دەسەڵات دەکەن. لەکاتێکدا سەرەڕای خوێندنی منداڵان لەخوێندنگاکانی دەسەڵات هیچ داهاتوویەکیان نییە. تاکێکی کورد لەناوەندەکانی شەڕی تایبەت چ بخوێنێ و چ نەخوێنێ وەک یەکە. زۆربەی هاوڵاتیانی کورد لەئەمڕۆدا دەست لەمەکتەبی داگیرکەری بەردەدەن، چون درۆ و فریودانی تۆڕەکانی دەسەڵات بۆ کۆمەڵگا بووە.

تاکێکی کورد زیاتر لە ٢٠ ساڵ دەچێتە خوێندنگاو دەرئەنجام بەشداری سوپای بێکاران دەکرێت. لەبەر ئەوەی دەوڵەت لەخوێندنگا زەلام، کارمەند و بەکرێگیراو بۆ تۆڕەکانی دەسەڵات پێدەگەیەنێت. بەڵام سەرجەم ئەو خوێندکارانەی کە لەناوەندەکانی شەڕی تایبەتی دەسەڵات دەخوێنن بە کەڵکی دەزگاکانی دەوڵەت ناخۆن و دەوڵەت هێز و توانای بەخێو کردنی هەموویانی نییە، چون ڕژێم لەناو قەیرانێکی قووڵی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدایە. تایبەت ڕژێمی داگیرکەری ئێران هێز و توانای پێدانی مووچەو حەقدەستی بە کرێکار، کارمەند و کۆیلەکانی خۆی نییە. بۆیە بە فریودان هژمۆنی دەسەڵاتی خۆی بە سەر کۆمەڵگا دەسەپێنێنت.

لەرژێمی داگیرکەری ئێراندا مەلاکان دەسەڵاتی ئاینی یان دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیایان لەدەستدایە. ئەو توێژە شەو و ڕۆژ درۆ شاباشی گەل دەکەن و فریویان دەدەن. لەمێژوو، فەلسەفە، زانست، کۆمەڵناسی و تێکۆشانی کۆمەڵگا چەواشەکاری ئەنجام دراوە. مەلا

هەمیشە تاک هانی نوێژ و کردارە واجبەکان دەدات، تا لەئاخرەتدا بڕواتە بەهەشت. بەڵام تاکێکی کورد سەرەڕای ئەو هەموو خوێندنەی لەناو سیستەمی دەسەڵاتدا جەهەنەمی خەڵات دەکرێت. سەرجەم بانگەشە و بەڵێنەکانی مەلاکان لەخانەی فریوداندایە. ئامانجی فریودانیش ئەوەیە کە تاکەکان پەلکێشی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بکرێن.

تۆڕەکانی دەسەڵات بەو سیاسەتانەی لەکوردستان پەیڕەویان کردووە پارچەکردارییان لەتاکدا کوشتووەو کەسایەتی کوردیان لەناو فەلسەفەی نۆڕماڵ بوون نۆقم کردووە. لەزاری هەر تاکێکی کورددا دەستەواژەی (شتێک نابێت) دەردەکەوێت، لەکاتێکدا گەلی کورد بە پێی کولتوور، زمان و فەلسەفەی ژیانی خۆی رێکدەخات.

کاتێک تاکێک بەشداری ناو شۆڕش و ریزەکانی پەکەکە و پژاک بوو، ئیدی زمانی دەسەڵات لەزاری دەردەخات، چون بە ئۆسلووب و زمانی دەسەڵات ناتوانێت لەناو شۆڕش و ریزەکانی تێکۆشان بدوێت و زمانێکی شۆڕشگێڕی هەڵدەگرێت، چون لەرابردوودا زمانی تاکەکان، زمانی فریودان بووە.

لەکۆمەڵگای دەسەڵاتدا کابرا حاجییەو دوای نوێژخوێندن، سەد جار سوێند دەخوات کە فلان شتی بە ئەوەندە دینار کڕیوە، لەکاتێکدا فێڵ و درۆ دەکات و بە نرخێکی زۆر کەمتر لەوەی کە دەڵێ کڕیویەتی. بەڵام لەبەر ئەوەی شت و مەکی خۆی بە کڕیار بفرۆشێت و قازانجی زیاتر دەستەبەر بکات، هاوخوێن و هاو زمانی خۆی فریو دەدات. چون دەسەڵات فێڵ و تەڵەکەو فریوی لەکەسایەتی مرۆڤدا بە کولتوور کردووە.

## ٢ ـ بێهەست کردنی کۆمەڵگا

دەوڵەت ناتوانێت کۆمەڵگایەکی چالاک و زیندوو کۆنترۆڵ، کۆیلەو دەستەمۆ بکات. بۆ دەستەمۆ کردنی کۆمەڵگایەک، پێویستە لەهەنگاوی یەکەمدا بێ هێز و بێئیرادە بکرێت تا شیرازەی کۆمەڵایەتی بشێوێنرێت. واتا دەمار و رۆحیەی خۆڕاگری، سەرهەڵدێری و ئازادیخوازی بەنج و ئیفلیج دەکات. دەسەڵاتداران بە ئامووەرەکانی شەڕی تایبەت کۆمەڵگا بێهەست و بێ کاردانەوە دەکەن، کاتێک کۆمەڵگایەک بێهەست و بێ رفلێکس کرا، ئەگەر دەستدرێژی بکرێتە سەر کولتوور، ئەخلاق، کەرامەتی مرۆیی و مێژووی کۆمەڵگا، دەنگی لێ دەرناکەوێت و ئەوەش بەڵگەی بەنج و ئیفلیج کردنی ئازادی و دیمۆکراسییە. سەیری باشووری کوردستان بکەین، دەوڵەتە داگیرکەرەکان شەو و رۆژ ناوچە شاخاویەکانی کوردستان بۆردومان و تۆپباران دەکەن و دایکی نیشتمان و زهنی گەل و کۆمەڵگا داگیر و فەتح دەکەن.

کۆمەڵگای بێهەست و بێرفلێکس (کاردانەوە) ئاوا دەکەن. رفلێکسی ناڕەزایەتی دەربڕین و راپەڕین لەبەرامبەر داگیرکەران دەکوژن. بە قسە و قسەڵۆکی بریقەدار، گەل فریو دەدەن. خاپاندن و چەواشەکاریەکان ئەوەندە زەبەلاح و قیزەونن کە دەوڵەتانی

داگیراکاری ئێران و تورکیا، وەک هێزێکی رزگارکەر بەناو دەکەن. لەکاتێکدا پەکەکە و پژاک بە تەڤگەرێکی تیرۆریستی و داگیرکەر بەناو دەکەن! بەپێ مەزاقیان زاراوەکان ئاڵوگۆڕ و چەواشە دەکەن، بەوەش دەیانەوێت رفلێکسی گەل لەبەرامبەر دەوڵەتی فاشیستی تورک و ئێران بخنکێنن. وای لێهاتووە کە گەل بە روانگەی داگیرکار سەیری ئەو دەوڵەتانە ناکەن، چون ئابووری و پێداویستییەکانی ژیانی بە رێگای کەناڵی داگیرکاری تورکیا و ئێرانەوە دابین دەکرێت.

سیاسەتی ئابووری و تەنانەت ئیدارەی هەرێمی باشووری کوردستان بە رێگای دەوڵەتانی داگیرکاری تورکیا و ئێرانەوە بەڕێوە دەبرێت. سەرجەم شتومەکی ناو بازاڕ تورکی و ئێرانین. بە رێگای دەمامکی کۆمپانیاوە رۆخساری بازاڕیان گۆڕیوە. لەبواری کولتوریشەوە کۆمەڵگایان بە کولتووری تورکی و ئێرانی تەنیوە. کۆمەڵگای باشوور لەبواری کولتوور و داب و نەریتی کوردییەوە داماڵراوەو هێز و توانای بەرەنگاربوونەوەی لێ زەوت کراوە و بەنج و بێرفلێکس کراوە. لەهەرێمی باشووری کوردستان کۆمەڵگا حەپەساو و مات کراوە. دەستکەوتەکانی گەل لەدژی گەلانی تر و بە تایبەت لەدژی بەشەکانی تری کوردستان بەکار دەهێنرێت. لەئۆپەراسیۆنی داگیرکاریدا هێز و پارتەکانی دەسەڵاتی باشوور لەدژی دەستکەوتی گەلی کورد لەبەشەکانی تری کوردستان وەک ماشەی چەک، بۆ تەقاندنی فیشەکی خەلاسی بەکار دەهێندرێت و ئاگری شەڕی براکوژی دەگەشێننەوە. پارتە دەسەڵاتدارەکان نە بەدوای خزمەتگوزارییەوەن، بەڵکوو تەنیا بەدوای دەسەڵات و پارەوەن.

لەباکووری کوردستان بە پێچەوانەوەی دەسەڵاتدارانی باشوور گەل دەستدرێژیەکانی دەوڵەتی تورکیا قەبووڵ ناکات. شەقام خرۆشاوە و ناڕەزایەتی مەدەنی لەشەپۆڵ لێداندایە. زمانی دیمۆکراسی کاراو زیندووە. سەرەڕای سیاسەتی نکۆڵی و پاکتاوکاری، دەوڵەت نەیتوانیوە کۆمەڵگا بێحس و دابمرکێنێت.

لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش رژێمی داگیرکاری ئێران بەو هەموو مانۆڕ و بادانەوەکانی هێشتا نەیتوانیەوە کۆمەڵگا بێحس و بەنج بکات. لێگەڕینی گەل بە دوای ئازادی و دیمۆکراسییەوە هیوابەخشە. لەدژی زۆڵم و زۆری رژێم، ئاڵای خۆڕاگری دەشەکێتەوە. رژێم بە بڵاو کردنەوەی هزری بێ باوەڕی کۆمەڵگا پارچە دەکات. کۆمەڵگا بێ بەرهەم و بە سیخوڕ دەکات. گەل بە رێگای تێکۆشانی مەدەنی و دیمۆکراتیک خاوەنداریێتی لەناسنامە و ئیرادەی خۆی دەکات.

## ٣ ـ ترس ـ تۆقاندن

ترس و تۆقاندن بابەتێکە لەکەسایەتی مرۆڤدا بە فێربوون چەکەرە دەکات. تۆڕەکانی دەسەڵات بە رێگایماڵبات و ناوەندەکانی شەڕی تایبەت ترس و تۆقاندن لەناخی مرۆڤدا

دەچێنن. تۆڕەکانی دەسەڵات بە ڕێگای خوێندنگا، گرتووخانە، ئەشکەنجە، لەسێدارەدان و ئاموورەکانی دەسەڵات ترس دەخەنە ناخی مرۆڤ تا سڵ لەشۆڕش بکات. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بەو ڕێگایەی کە ئەگەر گەنجانی کورد لەناوەندەکانی بەسیج ناونووس نەکەن و نەبنە ئەندامی بەسیج، لەکاتی چوونە زانکۆ و دامەزراندن بەربەستیان لەبەردەم درووست دەبێت.

بە سیاسەتی ئەوەی ئەگەر تاک نوێژ و ڕۆژوو نەگرێت دەکەوێتە جەهەنەم، بەوە لەزهنی مرۆڤ ترس و دڵەڕاوکێ درووست دەکەن. تۆڕەکانی دەسەڵات بە ترس و تۆقاندن سەرجەم ئاموورەکانی شەڕی تایبەتیان لەرۆژهەڵاتی کوردستان ئاکتیو کردووە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کەسایەتی وایان درووست کردووە کە لەتاریکی بترسێت، چون لەناو تاریکیدا چەپەڵی و جن هەیە. بەڵام بە گەیشتنی حەقیقەتی تاریکی ئەو گۆتەگۆتانەی دەسەڵات پووچەڵ کراوەتەوە. چون لەکەسایەتی کوردی ئازاددا ترس لەتاریکی شکاوە. دەوڵەت بە درووست کردنی ترس و تۆقاندن خۆی لەزهنی گەل و کۆمەڵگا زەبەلاح کردووە. بەڵام گەنجانی کورد بە زانابوون و هەستی ئازادی ترسیان لەدەوڵەت نەماوە. چون مرۆڤ چەندێک لە ئازادی نزیک بێتەوە، ئەوەندە دیواری ترس و تۆقاندن هەڵدەوەشێت.

لەفەتحی ئەندەلۆس، شەڕی نێوان سوپای موسلمانان و سوپای ئیسپانیا ڕوودەدات. تارق بن زیاد کە فەرماندەی لەشکەری موسلمانانە، پاڵەوانێکی شەڕە. لەشەڕدا خاوەن تاکتیکی بەهێز بووە. کاتێک موسلمانان بە گەمی لەشکەرکێشی بۆ ئەندەلۆس دەکەن و دەگەنە پێدەشتەکانی ئیسپانیا. سوپای موسلمانان دەبینن کە ژمارەی لەشکەری ئیسپانیا چەند قاتی سوپاکەیان دەبێت. ئەو دیمەنە ترس و تۆقاندن دەخاتە ناو سوپای موسلمانان. بەڵام فەرماندەی سوپای موسلمانان فەرمان دەدات کە سەرجەم گەمیەکانیان نۆقمی ئاو بکەن و ئەو فەرمانە جێ بە جێ دەکرێت. دواتر فەرماندە وتارێک بۆ سوپاکەی پێشکەش دەکات کە تیشک دەخاتە سەر دوو بژاردە کە ناچارن یەکیان هەڵبژێرن. بژاردەی یەکەم ئەوەیە کە بەڕەنگاری سوپای ئیسپانیا ببنەوەو شکستیان بدەن و لەو شەڕەدا سەرکەوتن تۆمار بکەن. بژاردەی دووەمیش ئەوەیە کە سوپاکە پاشەکشێ بکەن، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ دواوە، هەر کەس نۆقمی ئاو دەبێت. فەرماندە بە ئوسلوبێکی حەماسەواری بۆ سوپاکەی دەڵێت کام ڕێگا بە گونجاو دەزانن هەڵیبژێرن. بە خیتاب و وتار و هاندانێک کە بۆ هێزی خۆی دەیکات، لەشکەری ئیسلام لەو شەڕەدا سەر دەکەون و ترسێک کە ناخیاندا حەشار دراوە دەشکێنرێت.

دەوڵەتی داگیرکەری تورک و ئێران ئێستا لەدژی پەکەکە و پژاک تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و زەبەلاح بە کار دێنن تا ترس و تۆقاندن لەناخی گەل و گەریلا درووست

بکەن. سامان نسیم لەشەڕی قەندیلدا لەبەر ئەوەی ترسابوو و دەست و پێ ون دەکات، توانای شەڕ کردنی نابێ و رادەستی سوپای داگیرکەری رژێم دەبێت. تۆڕەکانی دەسەڵات تێکشکاندنی شەڕی قەندیلیان بە گرتنی گەریلایەکی وەک سامان نەسیم پەردەپۆش کرد و بە دەیان بەرنامەی شەڕی تایبەتیان لەسەر دورووست کرد و بەو سووژەیە خۆیان کردە قارەمان و سەرکەوتووی شەڕی قەندیل. لەکەسایەتی تاکێکی ئازادیخوازدا چەندێک تاکتیک و رێباز و زانابوون گەشە بکات، ئەوەندە ترس و تۆقاندن لەکەسایەتی مرۆڤ دادەماڵرێت.

ناوەندی شەڕی تایبەت بۆ ئەوەی هەژمۆنی خۆی بە سەر گەلاندا بسەپێنێت، کەشوهەوایەکی تۆقێنەر و ترسی لەناو کۆمەڵگادا دروووست کردووە. رژێمی داگیرکاری ئێران دەوڵەتێکی دڕندەیە. لەسیستەمی ئەشکەنجەی دەسەڵاتە یەک لەدوا یەکەکان چاوی گیراوانیان هەڵدەکۆڵا، گوێ و لووت یان دەبڕی و زمانیان دەقرتاند. کۆمەڵێک دیمەن بڵاو دەبوویە کە ناخ و ویژدانی مرۆڤی هەژاندووە. دەسەڵاتدارانی رژێم، وڵات لەشتێکدا سەمبۆلیزە دەکەن و ترس و وەحشەت لەناخ و هەستی مرۆڤەکان بە جێ دەکەن، تا مرۆڤ توانای بەرەنگاربوونەوەو بەرخۆدانی لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتە نەبێت. ئاماژەمان بەوەدا کە داعش دیمەنێکی وای کێشا تا کەس توانای شەڕ و خۆڕاگری لەبەرامبەری بکات. بە پێشمەرگەی حزب و بنەماڵەوە بگرە تا سوپای دەوڵەتەکان چۆکیان، لەبەرامبەر داعش دانواند و تەسلیم یان بوون و شار و گوندیان لەبەر رەحمی شمشێری داعش چۆل کرد.

ئیتلاعاتی ئێران دەزگایەکی تۆقێنەری ئەمنییە کە لەقۆناخێکدا شاڵاوی ترس و وەحشەتی بەرپا کردووە و قۆناغێک بە پێلی نەرم بووەتە دەزگایەکی شەڕی تایبەت. دەوڵەت بە ترس و تۆقاندن ئۆتۆریتەی لەناو کۆمەڵگا بزمارکوت دەکات. چەندێک ترس بکەوێتە ناو دڵی مرۆڤەکان، ئەوەندە مەیل بۆ ئازادی دادەبەزێت و مەیل بۆ کۆیلەتی بەرز دەبێت.

کاتێک لە ناخی مرۆڤدا ترس رووا، چاولەدەستی و گرێدان بوون بە رژێم درووست دەبێت. لەچوارچێوەی پیلان و بەرنامەیەک کە رژێم دایڕشتووە هەڵدەسووڕێ. بەندیخانە چاڵاوی ترسە. ئەو کات ئێران دەریای ترسە. بۆیە کانگای ترس و وەحشەتە. لەئێران کەسێکی سیاسی بکەوێتە زیندان، فاتیحەی بۆ دادەخرێت. لەناو زیندان ئامووڕەکانی ئەشکەنجە لەرادەبەدەر بە کار دەهێنرێت. ترس و دڵەڕاوکێ لەناو دڵی مرۆڤەکان دروست دەبێت کە دوای دەستگیر کردنی بەرخۆدان لەناو مێشکیدا خوله نەکات و بە بێ ئەشکەنجە تەسلیم بێت و داخوازیەکانی دەوڵەت جێ بەجێ بکات. لەسەردەمی رژێمی داگیرکەری ئێران دوای شەپۆلی گرتنی ئەندامانی حزبی توودە و تایبەت بەرپرس و فەرماندە باڵاکانیان تەسلیم بوون و هاتنە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆن و دانپێدانان و تۆبەیان کردو هەر جۆرە خزمەتێک بە تۆڕەکانی دەسەڵات، دژ بە هاورێیانی خۆیان کرد.

رژێم بە رێگای شەڕی سایکۆلۆژیاوە ترس و وەحشەت لەناخی مرۆڤەکان دروست دەکات. لەبەندیخانەکاندا دەستدرێژی دەکەنە سەر مرۆڤەکان. بە زلە یان مشتێک دەیانەوێت درگای زانیاریە شاراوەکانی مرۆڤ ئاوەڵا بکەن. ئەو تەڤگەرەی کە ئەمڕۆ توانیویە هەیۆلای ترس و تۆقاندن تێکبشکێنێت، پژاک و پەکەکەیە. لای رای گشتی سەرنج راکێشە کە چون پەکەکە و پژاک لەبەرامبەر تۆپ، تانک و تەیارە شەڕ دەکەن؟ چون تۆپ و تەیارە کەرەستەیەکی ترسناک و وەحشەتناکەو مۆمکین نییە کە مرۆڤ بەرەنگاری ببێت. چون شەڕی ئەمڕو لەکوردستان شەڕی تەکنۆلۆژیایە. واتا ئەگەر تەکنیک لەبەردەستدا نەبێت مۆمکین نییە لەبەرامبەر تەکنۆلۆژیای زەبەلاحی جیهان بەرخۆدان بکرێت. بەو لۆژیکەی زانست لەئەختیار گەلی کورددا نیە، چون دەتوانێت تەکنۆلۆژیا دەستەبەر بکات. بەو لۆژیکە ئەوەش ترس و تۆقان لەهزری مرۆڤ درووست دەکەن. بەڵام ئەوەی کە لەدەستی کوردان دایە ئیرادەیە کە باڵاترین سەرمایەی نەتەوەیەکە. ئەوەی کە پەکەکە و پژاک خۆڵقاندوویەتی ئیرادەی ئاسنینی مرۆڤە، بۆیە ئیرادە ترس رادەچڵەکێنێت.

دەستەواژەی ترس لەچەند قۆناخێک لەکەسایەتی مرۆڤدا شکڵ دەگرێت. دەوڵەت لەقۆناخی منداڵییەوە ترس لەناو دڵی مرۆڤەکان دەروێنێت. ئازادی لەمنداڵییەوە لەکەسایەتی مرۆڤ غۆنچە دەکات. منداڵێک چاو بە دۆنیا هەڵدێنێت، ئازاد لەدایک دەبێت. خەون و خەیاڵ و ئاواتەکانی منداڵ زۆر گەورەیە. بەڵام منداڵ بە درێژایی زەمەن، لەئازادی مەودا دەگرێت. رێبەر ئاپۆ دەڵێت: «هەرگیز خیانەت لەخەونی منداڵانەی خۆم ناکەم». چون خەونی منداڵی، خەونێکی حەقیقی، پاک و بێگەرد و ئاوێتەی سیستەمی شەڕی تایبەت، دەسەڵات و سەرمایە نەبووە. دەوڵەت بە رێگای ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، مرۆڤ لەئازادی دوور دەخات. هەر لەمنداڵییەوە منداڵێک فێری ئەوە دەکەن کە گوێڕایەڵی دەوڵەت و دەسەڵات بێت. منداڵێک بۆ ئەوەی لەلایەن بنەماڵەوە کۆنترۆڵ بکرێت و یاخی نەبێت بە حەیوانێک و سەمبۆلێک ترس و دڵەڕاوکێ لەمێشک و ناخیدا دەچێنن. بە رستەکانی گورگ، پشیلە، سەگ و جنۆکە دەیخوات، دیواری ترس لەبەردەم پێشکەوتنی منداڵان درووست دەکەن. لەکۆمەڵگای کوردەواریدا، هەر منداڵێک سڵ و ترسی لەحەیوان هەیە. کاتێک ئەو منداڵ پێ دەنێتە قۆناخی مێرمنداڵی بە دەستەواژەی تازەتر کە لەتەڤگەرە شۆڕشگێڕەکان دووری بگرن، لەکوڕی فلانە کەس کە یاخی و سەرکێشە نابێ نزیک بێ. ئەو کارانەی کە لەدەرەوەی یاسای دەوڵەتە، قەرەی نەکەوە. دەوڵەت بەو دەستەواژانە مرۆڤێکی ترسنۆک بە بار دێنێت. ئایەکانی شەڕی تایبەت وای کردووە کە لەئەمڕۆدا لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کەس راستەوخۆ و راشکاوانە نزیک پژاک نەبێت. پژاک لەیاسای رژێمدا بڤەیە و ترس و وەحشەتی هەیە. گەریلاکانی پژاک دەڕۆنە ناوچەیەک لەبەر ئەوەی ترس لەدڵی گەل

نیشتووه، ترسیان هەیە کە راستەوخۆ لەگەڵ پژاک پەیوەندی دابنێن، چون رووبەڕووی لەسێدارەدان دەبنەوە.

رژێم بە رێگای لەسێدارەدان ترس و دڵەڕاوکێ لەمێشک و دڵی کۆمەڵگا دەنیشێنێت. لەبەر ئەوەی پژاک لە شەقامی کوردیدا هیوا و خۆرەتاوە، رژێم دەیەوێت بە هەوری رەش و تاریک و پەردەی تاریکی، هیوا و خۆرەتاوی گەل داپۆشێت. شەو و رۆژ دەوڵەتانی تورک و ئێران هەرێمەکانی پاراستنی میدیا تۆپباران و بۆردومان دەکەن، بەو هێرشانە دەیانەوێت ترس و دڵەڕاوکێ بخەنە ناو مێشک و دڵی گەریلا کە نەتوانن لەشوێنێکی ئازاد بژین.

## ٤ ـ تەحریک- هەڵخڕان

داگیرکەر بە رێبازی تەحریک کۆمەڵگا پەلکێشی ناو سیستەمی دەسەڵات دەکات. سیستەمی کاپیتالیزم بە رێگای هەڵخڕانەوە، پارەی کردوەتە خودای مرۆڤەکان. لەڕۆژی ئەمڕۆدا پارە خودای تاکەکانەو لەهزر و رامانی کۆمەڵگای دەوڵەتیدا رەنگیداوەتەوەو هەر کەس خزمەت و بەندەی پارەیە. لەکۆمەڵگای دەوڵەتی نرخ و کەرامەتی مرۆیی و ئەخلاق هیچ واتایەکی نییە. بۆیە لەسەر ناوی پارە و زانست مرۆڤ تەحریک دەکەن تا دەست لەئەخلاق و کەرامەتی مرۆیی بشۆرنەوە.

لەباشووری کوردستان ژمارەیەکی زۆر زانکۆی حوکومی درووست کراوە کە رۆژانە بانگەشە بۆ ئەو زانکۆیانە کە فەرانسەوی، ئەنگیلیزی، ئەمریکی و تورکییە دەکەن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کۆمەڵگای کورد تەحریک دەکەن تا روو لەو زانکۆیانە بکەن.

تۆڕەکانی دەسەڵات بە ئامووری تەحریک، کۆمەڵگای کوردی تەحریک دەکەن کە پژاک کافرە. بە تەحریک، شەڕی براکوژی لەنێوان کوردان هەڵدەگرسێنن. بە سیاسەتی تەحریک پارتی و یەکێتی هاندەدەن تا لەدژی تەڤگەری ئاپۆیی بەشداری پیلانگێڕی و سیاسەتی نەیاران بن.

تەحریک لەکۆمەڵگایەک کە هەست و عاتیفە تێدا سەروەر بێت، چەکەرە دەکێشێت. ئەوەش بەربەستە لەبەردەم شۆڕش و ڕاپەڕینی کۆمەڵگا. تاکی کورد خاوەن کەسایەتێکە کە زۆر جار بە قسەیەک هەڵدەچێت. لەلایەکی تریشەوە لەبەرامبەر سیاسەتی داگیرکاریەکانی رژێم پەرچەکرداری نییە، بەڵام بە رەخنەیەک و دەرکەوتنی کەم و کورتییەک دونیا تێکدەدات.

ئەرکی گەریلا ئەوەیە کە گەل هوشیار و زانا بکەن، چون تۆڕەکانی دەسەڵات بە رێگای گەلەوە شەڕی تایبەت لەدژی گەریلا دەسەپێنێت. بە رێگای گەلەوە گۆشار دەخەنە سەر گەریلا کە بۆچی بە تەلەفۆن لەگەڵ ماڵبات قسە ناکەن. بۆچی بەردەوام چاوپێکەوتن لەگەڵ ماڵبات پێک نایەت. زۆربەی پارتەکانی رۆژهەڵات چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن، رەوشیان دیارە. پژاک هێزێکی شۆڕشگێڕە نە کۆمپانیایەکە کە هەر کەس بێت و داخوازی

چاوپێکەوتن بکات. ڕژێمی داگیرکەر بەرپرسی سەرجەم ئەو بابەتانەیە. چون تا شەڕ و نائارامی لەکوردستان لەئارادا بێت، ئاشتی و ئارامی سەقامگیر نابێت و ئەو کات هەر کەس بە ئاسانی ناتوانێت بە دیداری یەک شاد ببنەوە.

دەوڵەت هەمیشە هەوڵ دەدات گەلان لەدژی کەسانی نارازی ناو کۆمەڵگا راپەڕێنێت و تەحریک یان بکات. بە ڕێبازی میتۆلۆژی، فەلسەفە، مەزهەب و ئایین و زانستگەرایی، سووکایەتی بە پیرۆزیەکانی کۆمەڵگا دەکات. بەو گۆتە گۆت خەڵک هەڵخراو دەکەن. لە کاتێکدا کە پژاک و هەر تاک و پارت و پێکهاتەیەک چ نوێژ بکات و نەیکات چ پەیوەندی بە ڕژێمەوە هەیە؟! ڕژێم بەو دەنگۆیانە دەست دەخاتە سەر هەستیاری و باوەڕی کۆمەڵگای ئیسلامی و گەلان لەدژی پژاک دەورووژێنرێت کە ئەم تەڤگەرە کافر و لادەرن تا خەڵک لەدژیان سەرهەڵدەن و راپەڕن.

گەلانی ئازەری، عەرەب، فارس، بەلووچ و کورد ناکۆکی قووڵی مێژوویان لەگەڵ یەک نییە. بەڵکوو دەسەڵات و دەوڵەتی داگیرکاری ئێران ناکۆکی لەنێوان یان قووڵ دەکات. لەنێوان هەورام و سۆران کێشەیەکی وا جددی لەئارادا نییە؛ بەڵام بە تەحریکی تۆڕەکانی دەسەڵات مەودا لەنێوانیان دروست کراوەو لەدژی یەکدی لەناو گۆتەگۆت دان. هاوکات بە سیاسەتێکی نەرم و نیان ئەردەلانی ـ مۆکریانی ـ کرمانجی — کەلهۆری — لۆڕی و سۆرانی لەدژی یەکدی تەحریک دەکەن. بۆ ئەوەی یەکێتی نێوان گەلان پێک نەیەت، هەڵخڕیاگی پێش دەکەوێت. هەڵخراوی ماشەی سیاسەتی ناکۆکی نانەوە و حاکمیەت کردنە. ڕژێمی ئێران بەو ڕێبازە دەیەوێت حاکمیەتی لەسەر گەلان هەبێت و لەچوارچێوەی بەرژەوەندی فاشیزمی مەزهەبی بەکاریان ببات.

بە سیاسەتی هەڵخڕیاگی لەکوردستان جاشبگیری و بەسیجی پەرە پێ داوە و کوردانی لەدژ یەک پڕ چەک کردووە. بەو سیاسەتە دەیەوێت بنەماڵەی هەڤاڵان لەدژی گەریلا تەحریک بکات. بە گۆتەگۆتی ئەوانە چوونەتە سەر ئەو شاخە چ دەکەن، بە کوشت دەدرێن و دیار نییە خەریک چین و گوایە لەناویاندا بێئەخلاقی و ماددەی هۆشبەر و مەشرووب هەیە و ئەو بانگەشانەی کە لەدژی گەریلا خراون بە ئامانجی تەحریک کردنی کۆمەڵگا دژ بە گەریلا بڵاوی دەکەنەوە. بە بڵاو کردنەوەی ئەو دەنگۆیانە دەیانەوێت لەبەردەم هاوکاری و پشتگیری گەل و کۆمەڵگا بەربەست درووست بکەن.

## ٥ ـ سانسۆر — راپشکین و چاودێری

دەوڵەت گەورەترین دەزگای سانسۆرە. هەر دەوڵەت و دەسەڵاتێک لەسەر کۆمەڵگا سەروەر بێت، سانسۆری لەسەر پەیڕەو دەکات. میدیا و راگەیاندن لەناو مەکینەی سانسۆر دەهاڕێت. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەئێران ڕێگا بەوە نادەن کە کەس دەستەواژەی نەتەوەی کورد بە کار ببات. چون تۆڕەکانی دەسەڵات کورد وەک نەتەوە لەقەڵەم نادەن.

بەڵکوو کورد وەک قەوم و قەبیلە پێناسە دەکات. قەبیلە لەئەدەبیاتی دەوڵەتدا دواکەوتوو و دڕندە و بێکولتوورن کە لەناو دارستاندا ژیان دەکەن.

سانسۆر مەکینەیەکە کە هزر و رامانی ئازاد دەهاڕێت، دەمامکێکە کە دەوڵەت حەقیقەتی پی پەردەپۆش دەکات. چیرۆکی مەرگەساتی رەشپێستێک بەو شێوەیە هەیە: «سپی پێستەکان باوکیان کوشتم، بۆچی باوکمیان کۆشت؟ چون باوکم بەهێز و بە گورج بوو. دواتر سپی پێستەکان دەستدرێژیان کردە سەر دایکم، دیسان لەبەر ئەوەی دایکم جوان بوو، دەستدرێژیان کردە سەری. دواتر برای منیشیان کوشت، لەبەر ئەوەی برای من عاقل و زانا بوو. بەڵام هەمان کەس و لایەنێک کە ئەو کردەوانەی ئەنجام داوە، رەشپێستەکە بانگ دەکات تا ئاو بکاتە سەر دەستی خوێناوی و دەستی بشۆرێت. ئەو هێز و لایەنە بکوژە وەک قەساب ئەو هەموو قەتڵانە دەکات و خۆی مافدار دەبینێ کە کوڕی سەر بەو ماڵباتە ئاو بکاتە دەستی».

رژێمی داگیرکەری ئێران ئەمڕۆ داوا لەکورد دەکات کە بەشداری سوپای پاسداران ببەن. سەرەڕای ئەو هەموو کوشت و کوشتار و کۆمەڵکۆژیانەی لەکوردستان کردوویە، هاوشێوەی ئەو رەشپێستە مامەڵە لەگەڵ گەلی کورد دەکەن. تۆڕەکانی دەسەڵات بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەکۆیلە بکەن، سانسۆر پێشدەخەن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت زاراوەی نەتەوە پەسەند ناکەن، دەستەواژەی نەتەوەبوونی کورد رەش دەکەن. لەسەر وشەی پژاک سانسۆر پەیڕەو دەکرێت. بەڵکوو گرووهەکی پژاک یان محارب بە جێگای پژاک بە کار دەبەن.

هەر دەوڵەتێک بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگا خۆی بداتە قەبوول کردن، پێناسەی جوان لەسەر یاسای بنەڕەتی و دەستەواژەی ئازادی، دیمۆکراسی و دادەپەروەری کۆمەلایەتی دەکات. هەر دەوڵەت بە پێ بەرژەوەندی خۆی کۆمەڵگا سانسۆر دەکات. دوای شۆڕشی گەلان لەئێران ئازادی رادەربڕین و مافی سرووشتی گەلان و سنووداركردنی ناسنامە و تەک تیپ کردنیان، رووبەڕووی مەکینەی سانسۆری رژێم بوویەوە. لەسەرەتاکانی شۆڕش هەر جۆرە رۆژنامەو گۆڤار، ماڵپەڕ و نووسراو لەسەر هزر و رامانی چەپ، میانڕەو و راستڕەو دەردەکرا. دواتر مەلایانی ئایینی کە رۆڵی مەقاشی سانسۆر لەسەر کۆمەڵگا دەگێڕن، بەردەوام کردنی ئەو دۆخە بە مەترسی لەقەڵەم دەدەن. مەلایانی ئایینی ئەوە بەرچاو ناگرن کە لەسەرکەوتنی شۆڕشدا سەرجەم گەلانی ئێران خاوەن رۆڵن و پێویستە هەموو پێکهاتەیەک بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لەو دەرفەتەی خوڵقاوە، سوود وەربگرن.

بە هاتنە سەر دەسەڵاتی رژێمی داگیرکەری ئێران، لەرەوتی شۆڕش چەواشەکاری دەکرێت. خومەینی و دەستەودایەرەکەی بۆ ئەوەی رووبەرووی کودەتا نەبنەوە، سەرجەم ئەو دەرفەتانەی کە بە رنجی گەل خوڵقاوە نەزۆکی دەکەن. بۆیە هاوشێوەی رژێمی پاشایەتی سنوورێک بۆ ئازادی رادەربڕین دادەنێن و شەپۆلی گرتن و داخستنی میدیاکان

دەستپێدەکەن. ئەوەی کە بۆنی دژایەتی ئیسلامی لێوە بێت و لەدژی کۆماری ئیسلامی بابەت بنووسێت و بڵاو بکاتەوە، دادەخرێت. مامۆستایەکی زانکۆ، رۆشنبیر و ئازادیخوازێک، سمینارێکی دژ بە رژێم دابێت، لەلایەن تۆڕەکانی دەسەڵات ناوزڕاو و دەستگیر کراوە.

رژێم لەژێر ناوی مەترسی هێرش، نفووزی، کۆفر، دەستێوەردانی دەرەکی و تێکدانی ئاسایش، شەپۆلی سانسۆری بە سەر کۆمەڵگا سەپاندووە. لەسەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتەوە، رژێم تا بە ئەمڕۆ قەت رێگای نەداوە کە میدیای ئازاد و کۆمەڵێک داخوازی دیمۆکراتیکی گەل لەئێراندا گەشە بکات و بە رێگای زەلکاوی سانسۆر چەکەرەی ئازادی و دیمۆکراسی لەبار دەبات. غەینی سێ گۆشەی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی، ئیسلامی سیاسی و رژێمی ولایەتی فەقی رێگای نەداوە کە رەنگێکیتر لەمیدیاکان سەرهەڵبدەن. دەرکەوتنی هەر شتێک دەبێت خزمەت بە رێبەر ـ یاسای بنەڕەتی و مەزهەبی شیعەگەرایی دوازدە ئیمامی بکات.

لەهەرێمی باشووری کوردستان کە دەسەڵاتی کوردی سەروەرە، هێرش و پەلاماری دەزگا مەدەنیەکان دەکات و دایاندەخات و بە زەلکاوی سانسۆر گۆڕی رۆژنامەنووس و ئازادیخوازەکان دەکۆڵێت. کەی دەیانەوێت رۆژنامەنووس و چالاکانی سیاسی تیرۆر و دەستگیر دەکەن. رۆژنامە، گۆڤار و ماڵپەڕ قەدەخە و دایدەخەن. لەوڵاتێکدا کە ناوەندی شەڕی تایبەت وەک؛ ئیتلاعات و میت لەسەر دەزگاکانی زانیاری و پاراستنی سەروەر بێت، کۆمەڵگا سڕ و بێئیرادە دەکەن. تا سەر ئێسقان لەسەر کۆمەڵگا سانسۆر پەیڕەو دەکەن. یاسای حزبی جێگای یاسای پەرلەمانی گرتووە. سەبارەت بە دەستەواژەی داگیراکاری لەکوردستان دەرفەتی دەربڕینی راوبۆچوون و رەخنەیان لەبار بردووە. تێکۆشانی ئازادیخوازی گەلی کورد لەناو مەنگەنەی سانسۆردا دەهاڕدرێت. سانسۆر ئامانجی بنەڕەتی شەڕی تایبەت لەناو کۆمەڵگا دەگەیەنێتە ئەنجام. لەژێر یاساو رێسای داڕێژراوی داگیرکەراندا، چەکەرەی ئازادی و دیمۆکراسی لەبار دەبات.

لەلایەکی ترەوە لەسەر تەڤگەری ئاپۆیی لەسەرجەم بەشەکانی کوردستان و هەندەران سانسۆر پەیڕەو دەکرێت. بە بڕیارێکی جیهانی بازنەی داگیرکاری خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد رووبەڕووی گەردەلوولی سانسۆر بووتەوە. لەسەرجەم میدیا هەرێمی و جیهانیەکاندا لەسەر تێکۆشانی دیمۆکراتیک و رەوای گەلی کورد سانسۆر سەردەستە. چون لە دژی کوردان شەڕی رەوانی پەیڕەو دەکرێت. لەلایەن گەریلا و شەڕڤانانی کورد گەورەترین چالاکی و بەرخۆدان دژی فاشیزم و تیرۆر ئەنجام دەدرێت و هاوتەریبی ئەوە پەردەی سانسۆر لانادرێت. بە سانسۆر ناوەڕۆک، فۆڕم و ئاراستەی تێکۆشانی رەوا و دیمۆکراتیکی گەل دەگۆڕن.

## ٦ ـ تەحریف ـ چەواشەکراو

خاڵێکی مەترسیداری شەڕی تایبەت دژ بە مێژوو، کولتوور و دەستکەوتی گەلانە. چەواشەکاری و تەحریف تایبەتمەندی بنەڕەتی دەوڵەت و دەسەڵاتە. تۆڕەکانی دەسەڵات بە چەواشەکاری دەسەڵاتی خۆی لەنێو گەل و کۆمەڵگادا ڕەوا دەکات. لەرەهەندەکانی ئایدئۆلۆژی، میتۆلۆژی، زانست و فەلسەفە چەواشەکاری درووست دەکات. بە چەواشە کردنی ڕاستییەکان مرۆڤ لەڕێگا دەردەخات. زانستی کۆمەڵگا لەناو ئاشی چەواشەکاریدا دەهاڕێنێت. بۆ سەپاندنی هەژمۆنی دەوڵەت، زانست و تەکنۆلۆژی و جۆگرافیای وڵاتێک بۆ بەرژەوەندی دەسەڵات و سەرمایە فەتح دەکات.

تۆڕەکانی دەسەڵات لەسیاسەتی بەنداوسازیدا چەواشەکاری دەکات. تۆڕەکانی دەسەڵات ئاوی کوردستان بۆ شارەکانی تر دەگوازنەوە. ڕژێم بناخەی خاڵی کردنی ئاو لەکوردستان و گواستنەوەی بۆ ناوچەکانی تری ئێران داڕشتووە. زۆربەی بەنداو و ڕووبارەکانی ئێران و کوردستان لەبەر سیاسەتی هەڵەی ڕژێم، کەم ئاو و وشک بوون، بە چەواشەکاری و کردنە کاری ئیلاهی لەشەپۆڵی ناڕەزایەتی گەل خۆی قوتار دەکات. واتا ئەو دۆخە دەبەستنەوە بە وشکساڵی، واتا بارانی ڕەحمەت نابارێت، بە بانگەشەی بێ بنەما، مرۆڤەکان هاندەدەن تا نوێژە بارانە بخوێنن کە خودا باران ببارێنێت. تۆڕەکانی دەسەڵات بەو چەواشەکارییە ڕاستییەکان پەردەپۆش دەکەن.

لەبەر ئەوەی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە نووسراوە، لەرەوڕەوەی ڕاستی خۆی بە لاڕێدا براوەو چەواشەکاری تێدا کراوە. کاری سەرەکی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کورد سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووە. بە تێکۆشانی بێ وچان و بەرخۆدانی بێ هاوتا، ڕێبەر ئاپۆ و گەریلا دەیەوێت سەرجەم ئەو چەواشەکاریانەی لەمێژوودا دروست بووە سەرەڕاستی بکەنەوە. ڕژێمی ئێران لەبابەتی کورداندا چەواشەکاری مەزنی ئەنجام داوە. لەنووسینەوەی مێژوودا، پێگەی کوردانی سڕیوەتەوە، باس لەبەرخۆدانی بێ وێنەی کوردان لەمێژوودا ناکرێت و ڕاشکاوانە چەواشەکاری تێدا کراوە.

مێژووی دەسەڵاتی ئێران بە ئیمپراتۆری هەخامەنشیەکان دەستپێدەکات، بەڵام لەبناخەی داڕشتنی ئەو مێژوو و شکل گرتنی ئەو کۆمەڵگا چەواشەکاری تێدا کراوە. کۆمەڵگا لەچوارچێوەی بەرژەوەندی دەوڵەتی شکلی پێدەدرێت و چەواشەکاری لەناودا دەکرێت. سەیر بکەین ڕژێم لەوانەی خوێندگاکانیدا یەکەمین وشەیەک کە دژ بە ژنان منداڵی پێ فێر دەکرێت؛ ڕستەی باوک ئاو ئەدات (بابا آب داد) ە. لەکاتێکدا ئەوە بە پێچەوانەی شیرازەی کۆمەڵایەتی ماڵباتی دەسەڵاتە. چون ئەوەی کە ڕەنج و زەحمەت دەکێشێ و منداڵ دروست دەکات و گەورەو پەروەردەی دەکات، ژنە؛ بەڵام دەبینین وانەی خوێندنگاکانی ڕژێم بە چ چەواشەکارییەکی مەزن ڕازێندراوە. ڕژێم بە فریودان و درۆ و چەواشەکاری

دەیەوێت رەوایەت بە یاسای داگیرکاری و داپڵۆساندن لەکۆمەڵگا بدات. لەزهنییەتی داگیرکاری رژێم و لەئیدارەی وڵات، ژن هیچ رۆڵێکی پێ نەبەخشراوە. لەگۆڕەپانی ئابووری پەراوێز خراوەو لەژێر پەردەی حیجاب قۆڵبەست کراوە.

رژێم لەژێر بیانووی ئاسایش و ئارامی دۆخی کوردستان، نالەبار کردووەو سەرجەم دەرفەتەکانی ژیانی گەلی وێران کردووە. کۆڵبەری و کاسبکاری لەکوردستان هیچ زیان و مەترسی بۆ گەل و کۆمەڵگا نییە. بەڵام لەلایەن تۆڕەکانی دەسەڵات چەواشەکاری تێدا کراوە و کار و زەحمەتی کۆڵبەر کە تەنیا پەیداکردنی نانی سەر سفرەی رۆژانەیە، بە قاچاخچی لەقەڵەم دەدرێت و لەسەر ناوی قاچاخچێتی کوشتنی کۆڵبەر و کاسبکاران رەوا دەکەن. لەبەرامبەر تێکۆشەرەکانی کوردستان، لەژێر پەردەی جیاخوازی و مۆحارب (شەڕی دژی خودا)، تیرۆر کردنی گەریلا رەوا دەکات و بەو سیاسەتە چەواشەکاری لەحەقیقەتی گەل و کۆمەڵگا دەکرێت.

## ٧ - تیرۆری کەسایەتی

دەوڵەت زەبەلاحترین دەزگای تیرۆری کەسایەتییە. سەرجەم شۆڕش، پارتی سیاسی، لیدەر و رابەرانی کورد لەلایەن دەوڵەتە یەک لەدوا یەکەکانەوە تیرۆریزە کراون. بە تیرۆریزە کردنی کورد، کوشتنیان حەڵاڵ دەکرێت.

دەسەڵات و دەوڵەت هەمیشە هەوڵی داوە، ئەوانەی کە یاخین و بەرەنگاری دەوڵەت دەبنەوە، تیرۆری کەسایەتی یان بکات. کەسایەتی وەک مۆسەدیق لەمێژووی ئێراندا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام رژێم دێت بە داتاشینی سیناریۆ، ئەو مرۆڤە تیرۆریزە دەکا کە گوایا کۆڵۆنی ئینگلتەرا، رووسیا و یان وڵاتێکی ترە. بە تیرۆری کەسایەتی کۆمەڵگا لەدژ ئەو مرۆڤانە رادەپەڕێنن. لەکودەتای ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی زۆر روون و ئاشکرایە کە رژێمی پاشایەتی و هاوپەیمانانی بە تیرۆری کەسایەتی مۆسەدیق چون کەسانی خوێری، لۆمپەن، چەقۆکێش و لەشفرۆشەکان بۆ ئەنجام دانی کودەتا بە کار دێنن. کەسانی وەک شەعبان بێ مۆخەکان دەکەنە سەرپەرشتیاری ئەو تیپانە و بە تەشەنەدانی لۆمپەنیزم، کۆمەڵگا لەکۆنترۆڵی خۆیان رادەگرن. کاتێک دەسەڵاتدارەکان لەکۆمەڵگا کەسێک تیرۆری کەسایەتی دەکەن، هێرش و پەلامار کردنە سەری رەوایەت پێ دەدەن.

کەسایەتییەکی قارەمانی وک؛ گولسۆرخی، شۆڕشگێڕێکی چەپە کە بە هەڵوێستێکی زۆر قارەمانانە لەدژی رژێمی پاشایەتی بەرخۆدان دەکات. بەڵام رژێم بە تیرۆری کەسایەتی کە گوایا کافر، تیرۆریست و مۆرەی بێگانەیە بەرخۆدانی بێ هاوتای ئەو مرۆڤ، ناڕەوا دەکات. لەبەردەوامی ئەو زهنییەتە لەلایەن رژێمەوە کەسایەتییەکی وەک؛ شەهید فەرزاد تیرۆریزە دەکرێت. ناوبراو مامۆستا بووە و بە کردەوەی تیرۆریستی تاوانبار دەکرێ کە گوایا تەقینەوەی ئەنجام داوەو چەکی لەدژی رژێم هەڵگرتووەو خزمەتی بێگانەی کردووە!

لەژێر ئەو بەرچەسپانە کەسایەتی پێشەنگی گەل وەک؛ مامۆستا فەرزاد تیرۆریزە دەکەن و بە ڕێگای تۆڕەکانی دەسەڵات، تاکی کۆیلە لەدژیان رادەپەڕێنن تا ئەو تاک یا تەسلیمی دەوڵەت بێت و یا لەسێدارەو بە ناچاری روو لەهەندەران بکات. هاوشێوەی ئەو تاکانە ڕێگایەکی تریان بۆ ناهێڵن. رژێم بە ڕێگای پیلانگێڕییەوە لەسەر ئەو کەسە شۆڕشگێڕانە بابەتی زایەندی، ناموس و پارە دەوروژێنن. سیناریۆی گەندەڵی و بێناموسی بڵاو دەکەنەوە.

زۆر جار ناوەندە تایبەتەکانی رژێم لەدژی تەڤگەری ئاپۆیی لەئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان وێنەی هەندێک لە هەڤاڵانی کوڕ و کچ بڵاو دەکاتەوەو بە بڵاو کردنەوەی سیناریۆی قیزەون، کەسایەتی گەریلا لەناو گەلدا تیرۆریزە و رەش دەکات و وێنەی شۆڕشگێڕەکان بە پێ زهنییەت و بەرژەوەندی خۆی واتای بۆ دەتاشێت. بە داتاشینی ئەو جۆرە سیناریۆیانە گەلی کورد تیرۆری کەسایەتی دەکرێت. لەژێر مۆرکی تیرۆر، جیاخوازی، دژە خودا و گوماشتەی بێگانە، روبەرووی سیاسەتی نکۆڵی و پاکتاوکاری بوونەتەوە.

## ٨ـ بوختان بۆ هەڵبەستن – بەرچەسپ

بۆختان بۆ هەڵبەستن، ڕێبازێکی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ شاردنەوەی حەقیقەتە. گەریلا لەکوردستان حەقیقەتێکە. کاتێک گەریلا لەزهنی تاکەکاندا وەک حەقیقەتێک شکلی گرت، خەڵک رووی لێ دەکات و لێگەڕین بەدوای بەرفراوان دەبێ. ناوەندەکانی دەسەڵات بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگادا شک و گومان لەسەر گەریلا دروست بکەن کۆمەڵێک ناو و نیتکەی ناڕەوای لەسەر بڵاو دەکەنەوە. بەو لەقەم لێدانە شک و گومان لەسەر حەقیقەتی گەریلا دروست دەکەن. بۆ نموونە بەرچەسپی وا بڵاو دەکەن کە گوایا گەریلا بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکات. بە بۆختان هەڵبەستن گەریلا وەک؛ تەڤگەرێکی مافیایی لەقەڵەم دەدەن. بەس ئەوەی کە لێکۆڵەر، مێژوونووس و کارناسی سیاسی بێت، بە لێکۆڵینەوەی راستەوخۆ و ژیان لەگەڵ گەریلا دەتوانێت پەردە لە سەر ئەو بەرچەسپانە هەڵبداتەوە کە چەندێک دوورن لە راستییەوە.

بەرچەسپ لێدان، لەقەب و ناو و نیتکەیە کە لەلایەن تۆڕەکانی دەسەڵاتەوە لەکوردستان زۆر باوە. لەبەر سیاسەتی قڕکردنی چاندی کورد عایدی کولتووری خۆی نییە. تایبەت کاریگەری کولتووری سمیتیک لەسەری تا دوارادە هەیە. لەکوردستان ناوی تاکەکان زۆربەی عەرەبین، تەنانەت ناوی عەرەبیش شایستەی کورد نابینن. بۆ وێنە مەحموود دەکەنە خولە، عوسمان دەکەن عوسە، عایشە دەکەنە عۆیش، فاتمە دەکەنە فاتە و ... هتد ناونیتکە لەسەر تاکی کورد دادەنێن.

پژاک ئەمڕۆ لەئێراندا لەلایەن ناوەندەکانی شەڕی تایبەت وەک؛ تەڤگەرێکی مافیایی و لەتورکیاش پەکەکە وەک تەڤگەرێکی تیرۆریستی پێناسە کراوە. بەو بەرچەسپە دەرفەتی

داتاشینی کۆمەڵێک دەستەواژە و کۆنسێپتی ناڕەوا لەدژی پەکەکەو پژاک فەراهەم دەکەن. یەکەم؛ ڕەوایەت بە هێرش و پەلاماری دڕندانەی سەر ئەو تەڤگەرانە دەدەن. دووم؛ بەو بەرچەسپانە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم شەپۆلی بەشداربوونی گەل و کۆمەڵگا بۆ ناو ئەو تەڤگەرە شۆڕشگێڕانە دەگرن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ چەواشەکاری و بەلاڕێدا بردنی ڕەمز و پیرۆزیەکانی گەل و کۆمەڵگا، کۆمەڵێک بەرچەسپی ناڕەوایان تاشیوە. لەکۆمەڵگای کوردی بۆ کەسێکی دڵسۆز، ئازا و بە جەرگ دەستەواژەی ڕۆڵە کورد دەگوتریێت، بەڵام ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەبەرامبەری دەستەواژەی زۆڵە کورد بەکار دەبەن. لەکاتێکدا ئەوانەی کە مقاشی دەستی دەوڵەت و بەکرێگیراون، لەلایەن گەلی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەوە بە زۆڵە کورد ناسراون. تەڤگەری ئاپۆیی لەکوردستان کەسایەتی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر درووست دەکات، بەڵام دەوڵەت کەسایەتی بەکرێگیراو، چڵکاوخۆر و نیشتمانفرۆش پێشکەش کۆمەڵگا دەکات. شەمەندەفرێ شۆڕش لەکوردستان و ئێران پێشمەرگە یان گەریلای بۆ کۆمەڵگا بە دیاری هێناوە، بەڵام تۆڕەکانی دەسەڵات جاش و بەکرێگیراو لەناو کۆمەڵگا بەرهەم دێنن.

ڕژێمی داگیرکەری ئێران ئەمڕۆ گەریلاو تێکۆشەرانی کورد، بە زۆڵە کورد و وڵاتفرۆش بە ناو دەبەن. دەڵێن خاکی ئێران پارچەو نائارام دەکەن و بە بێگانەی دەفرۆشن. بەرچەسپی بەکرێگیراوی و حەڵقە لەگوێ ئەمریکا، ئێسرائیل و ئەلمانیا لەسەر شۆڕشگێڕەکان دەدەن. لەحاڵێکدا ئەو ناو و دەستەواژانە داتاشراون. گەوهەری دەوڵەت لەوەدا شاراوەیە کە ئەو کەس و لایەنانەی لەدژی تەڤگەری ئازادی و دیمۆکراسی تێدەکۆشن، بەو بەرچەسپانە سڕ و بێ کاریگەر دەکرێن. لەئەمڕۆدا تاکێکی شۆڕشگێڕ لەناو کۆمەڵگادا بە ڕۆڵەیەکی قارەمان، نیشتمانپەروەر و وڵاتپارێز دەناسرێت. بەڵام کردەوەی تاکێک لەدەرەوەی ئەو دەستەواژانەوە بێت دەکەوێتە خانەی بەرچەسپی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتەوە.

ئەوەی کە لەگەڵ حەقیقەتی پژاک ئاشنا نەبێت، ئەو تۆخمە لەزهنیدا دەچێنن کە پژاک بە کرێگیراوە. بەڵام بە پێچەوانەوە کاربەدەستانی ڕژێم بۆ خۆیان گەورەترین بە کرێگیراوی سەردەمن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم بەرچەسپی وا لەسەر پژاک دەدەن کە گوایا دەستپەروەردەی ئەڵمانیاو ناوەندە سەرەکیەکەشی ئەڵمانیایە. لەکاتێکدا ئەڵمانیا یەکێک لەو دەوڵەتە فاشیستانەیە کە تا بە ئەمڕۆ لەدژی گەلی ئازادیخوازی کورد لەناو شەڕێکی بێ وچان دایە. بە هەموو جۆرە ڕێ و ڕێبازی دڕندانەو فاشیستانە بۆ شەڕ لەدژی تەڤگەری ئاپۆیی، یارمەتی دەوڵەتی فاشیستی تورکیای داوە. دەبێت دەوڵەتی ئەڵمانیا

یارمەتیدەر و هاوکاری پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق یان بنەماڵەی بارزانی دابێت، ئەوە شتێکی ترە، بەڵام یارمەتیدەری کوردی ئازاد و تەڤگەری ئاپۆیی نەبووە.

رژێمی داگیرکاری ئێران لەلایەکی ترەوە دەڵێت پژاک بەکرێگیراوی ئیسرائیل و ئەمریکایە. بە بەرچەسپ لێدان حەقیقەتێک لەناو دەبات. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت شارەزای خاڵە لاوازەکانی گەلانی ناوخۆی ئێرانن. بۆ نموونە گەوهەری گەلانی ئێران خۆراوازەدەن (غربزده). دەبێ سەرجەم گەلان لەو روانگەیە بەدوور بن. بەڵام لە بنەڕەتدا قین و نیفرەتێک لەدەوڵەتانی ئەمریکا و ئەورووپایی هەیە. بە بەرچەسپ لێدانی سەر پژاک، بڕوا و باوەڕی پژاک دەخەنە ژێر پرسیارەوە. بەو رەنگە رق و نیفرەتێکی کۆمەڵگا لەدژی پژاک دروست دەکەن و ناوەندەکانی شەڕی تایبەت رەوایەت بەو پیلانەیان دەدەن و گەلیش کپ و بێ دەنگ دەکەن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت وای کردووە کە ئەمڕۆ لەتورکیا، تورکە فاشیستەکان هاواری گوڕ کردنی شەڕ بەرز بکەنەوە. چون دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بە رێگای شەڕی تایبەتەوە کۆمەڵگای دەوڵەتی رازی کردووە کە پەکەکە بزووتنەوەیەکی تیرۆریستیەو منداڵ دەڕفێنێت. بەو بەرچەسپانە تیرۆر و کۆشتنی گەریلا حەڵاڵ دەکەن و رێ لەخەباتی ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕانەی پەکەکە دەگرن.

## ٩ ـ شەیتان سازی– دێوسازی

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت هێز و لایەنە شۆڕشگێڕەکان بە شەیتان لەقەڵەم دەدەن. بە گوێرەی ئایینی ئیسلام شەیتان بەردباران دەکرێت و بە پێ ئەوەش چ کردەوەیەک دژ بە گەریلا و گەلی کورد پەیڕەو بکرێت، رەوایە. تۆڕەکانی دەسەڵات بۆ زەوت کردنی دەسکەوت و رەنجی ژن و پەراوێزخستنی لەکۆمەڵگا، بە جن، شەیتان و دێو تۆمەتبار کراوە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ رەش کردنی تێکۆشان و حەقیقەتی پژاک و پەکەکە، بە کافر و کۆمۆنیست وەسف دەکرێن تا لەناو کۆمەڵگا گۆشەگیر بکرێن. تۆڕەکانی دەسەڵات نیشتمان پەروەری بە کاری شەیتانی لەقەڵەم دەدات و بۆ رەوایەت دان بە سیاسەتی لەسێدارەدانی، سزای دژە خودای بە سەر تاکی بێ تاوان دەسەپێنێت. لەکاتێکدا سەرجەم ئەندامانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە کردەوەی چەپەڵ و گەندەڵکارانە رازاونەتەوە، بە شەیتان پێناسە ناکرێن. تۆڕەکانی دەسەڵات بەو دەستەواژانە مەودای نێوان کۆمەڵگا لەگەڵ پەکەکە و پژاک درووست دەکەن و شک و گومان لەسەریان پێشدەخەن تا باوەڕی و متمانەی کۆمەڵکا لەبەرامبەریان لاواز بێت.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت سەرجەم تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکان بە شەیتان و دێو پێناسە دەکەن. لەرەوتی مێژووی تێکۆشانی دیمۆکراتیکی گەلانەوە تاسەردەمی کۆیلەداری و

ڕاپەڕینی سپارتاکۆس تا دوا حەڵقەی تێکۆشانی ئازادیخوازی گەلی کورد، بە بەرچەسپی شەیتان و ئەهریمەن پێناسە دەکەن. لەمێژوودا سەرجەم ئەو هێزە ئازادیخوازانەی کە خاوەن هێزی نائاسایی (خارق العادە) بوون، لەلایەن ناوەندەکانی شەڕی تایبەتەوە هەوڵی بچووک کردنی دراوە. تەوەرەیەک کە لەکەسایەتی مرۆڤ نائاسایی (خارق العادە) سەریهەڵدا بێت، ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە بڵاوی کردەنەوەی بانگەشە دەڵێن ئەوە هێزی سرووشتی خۆی نییەو دەبێت هێز و لایەنێک وەک؛ ئەمریکا و وڵاتێکی دەرەکی لەپشتیەوە بێت و بە جادوو و سیحر و هاوشێوەی ئەو زاراوانە ڕەوایەت بە سەرکوت، کوشتن، ئەشکەنجە و ڕەجم کردنیان دەدات. تەنانەت لەسەردەمی میتۆلۆژی، فەلسەفە، ئایین و زانستدا، ئەو کەسانەی کە لەناو کۆمەڵگا خوڵقکار، نوێکار، ئافرێنەر و داهێنەر بوون و بەرهەمی تازەیان ئافراندووە و لەکۆمەڵگای دەوڵەتی جیاواز بیریان کردووەتەوە، بە شەیتان و دێو ناوزەد کراون. دێو و شەیتان لەئایینی ئیسلامدا، نفرین لێکراوەو ڕەجم کردنی حەڵاڵە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت ئەمڕۆ لەسەر پەکەکە و پژاک هەمان بۆچوون دووپات دەکەنەوە. پژاک و پەکەکە بە تەڤگەرێکی شەیتانی وەسف دەکەن. تەنانەت لەساڵی ٢٠٠٦ی زایینی (عەبدوڵلا موهتەدی) هاوشێوەی داگیرکەرانی تورکیا و ئێران لەدژی پەکەکە و پژاک زاراوەی شەیتان بوونی بەکار دەهێنا. ئەو پێناسەیە بۆ خۆی لەزهنییەتێک ئاو دەخواتەوە کە تەڤگەرێکی شەیتانی بە پێ ئایینی ئیسلام سەرچاوەکەی بۆ ڕێکخراوە فراماسۆنییەکان دەگەڕێتەوە. بە پێ پێناسەی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کە تەڤگەری ئاپۆیی شەیتان پەرەستن، تەنیا بۆ ڕەوایەت بەخشین بە ڕەجم کردن و کوشتنی ئەندامانی ئەو تەڤگەریە. بەو هێرشانە کەش و هەوایەکی تۆقێنەر و ترسناک لەنێو کۆمەڵگا لەدژی تەڤگەری ئاپۆیی دروست دەکەن کە نزیک بوونەوە لێ، مەرگی بەدواوە دەبێت.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەکاتی سەرەتاکانی دەرکەوتنی پەکەکە و گەریلا، لەباکووری کوردستان پێناسەی وایان لەسەر گەریلا دەکرد کە گوایا شاخدار و کلکدارە و بەژن و باڵایان لەمرۆڤ ناچێت. واتا وەک حەیوانێکی دڕندە و هۆڤ لەقەڵەم دەدران. بۆیە پەیوەندی لەگەڵ گەریلا، تاک لەمرۆڤ بوون دەردەخات و بەلاڕێدای دەبات. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: «تەنانەت لەگوندی ئەمارا وای لێ هاتبوو کە هەر کەس دەیگوت کە ئاپۆ کوڕەکەمانی بە لاڕێدا بردووە و منداڵەکانیان نابێت لەگەڵ ئاپۆ بگەڕێن». بەو ڕستانە زەمینی ڕەجم کردنی ئاپۆ لەئەمارا خۆش دەکەن و دەیانەوێت لەکۆمەڵگا پەراوێزی بخەن و وای لێ بێت کە ئیدی لەلایەن کۆمەڵگاوە قەبووڵ نەکرێت.

ئەو نزیکایەتی نە لەبەر نەزانی تەشەنە دەکات، بەڵکوو ئاپۆ کەسێکی زانا و تێگەیشتووە کە کۆمەڵگا ڕێکخستن، چالاک دەکات. لەلۆژیکی تۆڕەکانی دەسەڵاتدا، کاتێک کەسێک رووباری هۆشیاری جاری دەکات بە شەیتان لەقەڵەم دەدرێت. واتا لەکورستان

کاتێک کەسێک زانا و هۆشیار بێت و توانای ڕێکخستن کردن و ڕاپەڕاندن و هەستانی کۆمەڵگای لەبەرامبەر داگیرکەراندا هەبێت، بەو زاراوانە گوللەباران دەکرێت. لەئیسلامدا دوو ئالیتەی مەلائیکە و شەیتان لەئارادایە. مەلائیکە هەمیشە چاکەیە و شەیتانیش خراو و نفرین لێ کراوە. واتا دەوڵەت هەمیشە چاک کردار و گەلانیش خراپ کردارن. ناوەندە تایبەتەکان بۆ ڕەش کردنی کردەوەکانی تەڤگەری گەلی کورد و هێزی پاراستنیان، پژاک بە زۆڵە کورد وەسف دەکەن. لەکاتێکدا پێناسەمان کرد سوپای یەنی چری و سوپای نەمران زۆرینەیان زۆڵە کورد، یان زۆڵە فارس– تورک بێ دایک و باوک بوون. ئەندامانی ئیتلاعات، یەکەی زۆلفەقار و یەگان سابرینی ناو سوپای داگیرکەری ڕژێم، کەسانی هەتیو یان زۆڵە کورد، فارس و ئازەرین. کەسێکی نە گرێدراوی نەتەوەی خۆیانن، بەڵکوو سەر بە نەتەوەی جیاوازن و شۆڤینیزم و نەتەوەپەرەستی کلاسیک لەناو وڵاتدا پەرە پێ دەدەن.

## ١٠ ـ ناکۆکی و دووبەرەکی نانەوە

ناکۆکی و دووبەرەکی نانەوە سیاسەتی ئینگلتەرایە، لەنێو کۆمەڵگا، پارچەبوون و دووبەرەکی درووست دەکات تا هەژمۆنیان بە سەر گەل و کۆمەڵگا بسەپێنن. سیاسەتی ئینگلتەرا وایە کە ئەگەر سەگت لەوڵاتێکدا هەبێ، پێویستی بەوە ناکات کە هێزی خۆت لەو وڵاتە پاس بکات، چون سەگەکەت لەوێ پاست بۆ دەکات. لەئەمڕۆدا سەگی داگیرکەران لەکوردستان هەمان جاش، بە کرێگیراو و بەسیجەکانن کە هەمیشە پاس بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتداران دەکەن و پارێزگاری لەدەوڵەت و دەسەڵات دەکەن.

ڕژێمی داگیرکەری ئێران لەسەر ناوی مەزهەب و باوەڕی، زمان و زاراوەکان، گەلانی ئێران پارچە دەکەن. ئەو سیاسەت لەکوردستان ڕەنگدانەوەی وایە کە بەشێک لەهەورامیەکان، لوڕ و کەلهوڕ زوانەکان خۆیان بە کورد لە قەڵەم نادەن. بە پارچەکردنی زاراوە کوردیەکان کۆمەڵگا پارچە و لاواز دەکەن. تۆڕەکانی دەسەڵات گەلانی فارس، عەرەب، ئازەری، بەلووچ، کورد و تورکمەن و ... هتد بەگژ یەک دەدات و دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوانیان قووڵتر دەکات. سیاسەتی پارچەبوونی کۆمەڵگا گۆڕەپانی ئایین، باوەڕی، زمان و نەتەوەی دەرباز کردووەو لەناو شار، گوند، عەشیرە و بنەماڵە دووبەرەکی و پارچەبوون لەئارادایە. لەنێوان عەشیرەو ماڵبات بە شەڕ و پشێوی پارچەبوون درووست دەبێت. بەو سیاسەتە تۆڕەکانی دەسەڵات دەیانەوێت زۆر بە ئاسانی لەسەر گەلانی ئێران سەروەرییان درووست بێت.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت گەل و کۆمەڵگا پارچە دەکات و دواتریش بانگەشەی بەرقەراری ئاشتی و ئارامی نێوان گەلان دەکات. ئەگەر دوو تاکی ئیسرائیلی بڕۆنە کوێ

ڕێکخستن بوونی خۆیان دروست دەکەن و شوێنی مەبەستیان فەتح دەکەن. بە پێچەوانەوە ئەگەر دوو کورد لەکوێ بن، ڕێکخستنی کۆمەڵگا تێک و پارچە دەکەن. چون دەوڵەت و دەسەڵات کەسایەتی کوردی بەو ڕەنگە شکڵ پێداوە کە پارچەبوون، تێکەڵ و پێکەڵی دروست بکات. پەکەکە بۆ ئەوەی گرنگی چڕ و پڕ بە پەروەردە دەدات، دەیەوێت یەکگرتن و یەکڕیزی لەکۆمەڵگای کوردی درووست بکات و تاکی کورد لەو زەلکاوە ڕزگار بکات.

تۆڕەکانی دەسەڵات لەناو زۆربەی هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کولتووری شارچێتی و هەرێمچێتی و زاراوەچێتی و پارچەچێتییان چاندووە. بۆیە دەوڵەت و دەسەڵات زۆر بە ئاسانی ئەو هێز و لایەنانە لەسەر دەستی دەسووڕێنێت. تەڤگەری ئاپۆیی بە پەروەردەکردن لەناو هەوڵێکی بێ وچاندایە تا ئەو چەمکانەی شەڕی تایبەتی ڕژێم پووچەڵ بکات. بۆ کاڵ کردنەوە و بێ کاریگەری ئەو سیاسەتە، زهنییەتی پارچەبوونی لەکەسایەتی کورددا لەبار دەبات و تاک دەکاتە مۆڵکی گشتی کۆمەڵگا. چون تا گشتی کۆمەڵگا ڕێکخستن نەبێت، تاکیش بوونی نابێت. لەکوردستان تا پارتی و ڕێکخستنی کۆمەڵگا نەبێت، مرۆڤ ناتوانێت هەناسە بکێشێت.

سیاسەتی پەرتکەو زاڵ بە (تفرقه بینداز و حکومت کن)، یەکێک لەو خاڵانەیە کە داگیرکەران هەمیشە دەسەڵاتیان پێ پاراستووە. بە بڵاو کردنەوەی ناکۆکی و دژایەتی باڵانسی هێز و هەژمۆنی خۆیان ڕادەگرن. لەکۆمەڵگایەکدا کە تۆخمی شۆڕش و ڕاپەڕین زیندووە، هزری پێشەنگایەتی تێکۆشان دەدرەوشێتەوە، بۆیە سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بە لەناو ئەو کۆمەڵگایانە لەجووڵەدایە. تایبەت ئاوڕێک لەمێژووی چەپەکان لەکوردستان و باکووری ئێران بدەین کە هزری چەپگەرایی لەو ناوچانەدا بەهێز بووەو بە دەیان ڕاپەڕین و سەرهەڵدان دەرکەوتوون. بەڵام بە بڵاو کردنەوەی سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بە، ڕۆحی یەکگرتن و یەکڕیزییان ڕاچڵەکاندووە و کۆمەڵگایان پەلکێشی پارچەبوون و دووبەرەکی کردووە. کۆمەڵگایان وا داتاشیوە کە مرۆڤەکان بڕوایان بە یەکدی نەماوە. برا بە برا، باوک بە منداڵ و هاوڕێ بە هاوڕێ باوەڕی و متمانەی نەماوە. ئەو زهنییەتە لەڕێگای سیاسەتی پەرتگەو زاڵ بە خوڵقاوە. لەرابردوودا کاتێک مرۆڤێک بەڵێنێکی دەدا، شک و گومان لە پێکهێنانیدا نەبوو، دێوێکی بە ناوی خیانەت لەهزر و زاری کۆمەڵگا جێگای نەبوو. بەڵام تۆڕەکانی دەسەڵات سیاسەتی وایان داڕشتووە کە ئیدی بەڵێن و وتار پارە ناکات. چون دەسەڵات و پارە سوڵتانی کۆمەڵگایە.

شەڕی تایبەت سەرجەم نرخە ماددی و مەعنەویەکانی مرۆڤ وەلاوە دەنێت. بۆیە زۆر بە ئاسانی کوڕێک خیانەت بە باوک و برای خۆ و خانەوادەو کەس و کار و نیشتمانی خۆی دەکات. بۆچی پارتە کوردییەکان لەدەوری یەک کۆنابنەوە و کۆنگرەی نەتەوەیی کورد نابەستن؟ لەکۆمەڵگای کوردیدا زۆر پارت دادمەزراون و گەورەش دەبن، بەڵام لە کورت

خایەندا تووشی باڵ باڵێن و پارچە بوون دەبنەوە. بە پارچەبوونی هەر پارتێک کۆمەڵگا لاواز و دەوڵەت گەورە و بەهێز دەبێت. کاتێک بزووتنەوەیەکی دیمۆکراتیک فەشەل و مۆفلیس دەبێت، ئیرادەی گەل و کۆمەڵگا تێکدەشکێت. واقعیەتێک کە تا ئێستا وەک چارەنووسێک بۆ کورد و تەڤگەری ئازادیخوازی دەستنیشان کراوە، تەڤگەری ئازادیخوازی سەرناکەوێت و دەرئەنجامی تێشکان و ئاشبەتاڵییە. بەڵام ئەو لۆژیکە نە نەگۆڕە، بەڵکوو دەگۆڕدرێت. چون لەئەمڕۆدا یەکڕیزی و یەکێتیەکی رۆحی و هزری لەنێوان گەلانی ناوچەکە و کوردستان پێشخراوە. لەهەر بەشێکی کوردستانەوە گەنجان لەشاخە سەربەرزەکانی کوردستان کۆدەبنەوە و لەدژی ئەو داگیرکەرانەی کە لەناوچەکەدا کولتووری شەڕانگێزی و کۆمەڵکوژی بڵاو دەکەن، چەک لەشان دەنێن و بە چەخماخەی تێکۆشان رۆچنی ژیانی ئازاد دەئافرێنن.

## ١١ – شایعە – قسەو قسەڵۆک

قسەیەک کە بێ بنەما و حەقیقەتی نییەو زانیاری ناڕاست بێت، شایعەیە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەپێناو ئامانجە چەپەڵەکانیان مێشێک دەکەنە گامێش و زەبەلاحی دەکەن. شایعە کۆڵەکەی راگرتنی دەوڵەتە. ئامانج لەبڵاو کردنەوەی شایعە درووست کردنی شک و گومان و بڵاو کردنەوەی بێباوەڕی و ترس و وەحشەتە. شایعە نەبزی کۆمەڵگا وەردەگرێت و تاک پەلکێشی ناو سیستەمی دەسەڵات دەکات. تۆڕەکانی دەسەڵات بەردەوام لەسەر پژاک و پەکەکە گۆتەگۆتی بێ بنەما بڵاو دەکەنەوە. ماوەیەک هەڤاڵێک لەبەرچاو میدیاکان ون بێت، ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بڵاوی دەکەنەوە کە گوایا فلان هەڤاڵ لەرێکخستن دابڕاوە. رژێم بە قسەو قسەڵۆک ناکۆکی و بێ باوەڕی لەنێوان گەل و گەریلا درووست دەکات کە بۆچی رێکخستن سەبارەت بەو بابەتە بێدەنگە و شتێک ناڵێت. یان ئەو هەڤاڵ بۆچی لەمیدیا دەرناکەوێت تا هەوڵی درۆی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە درۆ بخرێتەوە.

تۆڕەکانی دەسەڵات بە گۆتەیەکی درۆ کاریگەری لەسەر گەل و گەریلا دادەنێت کە گوشار بخەنە سەر تەڤگەر کە ئەو هەڤاڵ لەمیدیاوە دەربخەن. تۆڕەکانی دەسەڵات ئەرکیان بڵاو کردنەوەی شایعە و درۆ و دەلەسەیە. بە لای دەوڵەت و دەسەڵاتەوە گرنگ نییە کە چەندێک درۆ بکات و دەستی روو بێت. تۆڕەکانی دەسەڵات ئەوەندە درۆ دەکەن کە درۆی رابردوو لەیادی تاک نەمێنێت. بە درۆ کۆمەڵگا بۆردۆمان دەکات و دەرفەت بە بیرکردنەوەی مرۆڤ نێو کۆمەڵگا نادات. مێشکی مرۆڤ وەک مێشکی ماسی شکلی پێدراوە. لەساتدا رووداو دەبینێ و دواتر لەیادی دەچێتەوە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە بڵاو کردنەوەی شایعە مۆراڵی کادیر و گەل تێکدەدەن و مۆراڵی لایەنگرانی خۆ لەسەر بنەمای هەواڵی درۆ مۆراڵیزە دەکات. تۆڕەکانی دەسەڵات لەسەر دۆست، وڵاتپارێز و ئەندامانی پژاک و پەکەکە قسەو قسەڵۆک بڵاو دەکەنەوە کە ئەو

کەسە لەگەڵ بەسیج و ناوەندەکانی ئیتلاعات پەیوەندی هەیە، تا ئەو کەسە لەناو کۆمەڵگا سووک و چرووک بکەن. تۆڕەکانی دەسەڵات بەو ڕێبازە ئەو کەسایەتانە رادەکێشنە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت. بەو سیاسەتە رژێم، مرۆڤە تێکۆشەر و وڵاتپارێزان گۆشەگیر دەکەن، تا تەسلیمی ویست و داخوازی دەسەڵات ببن.

## ١٢- مۆبالغە - هاشوهوش

دەوڵەت دەزگایەکی هاشوهووشکارە. دەزگایەکی باڵۆنییە. هەمیشە هێز و توانای خۆی زەبەلاح نیشان دەدات. چەندێک بنوێنێت کە خاوەن تەکنۆلۆژی و تەکنیکی بەهێزە، ئەو تەکنۆلۆژی عایدی دەوڵەت نییە، بەڵکوو عایدی کۆمەڵگایە کە دەوڵەت دەستی بەسەردا گرتووە. دەوڵەت بۆ تۆقاندنی گەل بە هاشوهووش خۆی دەکاتە ئۆختاپووس و لۆیاتانی مۆدێرن. مۆبالغە حاڵەتێکی سایکۆلۆژییە بۆ ترساندنی مرۆڤ.

دەسەڵات ڕووداوی بچووک گەورە دەکات. لەسەر کەم و کورتیەکانی شۆڕش هاش و هووش ئەنجام دەدەن. بۆ وێنە لەشەڕی جیهانی سێهەمدا تەڤگەری ئاپۆیی ئاکتەرێکی سەرەکی شەڕەکەیە. چەتەکانی داعش سەرەڕای ئەو هەموو پشتوانە نیودەوڵەتی و هەرێمیەی هەیبوو لەلایەن یەپەگە و یەپەژەوە تێکشکێنرا. بەشێکی زۆری کۆمەڵگا لەشۆڕشی ڕۆژئاوا هێز و مۆراڵ ناگرن و بە ئۆسلوبی نێگاتیڤ لەسەر شۆڕشی ڕۆژئاو دەدوێن. بەشێکی زۆر لەپارت و لایەنە کوردیەکان دەستکەوتی مەزنی شۆڕش نابینن و هەمیشە لەمیدیاکانەوە بە پڕۆپاگاندەکانیان، شۆڕشی ڕۆژئاوا ڕەش دەکەن.

ئەو هیز و لایەنانە بۆچی لەبەرامبەر شۆڕشێکی زەبەلاحی ڕۆژئاوا کەڕ و کوێرن. لەبەر ئەوەی تۆڕەکانی دەسەڵات کەسایەت و شیرازەی کۆمەڵگای کوردی شێواندووە کە تەنیا کەم و کورتی و خاڵە لاوازەکانی یەکدی دەبینن و هەمیشە دەسکەوت و هێزی کۆمەڵگای خۆی ڕەش و بچووک دەکات.

## گۆڕەپانەکانی گەردەلوولاوی شەڕی تایبەت

### دوو ئامووری سەرەکی شەڕی تایبەت

١ — میدیا

٢ - پەروەردە

لەبازنەی جیهانی شەڕی تایبەت لەدژی کورد، بڕیار دراوە کە کوردستان پارچە پارچە بکرێت. بە پێی بڕیاری ئەو ناوەندە، سەرەتا لەنێوان دوو ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانی دەبێتە دوو پارچە و دواتر لەپەیمانی لۆزان دەکرێتە چوار پارچە کە هەر پارچەیەک رادەستی داگیرکەرێک دەکرێت. دوابەدوای ئەو هێرشە پاکتاوکارییە، بۆختانی تیرۆریست بوونیان بۆ هەڵدەبەستن و سەرجەم ئەندامانی ئەو بازنەیە لەدژی کورد دەکەونە جەنگەوە. بۆیە هاوکاری هەواڵگری، ئابووری و سیاسی یەکدی دەکەن و لەبەرامبەر زۆڵم و زۆریەکان بێدەنگ و کڕ دەبن.

ئەو ئامووڕانەی کە میدیا راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بۆردوومانی سەر کۆمەڵگای پێدەکات بریتین لە؛ تەلەڤیزیۆن، رادیۆ، ماڵپەڕ، وبلاگ و تۆڕە مەجازییەکان و ... هتد. رژێمی داگیرکەری ئێران بە رێگای میدیاوە خۆی وەک وڵاتێکی دیمۆکراتیک پێناسە دەکات، وا نیشان دەدات کە هەمیشە خزمەتگوزار و خەمخۆری گەلی کوردە. بەڵام بە پێچەوانەوە بە چەوسانەوە و داپڵۆساندن، تەنگی بە کوردان هەڵچنیوە. بۆ رەوایەت بەخشین و کپکردنی گەلی کورد، کەناڵی سەتەلایەتی وەک؛ سەحەر تی ڤی و کەناڵە ناوخۆییەکانی دامەزراندووە. بە رێگای کەناڵی کوردییەوە، زمانی کوردی شڕ و شیتاڵ و کەسایەت لەکولتووری رەسەنی خۆی نامۆ دەکەن.

بۆ داتاشینی وشەی نوێ بە جێگای وشە رەسەنە کوردیەکان، کۆزمانەکانیان دامەزراندووە. ئەمڕۆ لەکورستان بە جێگای وشەی پیرۆزی دایک، مامان جێگیر کراوە، کە وشەیەکی تێکەڵە لەکوردی و فارسییە. واتا سەنتێزێکی نوێ لەکوردستان پێشدەخەن کە کورد خۆی نەناسێتەوە. بە رێگای میدیاوە کار لەسەر زمان، کولتوور و مێژوو دەکرێت. هێزە خۆشەویستەکانی نێو گەل رەش دەکرێت. بۆیە میدیای شەڕی تایبەت لەکوردستان، بەڵەنگۆی دەسەڵات بە زمانی کوردییە.

ئەگەر سەرنج بخەینە سەر کەناڵی سەحەر تی ڤی، دەبینین رۆژانە هەواڵەکانی سەر باشووری کوردستان بڵاو دەکاتەوە. چالاکانی سیاسی، پەرلەمانتار و بەرپرسیارە حزبیەکان بەشداری بەرنامەکان دەکەن، رژێم بەو شێوەیە نیشان دەدات کە هیچ کێشەی لەگەڵ گەلی

کوردداا نییەو لەئێرانیش کێشەیەکی بە ناوی کێشەی کورد بوونی نییە. واتا ئەمانەی کە سەریان هەڵداوە یاخی و تیرۆریستن. میدیا کوردەکانی سەر بە دەسەڵات لەئێران، کار لەسەر سیاسەتەکانی باشوور و تایبەت بەشەکانی تری کوردستان دەکەن و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتگوێ دەخەن. ڕژێم بە ڕێگای میدیاوە دەیەوێت هەژمۆنی خۆی لەسەر باشووری کوردستان دروست بکات. بە ڕێگای ناوەندەکانی وەک؛ کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی و کۆمپانیا بازرگانی و دەزگا هەواڵگریەکان، کولتوور و سیاسەتی داگیرکاری خۆی پەرە پێدەدات.

بە پێچەوانەوە ڕژێم سەبارەت بە کێشەو گرفتی کوردان لەبەشەکانی تری کوردستان هەواڵ و بەرنامە بڵاو دەکاتەوە، بەس بابەتێکی سیاسی سەبارەت بە گەلی ڕۆژهەڵات خۆی لێ دەبوێرێت. گەر وا نەبوایە بۆچی لەکەناڵی سەحەردا دەرفەت بۆ پژاک، کۆمەڵە و دیمۆکرات ئاوەڵا ناکرێت کە باس لەسیاسەتی خۆیان بکەن. سەبارەت بە کێشەکانی ناوخۆی ئێران وەک؛ گەندەڵی، لەسێدارەدان، کوشتنی کۆڵبەر و کاسبکارانی سەر سنوور کەڕ و لاڵن.

میدیای شەڕی تایبەتی ڕژێم لەگەڵ بەشێکی زۆر لەمیدیاکانی باشوور لە ناو هاوئاهەنگی و هاوبڕواییدان و هەواڵ و زانیاریەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن. میدیای شەڕی تایبەتی ڕژێم لەگەڵ میدیاکانی دەسەڵات یەک دەستەواژە بە کار دەبەن. بۆ نموونە کاتێک ڕژێمی داگیرکەری ئێران بڵێت پەکەکەو پژاک جیاخواز و تیرۆریستە، دەبێت هەموو بڵێن پەکەکە و پژاک جیاخواز و تیرۆریستە. ڕژێمی داگیرکەری ئێران جیهانبینی تاکەکان بەرتەسک و دەس بە تاڵ و ڕوانگەیان بەرتەنگ و سنووردار دەکات. بۆ هەر تەڤگەرێک لقێکی بە ناو دژە پەژاک، دژە کۆمەڵەو دیمۆکراتی دامەزراندووە. بە بڵاو کردنەوەی بەرنامەی خیانەتکار و ملشۆڕەکان، مۆراڵ و هێزی کۆمەڵگا تێکدەشکێنن.

بازنەی شەڕی تایبەت لەکوردستان میدیای تایبەتی بۆ دروست کراوە. تایبەت ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ڕووداو و بەشێک لەراگەیاندنە کوردیەکان، زمانی شەڕی تایبەتی ئەو بازنەیەیە. هەر یەک لەو هێزانەی ناو بازنەکە ڕاگەیاندنی ناوخۆیی خۆیان هەیە و ڕاگەیاندنی هاوبەشیشیان لەکوردستان ئەو کەناڵەیە. چونکە لەپێناو ئامانجەکانی شەڕی تایبەت کاری دروست کردنی بێباوەڕی و شک و گومانە. هەروەها کاڵ کردنەوەو بێواتاکردنی کولتووری بەرخۆدان و تێکۆشان لەکوردستاندایە. ئەو کەناڵ بەردەوامی دژایەتی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لەهەر چواربەشی کوردستان دەکات و تایبەت دژی هزر و فەلسەفەی ئاپۆیی یە. سیاسەتەکانی ئەو بازنەیە بە ڕەنگێکی نەرم و ناسک پەرە پێ دەدات و جەماوەر ڕاکێشی بازنەی شەڕی تایبەت دەکات. لەلایەکەوە دەرفەتی ماددی بۆ فەراهەم دەکرێت و وەک ڕاگەیاندنێکی پرۆفشیۆناڵ لەقەڵەم دەدرێت. لەلایەکی تریشەوە سەرجەم هێزە

ئیستخباراتیەکان پاڵپشتی دەکەن. ئەگەر بە وردی سەیری سیاسەتی وەشانی ئەو ڕاگەیاندنە بکەین دەبینین کە سەرچاوەی زۆربەی هەواڵ و زانیاریەکانی سەر بە میدیاکانی ئەو بازنەیەیە. تایبەت ڕژێمی ئێران بۆ بەکرێگیراوەکانی دەستەواژەی پێشمەرگە موسلمانەکان بە کار دێنێت و لەئەدەبیاتی ئەو ڕاگەیاندنەشدا ڕەوایەت بە سیاسەتی چەپەڵی ڕژێمی ئێران دەبەخشێت. داگیرکەرەکان ئەمڕۆ بە زمانی کوردی لەدژی کوردان بانگەشە دەکەن. ئەو ڕاگەیاندنە هیچ جیاوازی لەگەڵ (سەحەر تی ڤی) ئێران و (تەرەتە ٦) ی تورکیا نییە. چونکە سیاسەتی وەشانی نە بە گوێرەی بەرژەوەندی گەلانە، بەڵکو بە پێ بەرژەوەندی دەوڵەتە داگیرکەرەکانە.

هاوکات دەوڵەتی تورکیا و ئێران بە ڕێگای میدیاوە دەیانەوێت سەرجەم نرخ و پیرۆزەکانی گەلی کورد بێنرخ و بێ بایەخ بکەن. تێکۆشانی ئازادیخوازی PKK لەکوردستان کولتووری ڕەسەنی کوردەواری بە گەلەکەی بەخشیەوە. لەدرێژایی ئەو تێکۆشانەدا کەسانی وەک؛ زیلان، بێریتان، بێریڤان داستانی قارەمانی یان بۆ گەلەکەیان تۆمار کردووە. دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا بۆ ئەوەی ئەو داستانانە لەکۆمەڵگا بسڕێتەوەو ڕەنگی قارەمانی لەناو ببات، کۆمەڵێک درامایان لەژێر ناوی زیلان، بێریڤان و ... هتد دروست کردووەو میدیاکانی تر پێویستە ئەو درامایانە دۆبلاژ بکەن. ئامانج لەدروست کردنی ئەوەش، سڕینەوەی زیلان و بێریڤانی کوردانەو دەوڵەت بەو درامایانە کەسایەتی خەیاڵی خۆی بەجێگای ئەوانە پڕ دەکەنەوە. هاوکات سەرجەم ڕاگەیاندنەکان کە لەژێر کاریگەری ئەو بازنەیەدان، پێویستە وەشانەکەیان بە گوێرەی وەشانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بێت. هەروەها ئەو ڕاگەیاندنانە ڕێککەوتون کە هەواڵ و زانیاری لەسەر بزاڤی ئاپۆیی لەسەرجەم بەشەکانی کوردستان بڵاو نەکەنەوەو ڕاستیەکان بشارنەوە. ئەوەش بۆ گەلی کورد جێگای سەرسووڕمانە کە میدیای زۆربەی پارتە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێگای ئەوەی لەدژی ڕژێمی ئێران بانگەشە بکەن، لەچوارچێوەی بڵاوکردنەوەی وەشانی ڕاگەیاندنی یان خزمەت بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن. بەبێدەنگ بوونیان و بڵاو نەکردنەوەی ئەو دەستکەوتانەی کە لەلایەن بزاڤی ئاپۆیی بۆ گەلی کورد تۆمار کراوە، هێز و مۆراڵ بە ڕژێمی ئێران دەبەخشن. ئەوەش بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە کە ئایا پەیڕەکردنی ئەو سیاسەتە ئەوە ناسەلمێنێت کە ئەو پارتانەش لەناو بازنەی شەڕی تایبەت لەدژی بەرەی ئازادی و دیمۆکراسی گەلی کورددا بن. نموونەی بەرچاوی ئەوەش نکۆڵی کردن لەهێزی گەریلا لەشەنگاڵ، کەرکووک، داقووق و کۆبانێ، شاهۆ، مۆکریان و کەلەڕەش کە سەرجەم ڕاگەیاندنەکان هێزی سەرەکی ئەو بەرخۆدانە مێژووییە دەخەنە پەراوێزەوە و تەنیا باس لەپێشمەرگە دەکەن کە لەبەرەی شەڕدا بەرەنگاری داعش و ئێران دەبێتەوە. نکۆڵی کردن

لەو حەقیقەتە و بێدەنگی و شاردنەوەی ئەوەش ئایا ئەوە رانەگەیەنێت کە ئەوانەی باس لەگەریلا ناکەن، لەناو بازنەی شەڕی تایبەتی داگیرکەراندا بن.

میدیا گۆڕەپانێکی گەردەلوولاوی شەڕی تایبەتە. لەم گۆڕەپانەدا بە چڕی بۆردۆمانی هزری و ویژدانی لەسەر کۆمەڵگا پەیڕەو دەکرێت. گۆڕەپانێکە کە زهن شیتەڵ دەکرێ، دەگۆڕدرێت و فەتح دەکرێت. لەڕۆژی ئەمڕۆدا لەبەر کاریگەری شەڕی تایبەت، ئەمریکا و هاوپەیمانانی پێویستی بەوە نەماوە، سەربازی خۆی رەوانەی ئێران و ناوچەکە بکات. بەڵکوو بە دامەزراندنی میدیای جۆربەجۆر، ویستوویە کاریگەری خۆی لەسەر گەلانی ناوچەکە درووست بکات. لەدوای شەڕی جیهانی دووهەم، بۆ بڵاو کردنەوەی زهنییەتی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، ژمارەیەک تی ڤی، رادیۆ، گۆڤار، رۆژنامە دادەمەزرێنێت.

بە رێگای توندوتیژی و دڵرەقی، هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت کۆمەڵگا لەبواری جەستەییەوە پاکتاو بکات. دەسەڵاتداران گەیشتووەنەتە ئەو قەناعەتەی کە بە شەڕ ناتوانن گەلان بێخ بڕ بکەن. رووپەلەکانی مێژوو لێوانلێوە لەو شەڕانە کە هێزیان تێری پاکتاوکاری و قڕکردنی گەلانی ئازادیخوازی نەکردووە. لەدوو شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمدا، نزیکەی سی تا چل میلیۆن مرۆڤ کوژراون و بە میلیۆنانیش بریندار کراون. بەس هێشتا کۆمەڵگا هەیەو بەردەوام بە بوونی خۆی دەدات.

ئەمڕۆ هەر جۆرە چەکی قەدەخەکراو لەچنگی دەوڵەتە هژمۆنگەرا جیهانیەکاندایەو هەر ساتێک ئەگەری بەکارهێنانی لەبەرامبەر گەل و کۆمەڵگا لەئارادایە کە کوشتاری بە کۆمەڵی مرۆڤایەتی لێبکەوێتەوە. ئەگەر ئەو چەکانە لەپێناو قازانج — دەسەڵات لەدژی گەل و کۆمەڵگا بە کار بهێنرێت، هەڕەشەیەکی جیددی بۆ لەناوچوونی نەسڵی مرۆڤایەتی دەبێت. ئەگەر نەسڵی مرۆڤایەتی بەرەو لەناوچوون پەلکێش بکرێت، هاوتەریبی ئەوەش کۆڵەکەکانی دەوڵەت لەگەڵ خۆی دادەڕووخێنێت. چون بەردەوام بوونی دەوڵەت، پابەندی هەبوونی کۆمەڵگایە.

لەرۆژی ئەمڕۆدا دەوڵەتە دێوەزمە ئاساکان، لەبەرامبەر رەوتی بەرخۆدانی گەلان، فەن و هونەری شەڕیان گۆڕیوە. لەقۆناخی نوێی شەڕدا، لەبواری جەستەییەوە مرۆڤەکان ناکوژن، بەڵکوو لەبواری رۆحی، دەروونی و هزرەوە مرۆڤ دەمرێنن. بەو فەنەی لەقافیاندایە، مرۆڤ کۆیلەی تەکنۆلۆژی و پارە دەکەن، تا دەستەمۆ و گوێڕایەڵی دەوڵەت بێت.

لەبازنەی شەڕی تایبەتدا، هەمیشە بڕیار لەدژی بەرژەوەندی کوردان دەرکراوە و بە پێ بڕیارەکان، میدیای ئازادی کوردیان داخستووە. لەرۆژی ئەمڕۆدا دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، بە تەنیا خۆی، ئەوەندە هێزی نییە تا تی ڤی و خانەی ئازادی کوردان دابخات. بەڵکوو بازنەی جیهانی شەڕی تایبەت لەپشت تورکیاوەیە. لەو بازنەیەدا، بڕیاری هاوبەشی جیهانی لەدژی کوردان، دەردەکرێت. بۆ نموونە لەئاستی فەرمییەتی دەوڵەتەکاندا، شتێک

به ناوی خۆبەڕێوەبەری دیمۆکراتیک و مافی سرووشتی کورد بوونی نییە، بەڵکوو لەسەر شانۆی هێزە هژمۆنگەراکان، بڕیاری پاکتاوکاری و قڕکردنی کوردان پیشاندراوە.

لەسەر ئەو بنەمایە سەیر بکەین لەنەخشەی جیهاندا دەستەواژەیەک بە ناوی کورد و کوردستان هەڵنەکەنراوە. تەنیا ئێران و تورکیا بۆ خۆیان هێزی ئەوەیان نییە، لەبەردەم پێشکەوتنی کوردان پێش بەست دابنێن. دیارە لەدژی ناسنامەی کوردان، بڕیارێکی جیهانی دەرکراوە. بۆیە هێرشێکی هۆڤانە و بێ بەزەییانە لەدژی گەلی کورد پەیڕەو دەکرێت، کە جیهان لێی بێدەنگ و کەڕوماتە. کورد لەنەخشەی جیهاندا، لەنگەری دانەکوتاوەو لەرێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش پێگەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە. سەرەڕای ئەوەی کە نوێنەرایەتی هەر کۆمەڵگایەک لەرێکخراوە نێودەوڵەتییە جیهانیەکاندا هەیە، یاسا و رێسا جیهانیەکان بۆ گەلی کورد لەکار دەکەون، ئەوەش بەردەوامی بڕیاری پاکتاوکاری دژی کوردان پشتڕاست دەکاتەوە.

لەئەمڕۆدا بازنەی شەڕی تایبەت دەیانەوێت بڕیاری قڕکردن و نکۆڵی کارانەیان دژ بە کوردان نۆژەن بکەنەوە. بەڵام تەڤگەری ئاپۆیی بە پتەو کردنی تێکۆشان، نەبەزی و لەخۆبوردوویی، سەردەمی پەیمانی قەسری شیرین، لۆزان و واشینگتۆنی کۆتایی پێهێنا. دیسان دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و ئێران پێداگری لەسەر تیرۆریست بوونی کورد و تەڤگەری ئاپۆیی دەکەن کە نابێت لەبازنەی شەڕی تایبەتدا ئەو بڕیارەیان لەسەر هەڵبگیردرێت.

سەرەڕای ئەوەی کە کوردان لەئاستی نێودەوڵەتیدا دەنگ و ناویان دەرکردووە، گەلێک زانیاری هەڵە دەرحەقیان، بەو ناوەندانە گەیەندراوە. سەبارەت بە پرسی کوردانی رۆژئاوا لەنێوان کاربەدەستانی ئەمریکا، کێشە و ئاڵۆزی و دووبەرەکی لێکەوەتەوە. ئەوەش رووداوێکی نوێ مێژووییە بۆ کوردان کە ببنە هۆکاری دەست لەکارکێشانەوە و دووبەرەکی نانەوە نێوان کاربەدەستانی باڵای هێزە هژمۆنگەرا جیهانیەکان. بەشێک لەکاربەدەستە باڵاکانی جیهان لەراستیی کوردان تێگەیشتوون، بەڵام لەسەر گۆشاری دەوڵەتی تورکیا و ئێران و بەرژەوندی ئابووری و ئەمنی و راگرتنی هاوسەنگی هێز، پاڵپشتی لەسیاسەتی پاکتاوکاری کوردان دەکەن.

بە بڕیاری بازنەی جیهانی شەڕی تایبەت، گەلێک میدیای ئازادی کوردانیان تا بە ئەمڕۆ داخستووە. بۆ قانیع کردنی کۆمەڵگای کورد، جێ نشینی ئەو میدیانەیان ساز کردووە. لەئەمڕۆدا میدیای شەڕی تایبەتی جیهانی لەکوردستان؛ رووداو، k24 و تۆڕە سێبەرەکانی پارتی و هێزە هاوشێوەکانیەتی، کە لەدژی تێکۆشانی رەوای گەلی کورد، بە چڕی پڕۆپاگاندەی رەش کردن بەڕێوە دەبەن. بەرێگای ئەو میدیانەوە کولتووری بەرخۆدان

و نیشتمانپەروەری لەکوردستان دادەماڵن و تۆخمی بێهیوایی، خەیانەت و ملشۆڕی دەپاشێنن و ئەدەبیاتی داگیرکاری لەئامێزی نیشتمان برەو پێ دەدەن.

بەشێک لەناوەندەکانی شەڕی تایبەت دەستەواژەی کوردستانی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا لەکۆمەڵگا بڵاو دەکەنەوە و زۆر شەرمنانە زاراوەی کورد و کورستان لەزاریان دەردەبڕن. ئەوەش بە واتای رەوایەت بەخشین بە ئەدەبیاتی بازنەی شەڕی تایبەتە. بەڵام پەکەکە بە تێکۆشانی ٤٠ ساڵەی، ئەو ئەدەبیاتەی سەراوژێر کرد و ئەدەبیاتی باکوور، رۆژهەڵات، باشوور و رۆژئاوای کوردستانی لەزهنی تاکەکاندا گەشاندەوە.

بازنەی شەڕی تایبەت، ئەدەبیاتی تایبەتی بە خۆی هەیە. بۆیە بازنەی دیمۆکراتیکی گەلیش خاوەن ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆیەتی. ئیدی ئەو لۆژیک ماوەی بەسەر چووە کە کوردان لاواز، کۆیلەو بێ دەسەلاتن و چارەنووسی سەپێنراو بە سەریان قبووڵ ناکەن. کوردی ئازاد لەبەرامبەر بازنەی داگیرکاری، بڕیاری بەهێزکردنی تێکۆشان و دەستەبەرکردنی ناسنامە و مافی رەوای خۆی داوە. چون ناچاری ملدانی ئەوەی کە وەک خێرێک پێیان ببەخشرێت و خەڵات بکرێن، نابن.

لەنێو کورداندا، چین و جیلێک سەریان هەڵداوە کە بە بەخشینی هەندێک دەرفەتی ژیانی لەلایەن داگیرکەرانەوە گەشبینن کە ئازادی گەرەنتی دەکات. بە پێچەوانەوە داگیرکەران سەرجەم دەرفەتی ژیانی ئازادی کوردانیان تەفروتوونا کردووە. بۆیە دەبێت دەوڵەتە داگیرکەرەکان لەکوردستان بار کەن و بڕۆن، چۆن کوردان بە خۆیان ئەوەندە خاوەن هێز و دەرفەتن کە توانای دابین کردنی پێویستیەکانی ژیانیان هەیە.

لەبازنەی شەڕی تایبەتدا، ئەرک و خەت و نیشان بۆ میدیاکانی دەسەلات دەستنیشان کراوە. کاتێک دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و ئێران بە رێگای میدیاکانیانەوە هەواڵێک بڵاو دەکەنەوە، دەبێ ببێتە سەرچاوەی هەواڵی سەرجەم راگەیاندنەکانی تر. هیچ مەدیایەکی گرێدراوی ئەو بازنەیە مافی پێ نەدراوە کە هەواڵ و بەرنامەی تی ڤی و میدیای ئازادی کوردان بڵاو بکاتەوە. بەو بڕیارە دەیانەوێت دەنگ و رەنگی راستەقینەی کوردان پەردەپۆش بکەن. لەمیدیای شەڕی تایبەتدا هەمیشە شتی بچووک، زل دەکرێ و شتی گەورەش، چکۆلانە دەکرێت. سیاسەتی میدیایی شەڕی تایبەت، هەمیشە دەوڵەت مەزن دەکات و ئیرادەی گەل و کۆمەڵگاش گچکۆڵە لەقەڵەم دەدات. بە فرۆفیشاڵ کردن و خۆهەڵکێشان دەیانەوێت کۆمەڵگا بتۆقێنن و دەوڵەت پڕزۆر و بەهێز پیشان بدەن.

پەکەکە لەکوردستان و ناوچەکە ئەدەبیاتێکی مۆدێرن و پێشکەوتووی داهێناوەو کولتووری پێکەوە ژیان کردن، فرەڕەنگی کۆمەڵگا و دیمۆکراتیک بوونی هێنا کایەی سیاسییەوە. لەکۆمەڵگای کوردی و ناو پەکەکەدا، زیلان سەمبۆل و ئیلاهەی قارەمانی و خۆشەویستییە. بۆیە لەکوردستان بە هەزاران منداڵ ناوی زیلانیان لەخۆ ناوە. ئەوەندە

ئەستێرەی گەشاوە لەمەیدانی تێکۆشانی گەلی کورد وەک بێریڤان، عەلی چیچەک، عەگید، عاکیف، هێرش، هێمن، شیرین و هەڵمەت دەرکەوتن کە رەمزی قارەمانی و پێشەنگی کۆمەڵگان. بۆیە گەلی کورد بە هەڵگرتنی ناوی پێشەنگەکانی، خاوەنداریێتی لەمیراتی قارەمانانی خۆی دەکات. بەس دەوڵەت بە داڕشتنی گەلێک پیلانی هۆڤانە، دەیەوێت پێش لەبڵاو کردنەوەی کولتووری خۆڕاگری و قارەمانی لەسەر لانکەی ژیاری مرۆڤایەتی بگرێت.

لەکوردستان هێزە هەژمۆنگەراکان لەژێر ناوی ئیسلامی سیاسی، کولتووری گەلی کوردیان داگیر و داڕزاند. لەبنەماڵەیەکی کورددا ناوی سەرجەم خولەفای راشیدەین و ئیمامەکان دەبریقێتەوە. نیوەی ناوی تاکەکانی ناو بنەماڵەیەک بە وشەی عەرەبی سواق دراوەو لەدەستەواژەی کوردی بێ بەری کراون. کولتوری سمیتیک — عەرەبی بە سەر کۆمەڵگای کوردی سەپێنراوە. بەو کولتوورە زهن فەتح کراوە.

داگیرکەران لەکوردستان وایان کردووە کە رەمزی خۆیان، لەناو کۆمەڵگای کوردیدا پیرۆز بکەن. بۆ نموونە پێشەوا و کەسایەتە دیارەکانی ناو عەرەبەکان وەک؛ عومەر، عوسمان، حەسەن، حسێن، عەلی، فاتمە، عایشە و ... هتد لەکوردستان، برەویان پێ دراوە. هەڵبەت ئەو کولتوورە نە گرێدراوی ئەم خاک و نیشتمانەیە. لەبواری مێژوویی‌یەوە ئەو نرخانە بۆ خودی گەلی عەرەب جێگای رێزە. بەڵام ئەوەی کە نیگەرانی و مەترسی درووست کردووە، مێژووی کوردان بۆ خۆی لێوانلێوە لەکولتووری قارەمانی و بەرخۆدان کە لەپەڕاوەگانی مێژوو ون کراون. بەهەزاران گەنجینەی کولتووری لەکوردستان حەشار دراوەو ئاوڕێک لەو مێژوووە ون کراوە نەدراوەتەوە.

هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تۆڕە میدیا عەرەبیانە کە لەکوردستان لەنگەریان داکوتاوە. میدیا کەشێکی وای درووست کردووە کە تاکەکانی لەکولتووری کوردایەتی داشۆریوەو کولتووری عەرەبی بە سەر کولتووری کوردی باڵادەست کردووە. سیاسەتی میدیای داگیرکەران لەکوردستان، کەسایەتی وایان بەرهەم هێناوە کە لەناو سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەوڵەت — نەتەوەی عەرەبەکان تواوەتەوە. تاکێکی موسڵمان لەکوردستان، شەو و رۆژ قۆرئان دەخوێنێت، بەڵام هیچ واتای نازانێت. سەرجەم تەمەنی خۆ سەرقاڵی قاڵبوونەوە لەو ئایینە دەکات، بەڵام لەکۆتادا، مەودای لەگەڵ حەقیقەت زیاتر دەبێت.

خوداوەندە دەمامکدارەکان لەژێر پەردەی ئیسلامی سیاسیدا، بەندە بۆ خۆیان درووست دەکەن. نزیکەی نیوسەدەیە کە پەکەکە کولتووری رەسەنی کوردانی، لەژێر چنگی دێوی شارستانی کاپیتالیست رزگار کردووە. بۆیە خوداوەندە دەمامکدارەکان بە هەموو هەوڵیانەوە دەیانەوێت پێش لەپەرەسەندنی کولتووری نەتەوەی دیمۆکراتیک بگرن. چۆن ئەگەر بەربەست لەبەردەم تێکۆشانی پەکەکە درووست نەکەن، کۆمەڵگا لەچنگی بازنەی داگیرکار

دەردەهێندرێت. بۆیە لەبەرامبەر کولتووری بەرخۆدان و دیمۆکراسی، بڕیاری درووست کردنی کۆمەڵێک فلیم و درامای ناحەزیان لەناوچەکە داوە. بە پشتگیری بازنەی شەڕی تایبەت، فلیم و درامای تورکی و بیانی درووست کراون. درامای تورکی بەرهەم هێنراوە کە کاراکتەری زیلانی تێدا بەرجەستە کراوە. هەڵبەت زیلان لەدرامای تورکیدا کەسایەتییەکی نەباشە کە ئەوەش بە زانابوون بەرهەم هێنراوە. چون لەزهنی تاکی کورددا، زیلانی پەکەکە هێلانەی هەڵکۆڵاوە، کە ئەویش چالاکی و قارەمانیەکی مەزنی تێدا نەخشێنراوە.

لەشەڕی دژی داعش بە هەزاران رۆمانی قارەمانی و هەست بزوێن لەلاپەڕەکانی مێژووی هاوچەرخ تۆمار کران کە یەک لەوان رۆمانی شکۆمەندانەی ئارین میرکانە، کە بە چالاکییەکی گیانبازانەی، چۆکی بە چەتەکانی داعش دانا. هەر یەک لەو رۆمانە قارەمانانە، رەوتێکی ژیانەوەی لەکوردستان ژیاندەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو رۆمانە ناخ هەژێنانە لەکوردستان، پێش لەرووباری کولتووری بەرخۆدانی ئاوەڵا نەکەن، ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بەدیلیان ساز دەکەن، تا شک و گومان لەناو گەل و کۆمەڵگا لەسەریان دروست بێت. بۆیە سەرجەم دراماکانی بازنەی شەڕی تایبەت لەکوردستان بۆردومانی هزری و رۆحی دەکەن. دوابەدوای بڵاو کردنەوەی ئەو درامایە، کاتێک منداڵێک ناوی زیلانی لەسەر دەنرێت، ئەوا زیلانی بازنەی شەڕی تایبەت بە زهنی بگات.

درامای شەڕی تایبەت لەکوردستان مرۆڤ ئالوودە و گیرۆدە دەکات. وا لەمرۆڤ دەکات کە حەڵقەیەکی ئەو دراما لەدەستی دەرناچێت. واتا بەڕێگای میدیاوە حەقیقەت دەشارنەوەو بە لاڕێدای دەبەن. میدیایەک کە لەئارادایە، میدیای دەسەڵاتە. لەکوردستاندا، میدیا کەرەستەی دەستی دەسەڵاتدارانە کە هەمیشە ژیانیان لۆکس و بریقەدارەو لەمیدیا رەنگدەداتەوە. دیکۆرات و رازاندنەوەی ناو ماڵ و سەرجەم ئیمکاناتیان لەکۆمەڵگا جیاوازترە. هەر دەوڵەتێک بە ڕێگای میدیاوە هێز و جیهانی ماددی خۆی، بۆ گەل و کۆمەڵگا بە نمایش دەدات. زهنییەتی دەسەڵاتداران لەکۆمەڵگای کوردی ئەو روانگەیان درووست کردووە کە بەرهەمی خۆماڵی نرخ و بایەخی نییە. چون بە بینینی بەرهەمی دەوڵەتانی تورک، فارس، عەرەب و بیانی، لەبەرهەمی خۆیان نامۆ و مەودا دەگرن.

کاریگەری میدیا لەسەر کۆمەڵگای کوردی ئەوەیە کە نرخی کۆمەڵگای خۆی بچکۆڵە ببینێت و بانگەشەی بێ ناوەڕۆک و پووچی داگیرکەران مەزن و بە پیت لەقەڵەم بدات. لەئەدەبیاتی سیاسیدا ئەو چەمکە بە زهنیەتی ئۆریانتالیستی- رۆژهەڵات ناسی ناسراوە. لەو دۆخەدا تاک کولتووری خۆی بچووک و بێ کەڵک دەبینێ و بە پێچەوانەوەش ژیان و هێزی بریقەدار و ناوبەتاڵی دەرەوە، زەبەلاح لەقەڵەم دەدات.

میدیای شەڕی تایبەت لەتاکی ئێرانی و تایبەت کورددا، ئەو زهنیەتەی شکل پێداوە کە چاوەڕوانی دەستێوەردانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بن و بە پێی ئەوە دەجووڵێنەوە.

کەسایەتی وا ئافرێندراوە کە تاک و کۆمەڵگا بۆ خۆیان نە هێزن، بەڵکوو هێزی دەرەوە توانای گۆڕینی رژێمی هەیە. ئەوەش بە واتای بێباوەڕی بە هێزی تاک و کۆمەڵگایە. لەکاتێکدا کۆمەڵگا بۆ خۆی گەورەترین هێزە، بۆیە هیچ هێزێک بە ئەندازەی وزەی کۆمەڵگا بەتین و توانا نییە. بەڵام ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کۆمەڵگایان بە بێڕێکخستن هێشتووەتەوە. دەوڵەت ئەوەندە رێ و رێبازی بۆ پارچە کردنی کۆمەڵگا بە کار هێناوە، تا بێ هێز و تاقەت پڕووکێنی بکات. تەڤگەری ئاپۆیی دەیهەوێت هێز بە کۆمەڵگا ببەخشێت و لەپێناو پاراستن و سەقامگیری ئاسایش و ئارامی، کۆمەڵگا بە رێکخستن دەکات.

بە لەناو بردنی دەسەڵاتێک لەلایەن هێزە دەرەکیەکان، دەسەڵاتێکی تر دێتە سەر حۆکم کە لەرژێمی رابردوو مەترسیدارتر و تۆقێنەرترە، چون لۆژیکی شەڕ، قازانج ـ دەسەڵات سەردەستە. ئاماژەمان بەوەدا کە دەسەڵات بەرژەوەندی لەکوێ بێت، لەوێ پاڕوو لێدەدات. دەسەڵاتداران بە رێگای میدیای شەڕی تایبەتەوە کەسایەتی مرۆڤ وا لێ دەکەن کە هەمیشە کولتوور و ناسنامەی خۆی بچکۆلە و لاواز ببینێ و کولتوور و ناسنامەی دەرەوەش گەورە و زەبەلاح.

لەئەمڕۆدا گەلی کورد لەکەسایەتی پەکەکەدا دەستی بە سەر دەسهاڕی شەڕی جیهانی سێهەمدا گرتووەو رۆڵی مێژوویی دەگێڕێت. تەڤگەری ئاپۆیی بە تێکۆشانی بێ وچانی، کولتووری نەتەوەی دیمۆکراتیک دەخوڵقێنێت. کوردان خاوەن کولتووری ئاریایی و زەردەشتین کە ئەو کولتوور ناسنامە و رەوتێکی سەر بنەمای ژیانی ئازادی پەرە پێداوە. کولتووری رۆژهەڵاتی ناوین زۆر دەوڵەمەندە. چەندێک کولتوور لەسەر خاک و جۆگرافیایەک بە پیت و بەرەکەت بێت، بەو ئەندازەیە فەن و هونەر و رێبازی تێکۆشان گەشە دەکات. بە گەشە کردنی ئەوەش هونەری بەڕێوەبردنی ژیان پێشدەکەوێت. هۆکاری سەرەکی بەهێزبوونی تەڤگەری ئاپۆیی لەسەدەی ٢١دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەسەر بنج و کولتووری خۆی کە هێڵی سێهەمە، سەوز دەبێت.

لەبەر ئەوەی تەڤگەری ئاپۆیی هێز و توانای شەڕ کردنی لەبەرامبەر ئیمپریالیزم هەیە و خاوەن هێزی بەنج کردن و پووچەڵ کردنەوەی سیاسەتی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتە، سەرچاوەی بۆ دەوڵەمەندی کولتووری دەگەڕێتەوە. گەریلایەک کە ئەمڕۆ لەچیا سەرکێشەکانی کوردستان لەبەرامبەر مۆدێڕنیتەی سەرمایەداری شەڕ دەکات، بە لێزانی لەهونەری شەڕ و دەوڵەمەندی کولتوورەوە، لەسەر پێی خۆی راوەستاوە. هێزێک کە توانای بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ سیستەمی داگیرکاری نەبێت، لەسەر بنجی خۆی لایداوەو پشتی بە کولتووری مێژوویی و لانکەی ژیاری سەر هیلالی بە پیت و بەرەکەتی کوردستان نەبەستووە. بەڵکوو پشت و پەنایان بە هاوسەنگی سیاسی و بەرژەوەندیەکانیان قوڵف

کردووە. پارتی و یەکێتی نموونەی زەق و زۆپ و دەرپەڕاوی ئەو زهنییەتەن کە ئاماژەیان پێی بکەین.

لەم سەردەمەدا لەچ قۆژبنێکی کوردستان خەبات و تێکۆشان دەکەین، نابێ وەک تاکەکەس مامەڵە لەگەڵ پێگەو هەڵکەوتەی خۆ بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە تەڤگەر و کۆمەڵگایەکین. ئەو کۆمەڵگاش هیوا و ئۆمێد دەخۆڵقێنێت و خوڵقکاری و نوێکاری دەئافرێنێت. خەباتی بێ وچان و تێکۆشانی نەبەزانەی گەریلا، دادگایی کردنی مێژوویە. لەبنەڕەتدا مێژووی دەسەڵات و دەوڵەت دادگایی دەکرێت. بەو دادگاییانە پەردە لەسەر پیلانی شەڕ و سیاسەتی دەوڵەت لادەبرێت. هونەری شەڕی پێشمەرگە لەکوردستان، پاشکەوتووە. جیاوازی هونەری شەڕی گەریلا، لەگەڵ فەن و هونەری پێشمەرگە گەلێک زۆرە، چون گەریلا ئەمڕۆ بە فەن و هونەری سەردەمیانە شەڕ لەگەڵ ناتۆ و هاوپەیمانانی دەکات.

ئەمریکا لەشەڕی جیهانی سێهەمدا راشکاوانە لەرۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان لەناو شەڕدایە. بۆیە گەلی ئازادیخوازیش لەهەر قۆژبنێکی جیهاندا، مافی خۆیەتی لەدژی داگیرکەری و فاشیزم پەرە بە تێکۆشان بدات. تاکێکی ئازادیخواز، هەرگیز لەدژی داگیرکاری هەست بە زەبوون بوون، ئیهانەکردن و شەرمەزاری ناکات. میدیای شەڕی تایبەت، زهنییەتی کەسایەتەکانی بەو شێوەیە گۆڕیوە، کە هەمیشە نکۆڵی لەناسنامە و رابردووی خۆیان بکەن.

گەنجێک لەسەرەتای بەشداربوونی بۆ ناو ریزەکانی تێکۆشان، زۆر بە ئەستەم دەتوانێت دان بە راستی و دروستی ژیانی خۆیدا بنێت. بنجی هەر گەنجێکی کورد دەگەڕێتەوە بۆ کولتوور و ژیانی لادێ. بەس سەرسامکەرە لەسەرەتای بەشداربوونی ئەو گەنج بۆ ناو ریزەکانی تێکۆشان، نایەوێت وەک کەسێکی لادێی یان شارستانی خۆی بناسێنێت. بەڵکوو هەمیشە دەیەوێت وەک کەسێک خۆی بناسێنێت کە لەناو کولتووری گەورە شارەکان مەزن بووە. ئەو بەڵگەیە سەلمێنەری ئەوەیە کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، کەسایەتی وایان وەدیهێناوە کە گوندی بوون بە؛ سووکایەتی، کەم بوون و دواکەوتوویی لەقەڵەم بدەن. هاوکات لەزهنییەتی هەمان تاکدا، گەورە شارەکان بە پێشکەوتوو، دەوڵەمەندی و ئازادیە پێناسە بکات.

شار، ناوکی دەسەڵات و دەوڵەتە. لەکاتێکدا گوند، ناوکی کۆمەڵگای سرووشتییە. گەلی کورد لەپێناو پاراستنی کۆمەڵگای سرووشتی لەناو شەڕی ماندوونەناسانە دایە. میدیای شەڕی تایبەت، ناکۆکی کولتووری لەنێوان گەلان قووڵ دەکات. بۆ وێنە کاتێک تاکێک بە کولتوور و جڵ و بەرگ و زمانی زگماکی و سرووشتی لەگونددا ژیان دەکات، کاتێک بەرەو شار خلۆر دەبێ، داب و نەریت و کولتووری دایکی نیشتمان، بە شەرم و

زەبوونی دەبینێ. گەنجێکی گوندنشین، کاتێک لەگەڵ باوک و دایکی خۆی لە شار دەگەڕێت، لەبەر ئەوەی بە جل و بەرگی بیانی کە جل و بەرگی دەسەڵات، کۆیلە بوون و خۆ وەدەستەوەدان پۆشراوە، شەرم دەکات لەگەڵ دایک و باوکی خۆی لەناو شاردا پیاسە و قەدەم لێبدات. چۆن زهنییەتی تاکی کورد ئەوەی تێدا چێندراوە کە جل و بەرگی باب و باپیرانیان پاشڤەڕۆ و دواکەوتوو دەبینێ. لەکاتێکدا جل و بەرگ، ناسنامەی گەلێکە و ئەوەش دەکەوێتە خانەی تواندنەوە و نامۆ بوون لەکولتووری نیشتمان.

ئاوڕێک لەباشووری کوردستان بدەینەوە کە بانگەشە دەکرێت، داگیرکەر بێخ بڕ کراوە، یا لەچنگی داگیرکەر رزگار کراوە. لەکاتێکدا ئەوە درۆیەکی شاخدارەو شتێکی وا لەئارادا نییە، چون زەبەلاحترین داگیرکەر لەباشووری کوردستانە. کۆمەڵگا تا ئەو ئاستە زەبوون کراوە کە جل و بەرگ و زمانی خۆی ناپارێزێت.

عەنتیکەخانەی هەولێر، داگرتوو لەجل و بەرگ و ئاسەواری کوردییە. بەڵام لەناو کۆڵان، شەقام و بازاڕی شاردا، جل و بەرگ و ئاسەواری کوردی بە کەمی دەبینرێت. نە ئابووری و کولتوورەکەی بۆن و رنگی کوردییەو نە پەروەردەو فۆڕمی بەڕێوەبەری. لەژێر سایەی دەسەڵاتی بنەماڵە، رەنگی کوردی کرچ و کاڵ کراوە. لەلایەکی تریشەوە، هاوڵاتیانی کورد پۆل پۆل روودەکەنە مۆزەخانەی شار و زۆر کۆمەدیانە لەگەڵ هەیکەلەکان وێنە دەکێشن و ئاخ و تاسە بۆ جوانیەکانی ناو مۆزەخانەکان دەکێشن. سەیری دابڕانی کورد لەناسنامەی خۆ لەباشووری کوردستان بکەین کە چەندێک قووڵ و مەرگەساتبارە.

کوردێک بە کولتوورێکەوە پەروەردە کراوە کە زۆر بە نزمی و سووکی، مامەڵە لەگەڵ کولتوور و ناسنامەی خۆی دەکات. بۆچی دەبێ تاکی کورد جل و بەرگی خۆی نەپۆشێت و بە ئەوینەوە بە جل و بەرگی ئەجنەبی خۆی بخەملێنێت؟ میدیای شەڕی تایبەت زهنییەتێکیان ساز کردووە کە بەرهەمی خۆماڵی و کولتووری زێدی باب و باپیرانی، سووک و پچووک ببینێ. گەنجێک ئامادە نییە جل و بەرگی کوردی بپۆشێت، ئەگەر داواکاری واش هەبێت، نە بە پێ فۆڕمی جل و بەرگی رەسەنی کوردییە، بەڵکوو بە فۆڕمی مۆدێڕنیتەی سەرمایەداری فۆڕمی بۆ تاشراوە.

## دونیای مەجازی و تۆڕە مەجازییەکان

کەرەستە و رێبازێکی دیکە کە مۆدێڕنیتەی سەرمایەداری لەژێر ناوی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی، بۆ سڕکردن و تواندنەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بە کاری دەبات، دنیای مەجازی و بە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. دوژمن بە کەڵک وەرگرتن لەم کەرەستەو و رێبازە، لەناو گەردەلوولی خەیاڵ، تاک بە تاکی کۆمەڵگا بێ هەست و بێ کاردانەوە دەکات. لەبنەڕەتدا ئەگەر زانیاری و هۆشیاری سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی نەبێت یان لاواز بێت، ئەو تۆڕانە زەلکاوی دەسەڵاتن بۆ گەل و کۆمەڵگا، چون کاتێک تاکێک دەکەوێتە ناو ئەو زەلکاوە، لەناو بۆن و شەپۆلی داگیرکەریدا نۆقم دەبێت.

سیستەمی کاپیتالیستم و دەوڵەت نەتەوە هەرێمیەکان بە رێگای تۆڕە مەجازیەکانەوە وەک؛ فەیسبووک، تلگرام، ئینستەگرام، تویتەر، هەروەها یاری کۆمپیوتری و دەیان ئامووری تر گەنجان و ژنانی کۆمەڵگایان لەناو قەفەسی دەسەڵاتی خۆیاندا، دیل، بێ ئیرادە و کۆیلە کردووە. دەسەڵاتداران تۆڕە مەجازیەکانیان کردوەتە ناوەندی تواندنەوە و خۆتواندنەوەی تاک و کۆمەڵگا و هۆش و بیری ئازادی و مرۆییان لەجەستەی تاک دەرهێناوە. ئەو تۆڕانە لەکۆمەڵگای کوردی شیرازەیماڵباتیان تێکداوە. ژیانی کۆمینالیتەیان لەنێو کۆمەڵگا لەبار بردووە. تاکیان لەناو حەوزی ئەنتێرنێت گۆشەگیر و خەیاڵی کردووە. ئەو ناوەندانە گەنج و ژنی خەیاڵی دەخولقێنن و چرکە بە چرکە لەریشە و راستینەی خۆیان بە دووریان دەخەن.

تۆڕە مەجازی و دژە کۆمەڵایەتییەکان لەکۆمەڵگای کوردی زیان و مەترسی زیاتریان لەسوپای داگیرکەری پاسداران بۆ سەر کۆمەڵگا هەبووە. چون تۆڕەکانی دەسەڵاتی رژێمی داگیرکەری ئێران بە رێگای ئەو تۆڕە مەجازیانەوە شیرازەی خێزانیان تێکداوەو پیرۆزی و پێوانەکانی ماڵباتیان شێواندووە. بە رێگای ئەو ناوەندەوە، بێ ئەخلاقی لەناو ماڵباتدا تەشەنە پێدەدەن. عەشقی سەختە لەکۆمەڵگای کوردی پێ بڵاو و تەشەنە پێدەدەن. گەنج و ژنی کوردی پێ دەخەنە ناو داوی مەرگی تۆڕەکانی دەسەڵات. تاکێکی دوو ڕوو و چەند کەسایەتی پێ درووست دەکەن. لەناو خەیاڵدا گەنج و ژنی کورد دەخنکێنن. پردی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێو تاک و کۆمەڵگای پێ هەڵدوەشێنن.

ئەو تۆڕە تایبەتە ئەمڕۆ بۆ مۆرەو تۆڕەکانی شەڕی تایبەت بووەتە پایگاو سەنگەری شەڕ لەدژی گەل و کۆمەڵگا. رژێم بە پارە و بودجەی گەل بە هەزاران مۆرەی خۆی بۆ نێچیرکردنی گەنج و ژنانی کورد ئەرکدار کردووە. بۆیە ئەو تۆڕانەی کە ئەمڕۆ لەهەر دەوڵەتێکدا گەشە دەکەن، ئاسایش و ئارامیان تێدا نەماوە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە رێگای ئەم ناوەندانەوە سیاسەتی لاوازکردنی کۆمەڵگا بەربڵاو دەکەن. فیتنەیی، ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێو کۆمەڵگا درووست و پێش دەخەن.

لەلایەکی ترەوە سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بە دروست کردنی کۆمەڵێک یاری کۆمپیوتری منداڵ و گەنجانی لەناو بنەکەکانی خەیاڵی خۆیدا راگرتووە. شەو و ڕۆژ تاکێک سەرقاڵی یاری خەیاڵییە. ئەو یاریانە تاک لەحەقیقەت دادەبڕێنێت. کەسایەت لاواز و بێ هێز و بێ هیوا دەکات. بێ ئەوەی تاک هەستی پێ بکات، دەوڵەت و دەسەڵات لەناخیدا بە جێ و مەزن و لەکۆتاییدا مۆحتاجی دەبێت. دەوڵەت و دەسەڵات بەو یاریانە تاکەکان پەلکێشی تۆڕەکانی دەسەڵات دەکات. حەز و ئەویینداری لەبەرامبەر تۆڕەکانی دەسەڵات لەناخی تاکدا درووست دەکات.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ ئەوەی ڕەوایەت بە داگیرکاری و سیاسەتە چەپەڵەکانی خۆیان بە ڕێگای ئەم ناوەندەوە بدەن، بە جێگای تۆڕە مەجازیەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە کار دەبەن و ڕای گشتی پێ فریو دەدەن. لەکاتێکدا سیاسەتێک کە لەم گۆڕەپانەدا بە کار دەبرێت، دژە گەل و کۆمەڵگایە. چون بۆ دەسەڵات گەورەترین و ئاسانترین گۆڕەپانێکە کە گەل و کۆمەڵگای تێدا دەچەوسێنێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵات بەردەوام لەهەوڵی کۆنترۆڵ کردنی ئەو گۆڕەپانەدایە، نەیتوانیوە بە پێ ویست و پیلانەکانی بجوولێتەوە و زۆر جار گەل و کۆمەڵگا لەو گۆڕەپانەدا ڕژێمیان ڕووت و قووت کردووە و وەک سەنگەرێکی تێکۆشان دژ بە دەسەڵات بە کاریان هێناوەو بە کاری دەبەن.

## پەروەردە؛ ناوەندێک کە دەوڵەت نەتەوەی تێدا لەبەر دەکرێت

پەروەردە، ئامووڕێکی دیکەیە کە شەڕی تایبەتە کەڵکی لێ وەردەگرێت. مرۆڤ چەندێک لەناو خوێندنگاکانی دەوڵەت- نەتەوە بخوێنێت، ئەوەندە ڕووبەڕووی تواندنەوە و پاکتاوکاری دەبێتەوە. خوێندنگە و سیستەمی پەروەردەی ڕژێم، ناوەندێکن کە دەوڵەت — نەتەوەی تێدا لەبەر دەکرێت. لەخوێندگادا دەوڵەت، ڕۆحێکە دەخرێتە ناو جەستەی مرۆڤەوە.

دوو ناوەندی پەروەردە کە دەوڵەت- نەتەوە لەنگەری تێدا داکوتاوە، بریتین لە؛ بنەماڵە و خوێندنگا.

بنەماڵە ناوەندێکە کە کاریگەری زۆر لەسەر فۆڕم گرتنی کەسایەتی مرۆڤ درووست دەکات. بنەماڵە ئیمپراتۆری بچووک و پرۆتۆتیپی دەوڵەتە. فۆڕمێکی دەسەڵاتی دەوڵەتە کە لەناو کۆمەڵگا بە ڕێکخستن بووە. پەروەردەی بنەماڵە چەندێک تەندرۆست و خزمەتی کۆمەڵگا دەکات، مژارێکن کە دەبێت ڕاوەستەیان لەسەر بکەین. بنەماڵە، منداڵ بە پێی پێویست و داخوازی ڕژێم پەروەردە دەکات. کاتێک منداڵێک چاو بەدۆنیا هەڵدێنێت و ڕەگەزی مێینەیە، دەوڵەت- نەتەوەی دەرمانخوارد دەکرێت. لەو پەروەردەدا گۆڕانکاری، نوێکاری و خۆڵقکاری تێدا نییە. پەروەدەی منداڵی کچ لەچوارچێوەی زهنییەتی دەوڵەت ڕاخراوە. شێوەی پەروەردەەی ڕەگەزی مێ وایە کە هەر لەمنداڵییەوە لەکایەی منداڵانەی، کڕینی بووکە شیشە و کەل و پەلی متبەخ و خواردەمەنییە کە دەوڵەت پێناسەی لەسەر کردووە. ئەو کچە هەر لەمنداڵییەوە لەسەر ئەو زهنییەت گەورە دەکرێت و شێوەی پێ دەدرێت. تا هەر بە خەیاڵی هاوسەرگیری، خستنەوەی منداڵ، کاروباری ناو ماڵ و خزمەت کردن بە پیاو، ژیان بەسەر ببات.

پەروەردەی منداڵی کوڕیش لەناو بنەماڵە، بە هەمان شێوەیەو جیاوازی تەنیا لەرێبازدایە. منداڵی کوڕ بە پێ پێویستی دەزگاکانی دەوڵەت- نەتەوە پەروەردە دەکرێت

و هەر لەمنداڵییەوە لەگەڵ چەک، سەیارە، هەلیکۆپتەر و بڕێک کەل و پەلی قەبە، بە پێ بایۆلۆجیای پیاو ئاشنا و گەورە دەکرێت. لەکاتێکدا منداڵ کاتێک چاو بە دونیا هەڵدێنێت، ئازادە. واتا گرنگترین قۆناخێک کە منداڵ هەستی ئازادبوونی تێدا درەوشاوەیە، سەردەمی منداڵێتییە. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ ئەوەندە پێداگرە کە دەڵێت: «هەرگیز خەیانەت بە خەیاڵی منداڵێتی خۆم ناکەم». چۆن کەسێک دەیەوێت گوێبیستی ڕاستی بێت، دواندنی منداڵ بە بنەما بگرێت. ئەگەر پیاو لەبەرامبەر هاوژینی توندوتیژی بە کار هێنابێت و شەڕ و هەرا ڕوویدا بێ، بە ڕێگای منداڵەوە لەدوا پێشهاتەکان ئاگاداری وەچەنگ دەخەی. چون منداڵ، بە بێ دوودڵی و حساب و کتاب وێنەی حەقیقی ناو دڵی خۆی هەڵدەڕژێنێت. بەڵام پەروەردەی دەوڵەتەکان، هەنگاو بە هەنگاو منداڵ لەئازادی دوور دەخەن.

مرۆڤ چەندێک ئاوێتەی دامودەزگا دەوڵەتیەکان بێت، ئەوەندە ڕووبەڕووی سیاسەتی تواندنەوە، لێکچواندن و کۆیلەتی دەبنەوەو لەئازادی دادەبڕێن. ئێستا لەجیهان و کوردستان باخچەی ساوایان دامەزراون، کە لەتەمەنی ٤ — ٦ساڵیدا منداڵ دەخزێننە ناو ئەو باخچانە. واتا ئیدی دەوڵەت لەپێناو کۆیلە کردنی مرۆڤەکان، تەمەن ناناسێت.

فێرگەکان، زهنییەتی منداڵ بە پی هزری دەسەڵات و داگیرکەری شێوە پێ دەدەن. هزری ژێردەستی لەناخیاندا دەچێنن. لەکەسایەتی ژندا، ژێردەستی قووڵ دەکەن و لەپیاوانیشدا، سەردەستی گەشە پێ دەدەن. دوا بەدوای باخچەی ساوایان، خوێندگای سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی، زانکۆ و دام و دەزگا سەرکوت کارەکانی ڕژێم هەیە کە بە پێ بەرژەوەندی ڕژێم زهنی تاکەکانی تێدا دادەتاشن. ئەو خوێندنگایانەی کە دەوڵەت درووستی کردوون، لەگەڵ دامودەزگا توندوتیژییەکانی دەوڵەت لەنێو کێبڕکێدان. دام و دەزگاکانی پەروەردە لەگەڵ، ڕێکخراوە توندوتیژ و سەرکوت کارەکانی ڕژێم، بۆ کۆیلەکردنی و تێکشکاندن و سەرکەوتنی گەورە بە سەر تاکدا، لەناو کێبڕکێدان.

لەناو سەهۆڵخانەی زهنی ڕژێمدا، منداڵێکی کوڕ بەو ئاواتەوە مەزن دەبێ کە لەداهاتوودا ببێتە فڕۆکەوان و شۆفر، پۆلیس ... و هتد. هەر منداڵێک خاوەن دەیان جۆرە چەک و تەقەمەنی و کەل و پەلی شەڕ بووە. بەو کەرەستانە منداڵ بە کەسێکی توندوتیژ بە بار دێنن. دواتر لەگۆڕەپانی تری وەک میدیا، بە بانگەشەی سەرجەم ئەو فیلمانەی کە سەرجەمیان شەڕ، کوشتن و لێدانە، کەسایەتییەک بە گوێرەی ویستی دەوڵەت شکڵ دەگرێت. بەو خەون و خەیاڵانەی کە لەزهنی منداڵ وێنا دەکرێت، دەیکەنە کەسێکی چاولێکەر. ئەو فۆڕمە لەداتاشینی کەسایەتیەکی شەڕانگێز و توندوتیژ، ڕۆڵی گرنگی هەیە. ئەو سیاسەت لەباشووری کوردستان بەرچاوە کە منداڵێکی بچووک، شارەزایی لەبە کارهێنانی بیکی سی، کلاش و سەرجەم جۆرەکانی چەک هەیە.

خەونی منداڵانەی تاکی کورد لەزۆر جێگەدا وەک حەقیقەتێک سەریهەڵداوەو بە جێگای بەکارهێنانی کەل و پەلی یاری منداڵانە، لەگەل چەک و تەقەمەنی راستەقینە سەروکەلەی هەیە. تەوەرەیەک کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت پەرەی پێ دەدەن، چەندێک چەک و تەقەمەنی لەکۆمەڵگادا بەربڵاو بکەن، ئەوەندە باندی مافیایی لەنێو کۆمەڵگا بەهێز دەبن. چەندێک باندی مافیایی روو لەزیادبوون بکات، ئەوەندە گرێدراوبوون بە دەوڵەت درووست دەبێت. هەر گرووپێکی مافیایی بۆ ئەوەی بتوانێت بازرگانی لەکۆمەڵگادا بکات، پێویستە پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەتدا هەبێت.

دەبێت هاوڵاتیانی کوردستان لەوەدا قایل بن کە خوێندنگا دەوڵەتیەکان، ناوەندی گرتن، بە کۆیلەکردنی مرۆڤ و داگیرکارین، کە دەوڵەت ـ نەتەوەی تێدا لەبەر دەکرێت. لەخوێندنگاکانی رژێم، مێژووی داگیرکاری ئێران و ئایینی دەسەڵات، دەرخواردی خوێندکاران دەدرێت. تاک و کۆمەڵگای تێدا تەک تیپ دەکرێت. لەخوێندنگاکاندا فەرمانبەر و سەربازی، ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی تێدا ئامادە و پەروەردە دەکرێن. دەوڵەت لەکۆمەڵگادا رێکخراوی زۆری بونیادناوە کە بە زۆرینەیان پوچ و بێ کەڵکن. بە رێگای خوێندنگاکانەوە مۆرەی تایبەت بۆ ناو ئەو رێکخراوانە ئامادە دەکات.

لەخوێندنگادا سیاسەتی لەبێژنگدان (گزینش) هەیە، واتا تاوتوێکردنی شیاوی و لێهاتوویی، خوازیارانی دامەزراندن لەدەزگا دەوڵەتییەکان یان ئەوانەی دەچنە زانکۆکان. کاتێک دەوڵەت بیەوێت کەسێک لەدەزگایەکی سەرکوتکارانەی خۆی دابمەزرێنێت، سەرەتا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن کە ئەو تاک چەندێک لەبازنەی سیاسەت دوورەو دەتوانێت خزمەتی دەوڵەت بکات. رژێم گەلێک فیلتەریان داناوە کە تاکێک دادەمەزرێنن، نابێت خزمەتی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک بکات. دەوڵەت جیا لەو هەموو ناوەندە داگیرکارییە تێر نابێت، بۆیە خوێندنگای تایبەت (شبانەروزی) دادەمەزرێنن.

لەو خوێندنگانەدا ئەو تاکانەی کە رژێم متمانەی زۆری پێیانە، ئامادە دەکات. رژێم لەناوەندەکانی شەڕی تایبەت، هاوشێوەی سوپای جاویدان، سوپا جیاوازەکانی کۆمەڵگا ئاوا دەکا. سوپایەکی ئابووری بە فورمی سوپای جاویدان دادەتاشێت. بۆ کاولکاری زیاتری کۆمەڵگا، سوپای میدیایی درووست دەکەن.

رێبەر ئاپۆ سەبارەت بە چوونی بۆ خوێندنگا دەڵێت: «کاتێک چوومە خوێندنگا، لەگەڵ وانەکانی خوێندنگا ناکۆکی زۆرم هەبوو. نەمدەتوانی خوێندنگا قبووڵ بکەم». بەس بە جێگای ئەوەی رێبەر ئاپۆ لەناوەندەکانی شەڕی تایبەت کوێرکوێرانەو وەک دۆن کیشۆت شەڕی نەکرد، بەڵکوو لەخوێندنگای داگیرکەراندا ناسنامەو ئیرادەی گەلی کورد شکاندووە. رێبەر ئاپۆ دەڵێت: «لەپۆلی یەکەمەوە تا کۆتایی هاتنی خوێندنی، لەریزی یەکەمینی خوێندکاراندا بووە. یەکەم بوونم لەفێرگە، چەکی پاراستن و زیندوو کردنەوەی ناسنامەم

بووە. دەوڵەت چەندێک ویستبێتی من لەناو فێرگەدا بتوێنێتەوە، بە پێچەوانەکەی جوولاومەتەوە. دەوڵەت وا تێگەهێشتووە کە یەکەمم و دەبمە پیاوی هەرە چاکی دەوڵەت. بە پێچەوانەکەی تەنانەت دەربازی خوێندنگای تایبەتیش بووم و بۆ گەهێشتن بە ئامانج، دەرفەتی ماددی دەوڵەتم خستە خزمەتی ناسنامەکەم. حەقدەست و بەرتیلێک کە وەرمگرتووە، خستوومەتە خزمەتی شۆڕش ».

دەستەواژەی ئۆتانازی کە بە واتای کوشتنی بێ ئێش و ئازاری درێژخایەنە. خوێندنگای دەسەڵات ئەو ئەرکەی لەئەستۆیە کە مرۆڤەکان لەمەودایەکی درێژخایەن بە بێ ئازار و ئێش دەکوژێت. خوێندکار لەفێرگەدا لەراستی زانستی کۆمەڵایەتی و مێژوو دادەماڵرێت. ئەگەر تاکێک لەبواری مێژوو، فەلسەفە، ئایین، جۆگرافیا و زانستی کۆمەڵایەتییەوە داماڵرابێت، ئەوا لەبەر کەمی هێزی زانستیی و مێژوویی کەسایەتی لەدەست دەدات. ئەو لاوازییە کەسایەتی مرۆڤ بێکارگەر، بچوک و نامۆ دەکات. زانستی کۆمەڵایەتی دایکی سەرجەم زانستەکانە. بەڵام ناوەندەکانی شەڕی تایبەت تاکیان لەدایکی سەرجەم زانستەکان دابڕاندووە و بەو شێوەیە کەسایەتیەکی تێکشکاو و رووخاویان ئافراندووە.

بنەماڵەی کلاسیکی کورد لەئەمڕۆدا دەیانەوێت چ کولتوور و داخوازییەک بەسەر رۆڵەکەیان بسەپێنن؟ دەیانەوێت رۆڵەکەیان لەخوێندنگای دەسەڵاتدا، بخوێنێ و ببێتە فەرمانبەر و مامۆستایەکی چاکی دەوڵەت. تاکێک لەنێو دەزگاکاکانی دەوڵەت چەندێک دابمەزرێت، بنەماڵە ئەوەندە شانازی پێوە دەکەن و وەک هێز بۆ خۆ لەقەڵەمی دەدەن. چۆن دەوڵەت بە پشتیوانی خۆ دەبینن.

میدیا لەئەمڕۆدا نفووزی کردوەتە هەر ماڵێک. هاوکات پەروەردەی دەسەڵات بە هەمان شێوە دزەی کردوەتە سەرجەم حۆجرەکانی کۆمەڵگا. پەروەردە ئامووڕێکە بۆ تەربیە کردن و هۆشیاری مرۆڤەکان. لەرۆژگاری ئەمڕۆدا سیستەمی پەروەردە لەکوردستان، بە پێ بەرژەوەندی رژێم داڕێژراون. سیستەمی پەروەردەی داگیراکاری رژێم، بە پێ فەلسەفەی سێ گۆشەی ئیمام، یاسای بنەڕەتی و مەزهەبی شیعەگەرییە. بە پێی ئەقڵمەندێتی ئەو سێ گۆشەیە، سیستەمی پەروەردەیی داتاشراوە و بە پێ ئەو فەلسەفەیە کەسایەتی مرۆڤەکان بیچم پێ دەدەن. واتا کەسایەتیەک کە تۆپزی تەسلیمی ئیمام، یاساو مەزهەبی ١٢ ئیمامی شیعەگەری بێت.

لەئێراندا پەروەردە بەپێی شەریعەتی ئیسلامە، بەو پێیە دەبێت ژن کاری ماڵداری بکات. سیاسەتی پەروەردەکردنی منداڵانی کچ، هەر لەسەرەتای منداڵییەوە بە لەیستۆکی وەک؛ بووک، سەماوەر، قاب و قاچاخ، بابەتی ژن و مێردایەتی و خزمەتکردنی ماڵ عەلاقەدار دەبێت. لەزهنیەتی منداڵدا، بوون بە ژنێکی چاک کە خزمەتکار و دڵی پیاوێک رازی بکات، شکل دەگرێت. پەروەردەی بنەماڵە هیوا و ئۆمیدی ژن لەقەفەسێکی ئاسنیندا قەتیس

دەكات و روانگەی بەرتەسک و سنووردار دەكات. ناوەندەكانی پەروەردەی شەڕی تایبەت بە بانگەشە بریقەدارەكانیان ژن بەو دۆخەی تێدایە رازی دەكەن.

ناوەندەكانی شەڕی تایبەتی دەوڵەت بۆ كۆنترۆڵی كۆمەڵگا بە رێگای بنەماڵە زەواجی مێرمنداڵی، فرەژنی و ژن بە ژنیان پەرە پێداوە. بەو لۆژیكەی كە كچ گەیشتە نۆ ساڵ، دەبێت زەواج بكات. ئەو سیاسەتە چەپەڵەش لەژێر ناوی فەرموودەی پێغەمبەر رەوایەتی پێ دەدەن. چون پێغمبەر فەرموویەتی بێ ئەملاو ئەولا دەبێ جێبەجێ بكرێت. كەسێک كە بەرامبەر ئەو لۆژیكە راوەستێت بە كافر و لادەر لەقەڵەم دەدرێت. تۆڕەكانی دەسەڵات دەیانەوێت ژن لەتەمەنی مێرمنداڵیدا بە زەواج بدەن. ئەوەش گەورەترین رێبازی بەكۆیلەكردن و تەسلیم گرتنی مرۆڤە.

سیستەمی شەڕی تایبەت لەقۆناخەكانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی و زانكۆ بۆ داگیركردنی زهنی تاكەكان بە هەموو شێوەیە كار دەكات تا دەگاتە ئەو ئاستەی كە تاكی دڵخوازی خۆی بونیاد دەنێت. لەخوێندنگاكاندا باڵادەستی رەگەزێک بە سەر رەگەزێكی تر، باڵادەستی پێكهاتەیەک لەسەر پێكهاتەیەكی تر، خۆبچووک دیتن، لەبەركردن و بێ ئیرادەبوون لەنێو خوێندكاراندا پێشدەكەوێت. واتا بە پێی پرەنسیپی دەوڵەت خوێندكارێكی باش، بە ئەدەب، بە ئەخلاق، بێ دەنگ و ئارام و گوێڕایەڵ پەروەردە دەكات.

سیستەمی پەروەردەی شەڕی تایبەتی ئێران لەسەر بنەمای لۆمپەنیزم گەشەی كردووە. خومەینی لە سالی ١٣٥٧ی هەتاویدا دەڵێت؛ (دەكێشمە دەمی ئەم دەوڵەتە، ئەمریكا غەڵەت دەكات). سەرجەم وتە سەرەتاییەكانی ناسیاسی و قسەی لۆمپەنییە. ئەو كولتوورە لەفێرگەكانی رژێمدا خوێندكار فێری شەڕە جنێو و مەتەڵەک پەڕان دەكات. خوێندكار بە جێگای هانی زانست بدرێن، هانی دڵداری و خۆشەویستی ساختە دەدرێن. خوێندنگاكانی رژێم خوێندكار فێری چەقۆكەشی و شەڕ دەكات، خوێندكارەكان لە مەكتەبەكاندا رێ لەیەک دەگرن و ئەدەبیاتی لۆمپەنیزم لەدژ یەک بە كار دەبەن.

ئەمڕۆ گەریلا لەچیا سەركێشەكانی كوردستان كولتوور، ئەدەبیات و فەلسەفەیكی ژیان پێشدەخات. خوێندكارێک لەفێرگەی ئاپۆیی پەروەردە دەكرێت كە دژ بە یەكدی قسە ناكەن، دوور لەئەدەبیاتی دەسەڵاتدارانن، ئەدەبیات و دەستەواژەی ناخۆش لەدژی یەكدی بە كار نابەن.

ناوەندەكانی شەڕی تایبەت بانگەشەی ئەوە دەكەن كە سەرجەم خوێندكاران، بەسیجین. بەسیج بڵاوكردنەوەی كولتووری فاحشەگەری دڵخوازانە نێو كۆمەڵگایە. سەپاندنی فاحشەگەری هزری، كۆمەڵایەتی، سیاسی و كولتووری سەر گەل و كۆمەڵگایە. دیاردەی بەسیجی، لەبنەڕەتدا دژە چاند و دژە بەرخۆدانە. كۆڵەكەی بنەڕەتی دەوڵەت لەمەڕ لاوازكردنی كۆمەڵگایە. واتا لەسیستەمی پەروەردەی رژێمی شەڕی تایبەتدا،

فاحشەگەری فکری پەرەی پێ دەدرێت. رژێم لەرێگای ئامووری پەروەردەوە، پیاو و بەکرێگیراوی خۆی درووست دەکات. لەخوێندنگاکاندا هەر جۆرە سووکایەتییەک بە کەسایەت و هزری مرۆڤەکان دەکرێت و توانای دەربڕینی ناڕەزایەتیشی نابێت. خوێندنگا لەناو سیستەمی داگیرکاری ئێراندا ناوەندێکی سەربازییە کە سوپای پاسداران و ئیتلاعات تێدا سەروەرە. کەسایەتیەکان لەژێر دەمامکی زانستدا بەرژەوەندی رژێم دەپارێزن و هزری ئیسلامی رادیکاڵ و توندڕەو کە تێکەڵەیەک لەتوندوتیژی و هۆڤیەتییە بەربڵاو دەکەن و رێکخستنی تیرۆریستی وەک ئەنساروالئیسلام، داعش و بەرەی نۆسرا بەهێز و گەورە دەکەن.

پەروەردەی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کەسایەتی وا پەروەردە دەکەن کە بڕوایان بە هیچ مەزهەب و ئایینێک نییە و مرۆڤێکی سەرلێشێواون. هەمیشە بە رەنگێکی کوێرکوێرانە دژایەتییەکی قەرت و قەبە رابەر دەکەن. ئەو ناوەندانە کۆیلە و فەرمانبەری دەوڵەت درووست دەکەن. لە٣١ پارێزگای ئێراندا ٢٥٦٩ زانکۆ هەیە. ساڵانە نزیکەی دوو میلیۆن خوێندکار لەکونکووری سەرتاسەری بۆ چوونی زانکو بەشداریی دەکەن، لەکاتێکدا دەسەڵات رێژەیەکی زۆر کەم خوێندکار لەزانکۆکان وەردەگرن. ئەو سیاسەتەش سوپای بێکاری هەناردەی بازاڕ و تۆڕەکانی ناو دەسەڵات دەکات.

نموونەی میژوویی و کەسایەتی وەک؛ خوسرەو گوڵسۆرخی و فەرزاد کەمانگەر و ... هتد، بە هەموو هێز و تواناییانەوە لەخوێندنگاکاندا بەڕەنگاری رژێم بوونەتەوە. رێکخراوە مەدنیەکان کە لەژێر هەیمەنەی کۆمەڵگادان، لەدژی زهنییەتی دەسەڵات و دەوڵەت کار دەکەن. بەشێکی زۆر لەمامۆستایان، خوێندکار و فەرمانبەر و کرێکاران، لەدژی رژێم چۆپی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەشەکێننەوە. سەرەڕای ئەو هەموو گوشارانە نابنە کۆیلەی رژێم. یا ئەو فۆرمەی کە رژێم خوێندکارانی پێ دادەپۆشێت، رادەست و گوێڕایەڵی نەبوون. سیاسەتی خۆراوا زەدەیی کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت پەرەی پێدەدەن خۆیان لێ بواردووە. بە تەواوی دژبەری پاشماگەی بەرخۆدانی گەلان دەرنەکەوتوون. زۆر جار بە پێچەوانەی رژێم لەبژاردەی بێدەنگی و مات بووندا خۆیان حەشار داوە. ئەوە شاکارێکی مەزنە کە هاوڵاتیان توانیویانە لەنێو سیستەمی پەروەردەی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت خۆیان بپارێزن، پەروەردەی ئەو ناوەندانە بەو هەموو ئاب و تابەوە وڵامدەری پێویستییەکانی تاک و کۆمەڵگا نییە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت سەرەڕای ئەو هەموو سوپاخانانە لەهەوڵی دامەزراندنی فێرگەی شەوانە رۆژی و زانکۆی تایبەتن. لەباشووری کوردستان بە ئەندازەی ژمارەی دانیشتوان خوێندنگا و زانکۆی بێ کوالیتەیان درووست کردووە، ئەو ناوەندانە بۆ پسپۆڕکردنی مرۆڤەکان لەسەر ویست و پێویستیەکانی دەوڵەت دامەزراوە. لە رابردوودا لەسەر بەشێکی کوردستان سیاسەتی دەوڵەتێکی داگیرکار سەردەست بوو، بەڵام لەباشووری

کوردستان جیا لەزانکۆی کوردی و زانستی کۆمەڵایەتی؛ زانکۆی ئەمریکی، لۆبنانی، چینی، ئینگلیزی، تورکی و ئێرانی یەک لەدوای یەک دادەمەزرێن. هەر هێز و دەوڵەتێک دەیەوێت ماسۆن و پیاوی خۆی لەکوردستان دامەزرێنێت، واتا دەیانەوێت کولتووری داگیرکەری لەکوردستان پەرە پێ بدەن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت وایان کردووە کە کەسایەتە شۆڕشگێڕەکان نەتوانن بە ساکاری لەناو کۆمەڵگا بگەڕن. تێکۆشانی گەلان پێویستە ئەو دۆخە پێچەوانە بکاتەوە کە کەسێکی سەر بە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت نەتوانێت لەکۆمەڵگا بسووڕێتەوە و دەبێت بە نهێنی و شاراوەیی کار بکات. چون ئەو کەسە مۆرەی داگیرکەرە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت وایان کردووە کە ماڵ لەساحێب ماڵ حەرام بێت. گەلی کورد خاوەن کۆمەڵگای کەوناره، بەس کۆمەڵگای سرووشتی لێ زەوت و حەرام کراوە. لەئەمڕۆدا تێکۆشەرانی گەلی کورد کراونەتە تیرۆریست و بە پێچەوانەوە، داگیرکەرانی سەر خاکی کوردستان کراونەتە پارێزەرانی گەلی کورد!

بە پێ بەڵگە مێژووییەکان ئابووری کاری ژنە کە سەرچاوەکەی لەئۆکۆنۆمۆسەوە بە واتای یاسای نێوماڵ هاتووە. بەڵام ئەو لێزانی و هونەرەیان لەژێر ناوی ئەوەی کە ژن جن و شەیتانە، دەرهێناوە و بە جێگای سوپاسگوزاری ژنیان لەکۆمەڵگا رەجم و پەراوێز خستووە. لەمێتۆلۆژیادا باس لەوە دەکرێت کە حەوا لەبەر ئەوەی میوەی بەهەشت دەخوات، لەبەهەشت وەدەر دەنرێت. بۆیە پەروەردەی سیستەمی داگیرکەر، تاک لەناو مەکینەی ئاسمیلاسیۆنی دەوڵەتدا دەتوێنێتەوە.

سەرجەم خوێندنگاکان رۆڵی مەکینەی هاڕینی تاکەکان دەگێڕن کە ئەوەندە تاکی کورد لەناو بازنەی خۆیدا دەسووڕێننەوە، تا مێژوو و ناسنامە لەحافیزەیان دابشۆرن. سەبارەت بە جۆگرافیای کوردستان بە هەمان رەنگ کوردیان رازی کردووە کە چەندێک هاوار بکا، کوردستان یەکە، لەوەڵامدا دەڵێن نەوەڵا یەک نییەو چوارە. بۆ وێنە سەرۆکی پێشوو و ئێستای حزبی دیمۆکراتی کوردستان؛ خالید عەزیزی راشکاوانە دژی پەکەکە قسە دەکات و دەڵێت با ئیدی پەکەکە دەست لەو درووشمانە بەربدات؛ چون کوردستان یەک نییە، بەڵکوو کوردستان چوار پارچەیەو هەر یەک بۆ خۆی بە دوای چارەسەری کێشەی خۆیدا بگەڕێت. ئەو قسانە سەرچاوەی لەوەوە دێت کە ئەو لایەن و کەسایەتانە، خاوەن هێز و رێکخستن نیین، تا بڵێن کوردستان یەکە و ناتوانن بە پێ قەوارەی درووشمەکەیان شەڕی مەزن بکەن.

ئەو وتانە ئاستی لاوازی و تێکشکانی تاکی کورد دەخاتەڕوو. لەکاتێکدا کوردستان یەکە، بەڵکوو لەلایەن داگیرکەرانەوە پارچە کراوە. بەس خوێندنگای داگیرکەر ئەو پارچەبوونەیان لەزهنییەتی تاکەکاندا فەرمی و رەوا کردووە. کاتێک هەمان تاک

لەفێرگەیەکی ئازادیخوازیدا پەروەردە ببینێ، ئەو وتارانە بە ئایاتی قورئانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت پێناسە دەکات. هەمان کەسایەت و هاوبیرەکانی، بە پەژارەیەکی مەزنترەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات، دالەقاوی ئێران دەبینێ. واتە باکووری کوردستان با کاری بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبێت و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە حاڵی خۆ بهێڵن. یان لەلایەکی ترەوە بە پێ سیناریۆ داتاشراوەکانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، دەڵێن پەکەکە لەباشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان چ دەکا و پەکەکە بە داگیرکەر وەسف دەکەن. بە ڕوانگەی ئەو بیرتەسک و چاوتەنگانە، کوردستانی باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هێز و حزبی خۆی هەیە، بەو ڕەنگە کۆمەڵگا فریو دەدەن. لەکاتێکدا بەشی زۆر لەو پارتانە بۆ چەوساندنەوە و دامرکاندنی کورد، وەک مەقاشی دەستی داگیرکەران بە کار دەبرێن.

تەڤگەرێکی ئازادیخواز هەرگیز سنوورێک کە لەلایەن داگیرکەرانەوە بۆی دانراوە ناناسێت. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بەشێکی زۆر لەپارتە کوردیەکان بە پوانێکی بچووک ڕازی دەکەن، کە لەپێناو ئەو سەرپشکە بێ بایەخەدا کوردان بە گژ یەکدا دەدەن. هەمان ناوەند لەژێر هەرێمی باشووری کوردستان کوردانیان فریو داوە. پێشتر گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیوا و باوەڕییان دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان بوو، چون گەلی کورد بووە خاوەن پێگەیەکی سیاسی کە ئاڵای کورد و زمانی کوردی تێدا زامن کراوە. بەڵام لەکرداری چەند ساڵەی دەسەڵات، دەمامکی حکومەت و هێزە کوردیەکان دادەماڵرێت و گەلی کورد لەسەرجەم بەشەکانی کوردستان و بە تایبەت ڕۆژهەڵات قێزوبێزیان لەسیستەمی بەڕێوەبەری دەسەڵاتدارانی باشوور دەبێتەوەو پێچەوانەی خۆڕاگری بێ وێنەی گەلی کورد لەڕۆژئاوا، گەلی ڕۆژهەڵاتی ئەویندارى خۆ کرد و لەئەمڕۆکەدا دڵی گەلی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا لێ دەدات. کرداری دوو دەیەی بەرپرسانی باشوور سەلماندی کە پێگەی سیاسی باشووری کوردستان بە ئەمانەت بە کوردیان بەخشیوە. واتا حکومەتی کوردی دەمامکێکە کە خۆیان پێ داپۆشیوەو لەسەر ژێر ناوی کوردایەتی، کولتوور و ناسنامەی کوردی پێ لەناو دەبەن.

لەلایەکەوە ڕێبەر ئاپۆ، لەلایەن ناوەندەکانی شەڕی تایبەت مۆرکی تیرۆریستی لێ دەدرێت و بارزانی کە دوورگەی خیانەتی لەکوردستان گرساندووە، بە وتەی بریقەداری شۆڕشگێڕی دەڕازێننەوە. ئەو سیاسەتە پیلانێکی مەترسیداری دژ بە کوردان پشتڕاست دەکاتەوە. لەپێناو بەخشینی دوو پارێزگا و بڕێک دەرفەتی ماددی، لەکێشەی کورد لەڕۆژهەڵات، باکوور، ڕۆژئاوا و تەنانەت باشووری کوردستان دەست دەشۆرنەوە. بەجێگەی ئەوەی پێگەی سیاسی باشوور ببێتە هەوێنی یەکگرتنی گەلی کورد، ڕۆڵی پارچە کردنی سەرجەم کوردانی لەئەستۆ گرتووە.

ئەو هەڵوێستە لاپەڕە کارەساتبارەکانی مێژوو لەزهنی تاکی کورد دەخاتە یاد کۆمەڵگا کە بۆ بە لاڕێدا بردنی بیروڕای جەماوەری کوردستان، چون عوسمانیەکان مەلائیدریسی

بەدلیسی یان لەدوای شەڕی چاڵدران و مەلای خەتێ یان لەبەرامبەر شۆڕشەکەی میرمحەمەدی رواندۆز بە کارهێنا. فتوا و پشتگیری ئەو کەسایەتانە خەسارێکی هەتاهەتایی یان بەو دوو هەڵە مێژوویيە گەیاند و خەڵکێکی زۆریان لەشۆڕش پاشگەز کردەوە. هاوکات لەکاتی شۆڕشی ئەیلوولدا هێزێکی چەکداری کوردی بە ناو سوارچاکانی سوپای سەلاحەدینی ئەیوبی لەساڵی ١٩٦٣دا لەباشووری کوردستان پێکهێنرا کە بەشداری بە کرێگیراوە کوردەکان لەناو ئەو سوپایەدا خەسارێکی مەزنی لەکەیسی کورد دا. لەدرێژەی هەمان سیاسەتدا رژێمی داگیرکەری ئێران بە کەڵک وەرگرتن لەهەستی ئایین پەروەری ناو کوردان، لەساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (رێکخراوی پێشمەرگەی موسڵمانی کورد) یان لەدژ پارتە کوردیەکانی رۆژهەڵات دامەزراندو گورزی قورسی لەخەباتی رەوای گەلی کورد لەرۆژهەڵات دا.

درێژەی هەمان پیلان لەسەردەم شۆڕشی رۆژئاوا بە رێگای بنەماڵەی بارزانییەوە، بۆ پووچەڵ کردنەوەی شۆڕشی رۆژئاوا پێشمەرگەی رۆژیان دامەزراند کە لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی تورکەوە پەروەردە و پڕچەک کراون و کاریگەری نەرێنی لەسەر دەستکەوتەکانی شۆڕشی رۆژئاوا داناوە. هاوکات وتەکانی نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بە هێرشەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا بۆ سەر رۆژئاوا کە گوایا هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر پەکەکەیە، نە گەلی کورد. ئەو لێدوان و هەڵوێستانە راشکاوانە خزمەت بە دەوڵەتی داگیرکەری تورک دەکات و خەسارێکی مەزنی تر بۆ ئەو هەڵە مێژوویيەی کە بۆ چارەسەری پرسی کورد رەخساوەو ئەوانەش هاوشێوەی ئەو فتوا و هێز و لایەنە بە کرێگیراوانەیە کە لەمێژوودا زیانیان بە پرسی نەتەوەیی کورد گەیاندووەو رەوایەتیان بە پیلانی داگیرکاری و قڕکردنی کوردان بەخشیوە.

سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و پەلامارانەی سەر پەکەکە لەئارادایە، پەکەکە یەکەمین کاناڵی تەلەڤیزیۆنی جیهانی بە زمانی کوردی دادەمەزرێنێت، کە کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر هۆشیار کردنەوەی کوردستان کردووە. بەس دوابەدوای ئەوە بازنەی شەڕی تایبەت دەرفەت بۆ پارتی و یەکێتی خۆش دەکەن تا لەدژی میدیای ئازاد، میدیای دەسەڵات دابمەزرێنن، تا پەکەکە لەکوردستان گەشە نەکات و دەمامکیان لەبەر چاو رای گشتی دانەماڵرێت.

## بازنەی دژە پژاک

لەم بەشە بەدواوە شەڕی تایبەتی ڕژێمی داگیرکەری ئێران لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرتاسەری ئێران بە وردتر دەخەمەڕوو. تۆڕەکانی دەسەڵات لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدژی پژاک شەڕی تایبەت بەڕێوە دەبەن. لەجێگایەکدا ناوی پژاک دەرباز ببێت، بە گشتی مەبەست تەڤگەری گشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆدار، یەرەکە، کەژار و کەجەرە) یە. بۆیە لەبنەڕەتدا جەخت لەسەر ئێرادەی سیاسی پژاک دەکەم، چون ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم بە پێناسەکردنی گرووهەک (تاقم) ی پژاک، ئیرادەی سیاسی گەلی کورد لەبار دەبەن. لەو چوارچێوەیەدا تۆڕەکانی دەسەڵات لەدژی تەڤگەری ئازادی، بازنەی دژە پژاکیان دامەزراندووە.

پژاک هەڵقولاوی ناو کۆمەڵگایەو تەڤگەرێگی ڕەسەن و لۆژیکییە. تەڤگەرێکە، پەیدۆزی ڕژێمی حەقیقەتە. تەڤگەرێکی ڕاستەقینەیە، بۆیە تۆڕەکانی دەسەڵات، لەناو بازنەی دژە پژاکدا، بەدەڵی ناجنسیان لەبەرامبەر دامەزراندووە، تا سووک و ڕەشی بکەن و کردەوەکانی سەراوژێر و بەلاڕێدا ببەن. پژاک وەک تەڤگەرێکی کلۆڵ، پاشڤەڕۆ، نەزان و بێ ناسنامە لەقەڵەم دەدەن کە ماڵ و حاڵی خەڵک ڕاووڕووت دەکات! بەو چەواشەکارییانە، لەسەر تێکۆشانی ڕەوای پژاک، شک و گومان و دوودڵی لەزهنی گەل و کۆمەڵگا وێنا دەکەن.

### پرۆژەی دژە پژاک و دژە کوردی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت

١ ـ سیاسەتی بیو دەسەڵات (زیست قدرتی)
٢ ـ سیاسەتی لاوازکردنی کۆمەڵگا
٣ ـ سیاسەتی قڕکردنی کولتووری
٤ ـ سیاسەتی ژن کوژی و گەنج کوژی

## سیاسەتی بیودەسەڵات

ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم، بە ڕێگای ئەو ٤ ڕەهەندەوە، کۆمەڵگا بە خەستی بۆردومانی جەستەیی و دەروونی دەکەن. نابێت ڕژێمی داگیرکەری ئێران بە خاوەنی ڕاستەقینەو بنەڕەتی جۆگرافیای ئێران ببینین. چون ڕژێم بە زۆڵم و زۆرداری، کوشتن و مەکینەی ئەشکەنجە، لەکوردستان ڕەوایەت بە دەسەڵاتی بەدفەڕیان داوە. بەو ڕێبازە نگریسانە، دەسەڵاتی بە سەر گەلانی ئێران سەپاندووە. لەجۆگرافیای گشتی وڵاتدا، گەلیک ئاریشە و گرفتیان ناوەتەوەو دەیانەوێت کێشەکان لەگۆڕەپانی دەسەڵاتی خۆیان دوور

بخەنەوە. لەکاتێکدا سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەو تەنگوچەڵەمانە، بۆ زاڵبوون و دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ سەر کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە.

گەلی کورد لەئەمڕۆدا لەبواری جۆگرافیای سیاسی و سرووشتی و سەرچاوەی ژێرزەوینی و سەرزەوینی و هێزی مرۆیی زۆر دەوڵەمەندە. کاتێک ئەو دەوڵەمەندی کوردستان بەرێکخستن و سیستەم ببێت، هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر دەسەڵات. بۆیە تۆڕەکانی دەسەڵات بۆ ئەوەی کۆمەڵگا، گرێدراوی خۆ بکات، بە رێبازەکانی شەڕی تایبەت؛ ڕەنج، نرخ و بەها و دەستکەوتەکانی گەل قۆرخ و تاڵان دەکات و رژێمە یەک لەدوا یەکەکانی ئێرانیش تا بە ئەمڕۆ، لەسەر کوردستان هەمان سیاسەت و رێچکەیەکی وایان پەیڕەو کردووە.

تۆڕەکانی دەسەڵات راشکاوانە ئابوورییان لەژێر چنگی گەل و کۆمەڵگا دەرهێناوە. رێبەر ئاپۆ دەڵێت: «ئافرێنەری سەرەکی ئابووری ژنە، کە ریشەی لەئەکۆنۆمۆسەوە وەرگیراوە، کە بە واتای یاسای ناو ماڵ دێت». بەس ئەمڕۆ ئابووری لەکۆمەڵگای دەوڵەتیدا، لەدەست خاوەنی راستەقینەی دەرهێنراوەو ئێستا لەچنگی دەسەڵاتدارەکان و چینی بورژوایە کە ئابووری وڵات هەڵدەسووڕێنن. دەسەڵات و دەوڵەت لەبەر ئەوەی سەبارەت بە پێگەی بنەڕەتی ژن کە لەرابردوودا، هەبوویەتی و ئابووری خۆڵقاندووە و گەشەی پێداوە، دەستخۆشی و خەڵاتی بکەن، تۆڵەی مێژوویی لێدەکەنەوەو بە شێوەیەکی مەرگەساتبار، لەدوورگەی دەسەڵاتدا لەخاچ دراوە.

لەجۆگرافیای ئێران، ئابوورییەکی بەهێز و دەوڵەمەند لەئارادایە، بە چەواشەکاری و لادانی مەزن خەملێندراوە. ئابووری وڵات لەلایەن پیاوی بەهێز و فێڵبازەوە قۆرخ کراوە. لەئەنجومەنی شارەزایان، ژن دوورخراوەتەوە. چون ئابووری وڵاتیان لەسەر ناوی خۆ تاپۆ کردووە. سەرچاوە ژێرزەوینی و سەرزەوینیەکانی کوردستانیان خستووەتە ژێر پاوانی خۆیانەوە. تۆڕەکانی دەسەڵات، زەوتکاری و دەستدرێژیەکانی سەر ژنان بە قسەی بریقەدار پەردەپۆش دەکەن. بۆ ئەوەی حەقیقەتی ناسنامەی ژن، لەئاسۆی بەرەبەیانی کۆمەڵگا هەڵنەیەت، بە کۆمەڵێک مۆرکی ناشیاو و گۆتەگۆت تەناندوویانە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت قسەوقسەڵۆک بڵاو دەکەنەوە کە لەبەر ئەوەی کوردستان ناوچەیەکی سنوورییە، ئابووری تێدا گەشە ناکات. لەکاتێکدا کێشەی کۆمەڵگا لەگەل ئابووری و سەرمایە دوو شتی جیاوازە. سەرمایە بەرهەمی رەنجی کۆمەڵگایە کە لەپاوانی دەوڵەتدایەو بۆ مەرامی سیاسی کەڵەکە کراوەو خەرجی کۆمەڵگا ناکرێت. بەڵام ئابووری بە گوێرەی پێویستی کۆمەڵگا بەرهەم دەهێندرێت و خەرج دەکرێت و هیچ زیان و مەترسیەکی بۆ کۆمەڵگا نییە. لەکاتێکدا کەڵەکەکردنی سەرمایە، سەرتاپای زەرەر و زیانەو کۆمەڵگا و سرووشت، کاول و وێران دەکات.

ئێران لەژێر ئەو زهنییەتە ژینگە و ئابووری کۆمەڵگای تێکەڵ و پێکەڵ کردووە. لەسەر ناوی نەبوونی ئاسایش و ئارامی لەکوردستان، مۆڵەتی هیچ سەرمایەگوزارییەکی ئابووری لەکوردستان نادات. سەرجەم داهاتی کوردستان دەردەخەن و بۆ سەرمایەگوزاری کردن لەسەریان، هەناردەی گەورە شارەکانی دەکەن. کەلوپولە مێژینە و بە نرخەکانی کوردستان دەدزن و لەژێر ناوی نەبوونی ئاسایش و ئارامی لەکوردستان، راوورووتەکەیان رەوا دەکەن، تا شەپۆلی نارەزایەتی کۆمەڵگای پێ دابمرکێنن. لەکاتێکدا رژێمی داگیرکەری ئێران بۆ خۆی ئاسایش و ئارامی لەکوردستانی لەبار بردووە.

هۆکاری سەرەکی کە ئابووری لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا گەشە ناکات، گەڕاندوویانەتەوە بۆ نەبوونی هێمنایەتی و ئاسایش لەناوچە سنوورییەکان. واتا بوونی پێشمەرگە و گەریلایان لەکوردستان، کردوەتە بیانووی ئەوەی کە سەرمایەگوزاری لەو ناوچانە نەکرێت. ئەو سیاسەتە دەرگای بۆ ئەوە کردووەتەوە کە لەرۆژهەڵاتی کوردستان، شەپۆلی برسیبوون و بێکاری لەناو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا سەرهەڵبدات. ئەو سیاسەتەش درگای بۆ کۆمەڵێک پیلانی چەپەڵی رژێمی داگیرکەری ئێران کردووەتەوە، کە گەل بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان یا دەبێ روو لەگەورە شارەکانی ئێران بکەن، یا وەک فەرمانبەرێک روو لەدام و دەزگا سەرکوتکارەکانی رژێم بکەن، یا وەک کاسبکار و کۆڵبەرێک بۆ پەیداکردنی پێویستیەکانی ژیانی رۆژانەیان، روو لەناوچە سنوورییەکان بکەن.

سیاسەتی رژێمی داگیرکەری ئێران، بەتایبەت بۆ ئەو گەلانەی کە لەبواری مەزهەبیەوە ناکۆکییان لەگەڵ حکومەتی ناوەندا هەیە، لەبواری ئیدارییەوە، بەتەواوەتی کۆنترۆڵ ناکرێن و لەبواری پێکهاتەیی جیاوازییان هەیە و فرەرەنگی کولتووری لەناوچەیەکدا سەروەر بێ. لەژێر بیانووی بەرقەراری ئاسایش و ئارامی، ژیان و سیستەمی کۆمەڵگا دەشێوێنن. چون لەبنەرەتدا پاساوی نەبوونی هێمنایەتی و ئارامی لەکوردستان، هۆکاری سەرەکی سەرمایە گوزاری ئابووری لەکوردستان نابن. بەڵکوو ئەوە سیاسەتێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی تۆرەکانی دەسەڵاتە. چون سەرمایەگوزاری لەناوچە ستراتیژیەکان ناکرێت. ئەو کات زۆر بە هاسانی رێگری لەخەبات و تێکۆشانی هێزە دژ بەرەکانی رژێم دەگیردرێت و ماتەوزەی نارازی گەل، بە ئاسانی دەخرێتە ژێر خزمەتی حکومەتی ناوەندەوە.

ناوەندەکانی شەری تایبەت بە گۆتەگۆت و چەواشەکاری، ئەنجامی سیاسەتی دژە کۆمەڵگا و ژینگەیان، دەخەنە ئەستۆی هێزە تێکۆشەر و شۆرشگێرەکان و بە خەتاباری ئەو قەیرانە قووڵە لەقەڵەمیان دەدەن. تۆرەکانی دەسەڵات لەژێر ناوونیتکەی دیاردەکانی یاخیگەری، سەربەزێوی، دز گەردەنەو هێزی چەکدار لەکوردستان، ئابوورییان تەفرووتوونا کردووە. مۆڵەت بە گەشەدانی ئابووری سەربەخۆ لەوڵات نادەن و هەر ئابوورییەکی بچووکیش پەرەی پێبدرێت، پێویستە لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بێ.

رژێمی داگیرکەری ئێران بۆ کوردستان، تەنیا خاوەن یەک سیاسەت و روانگەن، ئەویش ئەوەیە کە کوردستان گۆڕەپانی شەڕە. واتا هەمیشە وەک قەڵخانی پاراستنی دەوڵەت بەکار براوە. هەر شەڕێک داوێنی ئێرانی گرتبێ، ئاگری شەڕەکە لەکوردستان گوڕ کراوە. ئەمڕۆش جارێکی دیکە هەر کەس دەیهەوێت پڕاک و تەڤگەری ئاپۆیی لەدژی ئێران بخاتە ناو شەڕەوە. چون بەرپرسانی دەوڵەت دەیانەوێت ئاگری شەڕ لەکوردستان دابگرسێنن. واتا جارێکی تر کورد بکەنە قوربانی شەڕی هەژمۆنگەرایی و دەسەڵاتخوازییان، تا رووسیا، ئەمریکا و هاوپەیمانانیان لەژێر بیانووی شەڕ لەکوردستان، هێز رەوانەی ناوچەکە بکەن و رەوایەت بە داگیرکارییان بدەن.

ئامانجی بنەڕەتی رژێم لەو سیاسەتە ئەوەیە کە ئابووری لەکوردستان گەشە نەکات. لەئەگەری گەشە کردنیش، نابێ لەکۆنترۆڵی دەوڵەت دەربچێت. سیستەمێک کە لەئێران داڕێژراوە، سیستەمێکی ناوەندگەراییە. لەئێراندا ئەمڕۆ ١٦ پارێزگا، ناوچە سنوورین، ئەو ١٦ پارێزگایە بە شێوەیەکی رەها گرێدراوی ناوەندن، کە بە بێناوەند ناتوانن هیچ بڕیارێک بدەن. ئەگەر هەر پارێزگایەکی ئێران لەسەرجەم بوارەکانی ژیانییەوە خۆسەر بوایە، پێویستی بە سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەند نەدەبوو. بە پێچەوانەوە ناوەند چاولەدەستی پارێزگاکان دەبوو. چون کۆمەڵگا پێویستی بە دەوڵەت نییە، بەڵکوو دەوڵەت پێویستی بەکۆمەڵگا هەیە. ئێستاش لەئێران گەلی کورد پێویستی بە ناوەند نییە، بەڵکوو ناوەند پێویستی بە کوردستان هەیە. رژێم بۆ چەواشەکاری ئەو راستییە رەوشێکی نائارامی لەکوردستان ئافراندووە کە لەبەر نەبوونی ئاسایش و ئارامی و ئەگەری هەڵگرساندنی شەڕ، دەرگای کرانەوەی بەرەورووی گەشەدانی ئابووری سەربەخۆ داخستووە.

لەلایەکی ترەوە گەلی کورد پێویستی بە هێزی پاراستن هەیە، بەڵام رژێم لەژێر بیانووی بێ بنەما چەکی پاراستنی لەکۆمەڵگا زەوت کردووە. بە بیانووی ئەوەی لەکوردستان هێزی چەکدار هەیە، کوردستانی بە سوپای داگیرکەر تەنیوەو کوردستانیان ملیتاریزە کردووەو ئەوەندە پێگەی داگیرکەرییان لەکوردستان کەڵەکە کردووە. رژێمی داگیرکەر ناتوانێت سەرجەم هەوڵە داگیرکەریەکانی لەژێر بیانووی بوونی پڕاک رەوایەت پێ بدات، چون کۆمەڵگا قبووڵی ناکات. ئەو کات لەژێر پاساوی ئاسایشی نەتەوەیی و هێمنایەتی یەکپارچەیی خاکی ئێران لەژێر هەڕەشە و مەترسی دایە، دەوڵەت بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران، هێز لەسەرجەم ئەو ناوچانە جێگیر دەکات.

کاتێک ئابووری لەکۆمەڵگایەکدا ئیفلیج و بێ بار دەکرێت، ژیان لەو کۆمەڵگا رادەوەستێت و تێکۆشان و ئازادی تێدا بێ واتا دەبێت. دەوڵەت بە پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی، کۆمەڵگا برسی و هەژار دەهێڵێ و دواتر بە نانەزکی تێری دەکات، تا کۆمەڵگا دەستکورتی خۆی بکات. لەکۆمەڵگای ئەفریقا و هیندیەکاندا شێوازی تەربیەکردنی

فیل بە ناوبانگە. لەمەیدانێکدا چاڵێکی گەورە هەڵدەکەنن و فیلە وەحشەکە دەخەنە ناو چاڵەکە تا خۆماڵی و دەستەمۆی بکەن. دواتر رۆژانە کەسێک کە جل و بەرگی رەشی پۆشیوە، بەدارێک ئەوەندە ئازار و ئەشکەنجەی دەدات، تا وەیلانی دۆزینەوەی رێگایەکی رزگاربوون و هەوجەدار بێت. دواتر هەمان کەس جل و بەرگی خۆی دەگۆڕێت و خۆی سپی پۆش دەکات و دواتر هەوساری فیل بە دەست دەگرێت و لەچاڵەکە رزگاری دەکات. بۆیە ئەو فیل ئیدی ئەو کەس بە رزگارکەری خۆی دەبینێ. لەکاتێکدا هەمان کەس فیلەکەی ئەشکەنجە داوەو لەچاڵی ئەشکەنجە قوتاری کردووەوە، فیل خۆی موحتاجی ئەو کەس دەبینێ و دەستەمۆی دەبێت.

بابەتێکی تری ئامۆژگاریکەر، دزینی گوێدرێژەکەی خۆجە نەسرەدین بەناوبانگە. خۆجە نەسرەدین گوێدرێژێکی هەیە کە زۆر خۆشی ویستووەو تاکە دەسمایەی ژیانی بووە. چەند کەسێک دەیانەوێت خۆجە چاولەدەستی خۆ بکەن. بۆیە پیلانی رفاندنی گوێدرێژەکەی دادەڕێژن، تا خۆجە بە چۆک بێنن و دەسکورتی خۆ بکەن. هەمان کەس گوێدرێژەکەی خۆجە دەدزن و دەیشارنەوە. خۆجەش بۆ لەدەستدانی گوێدرێژەکەی دەکەوێتە سەر جێ و هات و هاواری بۆ ون بوونی گوێدرێژەکەیەتی. دواتر ئەو کەسانەی کە خۆجەیان خستووەتە ئەو دۆخە، دێنە لای و دڵخۆشی و دڵنەوایی دەدەن کە بێ خەم بە، ئێمە دۆست و هەڤاڵی تۆ و هاوگوندی تۆین و دەست بە خۆهەڵکێشان و خەمخۆری دەکەن کە تا دۆزینەوەی گوێدرێژەکەت لەگەڵتین. کاتێک کە دەگاتە ئەو ئاستەی خۆجە دەستکورتی ئەوان دەبێت، دەڕۆن گوێدرێژەکەی خۆجە دەگەڕێننەوە. بەو پێیە خۆجە دۆزینەوەی دەسمایەی ژیانی، هەوجەداری ئەوان دەبێت و تا مردن خۆی بە قەرزداریان دەبینێ.

لەئەمڕۆدا دۆخی سەپێنراوی سەر کوردان بە هەمان شێوەیە. سەیر بکەین دەوڵەت سەرجەم نرخ و پیرۆزیەکانی گەلی کورد لەناو دەبات. دواتر بە بێ شەرمی دێت و دەڵێت کە لەفکری ئێوەدام و دەتانپارێزم. واتا هاوشێوەی تەربیەکردنی فیل، گەلی کورد دەستەمۆ دەکەن و لەلایەن دەوڵەتەوەو خۆماڵی دەکرێن. تۆڕەکانی دەسەڵات سیاسەتی برسی بوون سەر گەل پەیڕەو دەکەن و دواتر بە نانەزکی تاکەکان تێر دەکات، تا لەزهنی تاکدا ئەوە وێنا بکەن کە بە بێدەوڵەت ژیان نابێت و رۆخساری دلۆڤانی و لێبوردەیی دەوڵەت لەزهندا بنەخشێنرێت. لەلایەکەوە دەوڵەت کۆمەڵگاکانی ئێرانی بێ پیت و داماو کردووەو بە رێگای بڵاوکردنەوەی برێک خارویار و سووبسید لەناو کۆمەڵگا، خۆی وەک رزگارکەر پیشان دەدات. چون دەوڵەت بۆ هەر مرۆڤێک پەنجاە هەزار تمەن سووبسید دەبەخشێت، لەکاتێکدا لەگیرفانی تری هەمان تاک، سەد هەزار بە تاڵان دەبات. کۆمەڵگا ناسک کارییەکانی دەوڵەت نابینن، دەوڵەت بەو رێبازە گەل پەروەردە و بە گوێرەی بەرژەوەندی سیستەم دەستەمۆی دەکات.

کوردستان وەکو بەهەشتێک خەمڵێندراوە. بەڵام رژێم لەژێر پاساوی خوانەناسین (کوفر)، کوردستانی کردووەتە دۆزەخ. لەبەر ئەوەی کە لەکوردستان گەریلا و پێشمەرگە هەیە، دەرفەتی بژێوی ژیان و هێمنایەتی و ئارامی لەبار بردووە. بۆ نموونە ئاگر تێبەردانی دارستانەکان لەرۆژهەڵاتی کوردستان، سیاسەتێکی پیلان بۆ دارێژراوی سوپای پاسدارانە. سوپای داگیرکەر، ژینگەی کورستان دەسوتێنێت، دەیشێوێنێت و تێکیدەدات. وشکە ساڵی و قات و بڕییەک کە ئێستا کوردستانی گرتووەتەوە، دەرئەنجامی سیاسەتی سوپای پاسدارانە. ئەو سوپایە بەنداوی داریان و کۆمەڵێک بەنداوی دیکەی لەکوردستان بە چ مەرامێک سازکردووە؟ ئاوی دەریاچەی زرێبار و ورمێ– رووباری هاموون و زەرین بۆ کوێ هەنارده دەکرێت؟ دەنگۆی ئەوە لەئارادایە کە شەڕی ٥٠ ساڵی دیکەی ئێران، شەڕی ئاو دبێ. ئەمڕۆ ئاو بووەتە ئاریشە و گرفتێکی جیهانی. بەڵام لەئێراندا تەنگوچەڵەمەی ئاو قووڵتر لەهەر ناوچەیەکی ترە. سوپای داگیرکەر بەو تێکەڵ و پێکەڵیانەی کە دەیکات، دەیەوێت ناکۆکی گەلانی ئێران قووڵتر بکات، تا یەکڕیزی، یەکێتی و هاوخەباتی لەنێوان گەلان پێک نەیەت.

## بەنداوسازی

تەنگوچەڵەمەیەکی تری سیاسەتی زیست قدرتی لەئێران و کوردستان، بەنداوسازییە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە سازکردنی بەنداوی بێ سەروبەر، ژینگەی کوردستان تێکدەدەن. رژێم لەکوردستان بەنداوی لەڕادەبەدەری درووست کردووە. لەکاتی دەسەڵاتداری رەزا شای پەهلەوی نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەر بەنداو سازی، گرێبەستی ستراتیژی دەبەسترێت. سەردەمێک سیاسەتی بەنداوسازی لەجیهاندا برەوی زۆری هەبوو، وەک ئەوەی کە ئەمڕۆ چەکی ناوەکی لەدەستی کێ بێت زلهێزی گەورەی جیهانە. دوای شەڕی جیهانی دووەم، بەنداوسازی هێمای هێزی دەوڵەتەکان بووە. چ دەوڵەتێک لەئاستی جیهاندا خاوەن گەورەترین بەنداو بوایە، دەبووە زەبەلاحترین دەوڵەتی جیهان. چون بەنداوسازی، ئابووری زەبەلاحی دەوێت. کاتێک لەئەمریکا لەسەر رووباری ئەکوادۆر، گەورەترین بەنداوی جیهان ساز دەکرێت، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دەسەڵاتی وەختی ئێران داناوە. چون لەو سەردەمەدا، ئێران لەژێر کاریگەری سیاسەتی ئەمریکادا بووە.

رەزا پەهلەوی لەو سەردەمەدا گەلێک پرۆژە لەگەڵ ئەمریکا پێشدەخات کە سەرچاوەی سەرجەم نەهامەتی و کولۆڵیەکانی ئەمڕۆن. بناخەی ئەو پرۆژانە ئەمڕۆ، چارەسەری و بەدبەختی بۆ کوردستان هێناوە. ئەمریکا لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا نەیدەویست ئێران نزیکی بەرەی رئال سۆسیالیزم ببێت، بە پرۆژەی بەنداوسازی، ئێران پەلکێشی سیاسەتی خۆێ دەکات. لەژێر ناوی مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران، گەلێک مەڕ و مانگای هۆلەندی و ئەوروپایی و کەل و پەلی بیانی هاوردەی ئێران دەکەن، چۆن بەرهەمی زیاتر

دەدەن. هاوردەکردنی ئەو کاڵاو شتومەکانە لەو قۆناخەدا، کاڵاو بەرهەمی خۆماڵی لەناو دەبات. چون لەسەر لۆژیکی قازانج- سەرمایە تەشەنەیان پێدەدرێت.

ڕەزا پەهلەوی لەسەردەمی دەسەڵاتداری خۆیدا دەڵێت؛ لەکوێ دەرفەتی درووست کردنی بەنداو هەبێ، درووستی دەکەن و لەچ جێگایەکدا ئاوی ژێر زەوینی هەبێ، بە هەڵکەندنی بیرە ئاوەکان دەریدەخەن و بە کاری دەبەن. ئەو سیاسەتەی رژێم بووەتە هۆکار کە گەلێک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ببنە دەشتی چۆڵ و هۆڵ. گۆل و تاڵاوی هاموون کە سێهەمین گۆلی مەزنی ئێرانە، لەدوای گۆلی خەزەور و ورمێ وە جێگا دەگرێت و هاوکات حەوتەمین تاڵاوی نێودەوڵەتی جیهانە کە دەکەوێتە پارێزگای سیستان و بەلووچستان. ڕووباری هیرمەند خوێنبەری سەرەکی هاموونە و ئاوی ڕووبارەکانی خاش ڕوود، فەراە، هارووت ڕوود، شووررود، حسێن ئاوا و نەهبەندان دەڕژنە گۆلی هاموون. بەڵام سیاسەتی بەنداوسازی لەرادەبەدەر لەئێران، بووەتە هۆکار کە ئەو ڕووبار وشک و داچۆڕێنن و ڕووبەڕووی ئاریشەو گرفتی بێ ئاوی ببێتەوە و وشکبوونی بەشێکی زۆر لەهاموون تەنگووچەڵەمەی زۆری ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لەناوچەکەی لێبکەوێتەوە. دواتر گوند و شارەکان بە دەستی تەپ و تۆز و تەم و مژ بناڵێنن.

ڕووباری سفید ڕوود، سێهەمین ڕووباری بەرزی ئیران لەدوای کاروون، کەرخە و گەورەترین ڕووباری باکووری ئێرانە. کە لەتێکەڵ کردنی دوو ڕووباری شاهرووود و قزل ئەوزەن پێکهاتووەو سەرچاوەکەی لەچلچەمەی سەر بە دیواندەرە لەرۆژهەڵاتەوە سەرڕێژ دەبێت و دەرژێتە ناو دەریای خەزەر لەباکووری ئێران. چێکردنی بەنداوی لەڕادەبەدەر لەسەر ڕووبارەکانی قزل ئەوزەن و شاهرووود بووەتە هۆکاری کەم ئاوی و وشکی ئەو ڕووبارە. بە وشکبوونی ڕووبارەکە زەوی دادەتەپێ و دەبێتە بیابانی چۆڵ و هۆڵ و بێ ئاوەدانی. تا بەو شێوەیە گوندنشینان ماڵ و حاڵیان چۆڵ بکەن و بەرەو گەورە شارەکان خلۆر ببنەوە. کارەسات ئەوەیە کە رژێم تاوانەکانی لەژێر ناوی قەزا و قەدەر و کاری خودا پەردەپۆش دەکات.

لەهەمان کاتدا دەریاچەی ورمێ، گەورەترین دەریاچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و دووەمین دەریاچەی سوێری جیهانە، بەرەو وشک بوون دەڕوات. هۆکاری وشک بوونی گۆلی ورمێ چییە؟ لەکاتێکدا ١٤ ڕووبار دەکەونە سەر گۆلی ورمێ و لەسەر هەر ڕووبارێکدا ١٠ تا ١٢ بەنداو ساز کراوە. بەگشتی لەسەر گۆلی ورمێ ١٠٥ پرۆژەی بەنداوسازی دانراوە کە ٧٥ یان تا ساڵی ١٩٩٣ی هەتاوی تەواو بووە. ئەگەر دەریا و دەریاچەیەک لەئاستێکی لەڕادەبەدەر بەنداوی لەسەر دروست بکرێت وشک و برینگ دەبێت.

تۆڕەکانی دەسەڵات تاوانەکانی لەژێر ئاریشەی وشکەساڵی پەردەپۆش دەکات. گەلانی داماو و هەژاری ئێران و کوردستان هاندەدرێن کە نوێژە بارانە بکەن تا خودا، بارانی

ڕەحمەت بە سەریان ببارێنێت و بەو شێوەیە مێشکی کۆمەڵگا چەواشە دەکەن. ئەگەر سیاسەتێکی زانستیانە لەسەر شێوەی بە کارهێنانی ئاو پەیڕەو بکرێت، هەرگیز وشکساڵی ڕوونادات. گەورە شارێکی وەک ئەسفەهان گیرۆدەی تەنگوچەڵەمەی قووڵی ئاو بووتەوەو ڕۆژانە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی گەل لەبەرامبەر سیاسەتەکانی ڕژێم بەرز دەبێتەوە. چون گەورەترین کارخانەی توانەوەی ئاسن و پۆڵای ئەسفەهانی تێدا دامەزراوە. ئەو کارگەو کارخانانەی پێویستییان بە ئاوی زۆر هەیەو پێویست بوو لەتەنیشت دەریادا دابمەزرایەن. بەڵام ڕژێم لەدەشتی چۆڵ و هۆڵ، درووستی کردوون کە ئاریشەو گرفتی کەم ئاوی لێدەکەوێتەوە. لەبەر سیاسەتی هەڵەی ڕژێم، ناچارە لەشار و پارێزگاکانی تری ئێرانەوە، ئاو بۆ ئەو کارخانانە بگوازنەوە.

ئامانجێکی تری بەنداوسازی لەکوردستان، ڕوانگەی ئەمنییە. درووستکردنی بەنداوی لەڕادەبەدەر لەکوردستان، دەرفەتی بوونی گەریلا لەناوچە شاخاویەکانی کوردستان لەبار دەبات و شاخەکانی کوردستان لەیەک دادەبڕێنن تا گوندنشینان ناچار بن بەرەو شار کۆچ بکەن.

## لاوازکردنی کۆمەڵگا

کۆمەڵگایەک چەندێک لاواز و بێ ئیرادە بێت، ئەوەندە دەوڵەت بە هێز و دڕندە دەبێت. پیاو چەندێک ژنان بێ هێز و بێ ئیرادە بکا، ئەوەندە خۆی بە هێز و دەسەڵاتدار دەبینێ. لەکۆمەڵگای ئەمڕۆدا ژن دوو جار کۆیلە کراوەو پیاویش بە هەمان ڕەنگ، کۆیلەی دەسەڵات و دەوڵەتەو لەناو کۆیلەدارییەکی قووڵدا ژیان بەسەر دەبات. ژنان چەندێک لەناو کۆمەڵگای کوردیدا لاواز بن، کۆمەڵگای کورد ئەوەندە بێ هێز و لاواز دەبێت. سیستەمی ولایەتی فەقی، لەژێر ناوی پەردەی ئیسلام، بە ژنان ڕێ نادەن کە لەبەڕێوەبەری وڵات خاوەن ڕۆڵ بن. لەپۆستە گرنگەکان بێ پشکیان دەکەن. لەکاتێکدا ژن لانکەی ژیاری هەڵگەڕاندووە. کاتێک ژن توانای بەخێوکردنی منداڵی هەیەو ماڵبات بەڕێوە دەبات و کۆمەڵگا بەهێز دەکات، بەشداری لەبەڕێوەبردنی وڵات بۆی کارێکی هاسانە. ژن لەئەمڕۆدا وەک ناسکترین کاڵا بە کار دەبرێت و گۆڕەپانێکی بەو ڕەنگەیان بۆ داناوە کە لەدۆخی چەقێندراو، تێیدا ڕازی بێت.

ڕژێم بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگا بسەپێنێت، پێویستی بە کۆمەڵگایەکی لاواز هەیە. واتە کۆمەڵگایەکی بێ ئیرادە، بەبێ پیلان و بەرنامەی دەوێت کە کۆیلە و گوێڕایەڵی تۆڕەکانی دەسەڵات بێت. لەلۆژیکی دەسەڵاتدا، ناوەند، هێزەو هێز لەناوەندەوە دەبێ دابەش بکرێت. بەڵام لەجۆگرافیای ئێران بە گشتی پێچەوانەی ڕاستی پێکهاتەی کۆمەڵگایە. چون جوگرافیای ئێران، گونجاوترین جوگرافیایە، بۆ شکڵگرتن و بونیادنانی سیستەمی کۆنفیدڕاڵیزمی دیمۆکراتیک. چون ڕێالیتەی جۆگرافیای ئێران،

دەوڵەت و ناوەندی گەرایی قبووڵ ناکات. لەبەر ئەوەی جوگرافیایەکی کراوە و ئاوەڵایە کە لێوانلێوە لەدەرفەتی پێکەوە ژیان. بۆیە ئێران ئەو پوانانە بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی لەقەڵەم دەدات و رێگری لەوە دەکات کە کەنارەنشینەکان ببنە ناوەندی بڕیار، چون کەنارەنشین چەندێک ببنە ناوەندی بڕیار، ئەوەندە دەسەڵات لاواز دەبێت. لەو دۆخەدا ناوچە سنووریەکان پێویستی خۆیان بە رێنمایی وەرگرتن و ئابووری لەناوەندەوە نامێنێ. واتە گەل بەرەو خۆبەڕێوەبەری دیمۆکراتیک هەنگاو دەنێت.

گەلی کورد داواو ئارەزووی ئەوە دەکات کە خاوەن هێزی پاراستنی خۆی بێت، تا پاراستن لەناسنامە و بوونی خۆی بکات. بەڵام تۆڕەکانی دەسەڵات ئەو داخوازە رەوایە بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر خۆی دەبینێ. لەکاتێکدا نەتەوەیەک خاوەن هێزی پاراستنی خۆی بێت، هاوکات هێزێکە بۆ حکومەتی ناوەند. بەڵام رژێم بە پێچەوانەوە، دەیەوێت هێز و بەرنامە لەناوەندەوە دابەش بکرێت و هێز لەناوەند کەڵەکە بکرێت. بۆیە رژێم رێگری لەوە دەکات کە پێشمەرگە و گەریلا لەکۆمەڵگادا بە فەرمی بکرێن. بەڵکوو جێگرەوەی پێشمەرگە و گەریلا، جاش، بەکرێگیراو و پێشمەرگەی موسلمان بە فەرمی دەکەن کە ئەوەش هەرگیز لەناو کۆمەڵگا رەوایەتیان نییە.

رژێم لەبواری ئابوریشەوە رێگا نادات، لەپێناو بونیادنانی ئیرادەیەکی سەربەخۆ لەکوردستان پرۆژە پێشبخرێت. هاوکات رژێم رێگا نادات زمانی کوردی یان زمانێکی دەرەوەی دەسەڵات، بە فەرمی بکرێت. چونکە زمانی فارسی لەپێشی هەموو زمانەکانەوەیە. رژێم ئاماژە بەوە دەدات، ئاریشەیەک بەناوی کێشەی زمانی کوردی لەئێران بوونی نییە، واتا پێویست ناکات کە بیر لەزمانی زگماکی بکەیتەوە. لەبنەڕەتدا ئامانجی رژێم لەم سیاسەتەی ئەوەیە، تا کۆمەڵگا لاواز بکات و زمانی ئەو کۆمەڵگایە بە پێی ڕێالیتەی ئەو کۆمەڵگا نەسووڕێت. شاردنەوەی حەقیقەتی مێژوو و کولتووری کۆمەڵگایەک بە ئامانجی لاوازکردنی ئەو کۆمەڵگا پێشدەخرێت. چۆنکە کۆمەڵگایەک چەندێک ناهۆشیار بێت و ببێتە کەرەستەی دەستی دەسەڵات، ئەوەندە لاواز و ناتەواو دەبێ. چون مرۆڤێک لەکۆمەڵگا داببڕێت، مرۆڤێکی لاوازە. واتا مرۆڤ بە کۆمەڵگابوون، دەبێتە هێز و توانای لا دروست دەبێت. بەڵام رژێم لەکوردستان کۆمەڵگابوونی کوردانی تێکداوە و تاکەکانی ناهۆشیار هێشتووە و ئامرازەکانی پاراستنی لەبوارەکانی زانستی، ئابووری و هێمنایەتییەوە لێ زەوت کردووە.

**سیاسەتی لاوازکردنی کۆمەڵگا لەلایەن ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم بریتین لە؛**

١ ـ بێئەخلاقی
٢ ـ سیاسەت زەدەیی (بێزاری لە سیاسەت)
٣ ـ بێکاری
٤ ـ برسێتی
٥ ـ توندوتیژی
٦ ـ خۆکوژی
٧ ـ فاحشەگەری
٨ ـ بەسیجی
٩ ـ سیخوڕی
١٠ ـ بە کرێگیراوی

بۆ لاواز کردنی کۆمەڵگا تۆڕەکانی دەسەڵات ژینگە و سەرچاوە ژێرزەوینی و سەرزەوینی کۆمەڵگای کورد پارچە و لاواز دەکەن. هەر دەسەڵاتێک ناتوانێت لەبەرامبەر تەوژم و هێزی کۆمەڵگا رابوەستێت، بۆیە کۆمەڵگا لاواز دەکەن، تا توانای چەوسانەوە و دامرکاندنی هەبێت. ئەمریکا دەتوانێت لەبیست و چوار کاتژمێردا، دەستێوەردانی سەر ئێران بکات، چون ئەمریکا هێزی ئەوەی هەیە کە لەبواری سەربازییەوە لەئێران بخات. بەس لەبەر ئەوەی ئەمریکا بە باشی دەزانێت گەلانی ئێران داگیرکەری ئەمریکا قبووڵ ناکەن و لەدژی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارین، بە هەستیارییەوە دەجووڵێتەوە. ئەزموومی رابردووی ئەو هێزانە نیشانی دەدات، لەبەرامبەر ئیرادەی گەلان خەیانەت کراوەو رقی گەل لەبەرامبەر ئیمپریالیزم هەیەو رژێمی داگیرکەری ئێرانیش ئەو دۆخە لەقازانجی خۆی بە کار دەبات.

ئەمریکا دەیەوێت لەمێشکی کۆمەڵگا ئەوە وێنا بکات کە بەرگریکاری بەرژەوەندی گەلانە. ئەمریکا ٤٠ ساڵە بانگەشەی دەستێوەردانی سەر ئێران دەکات، بەس کات و قۆناخی نەهاتووە. ئەگەر لەئەمڕۆدا دەستێوەردان سەر ئێران بکات، لەلایەن کۆمەڵگاوە قبووڵ ناکرێت و کۆمەڵگا لەدژی رادەپەڕێت. چون رژێم کۆمەڵگای فەتح کردووە. رژێم سیاسەتی دەرەکی لەسەر بنەمای سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان داڕشتووەو لەناوچەکە سیاسەتی خۆی دەپارێزێت و دەسەڵاتی خویشی لەناو گەلانی ئێران رەوایەت پێدەدات. دووەم؛ لەدژی ئیمپریالیزم ئاڵای شەڕ و ئاژاوەگێڕی هەڵکردووە. سێهەم؛ ئیسلامی دەسەڵات لەسەر هێڵی شیعەگەری پەرە پێدەدات. رژێم لەسەر ئەو سێ خاڵە دەسەڵاتی بە سەر گەلانی ئێران سەپاندووەو رەوایەت بە سیاسەتەکانی داوە.

## بێ ئەخلاقی

دیاردەیەک کە رژێم بۆ لاوازکردنی کۆمەڵگا پەرەی پێدەدات، بێ رەوشتییە. هەر کۆمەڵگایەک کە رەوشتی تەفرووتوونا بێ، هەبوونی دەکەوێتە ژێر هەڕەشەو مەترسییەوەو توانای درێژەدان بە هەبوونی لەدەست دەدات. چون ئەخلاق وەک چیمەنتۆی ناو ماسەیە، کە ماسە دەگرێت و یەکگرتن درووست دەکات. واتا رەوشت، رۆڵی یەکگرتنی کۆمەڵگا دەگێڕێت. رژێم لەژێر ناوی یاسای سەپێندراوی سەر کۆمەڵگا، ئەخلاقی تەفرووتوونا کردووە. لەکاتێکدا یاسا رەوایەت بەخشین بە بێئەخلاقییە. لەکۆمەڵگای دیمۆکراتیکدا یاسای دەوڵەت هیچ رەوایەتی نییە، چون سەرجەمیان یاسای داگیرکەری و تالآنن. لەژێر سایەی ئەو یاسایەدا، کورد دادگایی و کۆمەڵکوژ دەکرێت. بۆیە ئەو یاسا لەکۆمەڵگای کوردی رەوایەتی لەدەستداوە. رێبەر ئاپۆ دەڵێت: «لەکوێ هێز هەبێ، لەوێدا ئەخلاق لاواز دەبێ، چون یاسا بە سەر کۆمەڵگا سەروەر دەکرێت». رژێم لەچ جێگایەک بەهێز بێ، ئەوەندە ژن لاوازو دەچەوسێنرێتەوە. چون سەردەستی لەوێدا زاڵە. رژێم بۆ بێئەخلاق کردنی کۆمەڵگا، سەرەتا مێشکی تاکەکان دەشۆرێتەوە. چون مرۆڤێک چاو بە دونیا هەڵدێنێت، بە ئەخلاق لەدایک دەبێ، واتا ئازادی و ئەخلاق گرێدراوی یەکن. ئەخلاق لەکۆمەڵگایەکدا بوونی نەبێ، ئازادی تێدا نییە. لەباشووری کوردستان دەڵێن کوردستانمان ئازاد کردووە، بەس کۆمەڵگا لەئەخلاق داماڵراوە. ئەگەر کۆمەڵگایەک بێ رەوشت بێ، ئازادی تێدا نییە. چون ئەخلاق لەسەر پاراستنی نرخی مرۆڤ و کۆمەڵگا پێش دەکەوێت. کۆمەڵگایەک کە چەندێک پاراستنی نرخ و دەستکەوتەکانی خۆی بکات، ئەوەندە کۆمەڵگایەکی بەئەخلاقەو خاوەندارێتی لەمێژوو و ناسنامەی خۆی دەکات.

سەبارەت بە لاوازکردنی کۆمەڵگا ئەم بەشە زۆر گرنگە. شەڕ کردنی ئێمە چۆنەو شەڕ کردنی دوژمن بەرامبەر کۆمەڵگا و گەریلا چۆنە؟ گۆڕەپانی شەڕی تایبەتی تۆڕەکانی دەسەڵات زۆر بەرفراوانە. ئەو کات گۆڕەپانی شەڕی ئێمەش پێویستی بە بەرفراوان بوون هەیە. چۆن هەر تاکێکی کورد دەبێ بە پێ پێویستی کۆمەڵگا، شەڕی ئایدیۆلۆژی، رێکخستنی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و رەهەندەکانی شەڕ بکات.

کورد خاوەن کولتووری ئارییانییە. کولتوورێکی گرێدراوی خاکی خۆی سەریهەڵداوە. بناخەی ئەو کولتوورە، شۆڕشی کشت و کاڵ، پیشەسازیی، تەکنیکە و شۆڕشی گوندە، کە سەرجەمیان لەسەر خاکی پڕپیت و بەرەکەتی کوردستان دەرکەوتوون. واتا ئەو کولتوور هەوێنی گرساندنی کۆمەڵگایە. لەبەر ئەوەی پڕاک، خاوەن ئەخلاق و کولتووری ئارییایین، ناوەندەکانی شەڕی تایبەت دەیانەوێت لەو کولتوورە دامانبڕێنن. کولتووری زەردەشتی بریتییە لە؛ باش قسە بکە، باش بفکرە و باش پێکبێنە. گەوهەری راستینەی کورد لەو فەلسەفەیە پێکهاتووە. بەس ئەمڕۆ کولتوورێک بە سەرمان دەسەپێنن، بە دوور لەو

کولتوورەیە. تاک چەندێک درۆکەر و دەغەڵکار بێ، بەهێز و دەوڵەتییە. واتای دەوڵەت، درۆ، فریودان، خاسووکی و ساختەچێتییە، کە سەرجەم چەپەڵی و ناپاکیەکان لەهەناویەوە فیشقە دەکات. ئەوەش کاریگەری لەسەر تاک درووست کردووە.

ڕژێم بۆ لاواز کردنی کۆمەڵگای کوردی، ئەخلاقی گەل و کۆمەڵگای بە ئامانج گرتووە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت پەرچەکرداری کۆمەڵگایان لەبەرامبەر دەستدرێژیەکانی دەوڵەت لاواز و بێ تاقەت کردووە. ڕژێم بە بەرنامە بۆ داڕێژراو، دژەکردەوەی کۆمەڵگای لاواز کردووە، واتا ئەخلاقی کۆمەڵگای تێکداوەو کار بۆ داڕشتنی پیلانە نەگریسانەکانی تری دەکات.

## سیاسەت زەدەیی

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، کۆمەڵگا سیاسەت زەدە دەکەن. ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: «کۆمەڵگایەکی بێسیاسەت وەک مریشکێکی سەربڕاوە. کاتێک مریشکێک سەر دەبڕدرێ، بە چەپ و ڕاستدا، خۆی دەکێشێت». کۆمەڵگای کورد بە دۆخی مریشکی سەربڕاو گەیەندراوە، کە لەرەوڕەوەی ژیاندا، بە چەپ و ڕاستدا، خۆی دەکێشێت، چۆن کۆمەڵگایەکی سیاسەت زەدەیە. سەردەمانێک خۆی دەداتە پاڵ ئەمریکا و سەردەمانێک لەگەڵ بەرەیەکی تردایە. لەهەر سەردەمێک لەگەڵ هێزێکی داگیرکەر دەیەوێت، هاوپەیمانی ببەستێت و هەبوونی خۆی بخاتە گەرەنتییەوە. لەکاتێکدا ئەو کردەوە، سیاسەت کردن نییە کە کورد دەیکات. چون سیاسەتێکە کە لەبەرامبەر نەیارانی کورد بە چۆک هاتووە.

لەکۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکهاتەی گەنج و ژنان خۆ لەقەرەی گۆڕەپانی سیاسەت نادەن. چون لەو بڕوایەدان کە سیاسەت نە کاری گەنج و ژنانە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەنج و ژنان لەسیاسەت مەودا دەگرن. لەکاتێکدا سیاسەت گۆڕەپانی سەرەکی ژن و گەنجانە. چون سیاسەت بە واتای هۆنەری بەڕێوەبردنی ژیانە. ئەو هونەرەش پێوەبەستراوی گەنج و ژنە. چون سیاسەتی بەڕێوەبردنی ژیان، دەوڵەمەند دەکات و پێشیدەخات. هاوکات هونەری خۆپاراستن لەکۆمەڵگا پەرەپێدەدات.

ڕژێم سیاسەتێکی وای داڕشتووە کە مرۆڤی لەمرۆڤ بوونی خۆی دوورخستووەو بەرەو حەیوانبوون پەلکێشیان دەکات. چۆن مرۆڤ خاوەن ئەو هێز و هونەرە نییە، کە خۆی بەڕێوە ببات؟ ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: «هەر تاکێک دوو جار لەدایک دەبێت و دوو جاریش دەمرێت». هەر یەک لەئێمە خاوەن دوو کۆمەڵگاین کە یەکیان؛ کۆمەڵگای سرووشتییە، دووەم؛ ئەو کۆمەڵگایەی کە مرۆڤ بۆ خۆی بۆنیادی ناوە. لەکاتێکدا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لەهۆنەری بەڕێوەبردنی ژیان تێبگەین. تەڤگەری ئاپۆیی دەست لەسرووشتی یەکەم بەر نادات، چون دایکی هەموو بوونەوەرەکانە، کە سەرجەم مرۆڤ، حەیوان و نەباتات لەخۆ دەگرێت. بەس مۆدێرنیتەی کاپیتالیست لەڕۆژی ئەمڕۆدا، سرووشت بە پارچەیەک لەخۆ

دەبینێ و سرووشتی یەکەمی کردووەتە قوربانی بەرژەوەندی قازانج- سەرمایە. بۆیە ئاوا کردنی ئەوەندەی شار، لەڕادەبەدەر و گەورەبوونی ژمارەی دانیشتوانی ١٠ تا ١٥ میلیۆنی بە ئامانج گرتووە. لەبنەڕەتدا سیاسەتی شارسازی رژێم بۆ خۆی بە واتای خراوکردنی سرووشتە. چون دەستێوەردانی لەڕادەبەدەری سرووشت دەکەن. بۆیە ئەمڕۆ سرووشت تۆڵەی خۆی لەمرۆڤ دەکاتەوە. بابەتی وشکساڵی نە گرێدراوی قەزاو قەدەری ئیلاهییە. بەڵکوو بابەتێکە مرۆڤ بە دەستێوەردانی سەر سرووشت، هاوسەنگی تێکداوە. بۆیە دەوڵەت لەژێر دەمامکی ئایین و میتۆلۆژی کۆمەڵگا فریو دەدەن تا نارەزایەتی کۆمەڵگا لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی لێنەکەوێتەوە. دەوڵەت بۆ ئەوەی قازانجی زیاتر دەستەبەر بکات، سرووشت دەکاتە قوربانی. بۆیە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ کۆمەڵگای سرووشتی پێویستە و نابێ لەسرووشت دابڕێت. چون سرووشت مرۆڤ فێری ژیان و خۆ پاراستن دەکات. هاوکات میتۆدی بەردەوام کردنی ژیان، ناو مرۆڤدا دەوڵەمەند دەکات.

گەریلاکانی کوردستان لەشاخدا دەرفەتی ژیانیان زۆر بەرتەسک و سنووردارە، زۆر جار گەل دەڵێت؛ گەریلا بە بێ خواردن و دەرفەت، چۆن لەو کەژو کێو و دارستانانەدا ژیان بە سەر دەبات. مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەناو کۆمەڵگادا، ژیانی وەهمی و رواڵەتی درووست کردووە کە دەرەوەی ئەو ژیانە، ژیانێکی تر بوونی نییە. بەڵام گەریلا نموونەی ژیانێکی نوێیەو دالەقاوی گەریلا بە کۆمەڵگای سرووشتی بووەتە هۆکار، کە ئاوێتەی سرووشت ببن و سرووشت لەئامێزی خۆیدا بمانپارێزێت. لەو کەژ و کێوەدا هونەری شەڕ لەزهن و کەسایەتمان پێشدەکەوێت.

تۆڕەکانی دەسەڵات بە هونەری بەڕێوەبەری، سرووشت دەکەنە قوربانی و کۆمەڵگا لەناو دەبەن. بەڵام بە پێچەوانەوە لەگەڵ کوردان و بە تایبەت ژنان، هونەری بەڕێوەبردنی ژیان بەهێزە. شارەزایە کە چۆن ژیانێکی پاک و بێگەرد بە سەر بەرێت، چون هونەری فێربوون لەناخیدا شاراوەیە. لەئەمڕۆدا هەر گرووپێکی بچکۆڵەی گەریلا دەڕۆنە شوێنێک، دەتوانن لەبواری پاراستن و پەیداکردنی پێویستی ژیانیان خۆبەڕێوە ببەن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەسەر ئەوەی کە سیاسەت درۆیە، گەل و کۆمەڵگا لەسیاسەت دوور دەخەن، تا بەشداری گۆڕەپانی سیاسەت نەکەن. بەو پێناسەیە رژێم ژیان بە درۆ وەسف دەکەن. کاتێک ئەو زهنییەتە لەنێو کۆمەڵگا تەشەنە بکات، فەلسەفە و زانستی ساختەی بۆ دەتاشن.

لەئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک ئاریشەو گرفتی کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی ئەو سیاسەتەی رژێم سەریانهەڵداوە. لەبەر زهنییەتی سیاسەتی درۆ، خۆکوژی ژنان و گەنجان بە دیاردە کراون. لەزهنییەتی رژێمدا، سیاسەت ئامووری دەسەڵاتە. رژێم سیاسەتی چەواشە کردووەو درۆی پێدەکات. دەسەڵات و دەوڵەت، سەرچاوەی درۆن، نە سیاسەت. زۆر جار

گەنجان و ژنان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نایانەوێت سیاسەت بکەن. ئەو بۆچوونە بناخەی لەو فەلسەفەوە وەرگرتووە کە سیاسەت درۆیە، فریودان و چەواشەکارییە. واتا گەنج و ژن، لەهونەری بەڕێوەبردنی ژیان خۆیان گۆشەگیر و دابڕاندووە. لەهونەری تێگەیشتنی تاکتیکی داگیرکەر، خۆیان دابڕاندووە.

لەرۆژهەڵاتی ناوین شەڕ، سیاسەت دیار دەکات. کۆمەڵگایەک ئەگەر هێزی سەربازی نەبێت، کەس حیساب بۆ ئەو کۆمەڵگایە ناکات. لەشەڕی جیهانی سێهەمدا، هونەری شەڕ لەگۆڕەپانی سیاسەتدا زامنی سەرکەوتنە. چون مرۆڤ چەندێک خاوەن هێز بێت، ئەوەندە سیاسەتمەدارە. بەس مرۆڤ چۆن بتوانێت، ئەوە بەکار بهێنی و باڵانسیان رابگرێت تا لەیەک دانەبڕێن و کاریگەری زانستی پۆزتیڤیستی لەسەر تاکەکان دروست نەبێت. ئەوەی کە دەبێ مرۆڤ هۆشیار بێت زانست و ژیان پارچە نەکات، دەوڵەت کۆمەڵگا پارچە دەکات و گۆڕەپانی سیاسەت بۆ چینێک تەرخان کراوە.

گەنجان لەئەمڕۆدا بە پێ داخوازی دەوڵەت بانگەشە دەکەن کە سیاسەت ناکەن. ناوەندەکانی دەسەڵات گەنجانیان بێئیرادە کردووەو چارەنووسیان نادیارە. دەگوترێت گەنجان داهاتوون، واتا لەئەمڕۆدا لەکۆمەڵگا بێ رۆڵ و بێ کاریگەرن. ئەگەر دەوڵەت رەحمی جووڵا، نۆکەری و کۆیلایەتییان پێ دەبەخشن و ئەرکداریان دەکەن. دەوڵەت بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لاواز و بێ تاقەت بکات، بێسیاسەت بوون لەنێو کۆمەڵگا پەرە پێ دەدات. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەباشووری کوردستان بە رێگای پارتی و یەکێتی، سیاسەت و کوردایەتی لەبەر چاوی گەل رەش دەکەن. گەیشتووەتە ئەو ئاستە کە گەلی باشوور ڤێزوبێز لەکوردایەتی، سیاسەت و حزبایەتی بکەن. لەبەر شێوەی بە کارهێنانی سیاسەت لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشوور، گەل سیاسەت زەدە بوون. گەل راشکاوانە دەڵێن کە تێکەڵی سیاسەت نابن؛ واتا بەرەنگاری دەسەڵات نابنەوە.

تۆڕەکانی دەسەڵات گەنجانیان لەناو قەفەسی چارەنووسی خوێندنگا، ماڵ و سەیارە و هاوسەرگیری قۆڵبەست کردووە. تەڤگەری ئاپۆیی دەیهەوێت ئەو گۆڕەپانەی کە دەوڵەت بە پێ بەرژەوەندی خۆی کۆلاویە، هەڵبوەشێنێت. سیاسەت لەئێراندا نابێت تەنیا، کاری ئەنجومەنی شارەزایان، شامان و کاهینەکان بێت. سیاسەتێک لەسەر کۆمەڵگا سەپێنراوە، گۆلی خوێنی بەرپا کردووە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا سیاسەت زەدە کراوە، ئالیەتی خۆپاراستنی لەدەستداوە. رێبەر ئاپۆ جەخت لەوە دەکات کە کەسێک خۆی پەروەردە نەکات، ناتوانێت کەسێکی تر پەروەردە بکات. کەسێک کە خۆی رێکنەخات، ناتوانێت کەسێکی تر رێکبخات. کەسێک کە خۆی ئازاد نەکات، ناتوانێت کەسی تر ئازاد بکات. ئەگەر گەلی کورد، گەلێکی سیاسی نەبێت، ناتوانێت کۆمەڵگایەکی ئەخلاقی و سیاسی بۆنیاد بنێت.

## بێکاری

لەمێژووی مرۆڤایەتی هیچ سەردەمێک بە ئەندازەی سەردەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری سوپای بێکارانی گەورە و بە سیستەم درووست نەکردووە. مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، سیستەمێکە کە مرۆڤ و کۆمەڵگا بێکار دەهێڵێت. جیهان لەرۆژی ئەمڕۆدا ئەوەندە لەناو پێشکەوتن و گەشەداندایە، کارەساتبارە کە لەناو قەیرانی بێکاریدا چەقیبێت، لەکاتێکدا مێلوورەیەک لەناو بوونەوەراندا بێکار نییە. بەڵام مرۆڤێک کە ئەوەندە خاوەن عەقڵ و هزری گەورەو پێشکەوتووە، چۆن بێکارە؟ رێبەر ئاپۆ لەئیمڕاڵییەوە دەڵێت: «ئەگەر لەئیمڕاڵی بێمە دەرەوە، گەنجێکی بێکار لەشاری ئامەد ناهێڵم». ئەو وتەش سەلمێنەری ئەوە کە سیاسەتێکی دیمۆکراتیک لەناو کۆمەڵگا پەیڕەو نەکراوە. واتا تۆڕەکانی دەسەڵات بە بڵاوکردنەوەی دیاردەی بێکاری، کۆمەڵگا لاواز و بێ هێز دەکەن. چەندێک سوپای بێکاری گەورەتر بێت، ئاریشە و گرفت و نەخۆشی کۆمەڵایەتی ئەوەندە گەورەو بڵاو دەکرێنەوە و بەوە دەوڵەت کۆمەڵگا دەخاتە دۆخی پاڕانەوەو تکاوناڵە.

لەکۆمەڵگای سرووشتیدا، دیاردەیەک بە ناوی بێکاری بوونی نەبووە. لەگوندەکاندا، تاکەکان سەرجەمیان بە ئەکتیڤی لەبەڕێوەبردنی ژیان بەشداربوون. تەنانەت منداڵێک تا تاکێکی بە تەمەن لەدەرەوەی سیستەم نەهێڵراوە. منداڵێکی بچووک یارمەتی ماڵباتی داوە. هەر کەس بە گوێرەی هێزی، بەشداری لەبەڕێوەبەری ژیاندا کردووە. واتا لەسیستەمی دیمۆکراتیکدا هەر کەس دەبێت خاوەن رەنج و هەوڵ و تەقالا بێت. بەڵام لەکۆمەڵگای دەوڵەتیدا تاکێک کار دەکات و سەرجەم ئەندامانی تر لەسەری ژیان دەکەن.

تۆڕەکانی دەسەڵات لەژێر پاساوی نەبوونی هێمنایەتی و ئارامی لەکوردستان، دەرفەتی کار لەکوردستان لەبار دەبەن. ئەگەر دەرفەتێکی کاریش کە کۆڵبەر و کاسبکاران لەسەر سنووره دەستکردەکاندا درووستی دەکەن، بە قیمەتی گیانیان پارۆیەکی نانی شەو پەیدا دەکەن. دەوڵەت لەکوردستان لەسەر هەر کارێک، دیواری قەدەخەی کێشاوە. گوندنشینەکان بۆچی ناگەڕێنەوە سەر زەوی و زارەکانیان؟ گوندییەکی هەژار و بێ داهات ورزێک کار دەکات، بەڵام بەرهەمەکەی لەبازاڕدا پارە ناکات. زۆر جار لەشارێکدا دیمەن دەبینین کە بە کیلۆمەترێک سەیارە بە دوای یەکەوە راوەستاون و کەسێک ئاوڕێکیان لێ ناداتەوە کە بەرهەمەکەیان لێ بکڕێت. بەڵکوو بەرهەمی جووتیار لەناو سەیارەدا خراو دەبێت و دەوڵەت لێیان ناکڕێت. چون دەوڵەت، بەو رێبازە کۆمەڵگا تەربیە و خۆماڵی دەکات. بۆ جووتیارێک زۆر خەمهێنەرە کە رەنج و بەرهەمی ماندووبوونی لەبەر چاویدا خراو دەبێت.

دەوڵەت بەو سیاسەتە کۆمەڵگا پەلکێشی سوپای بێکاران دەکات. مرۆڤ چ بکات، تۆڕەکانی دەسەڵات بەرهەمی رەنجی کۆمەڵگا خراو دەکەن. ئەگەر وا نەبوایە ئەو هەموو کەل و پەل و پێداویستی، لەدووکان و مۆڵەکان کەڵەکە نەدەکرا. ئەگەر دەوڵەت بە ویژدان

بوایە، پێویستییەکانی کۆمەڵگای بە شێوەی دادپەروەرانە دابەش دەکرد و ئاریشەو گرفتی نەداری، هەژاری و بێکاری لەکۆمەڵگا بن بڕ دەکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەت، کۆمەڵگا چاو لەدەستی خۆ بکات، سەرجەم ئەو کاڵاو شتومەکانەی کە ماوەیان بە سەرچووەو زایە دەبن، ئامادە نیین پێش زایەبوون بە سەر هەژار و نەداران بڵاوی بکەنەوە، بەس ئامادەن بیسووتێنن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بەو سیاسەتە کۆمەڵگا برسی و تەربیە دەکەن تا هەوجەداری تۆڕەکانی دەسەڵات ببن.

دەوڵەت بە سیاسەتی بێکار هێشتنەوەی کۆمەڵگا بە تیرێک لەدوو نیشان دەدات. یەکەم؛ کۆمەڵگای کوردی لەهێزی خۆڕاگر و تێکۆشەر بەتاڵ دەکات. دەوڵەت گەنجانی کوردی بەرەو گەورە شارەکان پاڵناوە، دامەزراوەکانی کۆمەڵگاشی بە مێڵەکانی زیندان و پەتی سێدارە قۆڵبەست کردووەو بەشێک لەپارتە کوردیەکانیشی لەکوردستان دوورخستوەتەوە. دواتر تۆڕەکانی دەسەڵات، دامودەزگاکانی خۆی جێگریان دەکات. هێرشێکی پاکتاوکاری لەسەر ئیرادەی خۆڕاگری گەل پەیڕەو کردووە، تا کولتووری خۆڕاگری لەکۆمەڵگا لەبار بەرێت، تا بەو شێوەیە کوردستان فەتح بکات.

لەلایەکی تریشەوە ئەو گەنجەی کە رووی لەگەورە شارەکان کردووە، لەناو مەنگەنەی تواندنەوە و لێکچواندن دەهاڕدرێن و بە کارتێکەری کولتووری بێگانە، شیرازەی کۆمەڵگا دەشێوێنرێت. لەرابردوودا کولتووری بێگانە لەکوردستان سەروەر نەبووە. بەس کاتێک گەنجانی کورد پۆل پۆل بەرەو گەورە شارەکان خلۆر دەبنەوە، لەناو کولتووری داگیرکەریدا نوقم دەکرێن. لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ واری لەدایکبوونیان لەبوارەکانی؛ ئەدەبیات، ئۆسلوب، شێوازی ژیان و پۆشینی جل و بەرگ، کاریگەری لەسەر واری خۆ دادەنێن.

ئەمڕۆ لەکوردستان بێکاری هاوار دەکات، هۆکاری سەرەکی تەشەدانی ئەم دیاردەش سوپای داگیرکەری رژێمە. بەڵام تۆڕەکانی دەسەڵات بڵاوبوونەوەی دیاردەی بێکاری لەکوردستان دەخەنە ئەستۆی پێشمەرگە و گەریلا. تۆڕەکانی دەسەڵات بەو بانگەشە و گۆتە گۆتە دەیانەوێت، گەل لەدژی پێشمەرگە و گەریلا راپەڕێنن، یا لایەنگرانی سوپای داگیرکەر زیاتر بکەن. لەکاتێکدا پژاک بە تێکۆشانی دەیەوێت گەل لەدژی زوڵم و زۆریەکانی دەوڵەت ڕاپەڕێنێت. لەهەمان کاتدا تۆرەکانی دەسەڵات هەمان سیاست، لەدژی پژاک پەیڕەو دەکەن. بەڵام ئەو سیاسەتەی رژێم لەکوردستان پووچەڵ کراوەتەوە، چون گەلی کورد گەیشتوەتە ئاستی هۆشیارییەک، کە نەبوونی سەرمایە گوزاری لەڕۆژهەڵاتی کورستاندا بۆ سیاسەتی بیو دەسەڵاتی رژێم دەگەڕێنێتەوە.

**برسێتی**

برسێتی گەلێک ئاریشەی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆی دێنێت. دەوڵەت بەڕێگای ئەو سیاسەتانەوە کۆمەڵگا برسی دەکات و دوای برسی هێشتنەوەی دەرفەتی کاریش لەناو

دەبات. دواتر بانگەشە بۆ هەندێک دامودەزگای گرێدراوی خۆی دەکات و دەرفەتی دابینکردنی کار رادەگەیەنێت. کۆمپانیایەکی سەر بە سوپای پاسداران لەئەمسالّدا ئەوەندە پرۆژە وەردەگرن. کاتێک مرۆڤ بێکار و برسی دەبێت، لەدامودەزگاکانی دەسەلاّت نزیک دەبێتەوە، کاتێک چەقییە ناو تۆڕەکانی دەسەلاّت، دەولّەت قۆناخی مەترسیدارتر لەسەریان دەستپێدەکات.

رێبەر ئاپۆ لەزنجیرە دیدارەکانی لەگەڵ پارێزەکانی، خەونێکی خۆی دەگێڕێتەوە بۆیان، کە گەنجێکی شاری ئامەد، دێتە لای و داوای پارەی لێکردووە. بەس رێبەر ئاپۆ دەڵێت: «کاتێک گەنجێکی کورد بۆ هاوکاری ماددی دەستی خۆی درێژی من دەکات و داوایەکی لەمن هەیە، دەستم خستە گیرڤانم و بینیم پارەیەکم نییە پێ بدەم، زۆر شەرمم کرد و عارقەم رشتووە، کە ناتوانم داخوازی گەنجێک بە دی بێنم؛ بەس ئەو گەنج دەڵێت چۆن دەبێت تۆ رێبەری کوردانی و ئەوەندە بە ناوبانگی شتێکت نییە پێم ببەخشی». بەس رێبەر ئاپۆ رێنمایی دەداتە ئەو گەنجە و دەڵێت: «راستە ئیمکانێکی ماددی من نییەو بێ پارەم؛ بەلاّم هێزێک کە لەدەستی مندایە بە پارە ناکرێت و نافرۆشرێت، چون هێزی رێکخستن کردنی کۆمەڵگام هەیە کە بە بەشداربوونت لەو رێکخستن و تەڤگەرەدا ئیرادەو ئازادی دەستەبەر دەکەیت».

ئەو پارەی کە ئێستا لەدەستی دەولّەتە، پارەی کۆمەڵگایە، نە هین دەولّەتە. بەلاّم دەسەلاّتی سەربازی، سیاسی و ئابووری تۆڕەکانی دەسەلاّت سەرجەمیان قۆرخ کردووە. تا بەو شێوەیە دەستکورتی لەنێو کۆمەڵگادا درووست بکەن و بەو رەنگە کۆمەڵگای رۆژهەلاّتی کوردستانیان برسی هێشتوەتەوە. کەسێک برسی کرا، لەژێر پاساوی برسێتی سیخوڕ بوون رەوا دەبینن و دەڵێن ناتوانم بژیوی ژیانم دابین بکەم، بۆیە بە ناچاری روو لەناوەندەکانی شەڕی تایبەت دەکات. لەم سەردەمەدا کە ئەوەندە بازاڕ دامەزراون و پڕاوپڕ لەکەل و پەلە، چۆن دەبێت مرۆڤ برسی ببێت؟! دەمێک لەو ولاّتەدا کارەسات و شەڕی برسێتی لەئارادایە.

لەمێژووی تێکۆشانی پەکەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت کە لەکەژ و کێوەکانی کوردستان گەریلا بە مانگان نان و خواردنێکی گەرمیان دەست نەکەوتووە بیخۆن. تەنانەت زۆربەی ئەو کانیاوانەی کە گەریلا لەشاخەکان ئاویان لێ خواردوەتەوە، حەیوانی مرداربوویان خستووەتە ناو کانیاوەکان تا گەریلا نەتوانێت ئاوی لێ بخواتەوە. تۆڕەکانی دەسەلاّت بەو سیاسەتە ویستوویانە پەکەکە چاولەدەستی خۆ بکەن، بەس نە پەکەکە دەستکورتی دەولّەت بووەو نە کۆتایی بە شۆڕشیش هاتووە.

تۆڕەکانی دەسەلاّت بە سیاسەتی چۆڵکردنی گوندەکان و لەناو بردنی ئەو دەرفەتانەی کە مرۆڤ کەڵکی لێ وەردەگرن، ویستوویانە کۆمەڵگا چاولەدەستی خۆ بکەن. دارستان و باخ و باخاتی کوردستانیان بڕیوەو سووتاندووە، تا مرۆڤ برسی و ملشۆڕی دەسەلاّت بکەن.

دواتر ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، بانگەشەی دەرکردنی لێبوردن و گەڕانەوە بۆ گوندەکان دەستپێدەکەن.

مرۆڤ دەتوانێت بە چەند مانگ و چەند ساڵ لەگەڵ برسێتی و هەژاری دەست و پەنجە نەرم بکات، تا کۆتایی ژیانی دەستکورتی تۆڕەکانی دەسەڵات نەبێت. لەساڵەکانی ١٩٩١ — ١٩٩٢ی زایینی باشووری کوردستان گیرۆدەی سیاسەتی برسێتی کرا. لەبەر برسێتی لەڕادەبەدەر، گەل ئاوارەی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. کۆمەڵگا لەدژی سیاسەتی برسێتی سەدام، بەرخۆدانێکی بێ وێنەی ئەنجامدا. بەس دوای ڕووخانی سەدام پارەیەکی هێجگار زۆریان لەبەردەم گەل و دەسەڵاتدا هەڵڕشت. ئەو سیاسەت بووە هۆکار کە ئەمڕۆ گەلی باشوور زەین و هۆشی بسڕێتەوە. ئەو کارەساتەی کە بەرێ ژیانی کردووە، ئەمڕۆ لەیادی نامێنێ و نوقمی ژیانی خەیاڵی بێت و لەناو ژیانی ڕواڵەتی مۆدێڕنیتەی کاپیتالیستدا سەرگەردان بێ.

سیاسەتی برسێتی و هەژاری تۆڕەکانی دەسەڵات، بە خۆڕاگری پووچەڵ دەکرێتەوە. لەپێناو دەستەبەر کردنی ئازادی گەل، پێویستە جیلێک گیان فیدا بێت. لەئەمڕۆدا گەریلا جەخت لەوە دەکات کە بۆ هەر شەرت و مەرجێکی تێکۆشان، ناو ئامادەکاریدایە کە بۆ گەهێشتن بە ئامانجی شەهیدان و دەستەبەرکردنی ئازادی، لەخۆبردوو بێت. گەلی کوردیش ئەمڕۆ هەمان سیاسەت و تاکتیکی گەریلا پەیڕەو دەکەن. واتا گەل دەڵێت با خۆمان برسی ببین و پێویستی گەریلا و شۆڕشگێڕەکانمان دابین بکەین کە ئێمە دەپارێزن. ئیدی گەل خاوەن ئەو هۆشیاری و زانابوونە. بۆیە دەوڵەت بەرێگای سیاسەتی برسێتی و هەژاری دەیەوێت پێش لەو ڕێچکەی تێکۆشانی گەل بگرێت.

## توندوتیژی

سەپاندنی زهنییەتی دەسەڵاتداری پیاو لەسەر ژن، مەترسیدارترین توندوتیژییە کە لەمێژوو سەریهەڵداوە. توندوتیژی بەو واتایە کە تۆ کولتوورێک لەکۆمەڵگا بشکێنی و کولتوورێکی تر بە جێگای بۆنیاد بنێ. یا نرخ و کولتوورێک لەدەستی هێزێک زەوت بکەی و بیکەیتە سەر ناوی خۆت. ئەو توندوتیژییە ئەمڕۆ لەئاستی جیهان بەر باسە، توندوتیژی جەستەییە.

توندووتیژی لەژنێتیکی دەسەڵاتدا شاراوەیە. لۆژیکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، لەلایەن دەوڵەتەوە، لۆژیکی شوان — شوانکارەیە. چون شوان هەمیشە بە دارێکەوە مەڕی خۆی ئیدارە دەکات. لۆژیکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لەلایەن دەسەڵاتەوە بە هەمان شێوەیە. تۆڕەکانی دەسەڵات بە رێگای توندوتیژییەوە مرۆڤەکان بە کار دەبەن و چاوترسێنیان دەکەن و لەحەقیقەت بە دوریان دەخەن، تا دەیانخەنە داوی تۆڕەکانی دەسەڵات. بە شێوازی تەربیەکردنی فیل، کوردان تەربیە دەکەن.

ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لەرۆژهەڵاتی ناویندا، هەری زێدە لەبەرامبەر کۆمەڵگا توندوتیژی بەکارهێناوە. چون رژێم بە توندوتیژی، دەسەڵاتی خۆی بە سەر کۆمەڵگا سەپاندووە. خومەینی بە توندوتیژی، رژێمی داگیرکەری ئێرانی بە سەر کۆمەڵگادا سەپاند. چون سەرەتا ئەو سیستەمە لەلایەن کۆمەڵگاوە قبوول نەدەکرا و بەرخۆدان لەدژی ئەنجام دراوە. بەس رژێم هێزی سەرکوت و داپڵۆساندنی، رەوانەی ئەو ناوچانە کردووە کە گەل نارازی و راپەڕیون. کاتێک ئێران هێشتا نەبووەتە سیستەم و بەهێز نەبووبوو، سادق خەڵخاڵی و مستەفا چەمران بۆ پاکسازی کۆفر، دێنە کوردستان و لەسەر ناوی کۆفر، رەوایەت بە توندووتیژی خۆیان لەکوردستان دەدەن.

لەسەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتەوە، پێشمەرگەی موسلمانی کورد لەلایەن رژێمەوە دادەمەزرێت، تا پێشمەرگەی قارەمانی کورد لەژێر ناوی کۆفر پاکتاو بکەن. سەرنج راکێش ئەوەیە کە پێشمەرگەی موسلمانی کورد کە رژێم بۆ خۆی درووستی کردووە، موسلمانن و پارێزەرانی کوردیش بە کافر لەقەڵەم دەدەن، تا کۆشتنیان حەڵاڵ بکەن. لەو سەردەمەدا شتێک کە بە کۆفر دەناسرێت، بەکارهێنانی هەر شێوە توندوتیژیەک لەبەرامبەری حەڵاڵە. لەبەر ئەوەیە ئەمڕۆ هەر جۆرە توندوتیژییەکی دڕندانە، لەدژی گەلی کورد و بە تایبەت لەدژی ژنان بەکار دەهێندرێت.

رژێم لەژێر مۆرکی ژن جادووگەرە، توندوتیژی لەدژی رەوایەت پێدەدات. بۆ نموونە لەسەردەمی پێش رنسانس، فەلسەفە، ئایین و میتۆلۆژی، لەبەر ئەوەی ژن زانایە و تێگەیشتووە، مۆرکی جادووگەربوونی لەسەر دەدرێت و بەو رەنگە دەرفەتی بەکار هێنانی توندوتیژی لەسەری رەوایەت پێدەدەن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی رژێم، بە هەمان شێوە لەدژی ژن، توندوتیژییان رەوایەت بەخشیوە. یاسایان بە پێ ئەو زهنییەتە تاشیوە. یاسای دەسەڵات، مۆڵەت بە پیاو و دەزگا سەرکوت کارەکان دەدات کە لەدژی ژن توندوتیژی پەیڕەو بکەن. لەدژی کوردیش لەبەر ئەوەی مۆرکی کافری لەسەر دراوە و خومەینی جیهادی لەدژ راگەیاندووە، تا بە ئەمڕۆ ئەو زهنییەت کارایە. لەناو تۆڕەکانی دەسەڵات ئەو زهنییەت تەشەنەی پێدراوە کە کێ چەندێک کورد و ژن بکوژێت ئەوەندە بە بەهەشت نزیک دەبێت و تۆشەی دەسەڵاتی دادەگرێت. تایبەت زهنییەتی تۆڕەکانی دەسەڵات، لەچەتەکانی داعش لەدژی کوردان وەدیارکەوتووە کە کێ چەندێک کۆمەڵکوژی کورد بکات، ئەوەندە لەبەهەشت نزیک دەبێتەوە. لەژێر ئەو عەقڵیەتەدا توندوتیژی دژ بە کورد و ژنان بەهێز و بەرفراوان دەکەن.

ئێران رژێمێکی توندووتیژە. فۆڕمی جیاوازی توندوتیژییان لەدژی کۆمەڵگا پەرە پێداوە. لەزۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرخۆدانی بێ هاوتا لەدژی توندوتیژی پێکهاتووە. رژێم بە لەشکەرکێشی سەر کوردستان و بەکارهێنانی توندوتیژی، ویستوویە

گەلی کورد لەدژی زوڵم و زۆرداری سەری نەوی بکات. بە سەدان گەنجی کورد بە بێ دادگایی لەسێدارە دراون، تا گەل بە زۆرەملێ دان بەو رژێمە تاڵانکارەدا بنێت.

رژێم لەکوردستان سوپاییەکی توندووتیژی دامەزراندووە، بە توندووتیژی دەسەڵاتی خۆی سەر گەل دەسەپێنێت. سەرۆک کۆماری رژێم لەبنەڕەتدا سەرۆک کۆماری دەوڵەتەوە، نە سەرۆک کۆماری گەل. بەڵکوو بە رێبازی توندووتیژی دەسەڵاتی خۆی بە سەر گەلدا دەسەپێنێت. بەندیخانە و ئەشکەنجەخانەکان، نە شوێنی پەروەردەکردنی مرۆڤەکانە، بەڵکو جێگای خۆبەدەستەوەدانی مرۆڤ و تێکشکاندنی کەسایەتییە.

لەپایەگای ناو گوندێکدا، ١٠ چەکداری رژێم بەجێ دەکرێن، ئەو ١٠ کەسە، دەسەڵاتداری لەسەر ٥٠٠٠ کەس دەکەن و کەس ناوێرێت لەدژیان فزە بکات. چونکە ئەو چەکدارانە بە توندووتیژی زهنییەتێکی وایان درووست کردووە، کە کەس نەوێرێت دەنگی خۆی لەبەرامبەر زوڵم و زۆرییەکانیان دەربخات. نموونەی زۆر مەرگەسات لەو پایەگانەدا دژ بە گەلی کورد روویانداوە کە بەرپرسی پایەگای گوند، دەستدرێژییان کردوەتە سەر جوانترین ژن یان کچی ئەو گوندەو لەبەر کاراکتەری توندووتیژی رژێم، گوندنشینان لەو دەستدرێژی و داگیرکەرییانە بێ دەنگ و کپ کراون.

سوپای پاسداران و ئیتلاعات وا نیشان دەدەن کە لەگەڵ یەک ناتەبان. دەبێت لەبابەتی دەسەڵاتدا دووبەرەکییان لەگەڵ یەک هەبێت، بەڵام لەبابەتی چەوساندنەوەی گەلدا، تاکتیکێکی هاوبەش پەیڕەو دەکەن. لەناو گەلدا وا نیشان دەدەن، کە یەک باشە و یەک خراپە. ئەگەر قۆناخە جیاجیاکانی سەرۆک کۆمارەکانی رژێم، لەسەردەمانی بەنی سەدر، خامنەیی، رەفسەنجانی، ئەحمەدی نەژاد، خاتەمی و رۆحانی سەیر بکەین، شایەتحاڵی سەردەمێکی نەرم و سەردەمێکی توند دەبینەوە. بەم تاکتیکە کەشێکی وەها درووست دەکەن کە لە ئێراندا خاتەمی ڕزگارکەری گەلانە لەئێران. لەکاتێکدا ئەوە رێبازی تەربیەکردنی کۆمەڵگایە. بەو رێبازە پەرچەکرداری ڕق و کینەی کۆمەڵگا دژ بە دەسەڵات دادەمرکێنن. واتا کەسایەتی مرۆڤەکان وەکوو ئاسن سارد و گەرم دەکەن.

ئەوەی مەرگەساتە لەرۆژێ ئەمڕۆدا، لەناو کاخی دەسەڵاتداراندا ناکۆکی و دەمەقاڵە و شەڕی دەسەڵات قووڵ بووەتەوە و بەشێکی زۆر لەجەلادەکان بۆ خۆیان لەرژێم هەڵگەڕاونەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ بەشێکی کوردە بە کرێگیراوەکان دەست لەو رژێمە توندووتیژە بەرنادەن. ئەوەی جاش و سیخوڕن، خۆیان بە دەسەڵاتەوە دالەقاندووە. ئەو توندوتیژی لەسەر گەلی کورد پەیڕەویان کردووە، بووەتە هۆکار کە ئەو لۆژیک لەکوردستان داچەقێت. تۆڕەکانی دەسەڵات لەکوردستان دەزگای توندوتیژییان دامەزراندووە. ئەوەی لۆمپەن، شەلاتان، داوێن پیس و گەندەڵ و چەقۆکەشن، لەو دەزگایەنەدا دایاندەمەزرێنن. رژێم بەرێگای ئەو کەس و دەزگایانەوە توندوتیژی لەکوردستان پەرە پێداوە. کودەتای لەدژی

مۆسەدیق، بە ڕێگای هەمان کەسایەت و دەزگای لۆمپەن، چەقۆکەش، جندەکار و شەلاتان پێکهاتووە. هێزە هەژمۆنگەراکان ئەو کەسایەتانەیان لەدژی مۆسەدیق ڕاپەڕاند و ماڵی مۆسەدیق یان پێ تالان کردن و دواتر ڕژێمێکی نوێی تۆقێنەرتریان هێنایەوە سەر دەسەڵات کە گوایا ویست و داخوازی گەلە.

ئەمڕۆ ڕژێمی ئێران لەژێر ناوی هێزی ئاسایش و ئیتلاعات لەدژی کۆمەڵگا توندوتیژی پەیڕەو دەکەن. ئەندامانی ئەو دەزگایە کەسانی توندوتیژن. هێزەکانی ئاسایش و ئیتلاعات، هێزی سەرکوت و داپڵۆساندنی هێز و ئیرادەی گەل و کۆمەڵگان. ئەو هێزە زۆر بێ ڕەحم، بێ هەست و بێ ویژدانە. جێبەجێکاری دەرکردنی فەرمانی توندوتیژی سەر کۆمەڵگان. ڕژێم بە توندوتیژی دەسەڵاتی خۆی بە سەر کۆمەڵگا دەسەپێنێت. بوێری و ئازایەتی نێو کۆمەڵگا لەناو دەبەن. چەندێک توندوتیژی نێو کۆمەڵگا پەرەبستێنێت، ئەو کۆمەڵگا ئەوەندە لاواز و بێ دەسەڵاتە. ئەوەندە خۆکوژی گەنج و ژن بەرفراوان دەبێت. پارێزگای ئیلام لەبەر ئەوەی لەژن کوژی و خۆکوژی ژناندا لەریزی یەکەمی ئێراندایە، توندوتیژی تێدا سەروەرە.

لەباشووری کوردستاندا، ئاستی کوشتن و خۆکوژی ژنان و گەنجان چەندێک لەبەرزبوونەوەدا بێ، دەمێک کۆمەڵگای پێ لاواز دەکەن. هەر خۆکوژییەک فەلسەفەیەکی لەسەر پێشدەخەن و شکستێک لەگەلیدا بڵاو دەبێت و وڵات بە هەوری بێمۆڕاڵی دادەپۆشن. کاتێک ناوەندەکانی شەڕی تایبەت تاک و کۆمەڵگایان بێڕەوشت، بێسیاسەت، بێکار و برسی کرد، لەدژی توندوتیژی بەکار دەبەن، تا ناچاری بکەن کە بڵێت ئیدی ئەو ژیان، شایانی من نییەو کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت.

تۆڕەکانی دەسەڵات لەئەمڕۆدا دۆخێکی وایان بە سەر کوردا سەپاندووە. واتا چەقۆیان لەسەر قۆڕگی داناوە کە هەر چرکە ساتێک ئەگەری سەربڕینی لەئارادایە. ژیانێک کە بۆ کورد ئافراندوویانە، ژیانێکی خۆکوژییە. چون هەموو دەرفەتی ژیانیان لەکۆمەڵگای کورد زەوت کردووە، تا کۆمەڵگای پێ بێ هێز، لاواز و بێ تاقەت بکەن.

دەزگای ئیتلاعات، بە چاوبەسراوی لەدژی تاک، توندوتیژی بە کار دەبات. دواتر هەمان کەس، جل و بەرگی خۆی دەگۆڕێت و چاوی گیراوەکە دەکاتەوە و ماچی دەکات و لەئامێزی دەگرێت و دەست بە جنێو و قسەی ناشرین لەدژ جەللادەکانی ئیتلاعات دەکات. ئەو ڕێبازە بۆ ئەوەیە کە ئەو تاک تەربیەو دەستەمۆ بکات. تا ئەو ئەشکەنجەگەر و ئیتلاعاتیە بە ڕزگارکەری خۆی ببینێ. یان لەهزردا ئەوە وێنا بکرێت کە لەناو ئیتلاعاتدا مرۆڤی چاک هەیە. لەکاتێکدا ئەمە تەنیا تاکتیکی تەربیە کردن و خۆماڵی کردنی مرۆڤە. تا ئەو تاک ڕاوبکەن و بیخەنە ناو پیلانی خۆیانەوە.

ڕۆژانە دەبینین تۆڕەکانی دەسەڵات مووچە بە مامۆستا و فەرمانبەران نادەن، تا دەگاتە قورقوراچگەیان و دواتر بە بانگەشەی دابەشکردنی مووچە، هەستی ناڕەزایەتییان

دادەمرکێنێت و بێدەنگ و ماتیان دەکەن. ئەو ڕێبازەش دەکەوێتە خانەی سەپاندنی توندوتیژی سەر کۆمەڵگا کە وەک ڕێبازێکی تەربیەکردنی مرۆڤەکان بەکار دەهێنرێت. تەنانەت سیستەمی پەروەردەی ڕژێم سەر توندوتیژی دامەزراوە. لەسەردەمانی کۆندا، لەخوێندگاکان مامۆستا قەڵەمیان دەخستە ناو پەنجەی خوێندکار و لەبەر ئازاری ڕێبازی ئەشکەنجە، دەچووە ئاسمان و دەهاتە خوارەوەو فەلاقەیان دەکردن. بە جێگای ئەوەی خوێندنگا زانست فێری خوێندکار بکات، خوێندنگا ببووە ژوورەکانی ئەشکەنجەی ڕۆڵەکانی کورد. چونکە خوێندگا جێگای تەربیەکردن و دەستەمۆکردنی منداڵان بووە. بە ڕێبازی توندوتیژی لەخوێندنگاکاندا ترس و دڵەڕاوکێیان لەناو دڵی منداڵان درووست کردووە. بە توندوتیژی ئۆتۆریتەی ڕژێم لەکوردستان دەچەقێنن. مامۆستا بە توندووتیژی ئۆتۆریتەی خۆی سەر خوێندکاران دەسەپێنێت، نە بەڕێگای زانست و فێرکردنەوە.

## فاحشەگەرایی

قاحبەگەرایی تاکتیکی ستراتیژیکی ڕژێمە، واتا فاحشەگەری لەئێران ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژیکی هەیە. مارەی کاتیی (سیغە)، قێزەونترین ڕێبازی ئایدیۆلۆژی ڕژێمە کە لەناو کۆمەڵگا تەشەنەی پێدراوە. شەڕی ئایدیۆلۆژی ڕژێم لەدژ نرخ و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگایە. دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان لەسەر کۆمەڵگا بسەپێنن، ڕەمەکی زایەندی دەورووژێنن. ڕژێمی ئێرانیش لەژێر پەردەی شەریعەتی ئیسلام و مارەی کاتی ڕەمەکی زایەندی تاکەکان دەورووژێنێت.

سیغەگەرایی، بە فەرمی کردنی فاحشەگەرایی لەئێرانە. ڕووسپیگەری لەئایدیۆلۆژی ڕژێم بە فەرمی دەکرێت. بۆ ئەوەی دژ کردەوەی کۆمەڵگا لەبەرامبەر سیاسەتی فاحشەگەرایی ڕژێم سەرهەڵنەدات، بە یاسایی کردووە. لەم قۆناخەی دواییدا، ڕژێم لەبواری ئابوورییەوە گەمارۆی توندی بەسەردا سەپێنراوە، بۆ ئەوەی گەمارۆکان لەسەر خۆی هەڵبگرێت، درگای گەشت و گوزاریان بەرەو ڕووی گەشتیاران کردوەتەوە. دواتر ژمارەیەک لەمەلاکانی ڕژێم فیتوایان دا، کە ئەگەر ژنێکی ئێرانی، ببێتە سیغەی گەشتیارێک کە لەنەجەف و کەربەلاوە هاتووەتە مەشهەد و قوم، خوا لەگوناحەکانی خۆش دەبێت. لەبەر ئەو فتوایە گەلێک پیاو لەعێراقەوە ڕویان لەگەورە شارەکانی ئێران کرد و ئەوەش پەرچەکرداری کۆمەڵگای لێکەوتەوە. لەناوەندەکانی ئایدیۆلۆژی ڕژێم واتا شاری مەشهەد و قوم، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لەدژی هاتنی گەشتیارانی عێراق بۆ ئێران پێکهات. چون کولتووری فاحشەگەرایی لەو شارانە گەشەیان پێدرا.

ڕژێمی ئێران بە پێی بەرژەوەندی خۆی، ئیسلام دادەتاشێت. ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕژێم، سیستەمێکی دژە ئیسلامە. نەرم و نیاییەک لەدەسەڵاتدا بەرچاوە کە ئایینی ئیسلام وەک دەمامێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی بە کار دەبات. پێشتر باسی سوپای نەمرانمان کردبوو کە سەرجەم ئەندامانی ئەو سوپایە بە هەیکەل، بەهێز، جوان خاس و باڵابەرز بوون. بە پێی لۆژیکی شەڕی تایبەت، تەڤگەریان ڕێکخستووە، بەڵام لەسەر هەمان لۆژیک ڕژێم، تەڤگەری فاحشەیان دامەزراندووە، کە جوان خاس، باڵابەرز و گۆڵبژێر کراون. باسی فیلمی مردنی مەلەکەکانمان کرد کە گرووپێکی مافیایین و لەکۆمەڵگادا تەنیا کچ دەڕفێنن و دەیانبەنە دوورگەیەک و گەورەو پەروەردەیان دەکەن. لەسەرجەم بوارەکانی هەستی، جەستەیی، هزری، سەربازی و هونەری ڕەزمی پەروەردەیان دەکەن و لەکۆتاییشدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان دەیانکەنە فاحشە.

تۆڕەکانی دەسەڵات، بۆ تێکشکاندنی کۆمەڵگا لەسیخوڕ و فاحشەکان کەڵک وەردەگرن و تاکەکان دەخەن و دزەی ناو تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکان دەکەن و دەیانەوێت مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان بە ڕێبازەکانی شەڕی تایبەت بخەن. فاحشەگەرایی لەئێران، سیاسەتێکی بە پیلان و بەرنامە بۆ داڕێژراو و بە سیستەماتیکە کە لەلایەن ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە کار دەهێنرێت. لەفیلمی مارمووولەک، مەلایەکە بە جلی مەلایی دەگەڕێت و ژنێک گەنج دێتە لای و دەیەوێت دەردی دڵی، بۆ مەلا هەڵڕێژێت و دایکی ئەو کچە ناو بە ناو بەربەست درووست دەکات. مەلا دەڵێت ئێمە مەلاین و ئەگەر ڕازی دڵتان لای مەلا باس نەکەن، لای کێ بیکەن. ئەو فیلم فێڵبازی مەلا دەخاتەڕوو و ناوەڕۆکی زهنیەتێک ئاشکرا دەکات کە چۆن رووسپیگەری لەنێو کۆمەڵگا تەشەنە پێدەدات.

ئاماژەمان بەوە دا کە لەرێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی، لەدژی موسەدیق کودەتایەک پێکهات و لەو کودەتایە فاحشەگەرەکان لەدژی موسەدیق ڕژانە سەر شەقام. واتا جیا لەوەی کە ڕژێم فاحشەکان بۆ شێواندنی شیرازەی کۆمەڵگا بە کار دەبات، بۆ مەرامی سیاسی، کودەتا و تیرۆر بەکاریان دەبات.

لەرابردوودا ئەگەر فاحشەیەک لەگوندێکدا دەربکەوتایە، لەو گوندە وەدەردەنرا. بەڵام لەئەمڕۆدا ڕژێم فاحشەگەرایی ئەوەندە ئاسایی کردووە کە کەسانی پاک و بێگەرد لەکۆمەڵگا دەردەخرێن. زهنییەتێکی وا لەکۆمەڵگا درووست کراوە، کە کەسێکی پاک و بێگەرد بێت، دواکەوتوو و نەزانە. بۆ نموونە کاتێک کچێک لەلایەن دەزگا سەرکوتکاریەکانی ڕژێم دەستگیر دەکرێت، بۆ خستنی کەسایەتی دەیبەنە ماڵی فاحشەکان و گیرۆدەی ماددەهۆشبەرەکانی دەکەن و دەرزی گیرۆدەبوونی لێدەدەن و دواتر بە دڵی خۆیان بەکاری دەهێنن.

مۆرەکانی شەڕی تایبەت کچ و کوڕ دەخەنە داوەو لەڕێگای خۆشەویستییەوە، لەتاکی بە ئامانج کراو نزیک دەبنەوە، تا تاک دەخەنە تۆڕەوە و لەدەزگاکانی دەسەڵات ئەرکداریان

دەکەن. رژێم لەکوردستان بە رێگای رووسپیگەرییەوە، گەنج و ژنان دەکەنە بەسیج و سیخوڕ. تاکێکی ژن یا پیاو بە رێگای مۆرەکانی ئیتلاعاتەوە دەستدرێژیيان دەکرێتە سەر و دیمەنیان لێهەڵدەگیردرێت. دواتر ئەو دیمەن وەک خاڵێکی لاوازی ئەو مرۆڤ بە کار دەبەن، کە ئەگەر خزمەت، دەستەمۆ و گوێڕایەڵی دەسەڵات نەبێت، دیمەنی بڵاو دەکەنەوە. لەبەر ئەو خاڵە لاوازە، داخوازی دەوڵەت چ بێت، ئەو تاک ناچارە ملشۆڕی داخوازی دەوڵەت ببێت.

لەئێران فاحشەگەرایی بە کۆمەڵایەتی دەبێت. رژێم لەکوردستان کولتوورێکی وای بڵاو کردووە، کە ژنێک سێ تا چوار جار هاوسەرگیری دەکات و پیاویش چوار بۆ پێنج جار هاوسەرگیری پێکدێنێت. کۆمەڵگا لەپەتایەکی داگیرکەریدا پەلەقاژە دەکات کە ژن و پیاوێک، مانگێک تا چوار مانگ لەژیانی هاوسەری پێکەوەن و دواتر لەیەک جیادەبنەوەو جارێکی تر هاوسەرگیری دەکەنەوە. ئەو کولتوورە درێژەپێدەری هەمان کولتووری سیغەگەراییە، کە برەو بە فەرمی کردنی فاحشەگەری ئایدیۆلۆژی لەکۆمەڵگا دەدات.

## بەسیج

بەسیج دیاردەیەکی دژە کولتوور، بەرخۆدان و کولتووری فاحشەگەری دڵخوازانەیە. ئەندامێکی بەسیج، فاحشەی فکری، سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابوورییە کە جەستە، هزر و رامانی، بە شێوەیەکی دڵخوازانە خستووەتە ژێر خزمەتی کاربەدەستانی دەوڵەت. بەسیج، کۆڵەکەی راگرتنی دەوڵەت نێو کۆمەڵگایە. ناوەندی توانەوە و سەرکوتی تاکەکان لەخوێندنگا، کارگەو بازاڕی ئازادە. لەهەر خوێندنگایەکدا بەشی پاراستنی زانیاری (حفازەت ئیتلاعات)، رێکخراوەی بەسیج دادەمەزرێنێت و ئەندام و کادیرانی رژێم لەژێر ناوی بەسیج رێکدەخەن.

ئەندامانی بەسیج لەخوێندنگا،ماڵبات و حوجرەکانی کۆمەڵگا زانیاری بۆ دەوڵەت کۆدەکەنەوە، دواتر زانیارییەکان لەناوەندێکی سەر بە حفازەتی ئیتلاعات کەڵەکە دەکرێت و تۆڕەکانی دەسەڵات بە پێ ئەو زانیاریانە بەرفەرمانی سەرکوت و چەوساندنەوە دەستپێدەکەن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت زۆر بە هێوری و تەماح خستنەبەردەم گەنجان، پەلکێشی تۆڕەکانی بەسیجیان دەکەن. زهنییەتێکی وایان تاشیوە کە ئەگەر تاکێک کارتی بەسیجی لەگیرڤاندا نەبێت، لەداهاتوودا خاوەن کار و پیشە نابێ و ناتوانێت ژیانی هاوسەرگیری پێکبێنێت و مۆڵەتی شۆفێری و دەرکەوتن لەوڵاتی پێنادرێت. لەمێشکی تاکدا ئەوە دەنەخشێنن کە ئەگەر ناسنامەی بەسیجی نەبێت لەکۆمەڵگای دەوڵەتیدا بەدەر دەکرێت.

لەسەردەمی شەڕی ئێران و عێراق ئەو بەسیجیانەی رەوانەی شەڕ دەکران، زنجیرێکیان دەخرایە مل، کە بە کلیلی درگای بەهەشت وێنا دەکرا. هەمان زهنییەت لەئەمڕۆژدا،

چەتەکانی داعش بەکاریان دەهێنا. بە گوێی ئەندامەکانیان پچاندووە کە ئەگەر لەشەڕ بکوژرێ، کلیلی بەهەشتی لەملدایە. ئەمڕۆش هەمان زهنییەت گەشەی پێدراوە کە ناسنامەی بەسیج لەگیرڤانی هەر تاکێکی ئێرانی و کورددا بێت، رۆڵی کلیلی درگای بەهەشتی هەیە، کە درگا بۆ بەختەوەری ژیان دەکاتەوە. بەشێکی زۆر لەتاکەکانی کۆمەڵگا، لەناوەندەکانی بەسیج خۆیان ناونووس دەکەن، بەس نازانن بۆچی دەبنە بەسیج و ئامانجیان ناڕوونە. تەنیا بۆ ئەوەی لەپاڵێوگەی دەسەڵات خۆیان دەرباز بکەن، ناسنامەی بەسیجی لەگیرڤان دەنێن. تۆڕەکانی دەسەڵات بانگەشە دەکەن کە کێ چەند ساڵ پێشینەی بەرگی بەسیجی هەبێت، ماوەی نۆکەری (سەربازی) بۆ رژێم دادەبەزێت، لەکاتێکدا ئەوە قسەوقسەلۆکی بێ بنەمایە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ فریودانی تاک و کۆمەڵگا تەماح دەخەنە بەردەم تاک، تا پەلکێشی تۆڕەکانی دەسەڵاتیان بکەن. لەهەنگاوی یەکەم تا تاک لەدڕندەیی و قێزەونی دەسەڵات سڵ نەکات، بەرگی بەسیجی ناکارا (غیرفعال) ی شاباش دەکەن. بۆ ماوەی شەش مانگ تەنیا بەرگەیەکی بەنج کردن بە تاک دەدەن و هیچ کارێکی کردەیی پێ ناسپێرن، تەنیا ئەو تاک لەناو تاقی کردنەوەو لەژێر چاودێری ورد دایە. لەقۆناخی دووهەمدا سەرجەم ئەو تاکانەی بەرگی بەسیجییان هەڵگرتووە، بەشداری رێوڕەسمی نەتەوەیی و تایبەتەکانی رژێمیان پێ دەکەن. تۆڕەکانی دەسەڵات هەنگاو بە هەنگاو تاکی بە ئامانج کراو رادەکێشنە ناو کار و خەباتی رێکخراوەی بەسیج. سەرەتا تاک تامەزرۆی نوێژ و قورئان خوێندن دەکەن. دەردی رژێم چییە کە تاک نوێژ و قورئان بخوێنێ و تاک موسلمان بێ یان کافر، چ برینێکی رژێم سارێژ دەکات؟ ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بەو رێبازە، تاک دەستەمۆ و گوێڕایەڵی رژێم دەکەن. لەژێر پەردەی نوێژ و قورئان زهنی تاکەکان دەتوێننەوە.

کاتێک تاک بە پێی بەرنامە داڕێژراوەکان ئامادە کرا، بەرگی بەسیجی کارای پێدەبەخشرێت و هەنگاوی سیخوڕبوون هەڵدەگرێت. ئیدی پێویستە لەسەر هەڤاڵ، ماڵبات و کەسوکاری خۆی سیخوڕی بکات. نموونەی ئەوە زۆرە کە کچ یان کوڕێک لەسەر دایک و باوکی خۆیان سیخوڕییان کردووە. بەس هیچ ویژدانێکی مرۆڤ ئەوە هەرس ناکات، کە کچ یان کوڕێک لەسەر دایک و باوکی خۆی سیخوڕی بکات و لەکونجی زیندانیان بخەن. لەئێران تاک چەندێک لەحەقیقەت و ماڵباتی خۆ نامۆ بووە، تۆڕەکانی دەسەڵات بە هەمان ئەندازە ماڵبات بەهێز دەکەن و گرێدان بوونی ماڵبات تۆختر دەکەن.

تۆڕەکانی دەسەڵات چ پارادۆکسێک لەکۆمەڵگا درووست دەکەن، لەلایەکەوە گرێدان بوون بە ماڵبات ساز دەکەن و لەلایەکیشە تاک، خیانەت بە ماڵباتی خۆی دەکات. واتا ئەو کارەی دەوڵەت دەیکات، هەمووی بێ بنگەو ساختەکارییە. رژێم بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی

چەپەڵی خۆی، سەرجەم نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگا پێشێل دەکات. لەناو تۆڕەکانی بەسیج دەوڵەت ئەندامی کۆیلە و گوێڕایەڵ، بۆ کاروباری دەزگاکانی تری دەسەڵات پەروەردەو ئامادە دەکات.

ژن لەرابردوودا لەبەر هۆشی سۆزداری، سیخوڕی لەسەر زارۆک، کەسوکار و هاونیشتمانیانی، بۆ دەوڵەت نەدەکرد. بەڵام رژێم گەوهەری ژنی بە پێی بەرژەوەندی خۆی گۆڕیوە، کە ژنێک لەو پەڕی بێ شەرمیدا، فیتنەیی و سیخوڕی لەسەر هاوژین و رۆڵەکانی خۆی دەکات. نموونەی پێشمەرگە و گەریلا زۆرە کە لەلایەن ماڵباتەوە بە گرتن دراون. ئەوە مەرگەساتێکە کە بە چ هونەرێکەوە، دڵی دایکێک رازی و داگیر دەکەن تا رۆڵەی خۆیان رادەستی لۆیاتانی قەڕن بکەن.

دەوڵەت هەرگیز ناتوانێت منداڵ پەروەردە و بەخێو بکات، چون لەناو دەریای دڕندەییدا شەپۆل لێدەدات. دەوڵەت جانەوەرێکی دڕندەیە. چون ئەو کۆمەڵگا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە جگەرگۆشەی خۆیان رادەستی ئەو جانەوەرە دڕندەیە بکەن کە پاراستنی مسۆگەر بێت. تۆڕەکانی بەسیج، کادیری شایستەی دەسەڵات و دەوڵەت ئامادە و گوڵبژێر دەکەن تا وەک مۆرەیەکی سیخوڕی لەناوەندەکانی شەڕی تایبەت ئەرکداریان بکەن. تۆڕەکانی دەسەڵات سیخوڕی نێودەوڵەتی، هەرێمی و ناخۆیی لەو ناوەندانەدا پێدەگەیەنن. بە پێی دامەزاوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیمۆکراتیک، سیخوڕ هەناردەی ئەو دامەزراوانە دەکەن.

## جۆرەکانی جاش

١ ـ جاشی چەکدار
٢ ـ جاشی سیخوڕ (جاسووس)
٣– جاشی ئاینی ـ مەزهەبی
٤ ـ جاشی رۆشنبیر ـ قەڵەم بەدەست
٥ ـ جاشی ئەفیۆن ـ ماددەی هۆشبەر

### جاشی چەکدار

تۆڕەکانی دەسەڵات لەکوردستان، بە رێگای ئەو جۆرە جاشانەوە کۆمەڵگایان داتەپاندووە. پێشتر یەکینەی زەربەتی سەر بە تۆرەکانی دەسەڵات لەگوند و ناوچە شاخاویەکان دەگەڕان و ناوچەکەیان شناسایی دەکرد و زانیارییان کۆ دەکردەوە. بە پێی ئەو زانیاریانەی بەردەستیان کەوتووە، ئۆپەراسیۆنیان ئەنجام دەدا. لەئەمڕۆدا یەکینەی زەربەت و جاش و بە کرێگیراو لەگوند و ناوچە شاخاویەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان 24 کاتژمێر چالاکن. تۆڕەکانی سەر بە دەسەڵات راستەوخۆ هێزی ئەوەیان نییە کە لەدژی

پڕاک و پارتە دژبەرەکانی ڕژێم شەڕ بکەن. ئەگەر جاش و بەکرێگیراو لەکوردستاندا نەبن، ڕژێم توانای هەڵگرتنی هەنگاوێکی کرداری لەڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێت. بەڵکوو جاشەکان چاوساخی بۆ هێزە سەرکوتکار و داگیرکەرەکانی ڕژێم دەکەن.

ئەو جاشانە بە زۆری مۆفلیسی سیاسی لەقۆناخە جیاجیاکانی شەڕ لەکوردستانن. بە پرۆسەیەکی تایبەتی ڕژێم، ڕۆح و جەستەی خۆیان پێشکەشی تۆڕەکانی دەسەڵات کردووە. لەبنەڕەتدا ئەم تاکانە فاحشەی سیاسین کە ڕۆژانە لەلایەن کاربەدەستانی ڕژێم ڕووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە. بەس لەبەر ئەوەی بێ ئیرادەو بێ کەسایەت کراون، تۆڵەی خۆیان لەکۆمەڵگا وەردەگرن و شەو ڕۆژ بۆ لاواز کردنی و لەناوبردنی نرخ و دەستکەوتەکانی کۆمەڵگا ناو جووڵەدان. جاشی چەکدار لەلایەن ڕژێمەوە بە بڕێک پارەی بێ نرخ فریو دراون و لەبەر ئەوەی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان لەلایەن ڕژێمەوە پێدراوە، هاش و هووشی خۆیان لەسەر کۆمەڵگا خاڵی دەکەن.

## جاشی سیخوڕ (جاسووس)

## ئەرکی سیخوڕەکان ناو دامەزراوەکانی کۆمەڵگا

### ١ ـ دۆزینەوە (شناسایی)

دەبێت دەستنیشان بکەن کە دامەزراوەیەکی گەل لە ناو کۆمەڵگادا، لەسەر بنەمای چ پارادایگما و ئایدیۆلۆژیایەک دامەزراوە؟ هاوکات لەژێر کاریگەری چ تەڤگەر، ڕێکخراو و دەوڵەتێکدایە؟ ئەندامانی ئەو دامەزراوەیە پەیوەندییان لەگەڵ کام یەک لەپارتە دژبەرەکانی ڕژێم و دەوڵەتانی دژبەر هەیە؟ دەوڵەت بە ڕێگای سیخوڕەکانیەوە، زانیاری لەسەر دامەزراوەی گەل کۆدەکاتەوەو دوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان، هەڵمەتی کوتانەسەر و قۆڵبەست کردنیان دەستپێدەکەن.

تۆڕی سیخوڕ لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا، شک و گومان و بێباوەڕی درووست دەکات. لەبەر تەشەنەپێدانی زهنییەتی سیخوڕی شیرازەی ماڵباتیان شێواندووەو تۆخمی بێ باوەڕییان ڕواندووە کە برا بە برا و خزم بە خزم باوەڕی نەمێنێ. لەگوندێکی کوردستان هەر چەند ژمارەی وڵاتپارێزانی کورد بەرفراوانە، لەبەر بوونی دیاردەی سیخوڕی، کەسێک بە کەسێک متمانەی نەماوە، هەر کەس دەیەوێت بە نهێنی خزمەتی گەل و نیشتمان بکات. لەکاتێکدا ئەو گوندە بەزۆری وڵاتپارێزن، بەس دیاردەی سیخوڕی وای کردووە کە متمانە و باوەڕییان بە یەکدی نەمێنێ. ڕژێم بەو ڕێگایەوە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم ڕێکخستن بوون و یەکگرتنی کۆمەڵگا درووست دەکات. تۆڕەکانی دەسەڵات دیمەنێکی وایان نەخشاندووە کە هەر کەس سیخوڕە. لەکاتێکدا شتێکی وا بێ بنەمایە.

دەسەڵات و دەوڵەت بە دیاردەی سیخوڕی، خۆی مەزن و باڵۆنی وێنا دەکات، تا لەرۆژهەڵاتی کوردستان گەل بە ڕێکخستن نەبێت. لەبەر ئەوەیە کە پژاک پێداگری لەسەر ڕێکخستن بوونی گەل و کۆمەڵگا دەکات و بۆ ئەوەش پێویستە سەرجەم ئەو تابۆ و دام و دەزگایانەی کە دامەزراون تێکیانبشکێنن و ئەو کەسانەی کە کاری سیخوڕتی لەنێو کۆمەڵگا دەکەن، سووک و چرووک بکرێن.

## ٢ — ناوزڕاندن

دەوڵەت لەکۆمەڵگادا شۆڕشگێڕ و تێکۆشەران ناوزڕاو دەکات، بۆ نموونە کاتێک ژنێکی رۆژهەڵاتی روو لەشۆڕشی گەلەکەی دەکات لەژێر پەردەی نامووس، سووکیان دەکەن چون بەشداری کردن لەریزەکانی شۆڕشدا لەزهنییەتی دەسەڵات و دەوڵەت بە واتای بێناموسییە. تا دەسخەڕیی و بایبوون و شەرەفی ئەو ماڵبات بخەنە ژێر پێ و سووک و چرووکیان بکەن و بەو شێوەیە رق و کینی ئەو ماڵباتە لەدژ تەڤگەری ئاپۆیی درووست بکەن. دەوڵەت لەنێو کۆمەڵگادا بەو رەنگە شۆڕش رەش دەکات. بەس بۆچی وڵاتپارێزان ناتوانن، سیخوڕێک کە ئەوەندە چەپەڵی لێدەوەشێت، رەش بکەن؟! ئەوەی کە رزگارکەری کۆمەڵگایە، دەکرێتە بێنامووس و ئەوەی کۆمەڵگا وێران و خاپوور دەکات، دەبێتە مرۆڤی خاوەن نامووس.

## ٣- دزە کردن

سیخوڕ، ئەو دارەیە کە درگای قەڵای دیمۆکراسی پێدەشکێنن. رۆڵی وێران کردن و تێکشکاندنی درگای بەرخۆدانی کۆمەڵگای لەئەستۆیە. سیخوڕتی شێرپەنجەی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگا تێکەڵ و پێکەڵ دەکات و بێباوەڕی بڵاو دەکاتەوەو ئیرادە تێکدەشکێنێت. تاکێک کە گیرۆدەی سیخوڕتی دەبێت خاڵی لاوازی لەدەستی دەوڵەتدایە و هەمیشە دەوڵەت هەڕەشە و گوڕەشەی بڵاوکردنەوەی دیمەن و خاڵی لاوازی لێدەکەن. ئەمڕۆ سەرجەم دەزگا هەواڵگرییە جیهانییەکان، تاکتیکی دەستدرێژی کردنە سەر تاکەکان بە کار دەبەن، بۆ ئەوەی ئەو دیمەنەی لەلایەن دەسەڵاتەوە بڵاو نەکرێتەوە، ناچار دەکرێت کە تا لەژیاندا بێت، خزمەتی داگیرکەران بکات.

تۆڕەکانی دەسەڵات لەچوارچێوەی خەباتی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، سیخوڕ پەروەردە دەکەن و ئاشنا و فێری ژیان و سیستەمی خەباتی پارتەکانیان دەکەن. ئەرکێک کە لەنێو پارتەکان پێیان دەسپێردرێت؛ سەرەتا کۆکردنەوەی زانیارییە. دواتر هەنگاوی کردەیی لەدژی لایەنی بەرامبەر پێکبێنێت و دوای گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی، رژێم بێ بەزەییانە سیخوڕی خۆی دەکوژێت.

کاری سەرەکی سیخوڕ؛ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا، پەرەپێدانی بێباوەڕی، لاوازی و بێ هێزکردنی تاک و کۆمەڵگایە. رژێم جاش و سیخوڕەکانی بە وشەی بریقەداری پێشمەرگەی موسڵمان رازاندوەتەوە. دەوڵەتی فاشیستی تورکیاش، جاش و بەکرێگیراو، بە گوندپارێز لەقەڵەم دەدات. واتا بە ناو پێشمەرگەی موسڵمان و گوندپارێز، گوند لەکێ دەپارێزێت و پێشمەرگەی موسڵمان لەبەرامبەر کێ دادەمەزرێنرێت؟ لەوانەیە سەرجەم گەلی کورد لەکوردستان موسلمان نەبن، چون لەناو کورددا ئاشووری، کەلدانی، ئیزیدی، کرمانجکی و زەردەشتی هەیە. وێدەچێ ئەو پێشمەرگە موسلمانانە لەبەرامبەر ئەو کەمینانەی کوردستان دامەزرابن.

لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران دەستەواژەی جاش و بە کرێگیراوی بە سیستەم و بەرینتر دەبێت. جاش و بەکرێگیراوەکان لەکوردستان، بە زۆری موفلیسی سیاسین کە لەگۆڕەپانی سیاسەتدا دۆڕاون. بە تایبەت بەشێکی زۆرینەیان هەڵهاتوو و هەڵگەڕاوەی پارتەکانی رۆژهەڵاتن کە ملشۆڕی تۆرەکانی دەسەلات بوون. تۆڕەکانی دەسەڵات بۆ زیاتر کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگا، جاشی هەرێمی تەشەنە پێدەدەن. کاتێک پایەگایەک لەگوندێک دادەمەزرێنێت، لەپارێزگاو ناوچەیەکی تر، جاش و بەکرێگیراو هەناردەی ئەو گوندە ناکەن. بەڵکوو جاشی هەمان گوند لەپایەگای گونددا ئەرکدار دەکەن. چون ئەگەر تەڤگەرێکی شۆڕشگێڕ یەک لەو جاشانە بکوژێت، ناڕەزایەتی کۆمەڵگا لەبەرامبەر ئەو تەڤگەرە سەرهەڵبدات. رژێم بەو تاکتیکانە، کوردکوژی بە هێز و دەگەشێنێتەوە.

## جاشی ئاینی- مەزهەبی

جۆرەیەکی تری جاش و بە کرێگیراو، جاشی ئاینی ـ مەزهەبییە. مەلا لەئێراندا مۆرە و کادیری ئایدیۆلۆژی رژێمن کە ئایدئۆلۆژی شیعەگەرایی بڵاو دەکەن و قەڵغانی پاراستنی ئایدئۆلۆژیای شیعەگەرایی لەئێرانن. جاشە مەزهەبیەکان کولتووری شیعەگەرایی بە سەر کۆمەڵگا سوونە مەزهەبەکان دەسەپێنن. کولتووریان رەش دەکەن. جاشە مەزهەبیەکان لەژێر بیانووی ئاییندا، زانست، فەلسەفە و میتۆلۆژی لەناو دەبەن و تەنیا گرنگی بە مەزهەب و ئایین لەکوردستان دەدەن کە کورد نوێژ خوێن و قورئان خوێن بێت و کردارە واجبەکانی ئیسلام بەجێ بێنێت. جیا لەوە شتێکی تر لەکوردستان فێری هاوڵاتیان ناکەن. کورد هاندەدەن کە منداڵانیان، لەناوەندەکانی تواندنەوەی رژێم ناونووس بکەن.

ئەم جۆرە جاشە خۆیان بە خاوەنی وڵات دەزانن و دەیانەوێت هەر کەس وەک ئەوان بیربکاتەوە. لەبنەڕەتدا ئەم جاشانە پارێزەری حەقیقی رژێم لەبواری ئایدیۆلۆژییەوەن. کوردستانیان کردوەتە مزگەوتخانە. بە جێگای ئەوەی لەو ناوەندانە کاروباری ئایینی بەڕێوە بچێت، بە زۆری کار لەسەر مەرامە سیاسیەکانی ئیتلاعات و سوپای پاسداران دەکرێت. ئەم جاشانە بوونەتە ناوەندی بڵاو کردنەوەی سۆزانیگەری و بێ رەوشتی لەکوردستان. بە

ڕێگای حەدیسە دەستکردەکانیانەوە، ڕەوایەت بە کردەوە دڕندانەکانی ڕژێم لەکوردستان دەدەن و ڕق و تووڕەیی شەقامی پێ دادەمرکێنن.

## جاشی ڕۆشنبیر – قەڵەم بەدەست

جاشی قەڵەم بەدەست، مەترسیدارترین جاش و بەکرێگیراوی کوردستانن. لەئێران و کوردستان جاشە قەڵەم بەدەستەکان لەسەر ناوی ڕۆشنبیری، ڕۆژانە هێرشی سەر تەڤگەری ئازادیخوازی کورد دەکەن. لەژێر ناوی ڕۆشنبیری و سەربەخۆبووندا، پڕاک سووک و ڕەش دەکەن. پێشتر و ئەمڕۆ ژمارەیەک کەسایەت وەک عیرفان قانیعی فەرد، عەلی جەوانمەردی، پەیمان حەیدەری و هاوشێوەکانیان لەدژ پەکەکە و پژاک قسەوقسەڵۆک بڵاو دەکەن و تێکۆشانی ڕەوای پەکەکە و پژاک ڕەش و دەڕووشێنن و تێکۆشانی ئەفساناوی گەریلا بچووک و چرووک دەکەن. تایبەت ڕۆشنبیرەکانی ناو کاخەکەی بارزانی و دەسەودایەرەی میتی تورکیا و ئیتلاعاتی ئێران، شۆڕشی ڕۆژئاوا بچووک و بێ نرخ دەکەن کە گوایا کورد لەشۆڕشی ڕۆژئاوادا هیچ دەستکەوتێکی دەستەبەر نەکردووە.

بەڵەنگۆکانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت وا دەنوێنن کە پژاک لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرپرسیار و هۆکاری سەرجەم کلۆڵی، چارەڕەشی و گەندەڵیەکانە. سیخوڕە ڕۆشنبیرەکان مێژووی گەل چەواشە دەکەن و زهنییەتی تاکی کورد بە پێی بەرژەوەندەی دەوڵەت دادەتاشن. سەرجەم بەرهەم و ڕەنجی کۆمەڵگا بە پێ ویست و داخوازی دەوڵەت پێناسە دەکەن. لەبەشی پەروەردەی سیستەمدا، ئاماژەمان بەوەدا کە ڕستەی دەستپێکی پەروەردەی ڕژێم باوک ئاو دەدات. لەکاتێکدا ئەوە درۆیەکی شاخدارەو قەت لەکۆمەڵگای کوردی باوک ئاو نادات. چۆن باوک بە منداڵی خۆی دەڵێت و ئەویش بە کەسێکی خوارتەمەنی خۆی تا دەگاتە منداڵی هەرە بچووک ئاو دەدات. داڕێژەری چەواشەکاری و ساختەکاری تۆڕەکانی دەسەڵات ڕۆشنبیرە سیخوڕەکانن.

جاشە قەڵەم بەدەستەکان، کلیلی هەڵکردنی تاریکی دەستی دەسەڵات و دەوڵەتن. زمانی درۆ و فیتنەیی لەقوڕگی دەسەڵاتن. ئەو جاشانە بۆ بڕێک پارە، درۆ دەرخواردی گەل و کۆمەڵگا دەدەن. لەزهنی تاک و کۆمەڵگادا شک و گومان و دوودڵی درووست دەکەن. ڕەوایەتی بە داگیرکەری لەکوردستان دەدەن و تێکۆشانی گەلان بچووک و بێ واتا لەقەڵەم دەدەن.

## سیخوڕی ئەفیون – ماددەی هۆشبەر

جۆرەیەکی تری سیخوڕ، سیخوڕی ئەفیۆن – ماددەی هۆشبەرە. جاشی ماددەی هۆشبەر، مەترسیدارترە لەجاشە چەک بە دەستەکان. بەسیج بە هێز و توانای خۆی ناتوانێت هەر شتێک لەکۆمەڵگا بڵاو بکات، بەڵکوو ئەرکی سەرەکی شناسایی کردنی لاوازییەکانی تاک و کۆمەڵگایە. لەکۆمەڵگایەکدا چەکداری سەر بە دەوڵەت بەرفراوان بن،

گرووپی مافیایی پێکدێنن و به مافی خۆی دەزانێت که چ بەڵایەک به سەر کۆمەڵگا بێنێت. بۆیه ناوەندی بڵاو کردنەوەی ماددەی هۆشبەر لەکوردستان ئەم جۆره جاشانەن. بۆ ئەوەی دەرفەت به سەرهەڵدانی شەپۆلی ناڕەزایەتی لەگونددا لەبار ببەن، ماددەی هۆشبەر، کولتووری فاحشەگەرایی بڵاو دەکەنەوە. لەبەر ئەوەی ئەو جاشانه دەسەڵات و هێزن، مادام گوندپارێز و پێشمەرگەی موسڵمانن و پاراستنی گوند و شارەکانیان لەئەستۆیە، ئەو کات پێویسته حیسابی ئەو شتانه بدەن که چۆن لەکۆمەڵگا پەرەیان پێدراوە. ئەو کات ئەم تۆڕانەی دەسەڵات به خۆ بەرپرسیاری بڵاو کردنەوەی ئەو دیارده چەپەڵانەن. ئەوانه حسابی مێژووین که دەبێت لەو تەڤگەرانه لەرۆژهەڵاتی کوردستان بخوازرێت.

ئەم سیخوڕانه به بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر تاکەکان لەکۆمەڵگا بەنج دەکەن. کۆمەڵگا لەرەوڕەوی ژیانی حەقیقی به لاڕێدا دەبەن. ماتەوزەی کۆمەڵگا دادەڕمێنن. کرمی ناو حۆجرەکانی کۆمەڵگان. دەرفەتی دزەکردنی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ ناو کۆمەڵگا خۆش دەکەن. ئەم سیخوڕانه مافیای دەوڵەتین. بازرگانی به گیانی مرۆڤەوە دەکەن.

## سیاسەتی قڕکردنی کولتووری

کولتوور، مێژوو، ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگایه. کولتوور، رۆحێکه لەناو جەستەیەکدا. کولتوور دەبێته ئامووری قووڵ کردنی پەیوەندی مەعنەوی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا. واتا کولتوور دەتوانێت ببێته هەوێنی به کۆمەڵگا بوون، یەکێتی، ئازادی و دیمۆکراسی نێو کۆمەڵگا. لەکۆمەڵگایەکدا چەندێک کولتووری جیاواز و فرەڕەنگ هەبێت، چەمکی «پێکەوە ژیان» کردنی گەلان ئەوەنده لەگەشەسەندندا دەبێت. کولتوورەکانی ناو کۆمەڵگا، لەسەرەتاکانی مێژوو تابه ئەمڕۆ لەسەر بنەمای دەوڵەمەندکردن، بەهێز کردنی یەکتری پێشکەوتووە. بەڵام زهنییەتی دەسەڵاتداری هەزاران ساڵەی دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، کولتووری گەلانی خۆڕاگریان بۆ بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتداری خۆ بەکار هێناوە. کولتووری گەلانیان پارچه پارچه کردووە و شەڕی کولتووریان لەنێوان گەلان پێشخستووە.

کولتوور، ناسنامەی گەلانه. واتا گەلێکی بێ کولتوور و بێ ناسنامه لەجیهاندا هەبوونی نییه. هەر کۆمەڵگایەک بۆ بەرگری کردن لەکولتووری کۆمەڵگاکەی، مافی رەوای بەرگری کردنی لەمێژوو تابه ئەمڕۆ بەکار هێناوە. کولتوور، هەڵقوڵاوی داخوازی ژیانی و ئەخلاقی کۆمەڵگایه که بەیاسای سرووشتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا ژیانی پێ دەکرێت. کولتوور خوێنێکه که لەناو دەمارەکانی کۆمەڵگا دێت و دەڕوات و کۆمەڵگا دەگەشێنێتەوە. کاتێک ئەو خوێن و رۆح لەجەستەی مرۆڤێکدا دەربخەیت، ئەوا کۆتایی به ژیانی ئەو مرۆڤه دێت. هاوشێوەی ئەمەش قڕکردنی کولتووری کۆمەڵگایەک، به واتای کوشتن و پاکتاوکردنی هەمان کۆمەڵگا دێت.

کولتووری کوردی لەمێژوو تا بەئەمڕۆ لەسەرجەم بوارەکانەوە کراوەته ئامانجی هێرشی پاکتاوکاری داگیرکەران. بۆیه داگیرکەران به لەناوبردنی کولتووری کوردی دەیانەوێت

مێژووی نەتەوەیەک بسڕنەوە و کۆمەڵگایەکی بێ ڕۆح و بێ خوێن دروست بکەن، تاکوو بە هەر شێوازێک بیانەوێت گەلی کورد لەپێناو بەرژەوەندیەکانیان بەکاریان بهێنن. هەڵبەت نەیارانی کورد چەپەڵترین پیلانیان بەرامبەر گەلی کورد تا بەئەمڕۆ تاقی کردوەتەوە، بەڵام بەخۆڕاگری و پاراستنی کولتووری کوردی، گەلەکەمان توانیویانە پیلانی پاکتاوکاری پووچەڵ بکەنەوە و وەک گەلێک هەبوونی خۆی تا بەئەمڕۆ بپارێزن. بەڵام نەیارانی کورد لەبەر ئەوەی بڕیاری سڕینەوەی نەتەوەی کوردیان لەسەر زەویدا داوە، لەئەمڕۆدا بەهاوکاری کۆمەڵێک لایەنی کوردی کەوتوونەتە هەوڵدان تا کولتووری گەلی خۆڕاگر و دڵسۆزی کورد بەشێوازی شەڕی تایبەت لەناو ببەن. لەئەمڕۆدا ئەو شەڕە تایبەتە بەڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە بەڕێوە دەچێت. تایبەت لە ١٥ ـ ٢٠ ساڵی ڕابردووی کوردستان سەیر بکەین گەلەکەمان بەهیوای کەنالێکی تەلەڤزیۆنی و ڕۆژنامەیەکی کوردی یەوە ژیاوە. بۆ ئەوەش بەتێکۆشانی گەل، کۆمەڵێک دەسکەوت لەبواری ڕاگەیاندنی یەوە بەدەست هاتووە. بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ بەهاوکاری دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لەژێر ناوی پەیوەندی دیپلۆماسی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی یەوە دەستکەوتەکانی گەلی کوردیان لەپێناو بەرژەوەندی هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان بەکار دەهێنن.

دیارە داگیرکەرانی کولتووری وڵاتەکەمان، بەپێی ئەو پیلانگێڕیەی لەسەر گەلەکەمان دایانڕشتووە، لەو پیلانگێڕیەدا گەنجانیان بە ئامانج وەرگرتووە و لەسەرەتادا بۆ ئاسانکاری و گەرنتی سەرکەوتنەکەیان دەیانەوێت دوو توێژی سەرەکی و پێشەنگی گەلەکەمان کە «ژنان و گەنجانن» بێ کاریگەریان بکەن و لەکولتووری نەتەوەکەیان نامۆیان بکەن، تاکوو گەرەنتی سەرکەوتن بۆ خۆیان تۆمار بکەن. بە ڕێکلام کردنی کولتووری بیانی زهنییەتی کۆمەڵگا بەتایبەت گەنجانیان بەو جۆرە پەروەردە کردووە کە کولتووری کوردی بە بچکۆلە سەیر بکەن و کولتووری ڕۆژئاوا و وڵاتانی بیانی زۆر بەگەورە و بەنرخ سەیر بکەن. بۆیە بەداخەوە گەنجان ئەمڕۆ هەر لەخواردن و خواردنەوەی شت و مەکی کوردی تا پۆشینی جل و بەرگ، بەکارهێنانی زمانی کوردی، گوێ گرتن لەمیوزیکی کوردی، میتۆدی ژیانی، چۆنیەتی بەکارهێنانی کەل و پەلی ناو ماڵ و دوورکەوتن لە ژیانی سرووشتی گوند، بچکۆلە بینینی مێژووی کوردی و ... هتد بگرە، گەنجانیان لەگەوهەری خۆی دوور خستووەتەوە کە تەنانەت گەنجێکی لادێی شەرم دەکات بڵێت کە خەڵکی لادێم و یان گەنجێکی کورد شەرم دەکات کە جلی کوردی بپۆشێت و یان بەرەوە ئەوە دەڕوات کە ئیتر شەرم بکات بەزمانی خۆی قسە بکات و کەنالی تەلەڤزیۆنی کوردی سەیر بکات و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بخوێنێتەوە. کارەسات لێرەدایە کە کۆی ئەم تواندنەوەو خۆتواندنەوانە لەژێر ناوی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و شارستانیەت و پەیوەندی کولتووری بەڕێوە دەچێت. پرسیار لێرەدایە ئەی بۆچی هیچ وڵاتێک ئامادە نییە کە وەکو گەنجانی کورد، بەحەزکردنەوە باوشی

خۆی بۆ کولتووری نەتەوەکەی ئێمە بکەنەوەو کولتووری جوانی کوردی لەوڵاتی خۆیاندا بڵاو بکەنەوە؟

قڕکردنی هەر کۆمەڵگایەک لەناوکیەوە دەستپێدەکات. شار ناوکی ئەساسی دەوڵەتە. بۆیە دەوڵەت ناچارە، ناوکی خۆی بەهێز بکات. لەسەر ناوی قازانج- سەرمایە، تەکنۆلۆژی و زانست لەشار کەڵەکە دەکات، تا شار بەهێز ببێت، لەبەر ئەوەی چەندێک شار بەهێز بێ، ئەوەندە گوند لاواز دەبێت.

تۆڕەکانی دەسەڵات ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مرۆڤەکان لەکولتووری گوندنشینی دادەبڕێنن. لەئەمڕۆدا زۆر دڵخوازانە گوندەکان چۆڵ و هۆڵ دەکەن و تاکەکان بەرەو شار خلۆر دەکەن. بەرهەمی کولتووری لەگوندەکاندا کرچ و کاڵ دەکرێت. کولتووری خۆماڵی و دەستەمۆ کردنی حەیوان، لەکوردستان لەناو دەچێت. چۆڵ بوونی گوند بە واتای داماڵینی گەوهەری ڕاستەقینەی مرۆڤ لەجەستەیەتی. واتا زەوت کردنی چەکی ڕەنج و کۆشش لەدەستی مرۆڤە. مرۆڤێک کە بەبێ ڕەنج و ئەمەک کرا، مرۆڤێکی بێئەخلاق و کولتوور دەبێ.

مرۆڤی بێئەخلاق و کولتوور لەکوردستان بەرگی جاشایەتی و بەسیجگەرایی دەپۆشن. خاکی پڕپیت و بەرەکەتی کوردستان، کەسایەتی شۆڕشگێڕ و خۆڕاگر لەئامێزی خۆی دەگووشێت. لەباشووری کوردستان بە بیانووی شەڕ گوندەکان چۆڵ کران و خەڵکیان لەکەمپە تەلبەندکراوەکان بەجێکرد. بەس دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، گوندنشینان ناگەڕێنەوە وارو زێدی خۆیان. سەرەتا بە زۆر گوندەکانیان پێ چۆڵ دەکرا، ئێستاش بەزۆر ناگەڕێنەوە گوندەکانیان. ئەوە دەیسەلمێنێت کە دەوڵەت گەیشتووەتە ئامانجی خۆی، واتا تاک ملشۆڕی کولتووری شار بووە. زۆربەی گوندە سنوورییەکان وێرانەن و چۆڵن. ئەوەش دۆخی ژیار و لانکەی مرۆڤایەتی نیشان دەدات کە کەوتووەتە ئەو بارودۆخە.

کاتێک باراک ئۆباما بووە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕێبەر ئاپۆ پێناسەیەکی سەرنج ڕاکێشی لەسەر ئۆباما کرد و وتی: «باراک حسێن ئۆباما، ناوێکی تێکەڵەی سێ ئایینی مەسیحی، ئیسلامی و یەهوودییە، کە بە زانابوون ناوبراویان کردوەتە سەرۆک کۆماری وەختی ئەمریکا». بەو لۆژیکە لەنێوان ئایین و شارستانیەتەکاندا، پەرچەکردارییان لەبار برد و کولتوور و ناسنامەکانیان لەناو یەکدی تواندەوە.

لەشاری هەولێر بە ڕوونی دەبینرێت کە جێگای بازاڕی نیشتمان پێشتر مەزارگە بووە. لەبەر لۆژیکی سەرمایە — قازانج، سەرجەم کێلەکانیان بۆ شوێنێکی تر گواستەوە. ئێستا لەناو حەوشی بازاڕەکەدا، مەزارگەیەکی گەورە هێڵراوەتەوە. هاوکات لەنزیک قەڵای هەولێر دوو مەزرگا لەناوەڕاستی شووستەکاندایە. لەلای خەڵکی شارەکە دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەو مەزارگە، شێخێکی مەزنە. کاتی گواستنەوەی کێلەکانی گۆڕستانەکە، شۆفێل کەوچکی لەو مەزارگە داوە، بەس کەوچکی شۆفڵەکە شکاوە. لەکاتێکدا ئەوە فێڵبازی و ساختەکاری

دەسەڵاتدارانە، لەژێر ئەو ناوەدا لەنێوان کاپیتالیست و ئیسلامیەت ناکۆکی مەزهەبی لەناو بەن تا یەکدی بتوێننەوە و پەرچەکرداری نێوانیان هەڵبگرێت. لەکاتێکدا دەوڵەت بۆ خۆی مۆرەیەک لەکەوچکی شۆڤڵ سست دەکات، تا کاتی کارکردن دابکەوێت و بڕوایەک لەناو کۆمەڵگادا پتەو بکات و خەڵک بە پەردەی فریو داپۆشێت. ئەگەر راستییەکی وا لەئارادایە، بۆچی تەلەڤیزیۆنێکی گەورەیان لەسەر مەزارگای شێخ داناوەو شەو و رۆژ لەسەر مەزاری شێخ، بانگەشەی کولتووری ئیمپریالیزم دەکرێت و گۆرانی بیانی و دیمەنی ناشیاو بڵاو دەکەن. مادام شێخ ئەوەندە هێزە، بۆچی بەڵەندگۆی سەرمایەداری ناخاتە خوارەوە، چۆن هێزی شکاندنی کەوچکی شۆڤێڵی هەیە، دەتوانێت ئەو تی ڤیش بخاتە خوارەوە.

ئەمڕۆ ریبەر ئاپۆ خاوەن پەرجۆیەکە کە گەل شوێنکەوتووی ئەون. کوردستانێک کە لەخەیاڵی مرۆڤدا سڕاوەتەوە، رێبەر ئاپۆ دەیکاتە یەک. ئەمڕۆ هەستی نەتەوەیی لەناخی گەلی کورد و گەریلاکانی کوردستان پێشکەوتووەو لەکوێ خەبات و تێکۆشان پێویست بێت، بە ئەوینەوە روو لەو ناوچەیە دەکەن. ئەمڕۆ گەریلایەکی خەڵکی باکووری کوردستان دێتە رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتییەکیش دەڕواتە باکوور و دەچێتە رۆژئاوا و باشوور، ئەوە هێمای یەکگرتنی کورد نیشان دەدات.

رێبەر ئاپۆ بەربەستی لەبەردەم ناوەندەکانی شەڕی تایبەت درووست کرد کە ئۆپەراسیۆنی لەناوبردنی کولتوورییان وەگەڕخستووە. بەس لەرابردوودا لەبەر ئەوەی لەزهنیەتی تاکی کورددا دابڕان درووست بووە، ئێش و ئازاری قامیشلۆ نەدەبووە، ئێش و ئازاری شاری سنە و ئێش و ئازاری شاری سنەش نەدەبووە، ئێش و ئازاری شاری ئامەد. بەڵام رێبەر ئاپۆ بە پەیجۆرەکەی، ئێش و ئازاری شاری کۆبانێ، شەنگال، رۆژئاوا و جزیرەی کردە، ئێش و ئازاری سەرجەم گەلی کورد. کاتێک جەستەیەک پارچە بکرێت، لەو دۆخەدا هەست بە ئێش و ئازار ناکرێت، بەڵام کاتێک جەستەی پارچەکراو هێنرانە لای یەکدی، پەنجەی تاکێک برین بێت، ئێش و ئازار لەسەرتاپای جەستە بڵاو دەبێت، بۆ ئەوەش برینی جەستە سارێژ بێت، سەرجەم ئەندامی لەشی مرۆڤ دەکەونە گەڕ، تا جەستەی بریندار کراو هێوەر و سارێژ بکەن. رێبەر ئاپۆ ئەمڕۆ جەستەی پارچەکراوی کوردستانی هێناوەتە لای یەکدی. دواتر رۆحێکی لەبەر ئەو جەستە کردووە، کە بە رۆحی ئاپۆچێتی پێناسە دەکرێت. واتا کولتووری ئاپۆیی لەکوردستان برەو پێدەدات. کولتوورێک چێندراوە کە ئیدی کورد، خۆی پارچە و بێدەست و لنگ نابینێ. هەست بەوە دەکات کە ئەمڕۆ خاوەن جەستەیەکی بەهێز و رۆحێکی بەتینە. لەبەر ئەوەی رێبەر ئاپۆ پاکتاوکاری کولتووری کۆمەڵگای پووچەڵ کردووە کە کۆمەڵگا وا بە خرۆشەوە خاوەنداریێتی لێ دەکەن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی رژێم، کولتووری گەلانی ئێران و بە تایبەت کولتووری گەلی کورد ریشە کێش دەکەن و کولتووری لۆمپەنیزم بە جێگای پەرە پێدەدەن. رژێم بۆ

ڕەوایەت بەخشین بەوە، کۆمەڵێک دامودەزگای سەرکوتکاری دامەزراندووە کە کاریگەری بەرفراوانی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا داناوە. خومەینی لەسەرەتاکانی شۆڕشدا زۆر قسە و لێدوانی ناشایست دەردەکات کە نە لەئاستی پلەوپۆستی لیدەرێکی کۆمەڵگایە. قسەی یەکەمی دەڵێت؛ «من دەکێشمە دەمی دەوڵەتدا». واتا فەلسەفەی شەلاتانی و قەبەدایەتی و توندوتیژی لەکۆمەڵگای ئیران برەو پێدەدات. فیلمی ئیخراجی ها کە دەرهێنەرەکەی مەسعوود دهنمەکییە، فیلمێکە کە لەبەر گاڵتەو گەپ و پێکەنیناوی بوونی، چێژوتامی کاتی لەمرۆڤدا ساز دەکات. واتا لەبنەڕەتدا کولتووری لۆمپەنیزم برەو پێدەدات، چۆن ئەوە وێنا دەکات کە چەند لات و شەلاتانێک، ڕوو لەگۆڕەپانی شەڕ دەکەن، شارەزایی و مەراقی بەکارهێنانی چەکیان نییەو لەگۆڕەپانی شەڕ، لەجیهانی گاڵتەو گەپ و شۆخیدان.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، لۆمپەنەکانی کۆمەڵگا کە مۆرەی خۆیانە، بە ڕێگای فیلمەوە دەیانکەنە قارەمان. تاکی زۆر قەبەدا و لۆمپەن، بۆ کەسایەتییەکی گیان فیدا وەردەچەرخێنن. لەوێدا کولتووری لۆمپەنیزم لەئێران ڕەوایەت پێدەبەخشن، کە لۆمپەنێک دەتوانێت ببێتە قارەمانی دەوڵەت. بەو لۆژیکە کۆمەڵگا هاندەدەن کە ئاوێتەی کولتووری لۆمپەنیزم ببن، چون لۆمپەنەکان دەتوانن ببنە قارەمان. ئەوەش حەقیقەتی ڕۆخساری ڕژێمە کە لەناو کۆمەڵگادا دووڕووتی و ساختەکاری برەوپێدەدات. ئەو لۆژیکە بە پێچەوانەی کۆمەڵگای کوردییە. چون گەلی کورد لەحەقیقەتدا قارەمان و گیان فیدایە. بۆ ئەوەی تاکێک ببیتە قارەمان، پێویستی بەوە ناکات بەرگی لۆمپەنیزم بپۆشێ. چون ڕۆژئاوا بە بەرخۆدان و تێکۆشانی لەناخی هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز و خاوەن ویژدان هێلانەی خۆشەویستی هەڵکۆڵاوەو بە تێکۆشان بەرگێکی نوێی ژیان بۆ مرۆڤایەتی رادەخەن.

## ژن و جوان کوشتن

تۆڕەکانی دەسەڵاتی ڕژێم قەت باوەڕییان بە هێز و ئیرادەی ژن نییە و تەنانەت وەک مرۆڤ سەیریان ناکەن. لەتۆڕەکانی دەسەڵاتدا ڕێگا نادەن کە ژن بەشداری کۆبوونەوەی دەسەڵاتداران بێت، چون ژن گڵاو و ناپاک دەبینن. لەناو ئەنجومەنی شارەزایان، تاقە ژنێک بەشداری پێ ناکەن و لەزۆربەی کۆبوونەوەی بەرپرسە باڵاکان بێبەش کراون.

لەباشووری کوردستانیش هەمان زهنییەت سەروەرە. دەسەڵات بە برەودانی زهنییەتی ژن و گەنج کوشتن، دەسەڵاتی دەخاتە گەرەنتییەوە. ڕژێم دەیەوێت ژنان لەناو دەریای فاحشەگەریدا نوقم بکات و لەناو تۆڕەکانی دەسەڵات وەک کاڵایەکی زایەندی بە کاردەبرێت. ژن وەک جن و شەیتان پێناسە دەکرێت و ڕەجم کردنی لەلایەن زهنییەتی پیاوسالارییەوە حەڵاڵ کراوە. دەسەڵات چەندێک ژن لاواز بکات، ئەوەندە دەسەڵاتی تۆختر و پتەوتر دەبێت. ڕژێم بەڕێگای دامودەزگاکانی، ژنی قانیع کردووە کە بۆ دۆخی سەپێندراو لەسەری، سەرنەوی بکات و هەمیشە پیاو بە ڕزگارکەری خۆی ببینێت.

کۆمەڵگای دروستکراوی دەسەڵات، قەسابخانەی ژنە. ڕۆژانە ژنان ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی دەکرێنەوە. لەبەر ئەوەی ژن لەکۆمەڵگای ئێران وەک ڕەگەزی دووەهەم سەیری دەکرێت، لەسەرجەم مافە سەرەتاییەکانی ژیان بێ بەش کراوە. تەنیا مافێک کە بە ژن دراوە، وەک کۆیلەیە مافی خزمەتکردن بە پیاوی هەیە. ژنان قوربانی سەرەکی ئەو زهنیەتەن. لەجۆگرافیایەکدا چەندێک توندوتیژی سەروەر بێت، ئەوەندە ئاماری کوشتن و خۆکوژی ژنان بەرز دەبێتەوە. بۆیە ئێران وڵاتی ژنکوژییە. ژنان لەبواری جەستەیی و ڕۆحییەوە دەکوژن. لەزهنییەتی پیاو ژن کوژراوە. چون بە چاوێکی سووکەوە سەیری ژن دەکرێت، حساب بۆ ئیرادە و بوونی ناکرێت. لەهیچ پێگەیەکی ستراتیژی کۆمەڵگا بەشداری پێ ناکرێت. ژنان کراونەتە تاقیگای پیلانی چەپەڵی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت. ئەوەندە بێ ڕێزی و سووکایەتی بە کەسایەتی ژن دەکرێت کە ڕۆژانە بە ئارەزووی مردنەوە بژی.

خاڵێکی تری لاوازکردنی کۆمەڵگا، گەنج کوژییە. گەنج، ماتۆری جووڵێنی کۆمەڵگایە. بەس ڕژێم ئەو ماتۆرەی بەنج و لەکار خستووە. هاوکات کۆمەڵگایەکی پیر لەکوردستان درووست دەکات. چۆن کۆمەڵگای پیر، سیاسەت زەدەیەو ناتوانن ڕێکخستن درووست بکەن و تەنیا لەدڵەوە کوردایەتی دەکەن. لەرۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێگای ماددەی هۆشبەر و فاحشەگەرییەوە گەنجان تێکدەشکێنن. لەژێر ناوی هەڵهاتنی مێشکەکەکان، گەنجانی لێهاتوو و شارەزا، بە شاڵاو ڕوو لەهاندەران دەکەن. ڕژێم دەرفەتی گەشەدانی مێشک و لێهاتوویی بە گەنجان نادات، لەبەر ئەوەی زۆربەی گەنجان ڕوو لەهاندەران و گەورە شارەکانی ئێران دەکەن. تۆڕەکانی دەسەڵات بەو سیاسەتە، لەژێر پەردەی کرێکاریدا گەنجان دەکەنە کۆیلە تا بە هەموو هێزیەوە خزمەت دەسەڵات بکات.

ڕژێمی داگیرکەری ئێران بە سیاسەتی لەسێدارەدان، گەنجانی کورد لەئامێز دەگرێت و تا بە ئەمڕۆ ڕژێم بە پەتی سێدارە خۆشەویستی خۆی بۆ گەنجان دەردەبڕیوە. کاربەدەستانی ڕژێم بە لەسێدارەدانی گەنجان تام و چێژ وەردەگرن. پەتی سێدارە ملوانکەی خەڵاتی تۆڕەکانی دەسەڵاتە کە دیاری گەنجانی کورد دەکرێت. گەنجێک کە گوێڕایەڵ و دەستەمۆی ڕژێم نەبێت، مافی ژیانی لێ زەوت دەکرێت.

میتۆدێکی تری گەنج کوشتن بە ڕێگای گیرۆدە کردنیان بە ماددەی هۆشبەرەوەیە. ئەوەش دیاردەیەکی مەترسیدارە کە لەدەیەی ٧٠ی هەتاوی بە دواوە تۆڕەکانی دەسەڵات بە شێوەیەکی سیستماتیک لەناو گەنجان پەرەیان پێدا. بە گیرۆدەکردنی گەنجان بە ماددەی هۆشبەر، وزەو توانای شۆڕشی کۆمەڵگایان پێ لاواز کرد. لەکوردستان تۆڕەکانی ماددەی هۆشبەر لەگەڵ ناوەندە ئەمنیەکانی ئیتلاعات و سوپای پاسداران لەناو پەیوەندیدان. بڵاو کردنەوەی ماددەی هۆشبەر پارچەیەک لەکردەوە تیرۆریستیەکانی ڕژێم لەبەرامبەر گەنجان و کۆمەڵگایە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە پەلکێش کردنی گەنجان بۆ ناو سوپای بێکاران ماتەوزەیان دەکوژن. لەکۆمەڵگا پەراوێزیان دەخەن. لەهونەری سیاسەت بێ بەرییان دەکەن. لەسەر خاک و نیشتمانیان سەرگەردان و ئاوارەیان دەکەن. بە هەڵاتنی مێشکەکان خەزێنەی نیشتمان خاڵی دەکەن. گەنجان ئەمڕۆ لەناو بازنەی شەڕی تایبەتی رژێم بوونەتە قوربانیانی سەرەکی سیاسەتی بیودەسەڵات، دیاردەکانی بێکاری، برسێتی، هەژاری و توندوتیژی. واتا رژێم ئەو گەنجەی کە لەناوەندەکانی شەڕی تایبەت دەربکەوێت، مافی ژیانی لێ زەوت دەکات. بۆیە ئێران ئەمڕۆ بۆ گەنجان بووەتە دوورگەی گەنج کوژی.

سەرهەڵدانەکانی ٣ی رەشەممەی ١٣٧٧ی هەتاوی لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە پێشەنگایەتی ژنان و گەنجان لەبنەڕەتدا کاردانەوەیەک لەبەرامبەر سیاسەتەکانی لاوازکردنی کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی فاحشەگەری، ماددەی هۆشبەر، بێکاری، توندوتیژی و برسێتی ناو کۆمەڵگا بووە. بەشداری پۆل پۆلی گەنجان و ژنان بۆ ناو ریزەکانی گەریلا لەپێناو تۆڵەسەندنەوەی قڕکردنی گەنجان و ژنان پێکهاتووەو تا بە ئەمڕۆ بەردەوامە، ئەوەش قافی سام و ترسی لەناو دڵی تۆڕەکانی دەسەڵات درووست کردووە.

گەنجان و ژنان لەماراتۆنی تێکۆشانی ئازادی لەئێران لەپێشەوەی سەنگەرەکانی دیمۆکراسی جێ دەگرن. چون گەنجان و ژنان زیاتر لەهەر پێکهاتەیەکی تر کراونەتە ئامانجی شەڕی تایبەت و پاکتاوکاری ناوەندەکانی سەر بە ئیتلاعات و سوپای پاسداران. بۆ تۆڵە سەندنەوەی مێژوویی یان بوونەتە بڵێسەی ئازادی کە چزە لە کاربەدەستانی رژێم هەستێنن. ژنان و گەنجان بە بەشداری و پێشەنگایەتی یان لەناڕەزایەتییە مەدەنیەکان بەرەی گەل ـ دیمۆکراسی یان لەبەرامبەر بەرەی دەوڵەت ـ دەسەڵات بەهێز کرد، کێڵگەیەک کە تا بە ئەمڕۆ رژێم بە پێی بەرژەوەندی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرت، بە شەکانەوەی چۆپی ئازادی و دیمۆکراسی لەو کێڵگەدا، وزەیەکی زەبەلاحی دژە گەل ـ شۆڕش لەکیس دا و بە پێچەوانەوە ئەو وزەی کە رژێم پیلانێکی مەزنی لەسەر داڕشتبوو، دژ بە خوداوەندە ساختەکانی رژێم راپەڕین. رابوونی گەنجان و ژنان زنجیری سام و تابۆ داتاشراوەکانی شامانە هاوچەرخەکانیان تێکشکاند. بە بەشداریان لەچالاکیە مەدەنیەکاندا بە دروشمی رادیکاڵ خۆف و ترس یان خستووەتە ناو دڵی کاربەدەستانی رژێم. بە خۆڵقاندنی کاوەکانی هاوچەرخ ناڕەزایەتیەکان گشتگیر کراون و لەژێر کۆنترۆڵی کاربەدەستانی رژێم دەرکەوتووە. لەبەر ئەوەی گەنجان و ژنان زیاتر لەهەر پێکهاتەیەک لەلایەن کاربەدەستانی رژێمەوە کراونەتە قوربانی و لەناو مەنگەنەی دەسەڵاتدا هەوڵی تێکشکاندنی ئیرادەو باوەڕی یان دراوە، ئەمڕۆ زیاتر لەهەر پێکهاتەیەک تینووی ئازادی و دیمۆکراسین و لەهەوڵی تۆڵەسەندنەوە لەجەلادان و زۆحاکانی رژێمن و بە پێشەنگایەتی لەخۆپیشاندانەکان، پەرە بە کولتووری دیمۆکراسی دەدەن کە بناخەی دەوڵەت و دەسەڵات سەراوژێر دەکات.

تایبەت بە هاتنە مەیدانی شەپۆلی ناڕەزایەتی خوێندکاران، دەزگاکانی شۆردنەوەی مێشک و ویژدانی خوێندکاران لەپرۆسەی شۆڕشدا لەکار دەخرێن، خوێندکاران بە تاکتیکێکی نوێ پێشەنگایەتی ناڕەزایەتیە مەدەنیەکان دەکەن. هەر چەند زمانی دیمۆکراسی خاوەن تاکتیکی دەوڵەمەند بێت، بە واتای دەوڵەمەندی کولتوورییە. ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە رژێم لەناو چاڵە رەشەکانی تواندنەوە نەیتوانیوە گەنجان و ژنان لەکولتوور داماڵێت. گەنجان و ژنان بە پێشەنگایەتی ناو خۆپیشاندانەکان و ویست و داخوازیەکانیان لەکەسایەتی ئەنجۆمەنی شارەزایان، کولتووری پیرسالاری و پیاوسالاری دادگایی دەکەن و بە بەشدارییان لەگۆڕەپانی سیاسەت دەیانەوێت لەهۆنەری بەڕێوەبەری وڵات خاوەن رۆڵ بن و بەوەش پاراستن لەشووناس و ئیرادەی گەوهەری خۆیان بکەن.

## ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١ ـ سوپای پاسداران
٢ ـ بەسیج
٣ ـ وەزارەتی ئیتلاعات
٤ ـ ئیتلاعاتی سوپا
٥ ـ سوپای قودس
٦ – بڕیارگای ئاوەدانکردنەوەی خاتم الانبیا
٧- میتی تورک و ژیتەم

سوپای پاسداران لە ١٣٥٨\٢\٢ی هەتاوی، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، لەلایەن خومەینیەوە دامەزراندنی ڕاگەیەندرا. ڕژێم بۆ دامەزراندنی سوپا، کەڵک لەئەزموونی دەوڵەتانی فەلەستین و لوبنان وەردەگرێت و لەسەر ریشەی ڕێکخراوی ئاسایشی ئیتلاعاتی وەڵات (ساواک) دادەمەزرێت. ساواک ڕێکخراوەیەکی ترسناک و تیرۆریستی بووە کە ڕۆڵی ژیتەمی لەئێران گێڕاوە. لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی ژمارەیەکی زۆر مەلا و ئاخوند، پەروەردەی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و سەربازی لەفەلەستین و لوبنان دەبینن و لەسەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ چەوساندنەوەی گەل و زەوت کردنی شۆڕش، سوپای پاسداران لەسەر میراتەی ساواک دادەمەزرێنن. سوپای پاسداران لەساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی، واتا دوای ١٥ ساڵ لەشۆڕشی گەلانی ئێران، پانتایی تیرۆری بەرینتر و دڕندانەتر دەبێت.

### گۆڕەپانەکانی شەڕی تایبەتی سوپای پاسداران

١ ـ هێزی زەمینی (وشکانی) سوپای پاسداران
٢ ـ هێزی ئاسمانی سوپای پاسداران
٣ ـ هێزی دەریایی سوپای پاسداران
٤ ـ هێزی مقاومەتی بەسیج
٥ ـ سوپای قودس

بۆ کاری هاوبەش و هەماهەنگی نێوان ئەو تۆڕە تایبەتانە، ژووری هاوبەشی هێزە چەکدارەکانی ڕژێم دامەزرێندراوە. تا بە هاوئاهەنگی و کۆردینە، لەدژی گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد تیرۆر و تۆقاندن ئەنجام بدەن. لەساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی لەئێران، واتا ٣٠ی ساڵ، دوای دامەزراندنی ڕژێمی داگیرکەری ئێران، سوپای پاسداران لەکوردستان تایبەتتر کراوە. واتا سوپای پاسدارانی سەر بە پارێزگاکان و لەهەر پارێزگایەک ناوەندێکی

سەر بە سوپای پاسداران بۆ دەستپێشخەری سەرکوتی زیاتری گەلیان دامەزراندووە. قۆناخی دوایی گۆڕانکاری لەپێکهاتەی سوپای پاسداران، لەسەر بنەمای دامەزراندنی پژاک پێکهاتووە. لەساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی بەدواوە، ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ ئەوەی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم خەباتی ڕەوای پژاک لەرۆژهەڵاتی کوردستان دابنێن، ئینسیاتیفی سوپای پاسدارانیان لەئاستی هەرێمەکاندا بۆ تیرۆر و داپڵۆساندنی گەل زیاتر و سەربەخۆتر کردووە.

ئەرکی یەکەمی سوپای پاسداران ئەوەیە کە پارێزەری لەتەختی خامنەیی، پاراستنی شۆڕشی داگیرکراو، سەرمایە و دەسەڵات بکات. دووەم؛ پاراستنی گشتی ئاسایش و ئارامی ئێران یان لەئەستۆیە. سێهەم؛ گوایا لەدژی تیرۆر شەڕ دەکەن. هەر سەرهەڵدان و ناڕەزایەتیەک کە لەناوخۆی ئێران سەریهەڵدابێت، لەلایەن تۆڕەکانی سەر بە سوپای پاسداران سەرکوت کراوە. سوپای پاسداران درێژەپێدەری زهنییەتی سوپای جاویدانە.

لە ناو سوپای پاسداراندا، سوپای قودس هێزێکی دەرەوەی سنووری ئێرانە کە وەک تۆڕێکی مافیایی سوپای پاسداران ڕۆڵ دەگێڕێت و لەهەر وڵاتێکدا شانەی شاراوە و سێبەری بڵاو کردوەتەوە. بۆ نموونە حەشدی شەعبی لەعێراق، حووسییەکان لەیەمەن، حزبوڵا لەباکووری کوردستان و تورکیا لەژێر کاریگەری ڕژێمی داگیرکەری ئێران دامەزراوە، ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییانە لەدژی کوردان خەرمانێک لەتاوانیان هەیە. حەشدی شەعبی لەعێراق و حووسییەکانی یەمەن و حزبوڵا لەسوریا گرێدراوی سوپای پاسدارانن. قاسم سلێمانی سەرپەرشتی ئەو هێزە دەکات.

## سوپای پاسداران لەکوردستان خاوەن سێ ناوەندی شەڕی تایبەتە کە بریتین لە؛

١ – لەشکەری ٣ی حەمزە، لەپارێزگای ورمێ
٢ – لەشکەری ٢٢ی بەیتوولموقەدەس (بیت المقدس)، لەپارێزگای سنە
٣ – لەشکەری ٨ی نەجەف، لەکرماشان و ئیلام

سوپای پاسداران بۆ لاواز کردنی کۆمەڵگا لەم ناوەندانەوە پیلان و بەرنامە دادەڕێژێت و ناوەندەکانی شەڕی تایبەتیش لەم ناوەندانەوە ڕێنمایی کردەوە تیرۆریستەکانیان وەردەگرن. هاوکات سەرجەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و بەسیج گەرایی و دیاردەکانی تر بە ڕێگای ئەو ناوەندانە ئۆرگانیزە دەکرێت.

### بەسیج

ڕێکخراوی بەسیجی موستەزعەفین (مستضعفین)، یەکێک لەڕێکخراوەکانی ژێر باڵی سوپای پاسداران و گرنگ ترین کۆڵەکەی دەسەڵاتی ڕژێمە. ئەو ڕێکخراوەیە ئەرکی ڕاکێشانی

خەڵک، پەروەردە، ڕێکخستن و بە کارهێنانی تاکە فریودراوەکان بۆ مەرامە سیاسییەکانی ڕژێمی بە ئەستۆیە. لەرابردوودا ئەو ڕێکخراوە بە ناوی نیرووی مقاومەتی بەسیج دەناسرا، لە ٥ی ئازەری ١٣٥٨ی هەتاوی بە دەستووری خومەینی دامەزراندنی سوپای ٢٠ میلیۆنی ڕاگەیەندراوە. لەشوباتی ١٣٥٩ی هەتاوی دوای پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بە فەرمی و گرێدراوی سوپای پاسداران دەکرێت. بە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە بەسیجی دەگوترێت و بە پێ ماددەی ١٣ی یاسای دیسپلینی دامەزراندنی سوپا، بەسیجی ئەو کەسەیە کەخۆبەخشانە لەپێناو گەشەدانی سوپای ٢٠ میلیۆن کەسی، بەشداری ئەو ڕێکخراه بووە.

لەرێکەوتی ١٢ی ڕەزبەری ١٣٨٨ ناوی بەسیج، لەنیروی موقاومەتی بەسیج (نیروی مقاومت بەسیج) بۆ سازمانی بەسیجی موستەزعەفین (سازمان بسیج مستضعفین) گۆڕاوە. ناوەندەکانی وەک ئیمام عەلی، ئیمام حسێن و بەیتولموقەدەسی سەر بەو ڕێکخراوە لەسەرتاسەری ئێران دامەزراون. ٥ی ئازەر لەئیراندا بە ساڵرۆژی دامەزراندنی بەسیج و رۆژی بەسیج ناولێنراوە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ ئەم ڕێکخراوەیە ساڵانە زیاتر لە ٤٠٠ میلیارد تمەنیان لەخەزێنەی کۆمەڵگا تەرخان کردووە.

بازنەی شەڕی تایبەت بۆ ڕاکێشانی گەنجان بۆ ناو داوی تۆڕەکانی بەسیج، پێناسەی فریودەرانە دەکات کە گوایا بەسیج بریتیە لە؛ هاتنە ناو گۆڕەپان و مەیدان، خاوەن فکر و بەزەین، بە بڕوا و باوەڕمەند، خزمەتکاری بەئەمەگ، هۆشیار لەناسینی نەیار، گەشبین، هیوادار، ئەمانەتدار و گیانفیدای سەرجەم مەیدانەکان.

تۆڕەکانی دەسەڵات بە هەراوهوورایەک کە لەسەر تاکێکی بەسیجی دەیکەن ئەوەیە کە؛

١- مەیدانی شەڕی بەسیجییەک بەرتەسک و سنووردار نییە

٢- بە ناو پیاوی سەرجەم گۆڕەپانە گشتییەکانی دەسەڵاتە

٣- هێزی پڕکاری دەوڵەت لەسەرجەم مەیدانەکانە

٤- مرۆڤی شوێنە زەحمەت و ڕۆژە سەختەکانە

٥- سەرجەم هێز و توانای لەخزمەتی دەوڵەتدا وەگەڕخستووە

٦- دڵسۆز و پابەندی بەرژەوەندیەکانی ڕژێمە

پێناسەی پڕبە پێستی بەسیج و بەسیجگەرایی ئەوەیە کە ڕێبازێکی چەپەڵی تۆڕەکانی دەسەڵاتە کە کۆمەڵگای پێ لاواز و دادەڕزێنن. دەسەڵات بە ڕێگای بەسیجییەوە تاکەکانی کۆمەڵگا پەلکێشی داموەزگا سەرکوت کارییەکانی دەکات. لەو ناوەندەدا تاک داماو، بێئیرادە، بێهێز و ژێردەست دەکرێت. بۆیە کولتووری بەسیجی، گەرەنتی گەشەدانی کۆیلەتی ناو کۆمەڵگایە. ڕژێم بەو پێناسە بریقەدارانە لەنێو کۆمەڵگا بەسیجی باو و ئاسایی کردووە، تا تاکەکانی کۆمەڵگا پەلکێشی ئەو ناوەندانە بکەن.

**تۆڕەکانی دەسەڵات ٤ جۆری بەسیجیان لەکۆمەڵگا داڕشتووە کە بریتین لە؛**
١ ـ بەسیجی ناکارا (غیرفعال)
٢ ـ بەسیجی چالاک (فعال)
٣ ـ بەسیجی تایبەت (ویژە) یا پاسداری فەخری
٤ — بەسیجی کادیر

بەسیج لەهەنگاوی یەکەمدا لەنێو خوێندکاران تەنیا رەهەندێکی لەخۆ دەگرت. بەڵام ئەمڕۆ لەسەرجەم حۆجرەکانی کۆمەڵگا، دەزگای تواندنەوە و بێ رەوشتی بەسیجی تێدا دامەزراوە. تەنانەت لەناو باخچەی ساوایان تا دوا قۆناخەکانی خوێندن و سەرجەم دەرفەتەکانی ژیان، ناوەندی بەسیجیان چەقاندووە. رژێم بۆ ئەوەی کۆمەڵگا کۆنترۆڵ و بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، تۆڕێ بەسیج بەرفراوانتر دەکات.

**دامەزراوەکانی بەسیج پێکهاتوون لە؛**
١ — بەسیجی قوتابی (دانش آموزی)
٢ — بەسیجی خوێندکاری (دانشجویی)
٣ — بەسیجی کۆمەڵگای پزیشکی
٤ — بەسیجی کۆمەڵگای ئەندازیاران
٥ — بەسیجی مامۆستایان
٦ — بەسیجی خوشکان
٧ — بەسیجی فەرمانگەکان — بەسیجی فەرمانبەری
٨ — بەسیجی مزگەوت و کۆڵانەکان
٩ — بەسیجی فەقێکان و زانایانی ئاینی
١٠ — بەسیجی پیشەوەران
١١ — بەسیجی سایبری
١٢ — بەسیجی کارخانەو کۆمپانیاکان، بەسیجی کرێکاری
١٣ — بەسیجی تایبەت لەدەرەوەی سنوورەکانی رژێم
١٤ — رێکخراوەی ئوردوویی، راهیان نوور و گەشت و گوزاری بەسیج

بەسیج لەسەرجەم گۆڕەپانەکانی کۆمەڵگا خاوەن کردەوەی ناشایستە. رژێم دەیەوێت کادیری ئایدیۆلۆژی و بەتوانا و لێهاتووی لەو گۆڕەپانانەدا دەست نیشان بکات، کە چ کەسێک بۆ تۆڕەکانی سیخوڕی و جاشایەتی شارەزا و لێهاتوویە. راهیانی نوور و گەشت و گوزار و هاوشێوەکانی کە لەرۆژهەڵاتی کوردستان پەرەیان پێ دەدرێت، بۆ پەلکێش کردنی تاکەکان بۆ ناو تۆڕ و دامودەزگاکانی شەڕی تایبەتە. بەشێکی زۆر لەگەنجان ئاماژە بەوە دەدەن کە ببنە ئەندامی بەسیج و تەنیا لەسەر ناوی بەسیجی، سەردانی ناوچەکانی باکوور

و باشووری ئێران بکەن و کەڵک لەمافە تایبەتەکانی ڕژێم وەربگرن. بەس ڕژێم هەرگیز بە بەلاش تاکەکان نابات بۆ سەفرەی زانستی. دوای ئەوەی تاکێک قۆناخێک لەبەرنامەکانی ڕژێمی لەبەسیجی کارا تێپەڕ کرد و متمانەی لەلایەن تۆڕەکانی دەسەڵاتەوە بەدەستهێنا، بۆ چەپەڵترین بەشی بەسیجی تایبەت گوڵبژێر دەکرێن.

## بەسیجی تایبەت

ئەندامانی بەسیجی تایبەت، بە پاسداری فەخریش دەناسرێن و ئەو کەسانەن کە شایستەیی پاسدارییان هەیە، دوای تێپەڕاندنی پەروەردەی پێویست، ئەرکدار دەکرێن. بەسیجی تایبەت، ئەو بەشەی ناو بەسیجە کە مافی بەکارهێنان و هەڵگرتنی چەکیان لەدژی کۆمەڵگا پێدراوە. بۆ خۆیان دەتوانن لەگوند و شاردا گرووپی مافیایی سەر بە دەسەڵات دابمەزرێنن. بەسیجی تایبەت لەساڵی ٢٠٠٥ی زاینی بە دواوە لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراون و بە گیان فیدایانی خامنەیی ناسراون. واتا ئامادەن کە لەهەر ئەگەرێکدا گیانی خۆ فیدای دەسەڵات و دەوڵەت بکەن. بە گوێرەی ئەو پێناسەیە، لەناوەندەکانی شەڕی تایبەت پەروەردە کراون. تەنانەت تا ئەو ئاستەی کە لەئەگەری دیلگرتنیان خۆ بکوژن، تا زانیارییەکیان لێ وەرنەگیردرێت. ئەم گرووپە مافیایە، لەلایەن خامنەییەوە ڕێگەپێدراون کە هەر کردەوەیەکی چەپەڵ لەدژی گەل و کۆمەڵگا ئەنجام بدەن. لەو گرووپە مافیاییە دانپێنان هەیە کە تەنیا ئەرکی دەستدرێژی کردنە سەر کچ و ژنان و کوڕی ماڵباتی شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێزەکانیان پێ سپێردراوە. بۆیە کۆمەڵگای دەوڵەتی هیچ جۆرە ئاسایش و ئارامی ژیانی تاکەکانی تێدا بەدی ناکرێت.

تۆڕەکانی بەسیج دارمانی ئەو ماڵباتانەیان بە ئامانج گرتووەو لەنێو کۆمەڵگا ڕەشیان دەکەن. لەلایەکی ترەوە ئەندامانی بەسیجی تایبەت، شەلاتی و ملهۆڕی سەر گەل دەکەن. ئۆتۆریتەی دەوڵەت لەسەر کۆمەڵگا درووست دەکەن. سەرجەم ئەندامانی بەسیجی تایبەت لات و قولدوڕن کە هەر جۆرە کردەوەیەکی چەپەڵیان لێ دەوەشێتەوە. بۆ نموونە قەتل و دزی دەکەن، لەبەر ئەوەی پاڵپشتێکی بەهێزیان ناو دەسەڵات هەیە، بە سەربەستی دەسووڕنەوە. واتا سوپای پاسداران، پاڵپشتیانە کە بە بێ لێپرسینەوە و سزا دەسووڕنەوە. لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ لەخامنەیی فەرمان وەردەگرن، کەسێک ناتوانێت دەرحەقیان بڕیار و لێپرسینەوە ئەنجام بدات.

بەسیجی تایبەت لەکوردستان فاحشەگەرایی، دژە چاند و دژە بەرخۆدان پەرە پێدەدات. کولتووری خۆبەدەستەوەدان و بە چۆک دانی کۆمەڵگا دەڕوێنێت. تۆڕەکانی دەسەڵات سەرەڕای ئەوەی کە هیچ باوەڕییان بە هێز و ئیرادەی ژن نییە، لەناو ئەو دەزگایانە جێگیریان دەکەن و ڕێکخراوەکانی خوشکانی زەینب و فاتمییە و ژمارەیەک ناوەندی تر

لەگوند، شارۆچکە و شارەکانیان دامەزراندووە. ئەو ناوەندانە وەک سیخوڕی دەسەڵات و دەوڵەت ئەرکدار کراون.

## بڕیارگای خاتەمۆلئەنبیا (خاتم الانبیا)

ئەم بڕیارگایە لەژێر چەتری سوپای پاسداراندایە کە لەڕۆژی ئەمڕۆدا گەورەترین مافیای پەیمانکاری پڕۆژەکانی رژێم لەناوخۆ و دەرەوەی ئێرانە. ئەم بڕیارگایە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق بە فەرمانی عەلی خامنەیی و بڕیاری مۆحسن رەزایی دامەزراوە. بڕیارگە بە شێوەی فەرماندەیی بەڕێوە دەچێت، فەرماندەی گشتی سوپا، فەرماندەی سەرەکی ئەم بڕیارگایە. ئامانج لەدامەزراندنی ئەم ناوەندە، قۆرخ کردن و زەوت کردنی سەرجەم دەرفەتە ئابووری و بژیویەکانی ناو کۆمەڵگایە. پڕۆژە ئیستراتیژیەکانی وەک؛ دزینی ئاو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کۆنترۆڵ کردنی نەوت و گازی وەڵات، پڕۆژەی بەنداوسازی، درووست کردنی رێگاوبان و بە سەدان پڕۆژەی تری کۆمەڵگایان خستوەتە ژێر هەیمەنەی خۆیان. ئەم بڕیارگایە لەژێر ناوی ئەو پڕۆژانە ژینگەی کوردستانیان تێک و پێکداوەو کوردستانیان کردوەتە دوورگەی بەنداوسازی و بە رێگای بەنداوسازی نرخ و پیرۆزیەکانی کوردستان نوقمی ژێر ئاو دەکەن. لەژێر ناوی رێگاوبان سرووشتی کوردستانیان شێواندووە. بە پێ لێدوانە چەواشەکاریەکانی فەرماندەی ئەو بڕیارگایە لەساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی ١٣٥ هەزار مووچەخۆری هەیە. لەساڵی ٢٠١٠ی هەتاوی ئەم بڕیارگایە و کۆمپانیاکانی لەلایەن ئەمریکاوە گەمارۆیان بەسەردا سەپێنراوە.

سوپای پاسداران لەرێگای ئەم ناوەندەوە لەئێران و تەنانەت ناوچەکە، بووەتە گەورەترین رێکخراوەی مافیایی ئابووری کە سەرجەم دەرفەتە ئابووریەکانی وڵاتی قۆرخ کردوە. گۆڕەپانی ئابوورییان میلیتاریزە کردووە. لەژێر ناوی ئاوادانکردنەوە، پەرە بە وێرانی و کاولکاری دەدات. سوپا بە رێگای ئەم رێکخراوەیە کوردستان و سەرجەم ناوچە ئیستراتیژیەکانی ئێران فەتح دەکات. سوپای پاسداران بە رێگای ئەم بڕیارگایەوە زەلکاوی گەندەڵی لەکوردستان درووست کردووە.

بڕیارگای خاتەمۆلئەنبیا لە ١٠ ناوەندەی سەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە؛
١ – گرووپی کەربەلا
٢ – گرووپی نووح
٣ – گرووپی قائیم
٤ – گرووپی سیاسەد
٥ – گرووپی سوپانیوز
٦ – گرووپی نیروگۆستەر
٧ – گرووپی تایبەتی رەجایی
٨ – گرووپی سەماوات
٩ – گرووپی کەوسەر
١٠ – گرووپی عاشوورا

بڕیارگای خاتم الانبیا بۆ تێکدان و لەناوبردنی دەرفەتی ژیانی کۆمەڵگا، ٥ کۆمپانیاو دامەزراوەی زەبەلاحی دامەزراندووە کە سەرجەم کۆمپانیا و ناوەندە ئابووریەکانی ناوخۆی ئێرانی داقورتاندووە بریتین لە؛
١ – کۆمپانیای ئەندازیاری نەوت و گازی سوپانیوز
٢ – کۆمپانیای ئەندازیاری سوپاسەد
٣ – دامەزراوەی نوور
٤ – دامەزراوەی سەما
٥ – دامەزراوەی ئەندازیاران و راوێژکارانی ئیمەن سازی

## ژیتەم

یەکەکانی هەواڵگری تورکیا (ژیتەم)، رێکخراوێکی ترسناک و تیرۆریستییە کە لەساڵی ١٩٨٧ی زاینی دادەمەزرێت. لەدەیەی ٩٠ی زاینی بە هاتنە سەر کاری «تانسۆ چیلر» سەرۆک وەزیرانی وەخت، لەچوارچێوەی ناوەندی شەڕی تایبەت دژ بە گەلی کورد رۆڵی گێڕاوە. ژیتەم تاوانبارە بە کوشتنی زیاتر لە ١٧ هەزار هاوڵاتی کورد و بێ سەروشوێن کردنیان. ژیتەم بەرپرسیارە لەچۆڵ کردن و سووتاندنی ٤ هەزار گوند لەباکووری کورستان. لەبڵاوکردنەوەی فاحشەگەری، گەندەڵی و سیخوڕی لەنێو گەنجان و ژنانی کورد لەباکووری کوردستان خاوەن رۆڵە. سەرجەم تاقمە مافیاکان کە کاری قاچاخی چەک، ماددەی هۆشبەر و قاچاخی مرۆڤ دەکەن، لەگەڵ ژیتەم لەپەیوەندی دان.

ئەندامانی ژیتەم، هاوکاری ئەندامانی ئیتلاعات و سوپای پاسدارانیان لەدژی کوردیان کردووە. تایبەت ژیتەم ئەزموونی شەڕی تایبەتیان لەدژی کوردان لەباکوور بۆ کاربەدەستانی

ڕژێمی داگیرکەری ئێران گواستوەتەوە. ئەو تاکتیکانەی کە ژیتەم بۆ شەڕ لەدژی پژاک بە سوپای پاسداران و ئیتلاعات داویانە بریتین لە؛

شەهید خستنی گەریلاکانی پژاک بە شێوەی پیلانگێڕی، بۆسەنانەوە، دەرمانخواردکردن، تیرۆر، رفاندنی ئەندامان و لایەنگرانی پژاک و کوشتنیان، شێوەکانی ئەشکەنجە و دانپیانان، ڕێکخستنی گرووپی مافیایی و کۆنترا گەریلا، کوشتنی کەسانی مەدەنی بۆ دروست کردنی کەشی ترس و تۆقاندن، لەبەرکردنی جل و بەرگی گەریلایی و ئەنجامدانی کردەوە چەپەڵەکانی وەک کوشتنی کەسانی بێ تاوان، باجگیری، دەستدرێژی، قامچی لێدان و بە سیخوڕکردنی کۆمەڵگا، بە مەبەستی رەش کردنی پژاک پێکهاتووە.

یەکەمین کاری تاقی کردنەوەی نێوان ژیتەم و ئیتلاعات و سوپا، دروست کردنی گرووپی مافیایی و کۆنترا گەریلای «هیوا تاب» لەساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی لەمەریوان بووە. ئەو تاقمە تیرۆریستیە زیاتر لە ٣٨٦ هاوڵاتی بێ تاوانیان لەژێر ناوی ئەندامێتی پژاک تیرۆر کردووە و بە رادەست کردنەوەی هەر جەنازەیەک بە دەوڵەت. برە پارەیەکیان وەرگرتووە، لەکاتێکدا ئەو کەسانە هیچ پەیوەندیەکیان بە پژاکەوە نەبووە. ئەو کۆنترا گەریلایانە لەناو کۆمەڵگادا ترس و تۆقاندنیان دروست کردووەو بە پۆشینی جل و بەرگی گەریلا، تێکۆشانی گەریلایان لەبەرچاوی گەل رەش کردووە. واتا ئەو ناوەندانە لەکوردستان بۆ ناوەندەکانی شەڕی تایبەت دەستەواژەکانی؛ زۆڵە کورد، وڵات فرۆش، خۆفرۆش، چڵکاوخۆر، ئەڵقەلەگوێ و جاشێتی رەوایەت و پەرە پێ دەدەن.

## یەکەکانی کۆماندۆی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بریتین لە؛

١ — سوپای قودس

٢ — تیپی نۆهەد (NOHED)

٣ — هێزی دژە تیرۆر — NOPO

٤- پاسدارانی ولایەت

٥ — یەکینەی سابرین

٦ — یەکینەی زۆلفەقار

لەئێراندا وشەی هیزی تایبەت هاوتای (special force) لەزمانی فارسییە. ئەم وشەیە لەشوێنە فەرمیەکاندا بە جێگای تیپی ٦٥ی نۆهەد بە کار دەبرێت. هاوکات بە هێزی تایبەت، تەکاوەریش دەگوترێت. تەکاوەر بە واتای سەربازی هێرشکارە. هاوتای وشەی (commando) یە. لە ناو هەندێک لەیەکەکانی ئەرتەش بە جێگای تەکاوەر دەستەواژەی رەنجیەر بە کار دەبرێت.

## سوپای قودس – سوپای تیرۆر

سوپای تیرۆر کە سەر بە سوپای پاسدارانە، لەچەند رەهەنددا خۆی بە رێکخستن کردووە. هێزێکی فیدایی دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانە. کاتێک بەرژەوەندی رژێم چ لەناوخۆ و دەرەوە دەکەوێتە مەترسییەوە، چالاک دەبێت. ترس و تۆقاندن لەکۆمەڵگا پەرە پێدەدەن. ئەرکی سوپای تیرۆر ئەوەیە کە شەڕ لەسنوورەکانی خۆی دوور بخات و گەلانی ناوچەکە سەرقاڵی شەڕ بکات و لەدەرەوەی سنوورەکانی، تیرۆر و کوشتن پەرەپێبدات و لەبواری تیرۆرەوە هێزێکی لێهاتوو و شارەزایە. لەباشووری کوردستان نزیکەی ٣٥٠ ئەندامی سەر بە پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ئەو سوپایەوە تیرۆر کراون.

تۆڕەکانی دەسەڵات جیا لەوەی کە ئەو پارتانە مارژیناڵ و لاواز دەکات، بە رێگای شانەی نووستوو و سیخوڕەکانی، کەسانی چالاک و تێکۆشەری گەلی کورد تیرۆر دەکات. بۆ وێنە «قاسملۆ و شەرەفەکەندی» یان لەهەندەران و «کەماله خڕەی پێنجوێن و ئیقباڵ مورادی» یان لەشارۆچکەی پێنجوێن تیرۆر کرد. بۆیە سوپای پاسداران و تایبەت سوپای قودس رۆڵێکی سەرەکییان لەبڵاو کردنەوەی تیرۆر و کوشت و کوشتار لەکوردستان هەیە. سوپای تیرۆر لەرۆژهەڵاتی ناوین و جیهان دڵڕەقی و زاڵمی، وەحشەت و تیرۆر بڵاو دەکات. قاسم سلێمانی بەرپرس و گەورەترین تیرۆریستی ناو ئەو رێکخراوەیە کە لەسەردەمی شەڕی دژ بە داعش، ناووبانگی دەرکرد.

## تیپی نۆهەد– NOHED

تیپی نۆهەد لەسەردەمی رژێمی پاشایەتی دامەزراوە. لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەر دەسەڵاتی رژێمی داگیرکەری ئێران لەکوردستان، تا بە ئەمڕۆ لەدژی کوردان و تەڤگەرە ئازادیخوازەکانی، تیرۆر و دڕندەیی ئەنجام داوە.

تیپی نۆهەد بە کڵاو سەوزەکانی ئەرتەشی ئێران ناسراون، ئەوەش لەبەر جۆری پۆشینی جل و بەرگیانە کە لەتەکاوەرانی کلاو سەوزی هێزی زەوینی (زەمینی) ئەرتەشی ئەمریکا وەریانگرتووە. ناوەندی سەرەکی ئەو یەکینەیە تارانە. ئەم یەکینەیە، یەکینەی تایبەتی تیرۆری ناو هێزی زەوینی ئەرتەشە. ئەندامانی ئەو یەکینەیە بە بەردەوامی راهێنانیان پێدەکرێت. لەکەش و هەوای سەخت و دژوار، ناو گەرماو سەرما، وشکانی و ئاو بۆ ئەنجامی کردەوە تیرۆریستیەکانیان رادەهێنرێن. بۆ رفاندن، تیرۆر و کردەوەی دڕندانە پەروەردە دەکرێن. زۆربەی پەروەردەکانیان لەناو کەژوکێو، دارستان و پێدەشتەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت. ئەوەش بەڵگەی سەلمێنەری ئەوەیە کە ناوەندێکی شەڕی تایبەت دژ بە گەلی کوردە. ئەو هێزە لەگەڵ جۆگرافیا و کولتووری کوردستان ئاشنا دەکرێن کە بە ئاسانی لەکوردستان کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن.

لەلایەکی ترەوە یەکینەی نۆهەد جیا لەکردەوە تیرۆریستیەکانی لەناوخۆ و داپڵۆساندنی شەپۆلی ناڕەزایەتی گەل، لەدەرەوەی سنوورەکانی ئێران کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدات. بە تایبەت لەشەڕی سووریا ئەو هێزە راستەوخۆ بەشدارییان کردووەو ژمارەیەک ئەندامیان لەشەڕی سووریا کوژراون.

## یەکەی دژە تیرۆر (NOPO)

لەناو هێزە ئەمنیەکانی رژێمی داگیرکەری ئێراندا، هێزە تایبەتەکان بە یەکەی تایبەت ناسراون. هێزی تایبەتی دژە تیرۆر (NOPO) بژاردەترین یەکەی ناو هێزە ئەمنیەکانە. یەکەی تایبەتی دژە تیرۆری نۆپۆ کارامەترین یەکەی ئەو هێزەیە. هێزە تایبەتەکان باڵاترین یەکینەی تیرۆریستی ناو تۆڕەکانی دەسەڵاتی رژێمە. رژێم بە رێگای ئەم ناوەندە تیرۆریستیەوە بە هێزی چەپەڵی خۆی دەنازێت و حساب بۆ گەل و دەوڵەتانی ناوچەکە ناکات.

کلاوسەوزەکانی ناو ئەرتەش، هێزە تایبەتەکانی پولیسی ئێران (نۆپۆ) و یەکینەی سابرین، بژاردەترین هێزە تیرۆریستیەکانی رژێمی ئێرانن کە ماتەوزەی سەرەکی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەئێران پێکدێنن. یەکینەی نۆپۆ کاری سەرەکی داپڵۆساندنی ناڕەزایەتیە مەدەنیەکانی لەسەرشانە. خۆپیشاندانی رەوای گەل بە هێرش و پەلاماری دڕندانە دادەمرکێنن و لەخۆپیشاندانەکانی گەل، گەنجان و ژنانی ئێرانی و کورد تیرۆر دەکەن.

## پاسدارانی وەلایەت

یەکینەیەکی سەر بە هێزە ئەمنیەکانی رژێم (ناجا) یە. دامەزراندنی ئەو یەکەیە هاوکات بووە لەگەڵ دامەزراندنی ناجا لەساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی. پاسدارانی وەلایەت لەساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی پانتایی کردەوە تیرۆریستیەکانی لەبەرامبەر گەل و کۆمەڵگا پەرە پێداوە. ئەم یەکەیە پابەند و بڕوای رەهایان بە سیستەمی وەلایەتی مۆتلەقەی فەقی هەیە. هاوکات هێزی فیدایی رژێمن کە ئامادەی هەر جۆرە فیداکاریەک بۆ پارێزگاری لەتەختی خامنەیی و دەسەودایەرەکەین.

## یەکینەی سابرین

سوپای پاسداران بە بڵاوکردنەوەی ترس، بێ بەزەیی و دڵڕەقی، کەسایەتی کوردان تێکدەشکێنێت، تا دژ بە تۆڕەکانی دەسەڵات سەر بەرز نەکاتەوە. دوابەدوای چەند ساڵ لەدامەزراندنی پژاک هێزێکی دڕندەی سەر بە سوپای پاسداران بەناوی یەکینەی سابرین دادەمەزرێت کە لەژێر ناوی ئایەی قورئان، وەک سەردەمی سەدام حسێن و ئەمڕۆی ئەردۆغان، کوردان کۆمەڵکوژ و ئەنفاڵ دەکەنەوە.

یەکینەی سابرین لەناو هێزە وشکانیەکانی سوپادا، بە ناوبانگ ترین یەکەی هێزە تایبەتەکانە. لەپێناسەی دەوڵەتدا بە هێزێکی کارامەو لێهاتوو و فیدایی دەناسرێت. ئەم یەکینەیە دەستپەروەردەی هێزەکانی سوپای پاسداران و هاوشێوەکانیانە، کە لەسەرەتاکانی ساڵی ۱۳۸۰ی هەتاوی بۆ دامرکاندنی تێکۆشانی رەوای پژاک دامەزراوە. ئەو یەکینەیە، خاوەن جل و بەرگێکی خاکاوییە کە هاوشێوەی ئەرتەشی ئەمریکا لەعێراق و ئەفغانستانە.

رژێمی داگیرکەری ئێران، قورئانی وەک ئیلهام هێنەری قڕکردنی کوردان بەکار هێناوە. وشەی سابرین لەئایەی ٦٥ی سوورەی ئەنفاڵ وەرگیراوە. لەناو قۆرئاندا سابرین، مرۆڤی موسلمان، بەتاقەت و پشوودرێژن. پێناسەیەک کە لەو ئایەدا هاتووە، هەر سابرێک لەبەرامبەر دە، چەن پەرەست و خوانەناسە. واتا بە پێ پێناسەی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی رژێم، ئەندامێکی سابرین بەرامبەر دە ئەندامی پژاک شەڕ دەکات.

سێ تایبەتمەندی سەرەکی یەکینەی سابرین بریتین لە؛

١ ـ قووڵبوون لەزانست و شارەزایی لەتەکنیک

٢ ـ مرۆڤی بەهێز، هەیکەلی و بە توانان

٣ ـ بە ئیمان و بە باوەڕن.

یەکینەی سابرین باوەڕی بەتینیان بە رژێمی وەلایەتی موتلەقەی فەقی هەیە و هێزی فیدایی رژێمن. یەکینەی سابرین بە گوێرەی ئەزموونی ئیستخباراتی ١١ هێزی جیهانی دامەزراوە و کەڵکی لەئەزموونی ئەو هێزانە وەرگرتووە. کەڵک لەئەزموونی چوارسەد ساڵەی دەزگای ئیستخباراتی ئینگلتەرا وەرگرتووە. ئەوە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە رژێم، بەرهەم و سیخوڕی ئەمریکا، ئینگلتەرا و هاوپەیمانەکانیانە. واتا هەیمەنەی ئەو دەوڵەتانە سەر ئێران هەیە. ئەندامانی یەکینەی سابرین، بە مانگان دەیانبەنە دەشتی چۆڵ و هۆڵ و دارستانەکان و بە گوێرەی شەرت و مەرجی ژیانی گەریلا، مەشق و راهێنانیان پێدەکەن. بۆ نموونە یەکینەیەک لەکەژ و کێو و دەشت و چۆڵدا بۆ ماوەی مانگێک بەرەڵایان دەکەن و هیچ شتێکیان پێ نادەن، تا بۆ خۆیان ئافرێنەر بن و لەگەرما و سەرما و برسێتی خۆ بپارێزن.

چون ئەمرۆ یەکینەیەکی گەریلا لەکاتی راپەڕاندنی ئەرکی شۆڕشگێڕی لەناوچەکانی کوردستان، سەرجەم پێداویستیەکانی خۆی دابیندەکات. یەکینەی سابرینیش لاسایی هونەری تێکۆشانی گەریلا دەکەنەوە. ئەندامێکی یەکینەی سابرین، لەهونەری رەزمیدا شارەزا دەکرێن، بە زۆری لەوڵاتی کۆریای باکوور مەشقیان پێدەکرێت. ئەندامانی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە شاراوەو نەپەنین. ئەندامانی سابرین باڵۆنێکی ناوبەتاڵن. لەهێرشی داگیرکەری سوپای پاسداران بۆ سەر قەندیل، لەساڵی ٢٠١١ی هەتاوی، یەکینەی سابرین بە شێوەیەکی چالاک بەشدارییان کرد.

لەشەڕی قەندیلدا، دەمامکی ئەو هێزە دامالْرا و گەلێک فەرماندەی باڵای ئەو هێزە کوژران. دوابەدوای حەماسەی بەرخۆدانی قەندیل، ئاریشە و دووبەرەکی لەنێو ئەو هێزە سەریهەڵدا، چۆن سەرمایەی زەبەلاحیان بۆ خەرج کردبوو، بەس نەیتوانی شەڕی گەریلا بکات. لەو سەردەمەدا بەخۆبایی و بڕوابوونێکی زۆر بە هێزی خۆیان، پەلاماری سەر قەندیلیان دا، کە تاقە گەریلاک ناهێڵن و قەندیل فەتح دەکەن. بەڵام لەشەڕی قەندیل مەشق و راهێنانەکەیان تێر و بەرگەی ئیرادەی پۆلایینی گەریلای نەکردو دوای گورزێکی قورس تووشی شکست بوون. بۆیە تا بە ئێستاش لەچوارچێوەی مەشق و راهێنانی گەریلا، ئەندامانیان پەروەردە و ئامادە دەکەن.

یەکینەی سابرین سەرەڕای ئەوەی زۆر لێهاتوو، بەهێز و مەشقپێکراوی تایبەتن، نەیانتوانی لەشەرت و مەرجی شاخدا، لەدژی گەریلا شەڕ بکەن. چون هونەری ژیان و شەڕی گەریلا سەد قات تاکتیکی داگیرکەران جیاوازترە. لەبەر ئەوەی ئەو هێزە لەپێناو داگیرکەری شەڕ دەکەن، بەس بەرخۆدان و تێکۆشانی گەریلا لەپێناو گەیشتن بە ئازادییە. ئەندامانی یەکینەی سابرین بۆ پارە و دەسەڵات شەڕ دەکەن. بەس گەریلا بۆ دەستەبەر کردنی ئازادییە. گەریلا بە گیان و بەدڵ و سابرین بە ناچاریی شەڕ دەکەن. کردەوەی تیرۆریستی و داگیرکەریانەی سابرین لێڵ و نادیارە. لەئاوی لێڵ و تاریکدا تیرۆر ئەنجام دەدەن. ژمارەیەک کردەوەی تیرۆریستی روویانداوە کە تاکتیکەکانیان شاراوەیە. رژێم ئەوەندە سیناریۆی جیاوازیان لەسەر بڵاو دەکات، کە راستی رووداوێک لەناو تەمومژی، درۆ و بانگەشەی بێ بنەما ون دەبێت.

ناوەندی سەرەکی یەکینەی سابرین شاری تارانە. بەس تۆڕەکانی دەسەڵات هەوڵ دەدەن، هێزی هەرێمی ئەو یەکینەیە درووست بکەن. لەئەمڕۆدا بە بێئەوەی هێزی هەرێمی سەر بە سوپای پاسداران ئاگادار بێت، کردەوەی تیرۆریستی و قیزەونانەیان ئەنجام دەدەن. لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستان سیخوڕ و دزەپێکراویان بە جێ دەکەن و لەرێگای ئەو مۆرانەی خۆیان شناسایی کردەوە تیرۆریستیەکانیان دەکەن و دواتر هێرش دەکەنە سەر ئامانجی دیاریکراویان. لەزۆربەی هێرشە تیرۆریستیەکانی یەکینەی سابرین دژ بە گەریلا و چالاکانی مەدەنی، لەتاران و کرماشانەوە هێزی تیرۆر و سەرکوت رەوانە دەکەن.

## یەکینەی زۆلفەقار

رژێمی داگیرکەری ئێران لەناو حیفازەتی ئیتلاعاتدا، بۆ کاروباری زۆر نهێنی و گرنگ هێزێکی بە ناوی یەکینەی زولفەقاریان دامەزراندووە. زولفەقاریش شمشێری حەزرەتی عەلییە. شمشێرێک کە هەر دوو لای دەبڕێت. لەچ بدرێت، دەیکاتە دوو کوتەوە. ئەو یەکینەش لەسەر ئەو فەلسەفەیە دامەزراوە. چ کار و چالاکییەکیان پێ بسپێردرێت سەری دەخەن. سەرجەم کردەوە تیرۆریستییەکانیان نهێنی و شاراوەیە. کردەوەی تیرۆریستی زۆر بە نەپەنی و شاراوەی دەسەڵات ئەنجام دەدەن. ئەندامانی ئەو یەکینەیە هاوشێوەی یەکینەی سابرین مەشق و راهێنانیان پێدەکرێت. هاوشێوەی سوپای جاویدان خاوەن دەرفەت و پێداویستی تایبەتن و بە پێ پێشکەوتنی رۆژ دەرفەتی زەبەلاحیان لەبەردەستدایەو سەرجەم پێداویستی ژیانی و کارییان بۆ دابین دەکرێت تا نەکەونە ژێر کاریگەری هیچ هێز و دەوڵەتێکی بیانی و ئەگەر کەسێکیش لەو یەکینەیە هەڵگەڕا، لەلایەن مۆرەکانی ئیتلاعات و سوپا لەژێر پاساوێک لەناو دەبرێت، تا زانیاری شاراوە و گرنگی دەوڵەت دزەی دەروە نەکات.

## تیرۆریزەکردنی پژاک لەلایەن ناوەندەکانی شەڕی تایبەتەوە

لەئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان، دوو جۆرە کۆمەڵگا لەئارادایە، یەکیان کۆمەڵگای گەل و دیمۆکراتیکەو کۆمەڵگای تریش، کۆمەڵگای دەوڵەتییە. هەر دوو کۆمەڵگا لەناو بەربەرەکانێی قووڵدان. دەوڵەت چەندێک خۆی بەهێز و زەبەلاح وێنا بکات، کۆمەڵگای گەلانی پێ ریشەکێش ناکرێت. تۆڕەکانی دەسەڵات بۆ زەوت و قۆرخ کردنی دەستکەوت، ڕەنج و بەرهەمی کۆمەڵگای سروشتی و دیمۆکراتیک لەناو هەوڵ و تەقالای بێ وچاندان. دەوڵەت لەبەرامبەر هێزی گەل و کۆمەڵگا هەرگیز بە هێز و توانا نییە، سەرجەم ئەو کایە و فیلمانەی کە یاری دەکات، بۆ ئەوەیە کە خۆی بە هێز و زەبەلاح بنوێنێت. سەرەڕای بە کارهێنانی ئەو هەموو رێکاری فێڵ و تەڵەکە و هێرش و کاولکاری، هێز و توانای فەتح کردنی کۆمەڵگای نییە و نابێت.

سەرجەم ئەو هێز و رێکخراوانەی کە لەکوردستان سەریانهەڵداوە، زۆر لۆژیکیانە و شارەزایانە پێناسەی پڕ بە پێست و تۆخی شەڕیان نەکردووە. لۆژیکی شەڕی کلاسیک و کۆن لەبەرامبەر تەکنۆلۆژیای دڕندەی دوژمن وەستاونەتەوەو کۆتاییان بەهێز و ئیرادەی خۆیان هێناوە. هاوکات حەڵقەی بەرخۆدانی کۆمەڵگاشیان ترازاندووە. بۆیە گەریلا ئەمڕۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە شەڕی کلاسیک ناکەن. بەڵکوو لەشەڕی سەردەم کە شەڕی تەکنۆلۆژیا، مێشک، کولتوور و ڕۆحی و دەرونییە، خۆ بەرێکخستن و نووژەن دەکەنەوە. چون گەریلا تەنیا هێزێکی سنووردار بە خەباتی لەشکەری نییە، کە تەنیا چەک لە سەر شانبنێت و شەڕ بکات.

رژێمی داگیرکەری ئێران لەلاوازترین قۆناخی سەردەمی دەسەڵاتداری خۆیدا ژیان بەسەر دەبات. رژێم ئەوەندە ترسی لێنیشتووە کە دەیەوێت لەسەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگا هەبوونی خۆی بسەپێنێت. پژاک خاوەن هەیکەلی کۆمەڵگای دیمۆکراتیکە کە ڕەهەندەکانی نەتەوەی دیمۆکراتیک و ئاواکردنی سیستەم، کۆمەڵگای سرووشتی، مێژووی ژن، مێژووی پەکەکە و پژاک، سەرجەمیان هەوێنی پێکهێنانی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک و دامەزراوەکانی دیمۆکراتیکی گەل بونیاد دەنێن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، پژاک و پەکەکە وەک مافیا نیشان دەدەن و دوای شکڵ گرتنی ئەو زهنییەتە لەناو کۆمەلگا، زەمینە بۆ بە تیرۆر ناساندنی پژاک خۆش دەکەن. پژاک وەک تەڤگەرێکی مافیایی و چەتە لەقەڵەم دەدەن. پێناسە و خەسڵەتی ناحەزی خۆیان بە زۆرەملێ بە سەر پژاک دەسەپێنن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەژێر دەمامکی کۆنترا گەریلا، بە زۆر پارە لەگەل دەستێنن و ئەو کردەوە قێزەونانەیان بە سەر پژاکدا

ساق دەکەنەوە. واتا پژاک لەڕۆژهەڵات، بە زۆرە ملێ پارە لەکاسبکار و کۆڵبەران وەردەگرێت. بەو پێناسەیە دەیانەوێت کەشێکی وا بخوڵقێنن کە سەرچاوەی بژێوی ژیان و دەرفەتی ماددی و مەعنەوی گەریلان.

کۆڵبەر و کاسبکارەکان، لەناوچە سنووریەکان بۆ پەیدا کردنی نانی سەر سفرەیان رەنج و ئارەقە دەڕژێنن. دەوڵەت لەچوارچێوەی سیاسەتی بیودەسەڵات، دەرفەتی ژیان و کاری ئازادی کۆمەڵگا بن بڕ دەکات. بەس کۆمەڵگا بۆ خۆی دەرفەتی بژێوی ژیان دەخۆڵقێنێت و لەژێر پاساوی یارمەتی دانی پژاک، دەرفەتی کاری هاوڵاتیان تیرۆریزە دەکات. دواتر کوشتنی کۆڵبەر و کاسبکار لەلایەن مۆرەکانی رژێمەوە رەوایەتی پێدەدرێت، گوایا کۆڵبەر و کاسبکار یارمەتی گەریلا دەدات و گومریکیان لێ دەستێنرێت و دەرفەتی ژیان بۆ گەریلا دەڕەخسێنن، لەبەر ئەوەیە کوشتنی کۆڵبەران لەلایەن مۆرەکانی رژێمەوە کارێکی ئاسایی بووەتەوە. تەنانەت لەپەڕلەمان کاری کۆڵبەرییان بە کاری قاچاخ پێناسە کردووە. ئەو کات کاری قاچاخ لەگەڵ مافیای پژاک وەک یەک بەراورد دەکرێت کە پێکەوە کاری مافیایی دەکەن. سەرجەم ئەو کارە چەپەڵانەی کە سوپای پاسداران و ئیتلاعات ئەنجامی دەدەن، دەیخەنە ئەستۆی پژاک.

## رێکارەکانی بە تیرۆریست ناساندنی پژاک لە لایەن رژێمەوە

١- وەک یەک چواندنی پژاک و پەکەکە

٢- قبووڵ کردنی ئایدیۆلۆژی ڕێبەر ئاپۆ لەلایەن پژاکەوە

تۆڕەکانی دەسەڵات ئەو دوو ئامانج و کاراکتەرەی پژاک بە تیرۆر ناوزەد دەکەن. لەکاتێکدا ئەو دوو خاڵە بۆ پژاک و لایەنگرانی نە خاڵی لاواز و شەرماوەرن و سەربەخۆ بوونی پژاک ناخەنە ژێر پرسیارەوە؛ بەڵکو نیشانەی بەهێزبوونی ئیرادە و سەربەخۆ بوونی پژاک لەگشتی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دەسەلمێنێت. بەتایبەت پژاک وەک تەڤگەرێکی کوردی، پشتی بە هیچ دەوڵەتێک نەبەستووە، بە پێچەوانەوە پشتی خۆی بە میرات و ئەزموونی تەڤگەری کورد لەسەرجەم بەشەکانی کوردستان گرێ داوە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە رێگای مۆرە و دامودەزگاکانیەوە گوشارێکی زۆریان خستووەتە سەر پژاک تا پەلکێشی ناو سیاسەتی رژێم بکەن.

رژێم بەو رێگایەوە، دەیهەوێت پژاک بخاتە ژێر هژمۆنی خۆی و پەلکێشی ناو شەڕی تایبەتی بکات. لەم قۆناخەدا بابەتی دەستێوەردانی سەر ئێران لەڕۆژەڤ دایە، گوشارێکی زۆر دەخرێتە سەر پژاک تا ناچار بکرێت بکەوێتە شەڕ لەدژی ئێران. دەیانهەوێت پژاک سیاسەتێک بەڕێوە ببات کە بە گۆیرەی بەرژەوەندی ئێران، ئەمریکا و ئەورووپا بێت، نە بە گوێرەی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بێت. بۆیە تۆڕەکانی دەسەڵات تەڤگەری ئازادیخوازی کورد لەرۆژهەڵات ناوزڕاو و سووک دەکەن کە پەکەکە و پژاک یەکن. بۆ وێنە پەکەکە لەگەڵ

ڕژێم لەقۆناخی بێ چالاکیدایەو لەسەر پرسی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد، گوایا لەگەڵ ڕژێم، لەناو دیالۆگ و دانوستاندایە. لەسازکردنی ئەو جۆرە سیناریۆدا، دەڵێن پژاکیش خاوەن هەمان ڕوانگەو سیاسەتە. واتا پژاکیش لەگەڵ ئێران لەناو دیالۆگ و دانوستاندایە. لەو دۆخەدا کەشێکی وا درووست دەکەن کە پژاک لەلایەن ئیتلاعاتەوە درووست کراوە و لەهزر و مێشکی کۆمەڵگا بە جێ دەکرێت.

جیا لەو قسەو قسەلۆکانە، ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پژاک لەلایەن ئەڵمانیاوە لەبواری ماددی و مەعنەوییەوە پشتگیری دەکرێت. پاش پووچەڵ کردنەوەی ئەو بانگەشانە، پرۆپاگاندەی وایان بڵاو کردەوە کە ئیسرائیل پشتگیری پژاک دەکات. لەکاتێکدا ئیسرائیل بە خۆی دژی گەلی کورد و تەڤگەری ئازادیخوازییە. چەسپاندنی ئەو مۆرکە لەسەر پژاک چەندێک ئامانجی خۆی دەپێکێت؟ بازنەی شەڕی تایبەت بۆ ئەوەی پژاک پەلکێشی سیاسەتی خۆ و ناچاری سەردانەواندنی بکەن، ئەو قسەو قسەلۆکانە بڵاو دەکەنەوە.

بەشێک لەپارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبڵاو کردنەوەی ئەو قسەو قسەلۆکانە ڕۆڵی تێکدەری دەگێڕن. بە بێ هیچ بەڵگەیەک پژاک تۆمەتبار دەکەن کە ڕەسەنایەتی کوردی نییە، واتا بنچی گرێدراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. وتەوت دەکەن کە پژاک گرێدراوی پارچەیەکی تری کوردستانە. لەژێر ئەو بانگەشانەدا، زهنییەتی پارچەگرایی و هەرێمچێتی بەربڵاو و تۆختر دەکەن. ئەو هێز و لایەنانە دەیانەوێت لەناو پژاکدا چەمک و ئایاتی بازنەی شەڕی تایبەت بچەقێنن. پەیوەندی پژاک بە پەکەکەوە، پەیوەندییەکی ئیستراتیژییە و تا دوایی لەئەزموونی تێکۆشانی کەڵک وەردەگرێت. ئەوەش نابێتە خاڵێکی لاواز بۆ پژاک. چون پژاک خاوەن ناسنامە و بەرنامەو پەیڕەوی خۆیەتی. پژاک بە ئەرکی خۆی دەبینێت کە فکر و ئایدۆلۆژیای ڕێبەر ئاپۆ لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو بکاتەوەو بۆ پێکهێنانی تێبکۆشێت.

ڕژێمی داگیرکەری ئێران بۆ ئەوەی پژاک تیرۆریزە بکات، سیناریۆ داتاشراوەکان پێکەوە دەبەستنەوە کە گوایا ئاپۆ تیرۆریستە و بەند کردنی لەئیمپڕاڵی و تیرۆریست بوونی پەکەکە لەئاستی نێودەوڵەتی، بەڵگەی داتاشراوی ئەو بابەتەیە. لەهەمان کاتدا لەبەر ئەوەی پژاک گوایا شاخەی پەکەکەیە لەڕۆژهەڵات، تیرۆریستە. بەو شێوەیە لەنێو کۆمەڵگادا ترس و دڵەڕاوکێ درووست دەکەن تا گەل نزیکی پژاک نەبنەوە. هاوکات لەناو هێزە چەپگەر و سۆسیالیستەکانی ئێران، شک و گومان دروست دەکەن تا ترس لەدڵیان بنیشێت و قەرەی پژاک نەکەون. تا بەو شێوەیە پژاک لەڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆشەگیر و پاکتاو بکەن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت سەبارەت بە بابەتی پاراستنی ڕەوا، بە وردی و چڕی کاری لەسەر دەکەن. ڕژێم بە جێگای پاراستنی ڕەوا، شەڕی چەکداری بە کار دەبات.

تۆڕەکانی دەسەڵات، پژاک وەک گرووپێکی مافیایی پێناسە دەکەن. واتا مافیاگەرەکان چەک و چۆڵیان هەیە. بەوەش دزی، کاری قاچاخ، کوشتن و تۆقاندن لەناو کۆمەڵگا ئەنجام دەدەن.

رژێمی شەڕی تایبەتی ئێران، لەسەر گەلی کورد پێناسەی ئەوە دەکەن کە کورد مرۆڤکوژە. بازنەی شەڕی تایبەتی رژێم، دیمەنێکی وەهایان لەسەر کورد نەخشاندووە، کە کوردان مرۆڤ سەر دەبڕن. بەو سیاسەتە دەیانەوێت نەتەوەکانی تر نزیکی کوردان نەبن. رژێم پاراستنی گەوهەری کە فەلسەفەی بوون و بەردەوامی کوردانە تیرۆریزە دەکات. تەنیا دەوڵەت مافدارە کە خاوەن چەک بێت. لەکاتێکدا پاراستنی کۆمەڵگا ئەرکی هەر کەسە. باسی ئەوەمان کرد پەروەردە ئەرکی کۆمەڵگایە نە دەوڵەت. بەس دەوڵەت ئەو ئەرکەی لەکۆمەڵگا زەوت کردووە، تا تواناى خۆپاراستنی نەمێنێت. یاسای وایان داتاشیوە کە دەبێت چەک تەنیا لەدەستی مۆرە و جەلادەکانی دەوڵەت بێت. بە پێ یاسای ناوەندەکانی شەڕی تایبەت ئەگەر کەسێک خاوەن چەک بێت، تیرۆریزە دەکرێت.

تۆڕەکانی دەسەڵات چەک بە چ کەسێکەوە بگرن، سزای قورسی لەسێدارەدان، کوشتن و زیندانیی هەتاهەتایی بەسەردا دەسەپێنن، تا فەلسەفەی پاراستنی لەیاد بچێتەوە. لەژێر ئەو تۆمەتانەدا هەموو بوارێکی ژیانیان لەکورد داخستووە، کە تەنیا گۆڕەپانی شەڕیان بۆ کورد ئاوەڵا کردووە کە کورد گەلێکی شەڕکەر، قارەمان و ئازایە، بە پەسن و پیاهەڵدان کوردیان وا لێکردووە کە جیا لەخزمەتی کۆمەڵگای خۆی، خزمەتی هەر رژێم و دەسەڵاتێکی داگیرکەر بکات. بۆ وێنە مۆرەیەکی رژێم، تاریف و پەسنی بەژن و باڵای سەرۆک عەشیرەتێکدا هەڵبدات و بەڵێن و پەیمانی بێ بنەمایان پێ بدەن، هەموو هێز و توانای خۆی و عەشیرەتەکەی خستوەتە خزمەتی تۆڕەکانی دەسەڵات و بە گیانبازییەوە شەڕیان بۆ کردووە. ئەو چڵکاوخۆری و خیانەتکارییە، تەنیا بە برێک پارەو دەرفەتی بێ نرخ تێپەڕ کراوە.

پژاک لەرۆژهەڵاتی کوردستان شۆڕشێکی زهنی و گۆڕانکارییەکی بنچینەیی درووست کردووە. بە پێی ویست و داخوازیەکانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت و بە فێتی دەرەوە شەڕی نەکردووە، بەڵکوو بە پێ پێویستی گەل و کۆمەڵگا شەڕ و تێکۆشاوە. پژاک بە عەقڵ، لۆژیک و سیاسەت شەڕ دەکات و کۆمەڵگا دەپارێزێت. بە پێچەوانەوە وەک ژمارەیەک لەپارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە فێتی دەروە، لەپێناو بەرژەوەندی تەسکی حزبی شەڕی نەکردووە.

لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران سەرجەم شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵ و هەیمەنەی پارتە کوردیەکاندا بوو. هاوشێوەی ئێستا باشووری کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی پارتی و یەکێتی دایە. لەبەر ئەوەی گرنگییان بەلۆژیکی تری شەڕ نەدا. ئەو پارتانە تەنیا

گرنگییان بە شەڕی چەکداری دا. خەباتی چەکداری ئەگەر ئایدیۆلۆژی و سیاسەتی لەگەڵدا نەبێت، دەکەوێتە خانەی مافیاییەوە، یان تەنیا بۆ چەوساندنەوە و سەرکوتی کۆمەڵگا بە کار دەبرێت.

## جۆرەکانی شەڕ

١ – شەڕی هێرشکارانە

ئەو شەڕەیە کە دەستدرێژی بۆ سەر خاک و وەڵاتی نەتەوەیەکی تر بە ئامانج دەگیردرێت. لەو شەڕەدا چەوسانەوە، داگیرکاری، سەرکوت و سەپاندنی ئایدیۆلۆژی و مەزهەبی تایبەتی دەسەڵات، بە سەر کۆمەڵگا دەسەپێنرێت. ئیرادەی گەلان تێکدەشکێنرێت. فرەڕەنگی لەکۆمەڵگا لەناو دەبرێت. بە زۆرەملێ دەسەڵات بە کۆمەڵگا بە قەبووڵ کردن دەدرێت. بە پێ ئەو پێناسەیە لەئێران و سەرجەم بەشەکانی تری کوردستان رژێم و دەوڵەتەکان هێرش و پەلاماری گەل و کۆمەڵگایان داوە. چون هێرش و پەلامار کاراکتەر و خەسڵەتی رژێمەو ئەوەی کە لەئێران شەڕ و ئاژاوەگێڕی هەڵگرساندووە، تۆڕەکانی سەر بە دەسەڵاتە.

٢ – شەڕی پاراستنی رەوا

ئەو شەڕەیە کە لەلایەن گەل و کۆمەڵگاوە لەپێناو پاراستنی ئیرادەو بوونیان لەدژی هێزی هێرشکار رایانگەیاندووە. شەڕێکی ویژدانی و ئەخلاقییە. گەلی کورد لەبەر ئەوەی بەردەوام مەترسی نکۆڵی و قڕکردنی جەستەیی و کولتووری لەسەر بووە، هەمیشە لەناو شەڕی پاراستن دا بووە. هاوشێوەی رۆژئاوای کوردستان لەبەرامبەر هێرشی دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی کە بە ئامانجی قڕکردن پێکهاتووە، بە تێکۆشانی دیمۆکراتیکی، پاراستن لەناسنامە و بوونی خۆی کردووە. تۆڕەکانی دەسەڵات بەردەوام هێرشیان کردوەتە سەر نرخ و دەستکەوتەکانی کۆمەڵگا و گەلیش لەپێناو پاراستنی نرخەکانیان پەنایان بۆ چەکی پاراستن بردووە.

بە پێ رئاڵیتەیەک کە لەکوردستان و ناوچەکەدا هەیە، نەبوونی هێزی پاراستنی رەوا بۆ گەلی کورد بە واتای خۆکوژییە. ئەرێ کردنی سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردنی دەوڵەتانی حاکم لەسەر کوردستانە. بە واتای پشت هەڵکردن لەسەرجەم پرەنسیپی ئەخلاقی و مرۆییە کە بوونی گەلی کوردی مسۆگەر کردووە. هێزی پاراستنی رەوا ئەمڕۆ نامووس و شکۆی کوردە. دژایەتی لەگەڵ هێڵی پاراستنی رەوا بە واتای بێ شەرەفی و ئەرێ کردنی دەستدرێژی و داگیرکارییە. رێبەر ئاپۆ سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: «ئەگەر کۆمەڵگایەک مافی خۆپاراستن لەبەرامبەر هێرشەکان بە کار نەهێنێت، تووشی نامۆبوون لەناسنامەی خۆ دەبێت، سرووشتی کۆمەڵایەتی لەدەست دەدات و هەنگاو بۆ لەناو چوونی خۆی هەڵدەگرێت».

**پێناسەی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی رژێم، لەسەر پاراستنی ڕەوای گەلی کورد:**

١ – گەلی کورد بە گەلێکی توندوتیژ، شەڕانگێز و تیرۆریست لەقەڵەم دەدەن.

٢ – پاراستنی رەوا، بە هێرشی چەکداری گەل بۆ سەر دەسەڵات دەچوێنن کە گوایا گەلی کورد گەلێکی یاخی و چەتەیە کە مرۆڤ ئەشکەنجە و راوڕووت دەکەن.

تۆڕەکانی رژێم بەو پێناسە چەپەڵانە ناسنامەی سیاسی لەکۆمەڵگا زەوت دەکەن، تا کوردان خاوەن پێگەی سیاسی نەبن.

لە ٣ی رەشەمەی ١٩٩٩ی زایندا، کاتێک رێبەر ئاپۆ رفێندرا، گەلی رۆژهەڵاتی کوردستان خاوەندارێتی لەڕێبەر ئاپۆ کرد. ئەوەش بە واتای رەت کردنی سیاسەتی لاوازسازی کۆمەڵگا بووە. راپەڕین و هەڵسان بووە لەبەرامبەر سیاسەتی چەپەڵی دەوڵەت. پێداگری لەسەر دەستەبەرکردنی ناسنامەی سیاسی و کولتووری کۆمەڵگا بووە.

ئەو گەلەکۆمە نێودەوڵەتییە، ئاوابوونی پژاک و بەرزکردنەوەی ناسنامەی سیاسی بۆ کۆمەڵگای کوردی لێکەوتەوە. دەستپێکردنی خەباتی پاراستنی ڕەوا بۆ گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەدوای خۆ هێنا. بۆ ئەوەیە کە دەوڵەت تۆڵەی خۆی لەکۆمەڵگا دەستێنێت. کۆمەڵگایەکی بێ پاراستن بێت و گرنگی بە پاراستنی ناسنامە و کولتووری خۆی نەدات، ئەو کۆمەڵگا خۆکوژی دەکات. هیچ کۆمەڵگایەک بە بێ پاراستن ناتوانێ دەرێژە بە بوونی خۆی بدات و نابێت هیچ کۆمەڵگایەک پاراستنی خۆی رادەستی دەوڵەت و دەسەڵات بکات. چون رادەست کردنی پاراستنی کۆمەڵگایەک بە واتای رادەست کردنی گۆشت بە پشیلەیە. دەوڵەت بۆ خۆی هۆکاری سەرجەم سەرهەڵدانی تەنگ و چەڵەمەکانی ناو کۆمەڵگایە. لەبەر ئەوە کولتووری پاراستن لەکۆمەلگایەکدا چەندێک لاواز بێت، کۆمەڵگا ئەوندە لەبوونی خۆی نامۆ و لاواز دەبێت.

**ئەو دەستەواژانەی کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، پژاکی پێ تیرۆریزە دەکەن:**

**١- موحارب – دژە خودا**

**٢ – دژە شۆڕش**

**٣ – مۆرەی بێگانە**

**٤ – جیاخواز (تجزیە طلب)**

**٥ – خراپەکار – (اشرار)**

**٦ – تیرۆریست**

## موحارب

ڕژێمی داگیرکەری ئێران بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک دەستەواژەی ناشیاو؛ زهن، ویژدان، مێشک و دڵی کۆمەڵگا داگیر دەکات. زهنییەتی فاشیزم لەناو کۆمەڵگا تەشەنە پێدەدات کە گوایا پژاک موحاربە (لەرژێمی ئێراندا کەسێک کە لە دژی بەرژەوەندیەکانی رژێم راپەڕێ، واتا لەدژی خودا راپەڕیوە و کوژرانی واجبە) نیشان دەدات. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت گەریلا بە دژە خودا بەناو دەکەن. هاوکات تۆمەتی دژە شۆرش دەخەنە پاڵ کوردان و پژاک.

بە پێ پێناسەی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی رژێم، پژاک ئەمرۆ شەڕ لەگەڵ خودا دەکات. واتا بە پێی ئەو پێناسەیە دەوڵەت خودای سەر زەوییە. ئەو کات بەندە چۆن دەتوانێت لەبەرامبەر خودا سەری خۆی هەڵبرێت؟ بە پێی ئەو پێناسەی سیستەمی کاپیتالیزم خودای هێناوەتە سەر زەوی. دەوڵەت پارەی لەژێر کۆنترۆڵی خۆی قۆرخ کردووە، تا سەرجەم بەندەکانی ناچار بن لەبەرامبەر دەوڵەت و دەسەڵاتدا بە چۆکدا بێن. مادەم ئەمرۆ گەریلا خاوەن چەکی پاراستنە، لەلایەن رژێمەوە تۆمەتی موحارەب و دژە خودای خراوەتە پاڵ تا لەسێدارەدان و کۆمەڵکوژکردنی رەوا بکرێت.

## دژە شۆڕش

تەوەرەی دژە شۆڕش کە لەدژی پژاک و گەلی کورد بە کاری دەبات، یارییەکی چەپەڵی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتە. شۆڕشێک کە لەساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لەئێراندا بەرپا بوو، شۆڕسی گەلان بووە. بەس دوای دەست بەسەرداگرتنی لەلایەن رژێمەوە، دژە کولتوور و دژە شۆڕش لەلایەن تۆڕەکانی دەسەڵات پەرەیان پێدراوە، کە لەبنەڕەتدا دژە شۆڕشی گەلانی ئێران بووە. لەم دۆخەدا گەلی کورد و پژاک بە دژە شۆڕش تۆمەتبار دەکەن. بە بیانووی ئەو تۆمەتەوە، یاسایەکی نادیمۆکراتیک یان بە سەر گەلی کورددا سەپاندووە. پژاک بە مقاشی دەستی بێگانەکان و دزەکراوی، ئەمریکا، ئیسرائیل و ئەڵمانیا تۆمەتبار

دەکەن. لەکاتێکدا پژاک هەمیشە باسی کردووە کە نە گرێدراو دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵکوو هێڵی سێ کە هێڵی دیمۆکراسی و گەلە بە بنەما دەگرێت.

لەبەر ئەوەی ئەو پێناسانەی کە لەسەر پژاک هەیە، هەوڵدانێکی چڕوپڕ لەئارادایە کە سەرجەم ئەو سیاسەتانە پووچەڵ بکات. پژاک بە پێی بەرژەوەندی ئەمریکا و هێزە بیانییەکان سیاسەت ناکات، کە دەستێوەردان لەسەر ئێران بکرێت، بە پێی ئەوە تاکتیک و ئیستراتیژی دەست نیشان بکات. پژاک تەڤگەرێکی سەربەخۆیە و بە پێی پێویستی و داخوازی دیمۆکراتیکی گەل هەنگاو هەڵدەگرێت.

بەو پێیە خودی سوپای پاسداران دزەکراو و مەقاشی دەستی ئەمریکا و ئینگلتەرایە. بە پێی ئەو تۆمەتانە ئەگەری ئەوە هەیە کە ژمارەیەک لەپارتە کوردیەکان وەک؛ پارتی و یەکێتی دەستپەروەردەی ئیسرائیل و وڵاتانی تر بن، بەڵام هەرگیز تەڤگەری ئاپۆیی مۆرە و دەستپەروەردەی بێگانەگان نییەو نابێ.

## جیاخوازی (تجزیەطلبی)

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت دەڵێن کە پژاک جیایی خواز (تجزیە طلب)ە، بۆیە هێرشەکانیان سەر گەلی کورد ڕەوایە. لەسەر ناوی جیایی خوازی، فاشیزم و دژبەری گەلانی ئازەری، فارس، عەرەب و بەلووچ لەدژی پژاک دەجووڵێنن، تا دژ بە تێکۆشانی ڕەوای گەلی کورد بوەستنەوە. لەکاتێکدا پژاک چارەسەرییەکی ئاشتیانە و دیمۆکراتیک لەچوارچێوەی پێکەوە ژیانی گەلان لەئێران پێشدەخات. لەلایەکی تریشەوە ئەمڕۆ لەژێر هەمان بەرچەسپ، دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا هێرشی قڕکردن سەر گەلی کورد لەرۆژئاو، باکوور و باشوور ئەنجام دەدات کە گوایا کورد جیاخوازن. ئەو بەرچەسپەش بووەتە هۆکار کە تورکیا ڕەوایەتی هێرشەکان بە دەست بێنێت و رای گشتی جیهان لێ بێدەنگ بن.

## خراپەکار (اشرار)

تۆمەتێکی تری ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کە پژاکی پێ ڕەش دەکەن، مۆرکی خراپەکار (اشرار) ە. واتا پژاک شەڕفرۆش و یاخییە کە لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خراپەکاری ئەنجام دەدات. بە بڵاو کردنەوەی ئەو بانگەشە، مۆرکی تیرۆریستی بە سەر پژاک دەچەسپێنن. بە بیانووی ئەو تۆمەتانە کادیرێکی پەکەکە و پژاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سزای لەسێدارەدانی بە سەرا دەسەپێنن.

هیچ دەوڵەتێک لەمێژووی تێکۆشانی تەڤگەری ئاپۆیی جسارەتی نەکردووە، کادرێکی ئاپۆیی لەسێدارە بدات، بەڵام ڕژێمی تیرۆریستی ئێران، حەسەن حیکمەت دەمیر ناسراو بە (عەگید) ی لەساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی لەزیندانی خۆی لەسێدارەدا. ڕژێم ڕاشکاوانە دەزانێت کە تاقە تەڤگەرێک کە دەتوانێت لەبەرامبەری بەرخۆدان و تێبکۆشێت، تەڤگەری ئاپۆییە.

بۆ وێنە لەشەڕی جیهانی سێهەمدا، تەڤگەری ئاپۆیستی تاکە تەڤگەرێک بوو توانی لەبەرامبەر چەتەکانی داعش کە وەک تەڤگەرێکی شەڕی تایبەت بە دەستی سیستەمی ئیمپریالیزم دامەزرا، شەڕ و بەرخۆدان بکات. دوو تەڤگەری ئایدیۆلۆژی لەبەرامبەر یەکتر شەڕیان کرد. بەڵام داعش بە ئامانجێکی چەپەڵ و شەڕانگیز و ئامانجی تەڤگەری ئاپۆئیش سەقامگیری ئاشتی، ئارامی و دادپەروەری لەناوچەکە بووە. لەئەنجامدا تەڤگەری ئاپۆیی داعشی تێکشکاند، کە هیچ هێز و لایەنێک، توانا و هێزی شەڕ و خۆڕاگری بەرامبەری نەبووە.

ڕژێمی داگیرکەری ئێران هاوشێوەی هەمان داعشە. بۆیە ڕژێم زۆر بە وردی و هەستیاری، بە پیلان و بەرنامەی داڕێژراو مامەڵە لەگەڵ پژاک دەکات. ڕژێم دەتوانێت زۆر بە ئاسانی هێرشی سەربازی لەسەر گەریلاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام بدات و بە هێرشیکی داگیرکەری سەرتاسەری، گەریلا لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربخات. بەڵام ئیدی ئەمڕۆ بوون و مانەوەی گەریلا لەڕۆژهەڵات، کێشەی جەستەیی تێپەڕاندووە، چون پژاک لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کولتوورێکی سەردەمیانەی داهێناوە. لەبنەڕەتدا پژاک تەڤگەرێکی کولتوورییە. تەڤگەرێکە کۆمەڵگای کوردی زیندوو و ڕێکخستن کردووە. ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەی بڵاو کردۆتەوە. بۆیە ڕژێمی داگیرکەری ئێران دەزانێت بە زۆرەملێ و شەڕ ناتوانێت بزاڤی ئاپۆیی بێخ بڕ بکات.

## ئایاتی قورئانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بریتین لە؛

١- کارێک لەدەستی من نایەت و ناتوانم هیچ کارێک بکەم

٢- تێکۆشان و بەرخۆدان بێ ئەنجامە

٣- کەسێک لەبیر و خەیاڵی تێکۆشان و کوردایەتیدا نییە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت ئەو سێ خاڵە بە شێوازێکی وەستایانە و سەرنج ڕاکێش لەناو کۆمەڵگا پەرە و بەڕێکخستن کردووە. لەکەسایەتی کورددا سێیانەی؛ نازانم، ناتوانم و ناکرێت، بووەتە هەوێنی بێ هیوایی و بێ باوەڕی تاک و کۆمەڵگا. ئەگەر ئاوڕێک لەگوند، گەڕەک و شارێکی ڕۆژهەڵات بدەین، بۆ ئەوەی تاکێک پەلکێشی ریزەکانی تێکۆشان بکەی، بە ئاسانی دەڵێت هیچ شتێک لەدەستم نایە. هۆکارەکەشی بۆ تەنیا بوون و بێ باڵی دەگەڕێنێتەوە. ئەو زهنیەتە ئەوە دەخاتەڕوو کە کۆمەڵگا پارچە کراوەو بێ باوەڕیی لەکۆمەڵگادا چەقێندراوە. هەروەها ئیرادەی تاک شکاوە کە لەبەرامبەر دەسەڵاتدا توانای سەرهەڵدانی نەبێت و بە ئاسانی وتەی هیچ شتێکم لەدەست نایە لەزاری دەرکەوێت. بەڵام لەلۆژیکی شۆڕشگێڕاندا تاک بە تاکی کۆمەڵگا دێنە لای یەک و کۆمیتە و یان ئەنجومەنی شۆڕش ئاوا دەکەن. بەس شۆڕش پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە هەوڵ و تەقالای بێ وچانی دەوێت. تاک لەخوێندنگا، سەربازگە، کارگە یا دەزگایەکی دەوڵەت کار دەکات، بێ توانا،

بێ ئیرادە و بێ بەهرە دەبێت. لەو ناوەندانەدا تۆڕەکانی دەسەڵات کۆیلە درووست دەکەن کە چ شتێکی بوێت تێدا بچێنێت.

خاڵێکی تری ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کە بڵاویان کردوەتەوە ئەوەیە کە شۆڕش و تێکۆشان بێ ئەنجامە. لەناو کۆمەڵگادا کاتێک کەسێک لەچوارچێوەی خزمەت کردن ئەرکدار بکرێت و بڵێت هێز و توانای ئەو کارەم نییە، لەژێر کاریگەری شەڕی تایبەتی تۆڕەکانی دەسەڵاتدایە. چون دەبێت تاکێکی کورد توانای ئەنجامدانی کارێکی ساکاری نەبێت.

ئەگەر ئاوڕێک لەبەرخۆدان و قارەمانی گەریلاکانی پەکەکە بدەین، گەریلایەک مێژوویەکی ئاودیو کردووە و ئاراستەی شەڕی لەقازانجی گەلی کورددا گۆڕیوە و هاوسەنگی سیاسی تێکداوە. سەرەڕای ئەوەی کە پەکەکە ئیمکانێکی زۆر کەمی لەبەردەستدایە، خاوەن پێگەو کاریگەری بەهێزە. پەکەکە لەناو شەڕی جیهانی سێهەمدا وەک هەندێک هێز چاولەدەستی دەرەوەوە نییە تا هێز و لایەنێک خێرێکی پێ بکات و ناڵێت لەناو گێژاوی ئاگری ئەو شەڕەدا کارێکم لەدەست نایەت. بەڵکوو پەکەکە هەموو هێزی خۆی خستووەتە گەڕ تا مۆرکی خۆی لەشەڕی جیهانی سێهەم بدات. چونکە بە لۆژیکی دەسەڵات نەجووڵاوەتەوە.

تاکی کورد پێویستە لەچالاکی و گوتاردا، داهێنەر و ئافرێنەر و لەڕێبازی رێکخستن کردنی کۆمەڵگا، خوڵقکار و لەڕێبازی بڵاوکردنەوەی فکر و ڕێنمایی تێکۆشان دەوڵەمەند بێت. رێبەر ئاپۆ وەک تاک لەدوورگەی ئیمراڵی رێبازێکی پەیڕەو کردووە کە بووەتە ناوەندی چارەسەری تەنگ و چەڵەمەکان و ئەوەش بە ورە و هێزی دڵ و ئایدۆلۆژی رەخساندوویە.

خاڵێکی تری ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کە وەک ئایەی قورئانی کاریگەری لەسەر تاکی کورد داناوە، ئەم دەستەواژەیە «تێکۆشان بێ ئەنجامە». لەکوردستان ٢٩ سەرهەڵدان و راپەڕین سەریانهەڵداوە، بەڵام چارەسەری مایندەیان لەسەر پرسی کورد درووست نەکردووە، بە پێچەوانەوە لەمێژووی گەلی کورد شکست لەدوای شکست یان تۆمار کردووە. لەزهنی کوردا ئەوەی نەخشاندووە کە کورد چ بکات، بێ ئەنجامە. کۆماری کوردستان، سەرهەڵدانی سمکۆ، شێخ سەعید پیران بەو دەسکەوتە بەرفراوانەیانەوە چییان بە سەر هات؟

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەناو کۆمەڵگا کولتوری بەرخۆدان لەبار دەبەن و سەرهەڵدانەکان بێ بەهەرە دەهێڵن. بەو شێوەیە کولتوری خیانەت و تەسلیمیەت ڕەوایەت پێ دەدەن. زۆر کەس دەنگۆی ئەوەیان بڵاو کردووە کە گەریلا بەدوای کڵاوی بابردوەوە کەوتوون. یان ناتوانن لەبەرامبەر ئەمریکا و ئێران شەڕ بکەن و بە ئاسانی تێکدەچن. زۆر جار خەڵک گۆمانیان دەردەبڕن کە گوایا گەریلا وەک پارتی و یەکێتی نابن؟ چون لەکۆندا شەڕی قارەمانانەیان کردووە. بەڵام ئەمڕۆ گەل و کۆمەڵگا لەدژیان وەستاونەتەوە. بۆیە

تێکۆشانی گەریلا ئەنجامێکی نابێت و بەشێکی کۆمەڵگا بە گومانەوە سەیری تێکۆشانی دێمۆکراتیکی گەریلا دەکەن کە ئایا گەریلاش وەک پارتی، یەکێتی، کۆمەڵە و دێموکراتیان لێ دێ یان نا؟ بۆ بەرچاو روونی کۆمەڵگا، گەریلا پێداگری لەسەر ئایدیۆلۆژی و قووڵکردنی تێکۆشان و فراوان کردنی رێکخستن دەکات کە بە ئیرادەو جۆشێکی مەزنەوە لەبەرامبەر داگیرکاری تێدەکۆشێت. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت ملشۆڕی سەر کۆمەڵگا فەرز دەکەن و دەیانەوێت تۆخمی شۆڕشگێڕی بێخ بڕ بکەن.

خاڵێکی تری ناوەندەکانی شەڕی تایبەت ئەوەیە کە کەسێک لەفکر و بیری تیکۆشاندا نییە. زۆر جار بنەماڵەی گەریلاکان بە فیتی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە دوای رۆڵەکانیان دەڕۆن کە گوایا منداڵەکەیان لەناو ریزەکانی شۆڕش چ دەکەن؟ چون کەسێک لەفکری کوردایەتی، پەکەکە، پژاک و رێکخستندا نییە. چونکە لەرۆژی ئەمڕۆدا پارە بووەتە خودای مرۆڤەکان. هەر کەس وەیلانی پارەیە. زۆر کەسایەتی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر دەیانەوێت ٢٤ کاتژمێر خزمەتی گەل و نیشتمان بکەن، بەس هەندێک ماڵبات دەڵێن گەریلا پارە و ئیمکان نابەخشێت، بۆچی ژیانی خۆ بە فێڕۆ دەدەن؟

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت سەمێکی وایان پاشاندووە کە کەس لەفکر و بیری تیکۆشان و شۆڕشدا نییەو هەر کەس وەیلانی پارە پەیدا کردنە. بەو زهنییەتە لەکوردستان پێداگرن لەئاواکردنی ژیانێکی پاشڤەڕۆ و ناتەندروست. بەڵام بە پێچەوانەوەی ئەو قسەوقسەڵۆکە، کورد خاوەن کۆمەڵگایەکی خۆڕاگر و تێکۆشەرە. پژاک لەبنەڕەتدا بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایەیە، بۆیە ئاڵا هەڵگری تێکۆشانی کۆمەڵگای دیمۆکراتیکە.

کۆمەڵگای کورد بێ ناوبەر لەفکری تێکۆشاندایە. لەسێدارەدان و شەپۆلی گرتن و تیرۆرەکان بەڵگەی بە پێستی ئەو راستییەن. ئەو بەڵگانەش وتەوتی تۆڕەکانی دەسەڵات پووچەڵ دەکەن. بۆ وێنە لەتورکیا فاشیزم لەلووتکەدایە و تۆڕەکانی دەسەڵات مرۆڤیان تیرۆر کردووە. لەوەڵامی ئەو دڕندەییەدا، دایکان لەسەر شاشەی تیڤییەوە، بە وتەی ئەمجار نە یەک یەک، بەڵکوو جووت جووت منداڵ درووست دەکەن. دەربڕینی ئەو وتانە لەناخی دایکانەوە ئەو پەیامەی تێدایە کە لەفکر و بیری تێکۆشان و رێکخستندان. ئەوە بەهێزترین پەیامی ئایدیۆلۆژیکی دایکانە کە بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانی دەدەن.

## شەڕی تایبەتی تۆڕەکانی دەسەڵات لەدژ بنەماڵەی شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێزان

تۆڕەکانی دەسەڵات لەدژی بنەماڵەی شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێزان شەڕی تایبەت پەیڕەو دەکەن. رێبەر ئاپۆ ماڵبات بە ئیمپراتۆری بچووک دەچوێنێت کە پرۆتۆتیپی دەوڵەت لەکۆمەڵگایە. شادەمار و رێکخراوەیەکی ڕاگرتنی دەوڵەتە. تۆڕەکانی دەسەڵات، دەوڵەت زەبەلاح و بەرفراوان دەکەن و لەهەوڵ و کۆششی دامەزراندنی ماڵباتی دەوڵەتی دان. بە پێچەوانەوە پژاک، بە دوور لەزهنیەتی داگیرکەری، لەهەوڵی بۆنیادنانی ماڵباتی دیمۆکراتیک و پێشکەوتووخوازە کە شیرازەی ماڵبات دەگۆڕێت تا دەسەڵات تێیدا سەروەر نەبێت.

بەڵکوو یەکسانی، دادپەروەری، کولتووری شۆڕشگێڕی، نیشتیمانپەروەری و ئازادیخوازی تێدا سەروەر بێت. دەوڵەت بە ڕێگای ماڵباتەوە لەهەر قوژبنێکی ئێران و کوردستان خۆی حەشار داوە. پیاو لەناو ماڵباتدا نوێنەرایەتی دەوڵەت دەکات. زهنیەتی پیاوسالاری سەر ماڵبات فەرز دەکرێت، تا ئەندامانی بنەماڵە ئاراستەی تۆڕەکانی دەسەڵات بکرێن.

لەماڵباتی دەوڵەتیدا باوک و دایک ئاواتەخوازن کە منداڵەکانیان بڕۆنە سەربازی، ناو ڕێکخراوەی بەسیج و دەزگاکانی سەر بە دەوڵەت، بەڵام ئامادە نیین ببێتە شۆڕشگێڕ. بەڵام لەکۆمەڵگایەکی ئازادیخوازدا تاکەکان لەدەوڵەت دوورەپەرێز دەبن و ئەو کۆمەڵگا ئەمڕۆ پەکەکە و پژاک بە ڕزگارکەری خۆیان پێناسە دەکەن. لەسەرەتای دامەزراندنی پژاک تا بە ئەمڕۆ کەسێکی پیس و خائین لەکۆمەڵگا بمردایە، دەنگۆی بڵاو دەبوویەوە کە پژاک کوشتوویەتی و هاوکات حەبی تەرک کردنی ماددەی هۆشبەر لەناو کۆمەڵگا بڵاو دەکات.

پژاک و پەکەکە لەزهنیەتی گەلدا بوونەتە تەڤگەری پاراستنی نامووس و کەرامەتی مرۆڤەکان. بۆیە هەر کەس ئەمڕۆ بە تاسەیە کە کەس و کارێکی لەناو ریزەکانی پەکەکە و پژاکدا بێت. بنەماڵە دەوڵەتیەکان لەژێر پەردەی حەز لێ کردن و خۆشەویستی، ڕۆڵەکانیان دەچەوسێننەوە. ئامادەیە کە جگەرگۆشەکەی لەناو چنگاڵی دەوڵەتدا بهاڕدرێت، بەڵام ئامادە نییە بەشداری ناو شۆڕشی بکات. لەکاتێکدا لەناو کۆمەڵگای دەوڵەتی، کچێک پەلکێشی قەحبەخانە و ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم دەکرێت، تەوەرەی نامووس و شەرافەت لەئارادا نییە. بۆچی بە بەشداربوونی گەنجێک سەرجەم کەس و کاری دەکەونە دەور؟ دایک و باوک دەڵێن ڕۆڵەکەیان عەقڵ، دڵ، جگەر و لاقی ناتەواوە، چاوی نابینێ و گوێی گرانە، جگەرگۆشەی خۆیان ئەوەندە سووک و چرووک دەکەن تا بیگەڕێننەوە ئامێزی دەسەڵات. تۆڕەکانی دەسەڵات سیاسەتێکیان لەناو ماڵباتدا پەیڕەو کردووە کە منداڵ قەت توانای دابڕانی لەماڵبات نەبێت. لەناو ماڵباتدا پارادۆکسێکی قووڵ ژیان دەکرێت. بۆ نموونە کچێک چوار جار زەواج دەکات و دوای هەر جیابوونەوەیەک دەگەڕێتەوە ماڵ باوکی و ئەوەش بە لایەوە زۆر ئاساییە. لەماڵباتێکدا ئەگەر کوڕێک چوار جار زەواج بکات، لەلای ماڵبات ئاساییە. ئامادەیە دەرفەتێکی مەزن بە کوڕی خۆی بدات کە سەربازی بۆ ڕژێمی داگیرکەر بکات. بەڵام زهنییەتی وا لەلای پێشنەکەوتووە کە منداڵی ببێتە شۆڕشگێڕ. بۆیە ماڵباتی کلاسیک دەزگای بەهێز کردنی دەوڵەت و دەسەڵاتە لەناو کۆمەڵگا.

ماڵبات بڕبڕەی پشتی دەوڵەتە و بۆ لاواز کردنی دەوڵەت و دەسەڵات، پێویستە ئەو بڕبڕە بترازێنرێت. لەناو گەلێک ماڵباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕانکاری بنچینەیی درووست بووە کە لەرۆژی ئەمڕۆدا، بنەماڵەکان بەدەستی خۆیان ڕۆڵەکانیان بەشداری ناو ریزەکانی شۆڕش دەکەن. پەکەکە و پژاک بووەتە پەناگایەکی ئارام بۆ پاراستنی ناسنامە و کەرامەتی مرۆڤەکان.

تۆڕەکانی دەسەڵات بە کۆمەڵێک تاکتیکی ناشیاو بنەماڵەی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و وڵاتپارێزان پەلکێشی گەندەڵی و ناوەندەکانی شەڕی تایبەت دەکەن. ڕژێمی داگیرکەر لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا بنەماڵەی کوژراوانی ڕێکدەخات و کۆڕ، کۆبوونەوە و کۆنگرەیان بۆ دەبەستێت. لەناوەندەکانی لەشکەری ٢٢ی بەیتۆلمۆقەدەس (بيت المقدس) لەپارێزگای سنە، لەشکەری ٣ی هەمزە لەپارێزگای ورمێ، لەشکەری ٨ی نەجەف ئەشرەف لەکرماشان و ئیلام سەرجەم پیلانەکان دادەڕێژن. بەرنامەی سەرەکییان ئەوەیە کە سەرجەم بنەماڵەی کوژراوانی سوپای پاسداران ڕێکبخەن. دەیانەوێت ئەو گەریلایانەش کە لەشەڕی دژی داگیرکەری شەهید بوون، بیانکەنە شەهیدی ڕژێم و ناویان لەدەزگای کوژراوانی ڕژێم تۆمار بکەن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەهەر قۆناخێکدا سەبارەت بەو بابەتە زۆر ماڵباتی شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێزیان بانگهێشت کردووە، بەڵام سەرجەم بنەماڵەی هەڤاڵان، هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان نواندووە. هەمان سیاسەت لەلایەن پارتەکانی دەسەڵاتدارەوە دژ بە ماڵباتی گەریلاکان پەیڕەو کراوەو تا ئاستێکیش ئەنجامی گرتووە. ژمارەیەک لەماڵباتی شەهیدانی پەکەکە لەباشووری کوردستان لەبەر وەرگرتنی بڕێک مووچەی بێ کەڵک، شەهیدی خۆیان لەسەر ناوی شەهیدی پارتی و یەکێتی تۆمار کردووە. ئەگەر ئەو هەڤاڵی شەهید زیندوو ببێتەوە، ئەوا حاشا لەماڵباتی خۆی دەکات.

ژمارەیەک تێکۆشەری ئینتەرناشیۆناڵ لەتاران و مەشهەدەوە بەشداری شۆڕشی ڕۆژئاوایان کرد و دوای شەڕ و خۆڕاگرییەکی قارەمانانە گەیشتنە پلەی شەهادەت. بەڵام ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، ئەو شەڕڤانانەیان کە لەریزەکانی یەپەگەو یەپەژەدا شەهید کەوتوون بە شەهیدانی پاراستن (مودافع) ی حەرەم لەقەڵەم دان. تۆڕەکانی دەسەڵات، بنەماڵەی شەڕڤانانی شەهید، بانگهێشتی ئیتلاعات دەکات و بە هەندێک هەڕەشە و گوڕەشە و بە بەخشینی بڕێک پارە، کولتووری خۆڕاگری و قارەمانی گەلان قۆرخ و دەدزێت. لەکاتێکدا هەر ماڵباتێکی شەهید لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ گەلی کورد و تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکان، پایەگایەکی تێکۆشان، دیمۆکراسی و مەڵبەندی ئازادییە.

بنەماڵەی شەهیدان ڕەمزی فیداکاری و قارەمانی کۆمەڵگان. لەکۆمەڵگادا خاوەن پێگەو ڕێزی تایبەتن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت دەیانەوێت پێگەو و قورسایی ئەو ماڵباتانە لەبار بەرێت تا کەس ڕێزیان لێ نەگرێت. ڕژێم زۆر جار بۆ ماڵباتی شەهیدانی پەکەکە و پژاک بڕێک کەل و پەلی پاشماوەی بنەماڵەی کوژراوانی ڕژێمی ناردبوو. بەس سەرجەم ماڵباتی شەهیدان فڕەیان داوە و وتویانە کە پێویستییان بەو خرت و پرتانە نییە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەڕێگای زەواجەوە دەیەوێت لەناو ماڵباتی شەهیدان و وڵاتپارێزان گەرا دابنێت، تا بگاتە مەرامی چەپەڵی خۆی. بە ڕێگای بەسیجی و

سیخوڕێکەیەوە لەژێر ناوی زەواج، ماڵباتی شەهیدان و شۆڕشگێڕەکان کۆنترۆڵ و فەتح بکەن. لەلایەکی ترەوە بە ڕێگای ئەویندارى و زەواجی فاحشەیەکی سوپای پاسداران لەگەڵ کوڕێکی ماڵباتی شۆڕشگێڕ و شەهید، ئەو ماڵباتە شۆڕشگێڕە کۆنترۆڵ و فەتح بکەن. تا هەر کەس گومان لەناسنامەی پڕاک بوونی ئەو ماڵبات بکات و لەناو کۆمەڵگا پەراوێزیان بخەن.

دوابەدوای ئەو پیلانە، ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەکۆمەڵگادا قسەو قسەلۆک بڵاو دەکەنەوە کە پڕاک درووستکراوی دەزگای ئیتلاعاتە. لەو دۆخەدا کۆمەڵگا واتا بەوە نادات کە تۆڕەکانی دەسەڵات لەڕێگای زەواج و پیلانە چەپەڵەکانیەوە دزەی کردوەتە ناو بنەماڵەکان. لەو دۆخەدا هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا سەبارەت بە پیلانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت و ڕێکخستن کردنی ماڵباتی شەهیدان گرنگە، تا بتوانن خۆیان لەبەرامبەر ئیتلاعات و ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بپارێزن.

## ئامرازەکانی ناوەندی شەڕی تایبەت بۆ پلیشاندنی ورە و باوەڕی گەل:

١- ئەشکەنجە

٢- بەندیخانە

### ئەشکەنجە

چەمکی توندوتیژی و ئەشکەنجە لەو پێناوەدا سەریهەڵداوە کە کولتوورێکی پێ تێکبشکێنرێت و کولتوورێکی تر بە جێگای بونیاد بنرێت. واتا نرخ و کولتوورێک لەچنگی گەل دەربهێنرێ و لەسەر ناوی ناسنامەیەکی تر تۆمار بکرێت. سەرجەم ئەو توندوتیژی و ئەشکەنجانەی کە ڕای گشتی جیهان دانی پێدا دەنێت، ئەشکەنجە و توندوتیژی جەستەیین. بەڵام ئاستی ئەشکەنجەی دەوڵەتەکان لەئەمڕۆدا زۆر قووڵتر و مەترسیدارتر لەو دانپێدانانەیە. چۆن سەرجەم ئەو چەواشەکاریانەی کە لەلایەن تۆڕەکانی دەسەڵاتەوە لەسەر ڕووباری مێژوو پێکهاتووە، گەورەترین تۆی ئەشکەنجە و توندوتیژی دژ بە ئیرادەی گەلانە.

### چەند پێناسەیەکی کۆنکرێت و گرنگ سەبارەت بە ئەشکەنجە

ئامرازێکی مەترسیداری ناوەندەکانی شەڕی تایبەتە، کە بۆ تۆقاندنی گەل و ڕاکێشانیان بۆ ناو تۆڕەکانی دەسەڵات بە کار دێت. گورزی تێکشکاندنی دیواری خۆڕاگری لەمرۆڤەکانە. مەکینەی هاڕینی باوەڕیی و ئیرادەی ئازادە. غەڵتەکی داماڵینی ورە، بوێری و هێزی گەلە. قەڵغانی پاراستنی دەسەڵات - هێزە. دەمامکی ترسنۆکی دەسەڵاتدارانە. چەکی گرتنی زهن و ویژدانی تاکە. شێرپەنجەی دەسەڵاتدارانە. دیو و ڕۆخساری حەقیقی دەوڵەتە. ئافەتی لەباربردنی دادپەروەری و یەکسانییە. چیمەنتۆی گرساندن و لەسەرپێ هێشتنی دەوڵەتە.

پێناسەی ئەشکەنجە لەکوردستان زۆر بە ئێش و ئازارە. لەبەرئەوەی کە دەستەواژەیەکی ناخ هەژێن و نەعلەتییە. دەرکەوتنی ئەو دەستەواژە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی چەکەرەکێشانی دەسەڵات و دەوڵەت. لەقۆناخە مێژوویەکاندا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی دەسەڵاتداران تەشەنەی سەندووە. بە پێی ئەو پێناسەیەی کە ڕێبەر ئاپۆ لەسەر ناوەڕۆکی دەوڵەت دەیکات، بریتیە لە: ئامووری ئایدیۆلۆژی+ ئامووری سەربازی+ فەرماندەی سەربازی + هۆنەری بەڕێوەبەری، کە دڕندانەترین ئامرازی توندوتیژی و ئەشکەنجەی دەستی دەوڵەت پێکدێنێت. دەوڵەت، کانی و کانگای ئەشکەنجەیە. دەسەڵات و دەوڵەت لەسەر چ جۆگرافیایەکدا بوونیان هەبێت، ئەو جۆگرافیا بە توخم و هزری ئەشکەنجە کاول و وێران دەبێت.

ئەشکەنجە ئاستی باڵای توندوتیژی دەوڵەتە بەرامبەر کۆمەڵگا. ئەوەش لەبنەڕەتدا کاراکتەری سەرەکی دەوڵەت و دەسەڵاتدارانە. چون دەوڵەت بە چەکی توندوتیژی بووەتە دەوڵەت و وەک باڵۆنێک لەزهنی تاکدا شکڵی گرتووە. دەوڵەت ئەگەر ئەشکەنجەگەر و توندوتیژ نەبێت، دەبێتە رێکخراوێکی مەدەنی. لەبەر ئەوەی بە پێی پێناسەی رێبەر ئاپۆ دەوڵەت پێکهاتووە لەفرمۆڵی دەسەڵات = پیاوی بەهێز و فێڵباز+ پیاوی خاوەن ئەزموون و ریش چەرمووە+ شامان کە هەموویان خاوەن کاراکتەری ئەشکەنجەن. بۆ ئەوەی شامان، پاشا، وەزیر، سەرۆک کۆمار و فەرماندەکان، پارێزگاران و فەرمانداران لەسەر زەوی بەندە بۆ خۆیان درووست بکەن، پەنایان بردوەتە بەر چەکی ئەشکەنجە. سەیری لاپەڕەکانی مێژوو بکەین، ئەوانەی کە دیکتاتۆر و فاشیست دەرکەوتوون، سەرجەمیان لەچوارچێوەی زهنییەتی قازانج — سەرمایە و دەسەڵات، چەکەرەیان دەرکردووە کە بەرهەمی ئەشکەنجە و توندوتیژی لێ سەوز بووە.

## ئەشکەنجە و تۆندو تیژی، چەکی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتە

ئەشکەنجە و توندوتیژی گەوهەری سیستەمی داگیراکەری ئێرانە کە بە سەرکوت و چەوسانەوە خۆی لەسەر پێ راگرتووە. حەڵقەی سیستەمی ئەشکەنجەی پێش ئەم رژێمەش، لەپەهلەویەوە بگرە تا قاجار و لەسەفەویەکان تا هەخامەنشیەکان، لەناو کۆمەڵگا ئەم سیاسەتەیان پەیڕەو کردووە. واتا کەسانی چەقۆکێش، لومپەن و جەللادەکان لەنێو کۆمەڵگادا، مەقاشی ئەشکەنجەی دەستی دەسەڵاتن، چون لەبەر بوونی زهنییەتی دەسەڵات و قازانج، حیساب بۆ کەس ناکەن و لەسەر رووباری ژیاندا، مرۆڤی بێ تاوان ئەشکەنجە دەکەن و دەکوژن، چون ئەو مرۆڤانە لات و لومپەنن، واتا دەسەڵاتی ئەشکەنجەگەر لات و لومپەنە.

کەسانی لومپەنی وەک؛ شەعبان بێمۆخ لەسەردەمی پاشایەتی، چەمران و خەڵخاڵی لەسەرەتاکانی شۆڕشی گەلاندا و عەلی خامنەیی، ئیبراهیم رەئیسی، حسێن سەلامی و محەمەد حەسەن رەجەبی لەئەمڕۆدا، رۆڵی بەنزینی ماشینی ئەشکەنجە، کوشتن و لەسێدارەدان لەئێران و کوردستان دەگێڕن. ماشینی ئەشەکەنجە لەو ناوچانەی کە گەل لەسەر پێیە، لەلایەن دەسەڵات و دەوڵەتەوە بێ وچان لەگەڕیانە. شەپۆلی گرتن و ئەشکەنجەی چەپ و راستەکان لەئێراندا، لەموجاهدینی خەلقەوە تا توودەیی و فەداییانی گەلەوە تا ئەحزابی کۆمەلە و دیمۆکرات و تا بوونی ئەمڕۆی پژاک بەردەوامە. ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە رژێمی ئێران، سیستەمی ئەشکەنجە و تۆندوتیژییە.

یەک لەو دەوڵەتانەی کە لەرۆژهەڵاتی ناویندا، زۆرترین ئەشکەنجە و توندوتیژی لەبەرامبەر گەل و کۆمەڵگا بەکارهێناوە، رژێمی داگیرکەری ئێرانە. چون ئەو رژێمە بە توندوتیژی و ئەشکەنجە دەسەڵاتی خۆی بە سەر گەل و کۆمەڵگا سەپاندووە. لەدوا حەڵقەی

ڕژێمی داگیرکەری ئێران بە ڕێبەرایەتی خومەینی، بێ سنوور لەدژی کۆمەڵگا توندوتیژی بەکارهێنراوە. چون لەسەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران، بە بەشداری نەکردنی گەلی کورد لەراپرسی و ئەرێ نەگوتن بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، سیستەمی داگیرکەری قەبووڵ نەکردووە و ڕووبەڕووی شەپۆلی خوڕاگری و بەرخۆدانی گەل بووەتەوە. بەس ڕژێم لەبەرامبەر گەلی خۆڕاگر و ڕاپەڕیو، ناوەندی سەرکوت، ئەشکەنجە و قەسابخانەی ئیرادەی مرۆڤەکانی دامەزراندووە.

ئەشکەنجەگەر و جەللادانی وەک؛ سادق خەڵخاڵی و مستەفا چەمران، فەرمانی جیهادی خومەینی لەدژی کوردان جێ بەجێ دەکەن و لەژێر ناوی ڕاماڵینی کوفر، بەرەو کوردستان لەشکەرکێشی دەکەن. لەژێر ناوی نەهێشتنی کوفر (لەدین دەرچوو)، ڕەوایەت بە ئەشکەنجە و توندوتیژی خۆیان لەکوردستان دەدەن. لەکاتی هاتنە سەر دەسەڵاتی خومەینی، لەکوردستان سوپای کۆیلەی بە ناو پێشمەرگەی موسلمانی کورد دادەمەزرێنن، تا پێشمەرگە قارەمانەکانی کورد بە کافر لەقەڵەم بدەن. واتا پێشمەرگەیەک کە ڕژێمی ئەشکەنجەی ئێران بۆ خۆی دروستی کردووە، موسلمانن. ئەوانەش کە دەرەوەی سارسارۆکی ئەشکەنجەی ڕژێمن، کافرن و کۆشتنیان حەڵاڵە. تاک و کۆمەڵگایەک مۆرکی کافربوونی لێ درابێت، ڕووبەڕووی دڕندانەترین توندوتیژی و ئەشکەنجە دەبێتەوە.

لەئێران ژن ڕووبەڕووی چەپەڵترین توندوتیژی و ئەشکەنجە بووەتەوە، هەر جۆرە کردەوەیەکیش لەژێر بەرچەسپ و دەمامکی زهنییەتی پیاوسالاری ڕەوایەتی پێ دراوە. لەژێر ناوی کاڵ فامی، نامووس و جادووگەری، پیرۆزییەکانی ژن لەئاشی دەسەڵات دەهاڕن. لەرابردوودا لەبەر ئەوەی ژن خۆڵقێنەر، زانا و تێگەیشتووە، بە مۆرکی جادووگەری و سیحر لەقەفەسی ئاسنینی دەسەڵاتدا، قۆڵبەست و زەمین کێش دەکرێت. ئێران لەئەمڕۆدا هەمان زهنییەت لەدژی ژن بەکار دەبات. بەو مۆرکانە ڕەوایەت بە سیاسەتی توندوتیژی، ئەشکەنجە و ژنکوژی دەدات. ئەو ناوەندانەی کە دژ بە ژنان توندوتیژی و ئەشکەنجە پەیڕەو دەکەن، لەئامێزی یاسای دەسەڵات پارێزراون. چۆن ناوەڕۆکی یاسای دەسەڵات بە توندوتیژی و ئەشکەنجەی دژ بە ژنان تەنێندراوە.

لەجێگایەک چەندێک توندوتیژی و ئەشکەنجە گەشە بکات، ئەوەندە خۆکوژی ژنان و گەنجان ڕوو لەزیادبوون دەکات. پارێزگای ئیلام لەئاستی پارێزگاکانی ئێران لەدیاردەی ژنکوژیدا لەریزی یەکەمینە. لەباشووری کوردستان ئاستی کوشتن و خۆکوژی ژنان زۆر بەرزە. دیاردەی خۆکوژی ژنان و گەنجان لەکوردستان نیشانی دەدەات کە کوردستان مەیدانی تاقی کردنەوەی جۆرەکانی ئەشکەنجە و توندوتیژی دەسەڵاتداران سەر گەل و کۆمەڵگایە.

## ئیتلاعات و سوپای پاسداران ماشینی ئەشکەنجە و تیرۆری ناو کۆمەڵگان

لەبەر ئەوەی گەلی کورد لەقامووسی رژێمدا بە جل و بەرگی بێ دینی خەملێندراوە، لەلایەن خومەینیەوە لە٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، جیهاد (غەزا) رادەگەیەنرێت. بۆیە دوابەدوای ئەو بڕیارە کوشتنی کوردان لەلایەن تۆڕەکانی دەسەڵاتەوە تا بە ئەمڕۆ حەڵاڵە. بە لوژیکی، کێ چەندێک لەکوردان بکوژێت، ئەوەندە لەبەهەشت نزیک و تۆشەبەرەی ئاخرەتی خۆی پڕ دەکات. تایبەت ئەوە زهنییەتە راشکاوانە لەلوژیکی داعیشدا سەریهەڵدا، کە کێ چەندێک کورد بکوژێت، ئەوەندە لەبەهەشت نزیک دەبێتەوە.

رژێمی داگیرکەری ئێران، رژێمێکی توندوتیژ و چەوسێنەرە. لەکورستاندا گەلێک فۆڕمی جیاوازی ئەشکەنجەو توندوتیژی پێشخراون. زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، لەدژی سیستەمی ئەشکەنجە و تیرۆر راپەڕیون. تۆڕەکانی دەسەڵات بە بۆلدۆزری ئەشکەنجە بۆ کوردستان لەشکەرکێشییان کرد و لەژێر زنجیری ماشینی ئەشکەنجە، بە سەدان گەنجی کوردیان بە بێ دادگایی لەمەیدانەکانی شاردا پلیشاند. ئەو رژێم بە رێبازەکانی ئەشکەنجە و تیرۆر دەسەڵاتیان بە سەر کوردستان سەپاند.

رژێم بۆ مانەوەی لەدەسەڵات ئەشکەنجە و توندوتیژی بە سیستەم کردووە. پاپۆڕەوانی کەشتی ئەشکەنجەی رژێم، پێکهاتوون لەکەسانی لومپەن، داوێن پیس، شەلاتان، لەشفرۆش، خوێری و چەقۆکەش کە هەوێنی ئیتلاعات و سوپای پاسداران پێکدێنن. ئەو جۆرە تیپە لەکوردستاندا، تۆپزی مقاشی دەستی دەوڵەتن. دەوڵەت و دەسەڵات، بەرێگای ئەم کەسانەوە تۆوی ئەشکەنجە و توندوتیژی بڵاو دەکاتەوە. کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی دژ بە مۆسەدیق گەواهی ئەو حەقیقەتەیە کە بە هێرش و پەلاماری کەسانی چەقۆکەش، جندە و شەلاتان، دەوڵەتی ملی مۆسەدیق نەزۆک دەکرێت.

رژێمی داگیرکەری ئێران لەژێر پەردەی ئاسایش و ئارامی نیشتمان، رێکخراوی ئیتلاعات و بە ناو سوپای پاسدارانی دامەزراندووە. بەڵام لەحەقیقەتدا رژێم رێکخراو و سوپای ئەشکەنجە و توندوتیژی بۆنیاد ناوە. ئەو هێزانە لەژێر دەمامکی ئاسایش و ئارامی، گەل سەرکوت و دەچەوسێننەوە. هێزێکی بە بێ هەست و ویژدانن. تاکە کارێک شارەزان لەدژی کۆمەڵگا توندوتیژی و تیرۆر بە کار دەبەن. بۆ دامرکاندنی هەر جۆرە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی مەدەنی، هەر جۆرە توندوتیژی و ئەشکەنجەیان وەگەڕ خستووە. سوپا و ئیتلاعاتی داگیرکەری ئێران، دەزگایەکی تۆقێنەرن کە لەقۆناغێکدا شاڵاوی ترس و وەحشەتیان بەرپا کردووە و قۆناغێک بە پێلی نەرم بووەنەتە دەزگایەکی شەڕی تایبەت. لەکاتێکدا پێناسەیەک کە بۆ ئەو دەزگا ئەمنییە کراوە بە ترس، تۆقاندن و وەحشت کۆمەڵگا بلەرزێنێت. مرۆڤ بە بیستنی ناوی ئیتلاعات لەترسان بهەژن. دەوڵەت بە ترس و تۆقاندن

ئۆتۆریتەی لەناو کۆمەڵگا بزمارکوت دەکات. چەندێک ترس بکەوێتە ناو دڵی مرۆڤەکان، ئەوەندە مەیل بۆ ئازادی دادەبەزێت و مەیل بۆ کۆیلەتی بەرز دەبێت.

چەمەران و خەڵخاڵیەکان ماشینی ئەشکەنجەی رژێمن کە لەژێر بیانووی پەیوەندی لەگەڵ حزبە کوردیەکان، لەپاوەوە ئەشکەنجە کردنی کۆمەڵگا دەستپێدەکەن و بە دەیان کەس رەمی و دەکوژن، لە سنەش لەفرۆکەخانەی شارەکەدا ١١ کەس تیرباران دەکەن و لەمەریوان، سەقز و پیرانشاریش بە دەیان گەنج دەستگیر، ئەشکەنجە و دەکوژن و لەزۆربەی گوندەکانی کوردستان بە دەیان، هاوولاتی رەمی و لەسێدارە دەدەن. ئەو کردەوانە رۆخساری بەرچاوی رژێمن کە بە ئەشکەنجە و تۆندوتیژی داپۆشراون و ترس و وەحشەت لەنێو گەل و کۆمەڵگا بڵاو دەکەن. مەکینەی تیرۆر و ئەشکەنجە لەدادگاییەکی ٥ خولەکیدا سزای لەسێدارەدان بۆ گەنجانی کورد دەردەکەن، بە بێ‌ئەوەی بتوانن خۆیان بپارێزن، واتا حیسابی مرۆڤ بۆ گەلی کورد ناکرێت. رژێمی ئەشکەنجەو تیرۆر، گەلی کورد بە مرۆڤ لەقەڵەم نادات. مامەڵەی حەیوان لەگەڵ تاک و کۆمەڵگای کوردی دەکات. زهنییەتی ئەوەش بە ئاشکرا لەڤیدیۆیەکدا لەلایەن مەلایەکی ئەشکەنجەی رژێم سەبارەت بە ژن بڵاو کراوەتەوە کە دەڵێت؛ ژن حەیوانێکە کە خودا ئافراندوویەو تەنیا بۆ ئەوەی پیاو لێ نەترسێ وەکو مرۆڤ خۆڵقاندوویە، ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی رەمەکی پیاو تێر بکات. ئەو نموونانە ئاوێنەی حەقیقی زهنییەتی رژێمی ئەشکەنجە دەخاتەڕوو. زهنییەتی دەسەلات بۆ گەلی کوردیش هەمان پێناسەیان هەیە.

خومەینی لەسەردەمی هاتنە سەر دەسەڵاتی، ئەشکەنجە و رشتنی خوێنی رۆڵەکانی کوردی حەلاڵ کرد. بۆیە سادق خەڵخاڵی، مستەفا چەمران و لەئەمڕۆدا حسێن سەلامی و محەمەد حەسەن رەجەبی و سادیق حوسێنی لەئێران و بە تایبەت کوردستان بە چەکەرەی توندوتیژی و ئەشکەنجە قیامەتیان بەرپا کردووە. رژێم بەو هەڵمەتانەی سەلماندی کە رژێمێکی توندوتیژ و تۆقێنەرە و لەقۆناخەکانی دواتردا بە گرتن و ئەشکەنجەی دڕندانە، لەسێدارەدان، زیندانی هەتاهەتایی، ترس و تۆقاندنیان لەناخی کۆمەڵگا درووست کردووە و زۆر کەس تەسلیمی مەکینەی ئەشکەنجە و تیرۆری رژێم بوون و زۆر کەسیش لەئێران هەڵهاتن و زۆر کەس بێ دەنگ و کپ کراون. رژێمی داگیرکاری ئێران لەپێناو مانەوەی لەدەسەلات بەتوندترین شێواز لەدژی گەلانی ناوچەکە تۆندو تیژی و تیرۆر بە کار دەبات.

## ئامانج و جۆرەکانی ئەشکەنجە

دەوڵەت و دەسەڵاتی رژێمی داگیرکەری ئێران دوو ئامانجی سەرەکی لەبڵاوکردنەوەی ئەشکەنجە لەناو کۆمەڵگادا هەیە کە بریتین لە؛

١- بڵاو کردنەوەی ترس و وەحشەت لەناخی تاک و کۆمەڵگا لەبەرامبەر دەوڵەت.

٢- تێکشکاندنی رۆحی خۆڕاگری و تێکۆشانی دیمۆکراتیکی گەلە.

داهێنەرانی ئەشکەنجە بۆ داگرتنی پێناسە و گەیشتن بە ئامانجیان، چەند جۆری ئەشکەنجەیان لەدژی گەل بەڕێوە بردووە کە بریتین لە؛ ئەشکەنجەی جەستەیی، رۆحی و رەوانی، کۆمەڵایەتی و ئابووری. بەو میتۆدانە ویستوویانە لەناو سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگا ترس و وەحشەت لەبەرامبەر دەوڵەت درووست بکەن و کۆمەڵگایەکی نەخۆش، بێ کاردانەوەو بێ هەڵوێست بار بێنن. دەوڵەت لەسەرەتاوە بە ئەشکەنجەی رۆحی و رەوانی ئیرادەی گەل و کۆمەڵگا تێکدەشکێنێت تا رەوتی ژیان و خەباتیان بەرەو تۆڕەکانی دەسەڵات کاناڵیزە بکات. واتا میتۆدێک لەئەشکەنجەیان زۆر نەرم و نیایە و میتۆدێکی تریش زۆر تۆند و قەرتە. ئەشکەنجەی نەرم لەدرێژخایەندا ئەنجام دەگرێت و مایندەیە. ئەشکەنجەیەکە کە مرۆڤ لەبوون و ناسنامەی نامۆ و دوور دەخات. بە ئەشکەنجە، مرۆڤ دەبێتە مرۆڤێکی تر. بەڵام ئەشکەنجەی قەرت و توند، کاتی و رۆژانەیە. ئەشکەنجەیەکە کە ئاموورەکانی سەرکوت و تۆندوتیژی بە هەموو شێوازێک بە کاری دەبەن. میتۆدێکە کە ترس و تۆقاندن لەناو دڵی مرۆڤ درووست دەکات. ئەم میتۆدە زۆربەی لەلایەن هێزە ئەمنیەکان بۆ تەسلیم گرتنی تاک و دانپێدانان، کەڵکی لێ وەردەگرن. تایبەت ئامووەرکانی وەک؛ گیوتین، سووتاندن، هەڵواسین، لەسێدارەدان، کارەبالێدان، قامچی لێدان، دەستدرێژی و ... هتد بەکار براوە. دوا حەڵقەی دەسەڵات، رژێمی داگیرکاری ئێرانە کە لەبە کارهێنانی ئەو کەرەستانە هیچ درێغی نەکردووە و تا بە ئەمڕۆش بەردەوامە.

ئەو ناوەندانەی لەلایەن تۆڕەکانی دەسەڵات ئەشکەنجەی تێدا پەیڕەو دەکرێت بریتین لە؛ بەندیخانە، ماڵبات، خوێندنگا، سوپاخانەکان، کارگەکان، ناوەندە هونەری، وەرزشی و پیشەسازی و دام و دەزگا دەوڵەتیەکان. لەهەر یەک لەو ناوەندانە بە رێ و رێبازی تایبەتەوە دژ بە ئیرادەی ئازادیخوازی گەلان ئەشکەنجە پەیڕەو کراوە. چون سەرجەم ئەو ناوەندانە لەکۆنترۆڵی دەوڵەت دایەو بۆ ئەوەی لەکۆنترۆڵی دەوڵەت دەرنەچێت، ئەشکەنجە وەک گلۆڵەیەکی بەفری تا دەڕوات گەورەتر دەبێت. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ ئەوەی هژمۆنی خۆیان بە سەر گەلاندا بسەپێنێن، کەشوهەوایەکی تۆقێنەر و ترسیان لەناو کۆمەڵگا دروست کردووە. رژێمی داگیرکەری ئێران دەوڵەتێکی دڕندەیە. لەسیستەمی ئەشکەنجەی دەسەڵاتە یەک لە دوا یەکەکان چاوی گیراوانیان هەڵدەکۆڵا، گوێ و لووت یان دەبڕی و زمان یان دەقرتاند. کۆمەڵێک دیمەن بڵاو دەبوویە کە ناخ و ویژدانی مرۆڤی دەهەژاند. دەسەڵاتداران،

وڵات لەشتێکدا سەمبۆلیزە دەکەن و ترس و وەحشەت دروست دەکەن تا مرۆڤ توانای بەرەنگاربوونەوەو بەرخۆدانی لەبەرامبەر رژێمی ئەشکەنجە نەبێت.

کاتێک دەوڵەت گۆڕەپانێکی وەک پەروەردە کە لەژێر رکێفی کۆمەڵگا دەرهێناوەو لەناوەندەکانی بەناو پەروەردە لافی پەروەردەکردنی کۆمەڵگای پێ لێ دەدات، درۆیەکی شاخدارە. چون دەوڵەت هیچ پەیوەندی بە گۆڕەپانی پەروەردەوە نییەو پەروەردە کاری کۆمەڵگایەو لەپرۆسەیەکی درێژخایەن ئەو رۆڵە لەکۆمەڵگا زەوت کراوە و ئێستا بە ناوەندەکانی تواندنەوە و داگیرکاری، ئاش بە ئاوی ئەشکەنجەی رژێم لەناو کۆمەڵگا دەکات و لەناو سارسارۆکی ئەشکەنجەی رژێم، کۆمەڵگا دەخولێنێتەوە. ئەشکەنجە تۆخمی چەکەرەکێشانی ترس لەناخی مرۆڤدایە. بەرهەمی چاولەدەستی و گرێدان بوونی بە رژێمی داپڵۆسێنەری لێ شین دەبێت. ئەشکەنجە مرۆڤ دەستەمۆ و گوێڕایەڵی پیلان و بەرنامەی رژێمی داگیرکار دەکات.

کۆمەڵگایەک کە لەژێر مەنگەنەی ئەشکەنجەی کاربەدەستانی رژێم رژد دەکاو لەناو چەرخەی گەندەڵی و فەلاکەتی دا دەسووڕێتەوە، کۆمەڵگایەکە کە سەرجەم تواناکانی بێبار دەکرێن و سەرجەم ئەستێرەی بەختی کوژاوە دەبێت. ٤٠ ساڵە گەلانی ئێران لەژێر چەپۆکی رژێمێکدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن کە جیا لەبارینی گەندەڵی، ترس و تۆقاندن، گرتن، لەسێدارەدان، بێکاری، هەژاری و هەڵاوسان رەحمەتێکی تری بە سەر سفرەی هەژاری گەل نەباراندووە. هەوری رەش و تاریکی ئەو رژێم عۆقرەی لەدڵی گەلێک بڕیوە کە چەکەرەی هیوا، باوەڕی، ئیرادەی تاکی ئازادی لەریشە هەڵتەکاندووە. شیرازەی کۆمەڵگای شێواندووەو زەوینی پڕ بەر و بەرەکەتی بێبایەر کردووە.

ئەو تەڤگەرەی کە ئەمڕۆ توانیویە لەئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دێوەزمەی ئەشکەنجە، ترس و تۆقاندنی رژێمی داگیرکەری ئێران تێکبشکێنێت، پژاکە. پژاک بە بونیادنانی کەسایەتی خاوەن ئیرادە و ئازاد، سیستەمی ئەشکەنجە هەڵدەوەشێنێت و باوەڕی و ئیرادەی مرۆڤ کە باڵاترین سەرمایەی هەر نەتەوەیەکە، پێ دەبەخشێتەوە. ئەوەی کە پژاک خۆڵقاندوویەتی ئیرادەی ئاسنینی مرۆڤە. بۆیە ئیرادە و باوەڕی پۆڵایینی تاکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز، سیستەمی ئەشکەنجە و تیرۆر هەڵدەوەشێنێت. لەبەر ئەوەی پژاک لەشەقامی کوردیدا هیوا و خۆرەتاوە، رژێم دەیەوێت بە هەوری تاریکی ئەشکەنجە، هیوا و خۆرەتاوی گەل بەپەردەی ترس و ئەشکەنجە داپڵۆسێنێت.

پژاک فێرگەی تێکۆشەران و ئازادیخوازنە. واتا فێرگەی گەلی چەوساوەو تینووی ئازادییە. فێرگەی دادگایی کردن و حیساب خواستن لەزاڵمان و داگیرکەرانی کوردستانە. ئەو فێرگەیە کە زهنییەتی هەزاران ساڵەی دەسەڵات تێیدا دادگایی دەکرێت و زهنییەتی پیاوسالاری لەگۆڕ دەنرێت. پژاک فێرگەی مرۆڤ سازییە. فێرگەی بەرپاکردنی شۆڕشی

زهنی و ویژدانییە. فێرگەی داهێنانی ئیستراتیژی و تاکتیکە. فێرگەی ڕێکخستن کردنی تاک و کۆمەڵگایە. فێرگەی ئەخلاق و هۆنەری شۆڕشگێڕییە. فێرگەی خۆپەروەردەکردن، ڕێکخستن کردن و خۆپاراستنە. فێرگەی یەکگرتن، یەکێتی و یەکڕیزییە.

پژاک، خەرمانێک لەئەزموونی دیمۆکراسی لەمێژووی تێکۆشانی هاوچەرخی گەلانی ئازادیخواز تۆمار کردووە. لەماراتۆنی تێکۆشانی پژاک دا کلتوور و هۆنەری شۆڕشگێڕی، فەلسەفە، سیاسەتی دیمۆکراتیک، ڕێکخستن کردنی کۆمەڵگا و هۆنەری پاراستن لەسەر پارادایمی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک، ژینگەپارێزی و ئازادی ژن داهێنراون. پژاک ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی هاوچەرخی هاوردەی کۆمەڵگا کرد، کە بە هونەر و خیتابەتی شۆڕشگێڕانەوە بەرەنگاری زهنییەتی بەستەڵەککراوی ڕژێم دەبنەوە. بە کۆمەڵێک دەستەواژەی مۆدێرن سارسارۆک (چرخ و فلک) ی دەسەڵاتی بە پێچەوانەی ئامانجەکانی سووڕاندەوەو بە قادرمەی خەبات و تێکۆشان، مرۆڤە ئازادیخوازەکانی لەچنگاڵی تۆڕە ئۆختاپووسەکان ڕزگار کرد. بە ئەدەبیاتێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە زهنییەتی بەستەڵەک کراوی نیشتمان دەتوێنێتەوە و ئاسۆی مرۆڤەکان قووڵ و بەرین دەکات کە بە وشەی بریقەدار و خەملێندراوی جەلادەکان متمانەیان نابێت و ڕوانگەیەک چەکەرە پێدەکات کە سنوور ناناسێت و لەئاسمانی ئاوی نیشتمان وەک باڵندەیەکی ئازادە بەدوای ژیانێکی ئازاد و بەختەوەر لەناو گەڕان دایە. پژاک ئەو مەڵبەندەیە کە ڕۆحی نەتەوەیی و یەکگرتن و ئازادیخوازی بە شێوازێکی مۆدێرن ژیاندەوەو بووە پردێک بۆ پتەوکردن و بڵاوکردنی ڕۆحی یەکێتی نەتەوەیی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکڕیزی و یەکێتی گەلان لەئێران.

لەئەدەبیاتی سیاسی مێژووی تێکۆشانی هاوچەرخ دا، پژاک بە دیسپلینی گەوهەری فۆڕمێکی نوێی ژیانی داهێنا و ژیانێکی پڕ لەواتا و فەلسەفی ئافراند کە لەبەرامبەر کولتوور و سیاسەتی ڕژێم چۆک دانانوێنێت. لەبیرو باوەڕی مرۆڤەکان ئەوەی چەسپاند کە ئازادی تاکە بژاردەی مرۆڤەکانە. بۆیە ئازادی لەباخچەی دەوڵەتیدا دەستەبەر نابێت و لەسەر پارادیگما و فۆڕمێکی ژیانی ئازاد ماراتۆنی دیمۆکراتیزە کردنی ئێران و ئاوا کردنی کوردستانێکی ئازاد و دیمۆکراتیکی دەستپێکرد. چەخماخەی شۆڕشێکی داگرساند کە پریسکی لەهەر قۆژبنێکی نیشتمان هەڵدەگرسێت. لەناو دەریای تاوان و دوورگەی نادادپەروەری فۆڕمی ژیانێکی ڕاخستووە کە دەریای تاوانی ڕژێم بەرەو وشک بوون ڕادەکێشێت و دوورگەی نادادپەروەری بەرەو زبڵدانی مێژوو پاڵ دەدات.

پژاک لەئاسمانی هەوری نیشتمان، بووە خۆرەتاوێکی پڕ لەتین کە نەمامی سیس بووی سەر شەقامی ئازادی گەشاندەوەو بووە پارتێکی دڵڕفێن بۆ مرۆڤە ئازارچێشتوو و ئازادیخوازەکان. بووە ئەو گورزەی کە زنجیری کۆیلەتی و دیلکراوی لەکۆمەڵگا پچڕاند و بە تەوژمی تێکۆشانی، شەپۆلێک لەرق و نیفرەتی دژ بە ڕژێمی خوێنمژی کۆماری قەیران و

فەلاکەت بەرپا کرد کە تا بە ئەمڕۆ تەنگی بە ڕژێم هەڵچنیوە و زۆحاکەکانی سەردەم بۆ ئاستەنگ کردنی تێکۆشان و خەباتی ئازادیخوازی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد، لەبەرگی گەل سالاری و دیمۆکراسی شاهانەدا خۆیان حەشار داوە. بەڵام پڕاک بە تاکتیک و ڕێبازی تێکۆشانی دەوڵەمەندانەی هەموو تەگەرەو بەربەستێکی بەزاند و بە پێچەوانەی خەون و خەیاڵی ڕژێم و زۆر کەس و لایەنی چاوچنۆک و نەفس نزم، شوێنپەنجەی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی لەهەر گۆڕەپانێکی خەبات دەدرەوشێتەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تۆخمی زوڵم و زۆرداری لەکوردستان پاکسازی دەکات.

## بەندیخانە، گەورەترین مەکینەی ئەشکەنجەیە

گۆڕەپانێکی تر کە تۆڕەکانی دەسەڵات، لەدژی کورد شەڕی تایبەتی تێدا پەیڕەو دەکەن، بەندیخانەیە. گرتووخانە ناوەندێکە کە بە مەکینەی ئەشکەنجە، مرۆڤە شۆڕشگێڕ و ناڕازیەکان دەستەمۆ و تێکدەشکێنێت. بۆیە بەندیخانە، مەڵبەندی سەرەکی ئەشکەنجەیە. مەکۆی تواندنەوە، تەسلیمیەت و دەستەمۆکردنی مرۆڤی یاخی، تێکۆشەر و ئازادیخوازەکانە. بەندیخانە چاڵاوی ترسە. واتا ڕژێمی ئێران، چاڵاو و کانگای ترس و وەحشەت و ئەشکەنجەیە. لەئێران کەسێکی سیاسی بکەوێتە زیندان، لەلایەن گەلی بێ دەسەڵاتەوە، فاتیحەی بۆ دادەخرێت. لەناو زیندان ئامووڕەکانی ئەشکەنجە لەرادەبەدەر بە کار دەهێنرێت. ترس و دڵەڕاوکێ لەناو دڵی مرۆڤەکان درووست دەبێت کە دوای دەستگیر کردنی، بەرخۆدان لەناو مێشکی دا خولە نەکات و بە بێ ئەشکەنجە تەسلیم ببێت و داخوازیەکانی دەوڵەت جێ بەجێ بکات.

لەلۆژیکی دەوڵەتدا گرتووخانە بۆ تەسلیم وەرگرتن، تێکشکاندنی ئیرادە، شکۆ و کەرامەتی مرۆڤ دامەزراوە. زیندان ئامووری سەرکوت کردن، ملشۆڕی و فەتحکردنی زهنی مرۆڤە. لەناو ڕژێمی داگیرکەری ئێراندا مەکینەی ئەشکەنجە دڕندانەتر و ترسناکترە. بەندیخانە گەورەترین مەکینەی ئەشکەنجەی ڕژێمە کە بۆ لەناوبردن، سەرکوت و چەوسانەوەی مرۆڤ بە کار براوە. لەگرتووخانەی ڕژێمدا ژمارەیەکی زۆر لەشۆڕشگێڕ و تێکۆشەرانی کۆمەڵگا پاکتاو کراون.

لەئێران حزبی توودە، موجاهیدنی خەلق، چریکی فەدایی گەل، کۆمەڵە، دیمۆکرات و گەلێک پارت و ڕێکخراوەی تر کە لەسەردەمانی خۆیاندا گەلێک بەکاریگەر و قارەمانی مەزن لەناویاندا هەڵکەوتوون، لەبەندیخانەدا پێشەنگەکانیان پاکتاو و هێزیان بێ کاریگەر و پارچە کراوە. شۆڕشگێڕێک کە بژاردەی بەرخۆدان بووە، لەسێدارە دراوە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بەڕێگای ئامرازای ئەشکەنجەی خۆفناک و تۆقێنەر ئیرادەی تاکیان تێکشکاندووەو ملشۆڕی دەسەڵاتیان کردوون.

ناوەندەکانی دەسەڵات بەو گۆتەگۆتانەی کە لەناو کۆمەڵگا بڵاویان کردوەتەوە، کێ بکەوێتە زیندان تەنیا دوو بژاردەی یان مردن، یان تەسلیمیەتی لەبەردەم دایە.

سەرجەم دەوڵەتەکان بۆ مانەوەیان لەدەسەڵات و سەپاندنی هەژمۆنییان لەسەر کۆمەڵگا گرتووخانە بە کار دەبەن. بەندیخانە ئەو لۆژیکە لەکۆمەڵگا بڵاو دەکات کە کێ کەوتە گرتووخانە فاتحای بۆ دادەخرێت. چون گیراوی سیاسی کەوتە زیندان ئاسمیلە دەکرێت و گەڕانەوەی بۆ دەرەوە نییە. لەلیتراتۆر و لۆژیکی زۆربەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرخۆدان بە شێوەی تاک و پارچە بەڕێوە چووە. گرووپی بچکۆلە لەمێژووی خۆڕاگری زیندان مۆرکیان لەتێکۆشانی دیمۆکراتیکی گەلان داوە. کەسانی وەک گولسورخی، بیژەن جەزەنی و گەلێک قارەمانی تر لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتوون، بەڵام بە گشتی نەیانتوانیوە سیستەمی ئەشکەنجەی بەندیخانە پارچە بکەن.

لەتێکۆشانی ڕەوای پژاک لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیستەمی ئەشکەنجەی زیندان پارچەو تێکشکێندراوە. بە تێکۆشانی هەڤاڵان وەک؛ حەسەن حیکمەت دەمیر، حەبیبوڵلا گوڵبەرییوور، حسێن خزری، شیرین عەلەمهۆلی، فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی و دەیان کادیر و ئەندامی پێشەنگی شۆڕشی هاوچەرخی کورد، سیستەمی ئەشکەنجەیان هەڵوەشاند. شەپۆڵی بەرخۆدانی ئەو هەڤاڵانەی لەزینداندا دەستیان پێکرد تا بە ئەمڕۆ بەردەوامەو بە خۆڕاگری کەرەستەکانی ئەشکەنجەی دەوڵەتیان تێکشکاند. بە خۆڕاگری بێ وێنەی شەڕی تایبەتی ڕژێم لەدژی کادیر و ئەندامانی پژاک پووچەڵ کرایەوە. لەبەر ئەوە ڕژێم لەساڵی ٢٠٠٧ی زایینی حەسەن حیکمەت دەمیریان لەسێدارەدا.

هەڤاڵان و پێشەنگانی کورد نەکەوتنە داو و چنگی ڕژێمی داگیرکەری ئێران و تەسلیم نەبوون. مەکینەی لەسێدارەدانی کادیر، ئەندامان و وڵاتپارێزانیان چالاک کرد. بەس گرتووخانە بۆ پژاک گۆڕەپانی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژیایە. شۆڕشگێڕێکی کورد ڕاستەوخۆ لەگەڵ زهنییەتی داگیرکەری ڕژێم لەناو شەڕدان. خۆڕاگری تاک و ڕێکخستنی کوردانی شۆڕشگێڕ لەزینداندا سیستەمی داگیرکەری پارچە و تێکشکاندووە. تەڤگەری ئاپۆیی لەزینداندا لەناو تێکۆشانی بێ وچاندایە. تەنانەت کاتێک تۆڕەکانی دەسەڵات کادیر و ئەندامێکی پژاک و پەکەکە دەستگیر دەکەن، دادپرسێک بە دڵەڕاوکێوە واژۆی لەسێدارەدانی واژۆ دەکەن. چون واژۆی لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕێک، هاوکات واژۆی کوشتنی خۆیشی لێدەکەوێتەوە.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەزیندانەکاندا گەلێک ڕێبازی چەپەڵ، دژ بە گەریلا و فۆڕم و سیستەمی ژیانی پەیڕەو دەکات. لەئەگەری بەشداری تاکێک بۆ سیستەم و ژیانی

گەریلا و لەکاتی گەڕانەوەی، لەلایەن تۆڕەکانی دەسەڵات قۆڵبەست بکرێت، لەلێپرسینەوەدا ژێر دەستی لێ دەوەشێنن کە نیوەڕۆ یان ئێوارە، فڵان خواردنت لەلای گەریلا خواردووە. بەو تاکتیکە شک و گومان لەهزر و رامانی تاکی قۆڵبەست کراو درووست دەکەن کە گوایا لەناو ریزەکانی گەریلا سیخوڕی رژێم هەیە کە ئیخباریان کردووە.

تۆڕەکانی دەسەڵات بە فێڵ و درۆ هێز و توانای زەبەلاح نیشان دەدات، لەکاتێکدا ئەگەر تاکی قۆڵبەست کراو، بڕێک مێشک و هەستی بە کار بێنێت، دەزانێت کە سیستەمی ژیانی گەریلا روون و دیارە. کاتێک ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لافی ئەوە لێدەدەن کە هەموو زانیارییەک لەسەر تاکی دەستگیرکراویان لەبەر دەستدایە، بە فێڵ و تەڵەکە، تاک ناچاری دانپێدانان دەکەن. تۆڕەکانی دەسەڵات تاکی ئازادیخواز دەستگیر و دەخاتە زیندان، بەو هێرشەی سەر کۆمەڵگا زنجیری شۆڕشی گەلان دەپچڕێنێت.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەکوردستان رۆژانە چالاکانی مەدەنی، سیاسی و ژینگەپارێزان دەستگیر دەکەن و بەو پەلامارە کۆمەڵگای دیمۆکراتیکی گەلان پارچە دەکەن. بە دەستگیرکردنی هەر تاکێک بڕێک زانیاری کۆدەکاتەوە و بە پێی ئەو زانیاریانە پەلاماری سەر کۆمەڵگا دەدات. دەسەڵات لەناو کۆمەڵگا وا نیشان دەدات کە سەرجەم زانیاری لەسەر تاکی لەبەر دەستدایە، لەکاتێکدا شتێکی وا بێ بنەمایە.

لەزیندان مرۆڤ چەندێک زانیاری کەم بە دەستەوە بدات، ئەوەندە خۆی لەچنگی تۆرەکانی دەسەڵات رزگار دەکات و بە پێچەوانەوە چەندێک زانیاری بدرکێنێ تاوانی خۆی قورس دەکات. تۆڕەکانی دەسەڵات بە پێچەوانەوە دەڵێن ئەگەر دان بە تاوانەکەیدا بنێت، لەماوەیەکی کورتدا ئازاد دەکرێت. بەڵام لەکاتێکدا دانپیانان بە تاوانێک کە بۆی پۆشراوە سەرەتای ئەشکەنجە کردنە. تاک کاتێک دانی بە سیناریۆی داتاشراوی دەسەڵاتدا نا، ئیدی تا ساتی مردن گوێڕایەڵی دەسەڵات دەبێت. بۆ وێنە سامان نەسیم لەکاتی شەڕی قەندیل دەستگیر کرا. رژێم بە کۆمەڵێک بەڵێنی بێ بنەما دەیدوێنن و رازی دەکەن کە لەسەر شاشەی تی ڤی قسە بکات و ماڵباتیش لەسەر هەمان لۆژیک رازی بە قسە کردن لەدژی پژاک دەکەن کە لەئەگەری قبووڵ کردنی داخوازی تۆڕەکانی دەسەڵات سامان بەردەدەن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت سیناریۆی داتاشراو دەتاشن و لەئەنجامدا سامان نەسیمیش دەخەنە کونجی زیندانەوەو هەنگاوەکانی تری پیلانەکەیان لەسەر جێ بەجێ دەکەن. بەو رێبازەش تاکی دەستگیرکراو ئەوەندەی تر سووک و چرووک دەکەن. تۆڕەکانی دەسەڵات لەزینداندا قەت شتی راست ناڵێن. مۆرەکانی دەسەڵات هەمیشە بەشێکیان توندوتیژ و بەشێکی تریش نەرمە. بەشێک خۆی بە خەمخۆر و لایەنگری گیراو نیشان دەدات و بەشێکیس دژبەرە. لەکاتێکدا هەر دوو بەش یەکن. بە سیاسەتی تەربیەکردنی فیل دەیانەوێت تاک پەلکێشی تۆڕەکانی دەسەڵات و پاکتاوی بکەن.

لەئێران لۆژیکێکی وا فەراهەم کراوە کە کێ کەوتە ناو خەباتی سیاسی، مەدەنی و ژینگەیی، ئەنجامی زیندان و لەسێدارەدان و رەمی کردنە. چون داعش بە ترس و تۆقاندن و کردەوەی دڕندانە لەنێو کۆمەڵگا کەشێکی وای درووست کرد کە کەس نەتوانێت لەبەرامبەری رابوەستێت و خۆڕاگری بکات. رژێمی داگیرکەری ئێرانیش بە رێگای زیندانەوە ترس، تۆقاندن و وەحشەت لەنێو کۆمەڵگا، دروست دەکات تا کەس نەتوانێت لەبەرامبەر دەوڵەت بەرخۆدان بکات. بەڵام بەرخۆدانی گەریلا تەنیا جەستەیی نییە، بەڵکوو بەرخۆدانی مەعنەویی، ئیرادە و هێزە.

زیندان ناوەندێکی شەڕی تایبەتە کە هەستی شۆڕشگێڕی و نیشتمان پەروەری کۆمەڵگا دادەڕمێنێت. بە سەپاندنی سزای زیندانی هەتاهەتایی یا ٢٠ تا ٣٠ ساڵ زیندانی بە سەر تاکی سیاسیدا، کۆمەڵگا لەناو ترس و تۆقاندن کەلەبچە دەکات. تۆڕەکانی دەسەڵات تایبەت لەسەر ژنان سیاسەتێکی چەپەڵ پەیڕەو دەکەن. وەک کۆیلەی زایەندی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. لەگرتووخانەی ئەوین، قزلحساری کەرەج و سەرجەم زیندانەکانی تر هەمان سیاسەت بە کار دەبرێت. تاکی شۆڕشگێڕ ئەوەندە سووک، تەحقیر و بچووک دەکەن تا ئێرادەی تێکبشکێنن. گیراوانی سیاسی لەناو گیراوانی ماددەی هۆشبەر و لۆمپەن رادەگرن تا لەگۆڕەپانی سیاسەت دووریان بخەن.

## شەڕی تایبەتی تۆڕەکانی دەسەڵات لەسەر رێبەر ئاپۆ

بازنەی شەڕی تایبەت دوای ئەوەی بە گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی رێبەر ئاپۆ دەڕفێنن لەدوورگەی ئیمراڵیدا شەڕی تایبەتی دژواری لەسەر پەیڕەو دەکەن. لەکەسایەتی رێبەر ئاپۆدا سەرجەم گەلی کورد زیندانی دەکرێت. گەلی کورد لەناو قەفەسی ئاسنین قۆڵبەست کراوە. لەدوورگەی ئیمراڵی کۆمیتەی دژە ئەشکەنجە (سی پی تی) چاودێری سەپاندنی شەڕی تایبەت لەسەر رێبەر ئاپۆ دەکات. لەهەمان کاتدا بۆ قڕکردن و کۆمەڵکوژکردنی کوردان، مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی چاودێری دەکات. هەڵسووکەوتی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی بەرامبەر کەیسی کورد هاوشێوەی کڕیارێکە کە سەیری قەسابێک لەکاتی سەربڕینی مەڕدا دەکات.

لەچوارچێوەی شەڕی تایبەتدا یەکەمین شتێک کە لەدژی رێبەر ئاپۆ پەیڕەو کراوە، دابڕانی لەکۆمەڵگای سرووشتی خۆیەتی. گەورەترین ئەشکەنجە بۆ هەر تاکێک ئەوەیە کە لەکۆمەڵگا دایببڕێنی و گۆشەگیری توندی لەسەر پەیڕەو بکەی. ماوەی ٢٠ ساڵە رێبەر ئاپۆ لەکۆمەڵگا و رێکخستن و سەرجەم دەزگا مەدەنیەکان دابڕاوە. تاکێک لەناوەندەکانی شەڕی تایبەت چەندێک بە تەنیا و گۆشەگیر بکرێت، یادگەی تووشی فەرامۆشی دەکرێت.

قسه کردن لەبیری دەچێتەوەو مێشکی قوفڵ دەکرێت. لەکاتێکدا گەوهەر و سرووشتی مرۆڤ وایە کە چەندێک قسە بکات، تێفکراندن لەلای قووڵتر دەبێ.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، دەیانەوێت لەکەسایەتی رێبەر ئاپۆدا خولقکاری و داهێنەری سڕ و رابوەستێنن. گۆشەگیریی توندی لەسەر دەسەپێنێن و بەوەش سەرجەم گەلی کورد گۆشەگیر دەکەن. کاتێک رێبەر ئاپۆ لەدوورگەی ئیمراڵی لەپارێزنامەکانی خۆی نووسیوە، قەڵەم و دەفتەریان لێ وەرگرتووە. دەرفەتی نۆت هەڵگرتنەوەیان پێ نەداوە تا بابەتە گرنگەکان لەلای خۆی بنووسێت و لەکاتی نووسینی بەرگرینامەکانی کەڵکیان لێ وەربگرێت. ئەو هەڵسووکەوتە نیشان دەدات کە شەڕی تایبەتی توند لەسەر رێبەر ئاپۆ پەیڕەو دەکرێت، تا نەتوانێت هزر و رامانی خۆی لەسەر پەلی کاغەز دابڕێژێت و هزری بە سیستەم بکات. بەڵام رێبەر ئاپۆ تەسلیمی ئەو کۆیلەتییەی بە سەری دەسەپێنرێت، نەبووە.

رێبەر ئاپۆ لەبەرگرینامەکانیدا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەخوێندنگاکاندا پیلانی تواندنەوەو لێکچواندنیان هەبووە، بەس رێبەر ئاپۆ یەکەم بوون لەخوێندنگاکاندا بە بنەما دەگرێت. واتا یەکەم بوونی بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەڵبژاردووە، نە یەکەمی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و بەو پێیە خزمەتی گەلی کورد و مرۆڤایەتی کردووە، نە خزمەتی داگیرکەر و هێزە هەژمۆنگەراکان.

تۆڕەکانی دەسەڵات بە سەپاندنی رێکارەکانی شەڕی تایبەت ویستوویانە رێبەر ئاپۆ بکەنە کۆیلەی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت و ملشۆڕی دەسەڵاتی بکەن. رێبەر ئاپۆ لەناو بازنەی شەڕی تایبەتی داگیرکەراندا بووەتە هیوای گەلی کورد، بۆیە ناچاری گرتنەبەری بژاردەی خۆڕاگرییەو جیا لەبەرخۆدان هیچ رێگایەکی تری هەڵنەبژاردووە. لەبەر ئەوەی رێبەر ئاپۆ هیوای کوردە، بەرخۆدانی پتەوتر و بەهێزتر کردووە. لەبەر ئەوەی گەریلا لەئەمرۆدا هیوای کوردە، ئاستی بەرخۆدانی بەهێز و پتەوتر کردووەو هەڵوەستی شۆڕشگێڕی رادیکاڵتر کردووە. چەندێک هیوای کورد مەزنتر بێت، ئەوەندە دەوڵەت لاواز دەبێت و سیاسەتی پاکتاوکاری و قڕکردن لەکوردستان بەرەو کۆتایی دەڕوات.

رێبەر ئاپۆ لەبەر ئەوە لەکۆمەڵگای کورد و مرۆڤایەتی هەمیشە وەک رووناکی و هیوا درەوشاوەتەوە، هەر جارێک لەلایەن ناوەندەکانی شەڕی تایبەت تەمێ کراوە. بۆ ئەوەی رێبەر ئاپۆ گوێبیستی ئەو ناوەندانەی نەکردووە، شەڕی تایبەتیان لەسەر پەیڕەو کردووەو هەر جارێک کتێب و دەفتەر و قەڵەمیان لێ وەرگرتووە. جیا لەگۆڤار و رۆژنامەیەک کە مانگێک بەسەریدا تێپەڕ بووبوو، هیچ شتێکیان پێنەداوە تا نەتوانێ شیکاری رۆژ بکات. رادیۆیەکیان پێ داوە کە تەنیا فرکانسی کەناڵێکی رادیۆی دەسەڵاتی لەسەرە. تەلەڤیزیۆنێکیان لەژوورەکەی داناوە کە تەنیا چەند کەناڵی دەسەڵاتی تێدا خەزن کراوەو چ کاتێک ویستوویانە کۆیانکردوەتەوە. زیاتر لەسێ ساڵ کەس لەسەر رەوشی تەندروستی

و ئەمنی ئاگادار نەبوو. بەو سیاسەتە دەیانەوێت ڕێبەر ئاپۆ لەکۆمەڵگا دابڕێنن. مادام ڕێبەر ئاپۆ کۆمەڵگا و ڕێکخستنی سەر لەنوێ دامەزراندووەو هێزی پاراستنی کۆمەڵگای ئاوا کردووە، دەیانەوێت سەری ڕێکخستن و کۆمەڵگا تەسفیە بکەن.

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لەپەیڕەو کردنی ڕێکارە چەپەڵەکانیان سنوور ناناسن و هەموو پێوانەکانی مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە. ڕێبەر ئاپۆیان لەچاڵێک دەرهێناو خستیانە بیرێکی قووڵتر. لەزیندانی تاکەکەسی و چەند مترەوە کە تەنیا پەنجەرەیەکی بچکۆلەی تێدایە. بەس لەبەر ئەوەی ڕێبەر ئاپۆ ڕۆژانە لەو پەنجەرەوە سەیری دارێک کە لەحەوشی گرتووخانەدایە، دەکات و لەسەر ئەو دارە هەمیشە چۆلەکە لەسەری دەخوێنن و ئەوەوش ئارامی و ئەهوەنی بە ڕێبەر ئاپۆ بەخشیوەو تێفکراندنی لەلا دروست کردووەو هیوای بە ژیان درەوشاوەتر بووە. کاربەدەستانی دەوڵەتی فاشیستی تورک کاتێک دەبینن ڕێبەر ئاپۆ لەو دارە هێز و هیوا وەردەگرێت، ئەو دارە دەبڕن، تا هیوای ڕێبەر ئاپۆ بە ژیان بپچڕێنن کە قەت لەگرتووخانە دەرناکەوێت و لەو دوورگەیەدا پاکتاو و لەناو دەبرێت. دابڕانی دارێک لەپێش پەنجەرەی ڕێبەر ئاپۆ درێژەپێدانی هەمان سیاسەتی سووتاندنی دارستانەکانی زاگرۆس لەباکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەلایەن ناوەندەکانی شەڕی تایبەت ئەنجام دەدرێت. بەردەوام بوونی هەمان فەلسەفەیە کە هیوای کورد تێکدەدەن.

ڕێبەر ئاپۆ لەچاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ پارێزەرەکانی باسی کردووە کە لەحەوشی هەواخۆریدا، بڕێک گیای سەوز دەبینێ و بڕێکیان هەڵدەکێشێ و دەیباتە ساڵۆنی هەواخۆری ژوورەکەی تا هەندێک سەوزەڵانی درووست بکات. بەڵام کاتێک پاسەوانانی گرتووخانەکە ئەوە دەبینن بە تووڕەییەوە سەرجەمیان بە پێلەقە خراو و تێکداوە. تۆڕەکانی دەسەڵات بەو شێوەیە شەڕی دەروونی لەسەر ڕێبەر ئاپۆ پەیڕەو دەکەن. بەو کردەوە پەیام دەدەن کە لەئیمراڵیدا ژیان سەوز نابێت و ڕێبەر ئاپۆش ناتوانێ بە سەربەستی بژی و ئازاد ببێ.

تۆڕەکانی دەسەڵات ڕێبەر ئاپۆیان ڕووبەڕووی مردنی هەنگاو بە هەنگاو (تدريجى) کردوەتەوە. لەبەر ئەوەی لەژێر بیانوو و پاساوی بێ بنەما بەربەست لەبەردەم چاوپێکەوتنی پارێزەر و ماڵباتی ڕێبەر ئاپۆ درووست دەکەن. سەرەڕای ئەوەی کە سی پی تی ئەرکی چاودێری کردنی دۆخی ئاسایشی و ئارامی سەر ڕێبەر ئاپۆیە، بەڵام لەبەرامبەری سەپاندنی گۆشەگیری سەر ڕێبەر ئاپۆ کەڕ و بێدەنگن.

ڕێبەر ئاپۆ بە بەرخۆدانی سەرجەم پیلان و بەرنامەی بازنەی شەڕی تایبەتی پووچەڵ کردەوەو چاڵی مردنی ئیمراڵی کردە چاڵی ژیانەوەو ناوەندی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد و دیمۆکراسی. هەر چەند ئیمراڵی لەقامووسی بازنەی داگیرکەراندا جێگای مردن و رزاندن و لەناوبردنی مرۆڤە، ڕێبەر ئاپۆ کردوویەتە جێگای ژیانەوەو هیوابەخشی کوردان.

گرتووخانە لەسیاسەتی دەوڵەت – دەسەڵاتدا مەیدانی ئارێنای هاوچەرخە کە بۆ لەناوبردنی کورد و هێزە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکان دامەزراوە. بەڵام لەلایەن تەڤگەری ئاپۆیی بە دەستپێشخەری رێبەر ئاپۆ زیندان کراوەتە مەیدانی شەڕ و تێکۆشانی راستەوخۆ لەگەڵ تۆڕەکانی دەسەڵات. دروشمی تێکشکاندن گۆشەگیری و تێکشکاندنی فاشیزم و ئازادی بۆ کوردستان لەسەر ئەو بنەمایە. واتا سەرجەم ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی کە لەکوردستان ئەرکدارن، سەرجەمیان بێ کاریگەر و لەگۆڕ دەنرێن.

پژاک لەمەودای دامەزراندنی تا بە ئەمڕۆ بەندیخانەکانی کۆماری سێدارەی کردە، مەیدانی تێکۆشانی هزری و رێکخستنی و لەسەردەمێکی تری زێڕینی مێژوودا ئاڵای خۆڕاگری شەکاندەوە. بە پێشەنگایەتی ئەندام و کادیرانی وەک؛ شیرین عەلەم هۆلی، عەلی حەیدەریان، فەرزاد کەمانگەر و فەرهاد وەکیلی، حەسەن حیکمەت دەمیر، حسێن خزری، حەبیبۆللا گۆلپەرییپوور و ... هتد گەورەترین شەڕی هزری و مێژوییان لەچاڵەڕەشەکانی رژێم ئەنجام دا. زیندانیان کردە کانگای خۆڕاگری و تێکۆشانی راستەوخۆی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ مۆرەو تۆڕەکانی دەسەڵات. مەکینەی ئەشکەنجە و شێوازە دڕندانەکانی ئەشکەنجەیان هیچ و پووچ کرد. هێڵی خیانەتیان هەڵوەشاند و کڵپەی ئاگری تێکۆشانیان بە خۆڕاگری دیمۆکراتیک گەشاندەوە.

ئیدی ئەمڕۆ بە پێچەوانەی خەون و خەیاڵی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، زیندان لەقامۆسی کورداندا نە چاڵی مردنە، بەڵکوو چاڵی ژیانەوەیە کە ژیان سەر لەنوێ واتادار دەکرێت. شوێنی زۆرانبازی هزری و ئایدیۆلۆژی گەل و دەسەڵاتە. بۆیە پژاک بە پێناسەیەکی سەردەمیانە و بە بوێری و قارەمانیەتیەکی مەزنەوە بۆ شەڕی راستەوخۆی لەگەڵ دەسەڵات، لەزیندان قۆڵی لێ هەڵمالی و بە تۆمار کردنی دەیان داستانی قارەمانی هزر و ئایدیۆلۆژی دەسەڵات زەمین کێش کرد و لەچاڵەڕەشەکانی رژێم، گلۆپی ژیانەوەیان هەڵکردەوە کە رووناکی ئەو گلۆپە سەرتاپای ئێرانی گرتەوە.

## سەرچاوە و ژێدەرەکان:

_ مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک _ پەرتووکی دووەم _ شارستانیەتی سەرمایەداری _ عەبدوڵڵا ئۆجالان.

_ مانیفستۆی شارستانێتی دیمۆکراتیک _ پەرتووکی پێنجەم _ دۆزی کورد و رێگە چارەی نەتەوەی دیمۆکراتیک (بەرگری کردن لەکوردانی ناو بەرداشی ژینۆسایدی کولتووری) _ عەبدوڵڵا ئۆجالان.

_ نامیلکەی تەڤگەری نوێی رۆژهەڵاتی کوردستان و پرۆژەی دژە پژاک (زوایای جنگ پلید).

_ ژمارەی تایبەتی ئاڵترناتیو لەسەر شەڕی تایبەت کە لە ٥ی گۆڵانی ٢٠١١ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

_ نامیلکەی شەڕی تایبەت بە زمانی تورکی _ Özel Savaş.

"کۆمەڵگایەک کە لەژێر مەنگەنەی ئەشکەنجەی کاربەدەستانی رژێم رژد دەکاو لەناو چەرخەی گەندەڵی و فەلاکەتی دا دەسوورێتەوە، کۆمەڵگایەکە کە سەرجەم تواناکانی بێ بار دەکرێن و سەرجەم ئەستێرەی بەختی کوژاوە دەبێت. ٤٠ ساڵە گەلانی ئێران لەژێر چەپۆکی رژێمێکدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن کە جیا لەبارینی گەندەڵی، ترس و تۆقاندن، گرتن، لەسێدارەدان، بێکاری، هەژاری و هەڵاوسان رەحمەتێکی تری بە سەر سفرەی هەژاری گەل نەباراندووە. هەوری رەش و تاریکی ئەو رژێم عۆقرەی لەدڵی گەلێک بڕیوە کە چەکەرەی هیوا، باوەڕی، ئیرادەی تاکی ئازادی لەریشە هەڵتەکاندووە. شیرازەی کۆمەڵگای شێواندووەو زەوینی پڕ بەر و بەرەکەتی بێبایەر کردووە.

رژێمی داگیرکەری ئێران، بۆ مانەوەی لەسەر کورسی دەسەڵات ئەشکەنجە و توندوتیژی لەناو کۆمەڵگا بە سیستەم کردووە. پاپۆڕەوانی کەشتی ئەشکەنجەی رژێم، پێکهاتوون لەکەسانی لومپەن، داوێن پیس، شەلاتان، لەشفرۆش، خوێری و چەقۆکەش کە هەوێنی ئیتلاعات و سوپای پاسداران پێکدێنن. ئەو جۆرە تیپە لەکوردستاندا، تۆپزی مقاشی دەستی دەوڵەتن. دەوڵەت و دەسەڵات، بەرێگای ئەم کەسانەوە تۆوی ئەشکەنجە و توندوتیژی بڵاو دەکاتەوە."

نووسەر